ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# گرگن

پییر لاگەرکڤیست

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

خەبات عارف



www.fb.com/PDFkurd

بەرهەمی پەیجی کتێبی PDF
لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب داونلۆد بکەن

بەرهەمی پەیجی کتێبی PDF
لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب داونلۆد بکەن

www.fb.com/PDFkurd



# گرگن

## پیێر لاگەرکڤیست

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:
خەبات عارف

ENDESE

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: دانا مەلا حەسەن
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ENDESE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: گرگن
ناوی نووسەر: پێێر لاگەرکڤیست
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٣
چاپخانە: رجایی / تاران
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٧٠٠٠) دینار
www.fb.com/PDFkurd
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٨٥٩)ـی ساڵی (٢٠١٣)ـی پێدراوە.

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

Dvärgen, Pär Lagerkvist, Bonniers. 1944

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org • andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

من بیستوشەش ئینج درێژم، ئەندامەکانی لەشم لەگەڵ یەکتردا گونجاو و پێگەیشتوون، ڕەنگە سەرم نەختێك لەسەری ئاسایی زلتر بێت. قژم وەکو قژی خەڵکی ڕەش نییە، بەڵکو مەیلەوسووره، زبر و چڕە، لە لاجانەکانمەوە، هەروەها لەسەر ناوچەوانە پانوپۆڕەکەم؛ کە هێندەیش بەرز نییە، بەرەو دواوە چووە. دەموچاوم بێ ڕیشە، بەڵام وەکوتر کتومت وەکو دەموچاوی هەر پیاوێکی ترە. برۆکانم پەیوەستن. لەشم زۆر بەهێزە، بەتایبەت ئەگەر تووڕە بکرێم. کە پێشبڕکێی زۆرانبازییان لەنێوان من و یوسافاتدا ڕێك خست، دوای بیست دەقیقە تێکبەربوون، پشتیم لەئەرز دا و خنکاندم.

ئیتر لەوساوە من تاکە گرگنی نێو دەربارم.

زۆربـەی گرگنـەکان قەشمـەرن. دەبێـت شـتی سەیروسـەمەرە بلـێن و وا ڕەفتار بکەن کە مایەی پێکـەنینی سـەرەوەرەکانیان و میوانەکانیشیان بـن. مـن قـەت تـا ئـەو ڕادەیـە دانەبـەزیوم و خـۆم سـووك نـەکردووە. تەنانـەت کەسـیش پێشـنیازێکی وای بـۆ نـەکردووم. هـەر نەیسـا ! سەروسەکوتیشم بەکاری ئەوە نایەت و لەگەڵ ئەوەدا نایەتەوە ببێت بە مایەی گـەپ و گاڵتـەی خەڵك. بۆ خۆیشم قەت پێناکەنم.

من قەشمەر نیم. من گرگنم و لە گرگنێکیش زیاتر نیم.

بـەڵام زمـانێکی تیـژم هەیـە،کەڕەنگـە ڕابـواردن و خۆشـی بـە هەنـدێك کەسـانی دەوروبـەرم ببەخشـێت. ئەمـەیش وەك ئەوەنییەبووکەسـەماکەرەو قەشمەریان بیت.

من، نەختێك لەمەوبەر، وتم کە دەموچاوم کتومت لە دەموچاوی پیـاوانی تـر دەچـێت. ئەمـە قسـەیەکی ڕێـك و بـە تـەواوەتی ڕاسـت نییـە، چـونکە دەموچـاوی مـن زۆر چرچولۆچـی تێدایـەو چرچـولۆچ بەتـەواوی دایپۆشـیوە. ئەمەیشم پـێ خـەوش و شـوورەیی نییـە. خـوا بـەو شێوەیەی خولقانـدووم و ئەوەیش کە دەموچاوی خەڵکی دیکە وەك دەموچـاوی مـن نییـە، شـتێکە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی مـن. ئـەم چرچولۆچـانەوا دەکـەن چۆنم، هـەروەهایش دەربکەوم بـێ هـیچ سـاختەکاری و جوانکارییـەك. ڕەنگـە مەبەسـتیش ئـەوە نەبێت کەوا دەربکەوم. بەڵام من خۆم ڕێك ئەوەم دەوێت کە وا دەر بکەوم.

چرچولۆچـەکان وا دەکـەن زۆر پـیر بێمەبـەر چـاوان. ڕاستییەکەیشـی ئەوەیە کە من زۆر پیر نیم. بەڵام ئەوەیشم بیسـتووەکە ڕەگوڕیشـەی ئێمـەی گرگنان دەچێتەوە سەر ڕەگەزێکی پیرتر لەو ڕەگەزەی ئێستا بەسەرانسـەری

دنیادا بڵاو بووەتەوەو هەر لەبەرئەوەیشە، کە ئێمە هەر لەگەڵ لەدایکبووندا، پیرین. نازانم ئەمەڕاستەیا نا، بەڵام ئەگەر ڕاست بێت، ئەوا ئێمە دەبین بەبوونەوەرە هەرەسەرەتایی و کەوناراکان. من هیچ دژ بەوە نیم سەر بە ڕەگەزێکی دیکەو جیاواز بم، یا ئەوەم پێوەدیار بێت کەسەر بەڕەگەزێکی دیکەو جیاوازم.

من پێمڤایە دەموچاوی خەڵکی تر هیچ شتێك بەتەواوەتی دەرنابڕێت.

سەروەرەکانم زۆر بەهرەمەندن. بەتایبەت میری گەورەو سەروەرم، کە پیاوێکی بەشکۆ و بەدەستەڵاتەو خاوەنی پلانی گەورەگەورەیەو دەیشزانێت چۆن جێبەجێیان بکات. ئەو پیاوێکی کردەیە، ئەگەرچی هاوکاتیش تا بڵێیت خوێندە و چاوکراوەیەو کات، بۆ هەر شتێك کە بهێنێت کاتی بۆ تەرخان بکەیت، تەرخان دەکات و حەزی لە قسەلەسەرکردنی هەر شتێکیشە کە دەکەوێتە نێوان ئاسمان و ڕێسمانەوە. لەڕێی ئەوەیشەوە کە قسە لەبارەی شتی دیکەوە دەکات، ئەو شتانەدەشارێتەوەکەمێشکی خۆی بۆیان تەرخان و پێوە خەریك کردووە.

ڕەنگەوا بێتەپێش چاو کەناهێنێت هێندەبەو هەموو شتەوە سەرقاڵ و خەریك بێت ـ ڕاستییەکەی نایشزانین ئاخۆ هێندەسەرقاڵ و خەریکەیان نا! ـ بەڵام لەوانەیەپێویستیش بکات وا بێت، ڕەنگەپێویست بێت باوەش بۆ هەموو شتێك بکاتەوە، چونکەئەو میرە و کەسێکی ئاسایی نییە. کە سەیری دەکەیت، وا دەزانیت زۆر چاك لە هەموو شتێك تێ دەگات و دەسەڵاتیشی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت، یان هەر نەبێت وا دەزانیت کەبەلانی کەمەوەدەیەوێت وا بکات. کەسیش ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە ئەو

کەسایەتییەکە جێی سەرنج و تێڕامان. ئەو تەنیا کەسێکە کەبینیبێتم و ڕقم لێی نەبێتەوە.

هەتا بڵێیت ناڕەسەنە.

من سەروەرەکەی خۆم چاك دەناسم. بەڵام هەر لەبەر ئەوەیش کە چاك دەیناسم، نامەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم کە بەتەواوی و زۆر چاك دەیناسم. ئەو کەسایەتییەکی ئاڵۆزەو تێگەیشتن لێی هێندەئاسان نییە. هەڵەیشە ئەگەر بڵێیت ئەو پێکهاتەیەکە لەچەند مەتەڵێکی لەخەڵك شاراوەو هەڵنەهاتوو، چونکە بە هیچ جۆرێك وا نییە، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان زەحمەتە دەستت پێی ڕابگات و لێی تێ بگەیت. ئەگەر ڕاستیشت دەوێت، من بە تەواوی لێی تێ ناگەم، لەوەیش تێ ناگەم کە بۆ وەکو سەگێکی بەوەفا هەمیشە بە کلکەلەقێ بەدوایەوەم. لەلایەکی تریشەوەئەویش لەمن تێ ناگات.

ئەو هێندەی بۆ خەڵك بەشکۆ و سەرنجڕاکێشە بۆ من وا نییە. بەڵام پێشم خۆشە لە خزمەتی خاوەنشکۆیەکدا بم کە مایەی پەسن و سەرنجڕاکێشانی خەڵکە. من نامەوێت نکوڵی لەوە بکەم کە ئەو پیاوێکی گەورەیە. بەڵام هیچ کەسێك لەئاست گرگنێکدا گەورە نییە.

من هەمیشەوەکو سێبەرەکەی بەدوایەوەم.

میرژن؛ تیۆدۆرا، پشتی بە من ئەستوورەو زۆریش وابەستەی منە. من نهێنییەکەی ئەوم لەنێو دڵمدا هەڵگرتووە. بە هەموو ژیانم وشەیەکم لەو بارەیەوە نەدرکاندووە. ئەگەر لەسەر سەکۆی ئەشکەنجە، لە کونجی

ئـازاردان بـە هـەموو تـرس و بیمەکانیـەوە، ئـازار و ئەشـکەنجەم بـدەن، ئەوجایش ناپاکی بەرانبەر هیچ شتێکی ناکەم. بۆچی؟ بۆ خۆیشم نـازانم. مـن ڕقم لە مێرژن دەبێتەوە، دەمـەوێت بـەمردوویی ببینـم، دەمـەوێت بـە لنگدا چەقاوی لە نێو نێڵەنێڵی ئاگری دۆزەخدا ببینم و ببینم، کـە چـۆن کلێپـەکانی بەنێو ناوگەڵە قێزەون و بۆگەنەکەیدا هەڵدەگەڕێن و دەیلێسنەوە. من ڕقم لـە شێوەی ژیانی ئەو دەبێتەوە، کە بووەتە بارێکی گران بەسـەر کـۆڵی منـەوە. ڕقم لە نامە بەئالۆشەکانی دەبێتەوە کە بە مندا بۆ دۆستەکانی دەیاننێرێت. ڕقـم لـە وشـەکانی ئـەو لـەبارەی ئەوینـەوە، کـە لـە نێـو دڵمـدا دەگـرێن، دەبێتەوە. بەڵام ناپـاکی لـەبارەی هـیچ شـتێکەوە ناکـەم. هەمیشـە ئامـادەم ژیانی خۆم بۆ ئەو بەخت بکەم.

کە بۆ لای خۆی بانگم دەکات، کە بانگم دەکاتە هۆدە تایبەتەکـەی خـۆی و بە چرپە پەیامـەکانی خـۆی بـە گوێمـدا دەچرپێنێت، کەئـەو نامانـەی بـۆ دۆستەکانی نووسیون لەژێر چاکەتەکەمدا دەشـارێتەوە، سـەراپام دەلـەرزێت و خوێن شاڵاو بۆ سەرم دەبات. بەڵام ئەو هەست بـەهیچ شـتێك ناکـات، هـیچ بەبیر و خەیاڵیدا نایەت کە ئەمە چ پێوەندێکی بە ژیانمەوە هەیە. ژیـانی مـن، نـەك ژیـانی ئـەو! ئـەو تـەنیا هـەر بـەو شـێوەیەی کەبەئاسـتەم هەسـتی پـێ دەکرێت و نادیارە زەردە دەیگرێت و ئەوجا ڕەوانەی گەشـتە پـڕ لـە تـرس و خۆفەکەی خۆمم دەکات. ئەو هیچ نرخێـك بـۆ کۆمـەکی مـن بـە ژیانـە پـڕ لـە نهێنییەکەی خۆی دانانێت. بەڵام متمانەی پێم هەیە.

مـن ڕقـم لـە هـەموو دۆسـتەکانی دەبێتـەوە. هەمیشـە ویسـتوومە بـە خەنجەرەکەمـەوە هەڵکوتمـە سـەر یـەك بەیـەکیان و بیـانبینم چـۆن خـوێن

بەلەشیاندا دێتەخوارەوە. بە تایبەتیش ڕقم لە دۆن ڕیکاردۆیە کە چەندین ساڵە پێوەندی لەگەڵیدا هەیەو لەوەیش ناچێت هەرگیز بەخەیاڵیدا بێت دەستی لێ هەڵبگرێت. زۆر قێزم لەو دۆن ڕێکاردۆیە دەبێتەوە.

ئەو، جارجار، بەر لەوەی هێشتا بە تەواوی لەنێو جێی نووستنەکەی ڕاست بووبێتەوە، بێ ئەوەی بەتەنگەوەبێت هیچ دیار و نادیارێکی لەشی خۆیم لێ بشارێتەوە، بانگم دەکاتە لای خۆی. چیی تر گەنج نییە، مەمکەکانی داکەوتوون و بەسەر سنگیدا شۆڕ بوونەتەوە. کاتێك لەنێو جێیەکەیدا ڕادەکشێتو یاریی بە خشڵەکانی؛ ئەو خشڵانەی کچە خزمەتکارەکە لە نێو سندووقەکەدا لەپێشیدا ڕایگرتوون، دەکات و چنگیان پێدا دەکات، هێندەی تر سنگوبەرۆکی دەردەکەوێت. من لەوە تێناگەم چۆن کەسێك دەتوانێت ئەوی خۆش بوێت. هیچ شتێکی نییە کە حەز و ئارەزووی پیاوێك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. هێندەنەبێت کەتا ئێستایش تێیدا دەبینیت، کە جارێك لەجاران، هەموو جێیەکی جوان بووە.

ئەو لێم دەپرسێت ئاخۆ من پێموایە ئەمڕۆ کام لە خشڵەکانی بە خۆیەوە بکات. حەزی لەوەیەسەبارەت بەوە پرسیارم لێبکات. هاوکاتیش خشڵەکانی بەنێو پەنجە باریکەکانیدا دەگێڕێت و بە خاووخلیچکییەوە خۆی لەژێر لێفە قورسە هەوریشمییەکەیدا دەکێشێتەوە. لە قەحبەیەك زیاتر نییە، قەحبەیەکی ڕاکشاوی نێو جێی نووستنی خۆش و گەورەی میرێك. هەموو ژیانی ئەو هەر ئەوینە. لەجێیەکەیدا ڕاکشاوەو چنگ بەخشڵەکانیدا دەکات، بەنێو پەنجەکانیدا دەیانگێڕێتو بە زەردەخەنەیەکی نادیارەوە تەماشایان دەکات چۆن بەنێو پەنجەکانیدا شۆڕ دەبنەوە.

ئا لەو کاتانەدا نەختێك خەمگینی دایدەگرێت، یا وا پێشان دەدات کە خەمگینی دایگرتووەو بەدڵتەنگییەکەوەدەست دەبات و زنجیرێکی زێڕین دەکاتە گەردنی و بەردە پیرۆزەییە گەورەکەیشی لەنێو مەمکەکانیدا، کەهێشتا جۆرە جوانییەکیان تێدا ماوە، دەگرێت و پرسیارم لێ دەکات ئاخۆ ئەمیان لە مل بکات یا ئەویان. بۆنوبەرامەیەك دەوری جێی نووستنەکەی داوەکەوام لێ دەکات هەست بە هێڵنجدان بکەم. ڕقم لێیەتی، دەمەوێت لەنێو ئاگری دۆزەخدا بسووتێت. بەڵام من وەڵامی دەدەمەوە، کە پێموایە دەبێت ڕێك ئەویان هەڵبژێرێت و ئەویش بە سوپاسێکەوە تەماشایەکم دەکات، وەك ئەوەی من بەشداریی خەمینییەکەیم کردبێت و دڵدانەوەیەکی خەمگینم پێ بەخشیبێت.

هەندێك جار بە"هاوڕێ بەد"ەکەی خۆی بانگم دەکات. جارێکیشیان لێی پرسیم کە ئاخۆ خۆشم دەوێت یا نا!

ئاخۆ میرم هەست بەچی بکات؟ بڵێیت هەست بەهیچ نەکات؟ یا هەست بەهەموو شتێك دەکات و خۆی لێیان نەبان دەکات؟

ئەمە وەك ئەوەیە پرسی ژیانە پڕ لەڕاز و نهێنییەکەی ئەو بەلای میرەوە هەر نەیشبێت. بەڵام پیاو نازانێت، پیاو سەبارەت بەمیرم هیچ شتێك بە تەواوی دڵنیاییەوەنازانێت. میرم لەژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکات، چونکە ئەو بۆ خۆیشی لەژیانی ڕۆژانەزیاتر شتێکی تر نییەو وا دێتە پێش چاو، کە هەموو شتێك لەلای ئەو بەر ڕووناکایی ڕۆژ کەوتووەو بەو ڕووناکاییە هەموو لایەکی ڕۆشن بووەتەوە. سەیرە کە من سەرم لە کەسێکی وەك ئەو ــ بە تایبەت کەسێکی وەك ئەو، دەرناچێت. بەڵام لەوانەیەئەمەیش

لەبەر ئەوەبێت کەمن گرگنی ئەوم. وەکو وتیشم، ئەویش سەر لە من دەرناکات! من لەمیرژن باشتر تێ دەگەم، وەك لەمیرم. ئەمەیش زۆر سەیر نییە، چونکەڕقم لە میرژن دەبێتەوە. ئەوەی کە ناتوانیت ڕقت لێی ببێتەوە،زەحمەتیشەلێی تێ بگەیت؛، هیچت لەدەست نایەت و هیچت پێ ناکرێت، شتێکت پێ نییە بیکەیت بەو کەسەدا کە ڕقت لێی نابێتەوە.

ئاخۆ پێوەندی ئەو لەگەڵ میرژندا چۆن بێت؟ تۆ بڵێیت ئەمیش هەر یەکێك بێت لەدۆستەکانی؟ یا تۆ بڵێیت ئەمتاکەدۆستی ڕاستەقینەی بێت؟ هەر بۆیەیشە وا دێتە پێش چاو کە هیچ شتێك ئەو دەیکات و نایکات، نە بە باش و نە بە خراپ، پێوەندی بەمەوە نییە؟ من بەو شتانەتووڕەم — بەڵام میرم نا!

من لەم پیاوە،کە هیچ شتێك نایبزوێنێت و کاری لێ ناکات، تێ ناگەم. بەرزی و شکۆیی ئەو بەردەوام سەرشێتی کردووم، بەجۆرێك نارەحەتیان کردووم کە هیچم لە ئاستیاندا لەدەست نایەت. من دەمەوێت ئەو وەك من بێت.

دەربار پڕەلەخەڵکی سەیروسەمەرە. پڕەلەو حەکیمانەی دانیشتوون و سەریان ناوەتەنێو دەستەکانیانەوە،تا بتوانن مانای ژیان بدۆزنەوە. پڕە لەو زانایانەی کە پێیانوایە دەتوانن، بەخۆیان و چاوەکوتوکوێرە پیرەکانیانەوە، ڕێی ئەستێران هەڵبگرن، یا پێیان وایەکەچارەنووسی مرۆڤ بەو سەرەوەو لەنێو ئەو ئەستێرانەدا وەك ئاوێنەشەوق دەداتەوە. پڕەلەو گاڵتەچی و سەرکێش و سەرەڕۆیانەی کە شیعرە پڕ لەتاسە و ئارەزووەکانی خۆیان بۆ ژنانی دەربار دەخوێننەوە، پاشانیش لەگەڵ کەوتنی زەردەپەڕی ئێوارانـدا

لەنێو کۆڵانە بەردڕێژکراوەکاندا لێی دەکەون و دەڕشێنەوە- جارێك لە جاران یەکێك لەوان، هەر لەو جێیەدا کە لێی کەوتبوو، بە خەنجەر ئەنجن ئەنجن کرا. یەکێکی تریشیان، ئێستایش لەبیرمە، لەبەر ئەوەی لەشیعرێکدا مۆرۆسکێلیی سوارچاکی میری داشۆریبوو، لەشیان بە قامچی شینومۆر کردەوە. کۆشك و دەربار پڕن لە هونەرمەندان کەژیانی سەرسەری و بەرەڵایان دەژین و کڵێساکانیان پڕ کردووە لە وێنەی ئایینیی پاکیزەو پیرۆزەکان. پڕەلەو پەیکەرتاش و نیگارکێشانەی، کەخەریکی بونیادنان و بەرزکردنەوەی بورجی زەنگەکانی کڵێسای سەرەکین. پڕە لە هەمەجۆر خەونبین و درۆزنان. هەموویشیان، ڕێك وەك کردەو بردەی هەمیشەیی خۆیان، دێن و دەچن، بەڵام هەندێکیان، وەکو ئەوەی خەڵکی ئەم دەوروبەرەبن، بۆ ماوەیەك دەمێننەوەو ــ گشتیشیان لەسەر میوانداریێتی و دەستئاوەڵایی میر دەلەوەڕێن.

من لەوە تێ ناگەم کەمیرم ئەم هەموو خەڵکەنامۆ و کەسنەدیتوانەی بۆ چییەو چ سوودێکیان لێ دەبینێت. لەمەیش زیاتر، تێناگەم چۆن دەتوانێت دابنیشێت و گوێیان لێ بگرێت، گوێ لە قسە هیچوپووچەکانیان بگرێت. بەڵام لەوە تێ دەگەم کە دەتوانێت بۆ ماوەیەك گوێ بۆ ئەو شاعیرانە شل بکات، کە دێن و شیعرەکانی خۆیان دەخوێننەوە، ئەو شاعیرانەی کەهەر هێندەدەهێنن وەکو قەشمەر تەماشایان بکەیت و هەمیشە لەبەر دەر و دەربار‌دا کەوتوون. ئەوان بەپاکی و بەرزیی ڕۆحی ئینساندا، بە ڕووداوی مەزن و پاڵەوانێتیدا هەڵدەڵێن و سەبارەت بەگەورەیی و پیرۆزیی ئەم شتانەیش هیچ قسەیەکی زیاد پێویست نییە. لەوە تێدەگەم کە دەبێت

گوێیان لێ بگرێت، بە تایبەت ئەگەر لە شیعرەکانیاندا پەسنی خۆی بدەن و بە شانوباڵیدا هەڵبڵێن. مرۆڤ پێویستی بەوەیە ستایش بکرێت و پەسن بدرێت، ئەگەرنا، تەنانەت لە چاوی خۆیشیدا، نابێت بەوەی کە دەبێت ببێت. خۆ دیاریشە چ لە ئێستا و چ لەڕابوردوویشدا زۆر شتی جوان و باڵا هەبوونە کە هەرگیز نەدەبوون بەباڵا و جوان ئەگەر پێیاندا هەڵنەدرابایەو پەسن نەدرابان. ئەوانە،بەر لە هەر شتێك، بە شانوباڵی خۆشەویستیدا هەڵدەڵێن، ئەمەیش هەر دەبێت وا بێت، چونکە هیچ شتێك هێندەی خۆشەویستی پێویستی بەوە نییە بکرێت بەشتێکی جیاوازتر لەوەی لە ڕاستینەدا هەیە. لەم کاتانەیشدا، خەمینی سەروسیمای ژنان دادەگرێت و سنگوبەرۆکیان پڕ دەبێت لە ئاخ و ئۆف و بەرز دەبێتەوە. نیگایەکی نادیار و خەونهێنیش دەکەوێتە سەر دەموچاوی پیاوان، چونکە هەموویان دەزانن کە خۆشەویستی لە ڕاستینەدا چییەو هەر لەبەر ئەوەیشەتێ دەگەن کە دەبێت ئەمەشیعرێکی زۆر ناوازەی جوان بێت. منیش لەوەتێ دەگەم کە دەبێت ئەو جۆرەهونەرمەند و نیگارکێشانە هەبن کە نیگاری پیاوچاکەئاییینییەکان بۆ خەڵك دەکێشن، تا کەسانێکیان هەبێت دەستیان بۆ پان بکەنەوەو لەبەریان بپاڕێنەوە، کەسانێك کە وەك خۆیان پیس و ڕووتوڕەجاڵ نین. تێدەگەم کە دەبێت وێنەو نیگاری قەشەنگ و فریشتەییان بۆ ئەو کەسانە هەبێت کە لە خوتوخۆڕایی بوون بەقوربانی و درەنگانێك و پاش لەناوبردنیان، بێگوناهییان سەلمێنراوە؛ کەسانێك کە جلوبەرگی ئاڵووالا و گرانبەهایان بەبەردا کراوەو سەریان بەئەڵقەی زێڕین ڕازێنراوەتەوە، ڕێك وەکو ئەوەی بێگوناهیی خەڵك و خۆیان بسەلمێنرێت،

دوای ئەوەی بەرگەی ژیانە پڕ لە کلۆلییەکەی خۆیانیان گرتووە. لەوەتێ دەگەم کەدەبێت ئەو نیگار و وێنانە ئەوەپێشانی خەڵك بدەن کە خواکەی ئەوان، لە کاتێکدا کە هەوڵی دەدا لەسەر ئەم زەوییەشتێك بەشتێك بکات، لەخاچ دراوە، تا لەوەتێ بگەن کە هیچ هیوایەك، لەم خوارەوە، لەم سەر زەوییە، نییە. تێدەگەم کە دەبێت ئەم پیشەوەرە دەستوپل سووتاوانە لە خزمەتی میرێکدا هەبن، بەڵاملەوەتێ ناگەم، لێرە، لەم کۆشك و دەربارەدا، چی دەکەن. ئەمانە شتێك، پەرستگایەك، کونجی ئەشکەنجەدانێکی جوان و ڕازاوە، کەهەر کاتێك بیانەوێت بتوانن بچنە ناوی و نەختۆکەیەك هێمنی تێدا بەدەست بهێنن، بە خەڵك دەبەخشن بۆ ئەوەی تێیدا بژین. خواکەیشیان، بێ ئەوەی نائارامییەکی پێوەببینرێت، بۆ هەمیشە لەوێدا هەڵواسراوە. لەمەتێ دەگەم، چونکە منیش بۆ خۆم لە هەڵگرانی هەمان باوەڕم و مەسیحیم، منیش بانگی هەمان باوەڕم بەگوێدا دراوە. ئەو باوەڕەیش تا ئێستا ڕەوایی خۆی لە دەست نەداوە، ئەگەرچی ئەمەبۆ گاڵتەو خۆشی لە زەماوەندەکەی میرزادە گۆنزاگاس لەگەڵ دۆنا ئێلنادا ڕوویدا، کاتێك بۆ ناولێنان، ڕێك وەك ئەوەی یەکەم منداڵی خۆیان ناو بنێن، بۆ ناولێنان لە قەڵاکەوە، دەست بەدەستی بووکێوە و لەڕۆژی زەماوەندەکەیاندا، کە ئەمە بۆ خۆی بووە جێی سەرسووڕمانی ئامادەبووان، هێنرامە خوارەوە و بردیانم بۆ ژوورە تایبەتەکەی ناولێنان. من زۆرجار باسی سەیر و سەمەرەیی ئەم ڕووداوەو پێکەنینی خەڵکم بەر گوێ کەوتووەتەوەو بۆ خۆیشم دێتەوە بیرم کەوا بوو، چونکە کە ئەمە ڕووی دا من هەژدەساڵان بووم و میرم بە قەرز بۆ ئەو ئاهەنگ و بۆنەیە دابوومیە ئەوان.

بەڵام ئەوەی لێی تێناگەم ئەوەیە، کە خەڵك لەدەوری ئەوانەی کە باسی مانای ژیان دەکەن کۆ دەبنەوەو گوێیان لێ دەگرن. گوێ لەو فەیلەسووفانە دەگرن و لە دەوریان کۆ دەبنەوە، کە بیروڕای قووڵیان لە بارەی ژیان و مردن و پرسە هەتا هەتاییەکانەوە هەیە، کە بەشێوەیەك لە کردەوەی چاك و ئابڕوو و شکۆمەندیی دەکۆڵنەوە، موو نەپسێنێت. هەروەها لەو کەسانەیش تێ ناگەم کەگوایە شتێك لەبارەی ئەستێرەکانەوە دەزانن و پێیانوایە پێوەندییەك لەنێوان چارەنووسی مرۆڤ و ئەستێراندا هەیە. ئەوانە لە خوا نەترسن، بەڵام ئەوەی کە لەبارەی چ شتێکەوە لە خوا نەترسانە دەدوێن، نازانم و پێوەندیشی بە منەوە نییە. ئەوانە قەشمەرن، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن قەشمەرن، کەسی دیکەیش بەوە نازانێت کە ئەوانە قەشمەرن، کەس پێیان پێ ناکەنێت و کەسیش کەمترین خۆشی چییە لە قسەکانی ئەوان نابینێت. بۆچی بانگ دەکرێن بۆ ئێرە، بۆ دەربار، کەس سەر لەمە دەرناکات. بەڵام میرم، وەك ئەوەی قسەکانیان نەخشی سەر بەرد بن و بڕیەنیان لێ بدەیت کەمیان نەبێت، گوێیان بۆ ڕادەدێرێت و بەدەم بیرکردنەوەوە، لە کاتێکدا ڕێم پێ دەدات پێکەکانیان ــ کە وەك پێکەکەی دەستی خۆی زیوینن ــ بۆ دابکەمەوە،دەست بەڕیشیدا دەهێنێت. لەم کاتڕابواردنانەیانیشدا تەنیا ئەو جارانە پێدەکەنن کە یەکێکیان دەست دەداتە باڵم و بۆ سەر باوەشی خۆی بەرزم دەکاتەوە، تا ئاسانتر پێکەکانیان بۆ پڕ بکەمەوە.

کێیە ئەوەی شتێك سەبارەت ئەستێرەکان دەزانێت؟ ئاخۆ کێ بێت بتوانێت ڕازەکانیان لێك بداتەوە؟ ئەوان پێیان وایەدەتوانن لەگەڵ گەردووندا

قسـەبکەن و ئاسـوودەیش دەبـن کاتێـك بەرسـڤێکی کەمۆکەیـەك ژیرانـە بەدەست دەهێنن. نەخشەی ئەستێرانی خۆیان بڵاو دەکەنـەوەو وەك ئـەوەی کتێبێـك بخوێننـەوە، ئاسمـان دەخوێننـەوە. بـەڵام ئـەوە ئـەوان خۆیـانن کتێبەکـەیان نووسـیوەو ئەسـتێرەکانیش، بـەبێ ئـەوەی ئاگایـان لـەوەبێت چییان لەسەر نووسـراوە، لـەڕێگا تاریك ونووتەکـەکانی خۆیانـدا دەگـەڕێن و لەهاتوچۆدان.

منـیش لـەکتێبی شـەو دەخوێنمـەوە. بـەڵام نـاتوانم لێکـی بدەمـەوەو ڕازەکانی بدرکێنم. حیکمـەتی مـن ئەمەیـە: مـن نووسـینەکان دەبیـنم، بـەڵام ئەوەیش دەبینم کە ناتوانرێت لێك بدرێنەوەو نهێنییەکانیان ئاشکرا بکرێن.

ئەمانە شەوانە لە بورجەکەی خۆیاندا، بورجەکەی دەستەچەپی قـەڵا، بە خۆیـان و لوولـەك و چوارگۆشـەکانیانەوە دانیشـتوون و پێیانوایـە لەگـەڵ گـەردوون و هەرچـییەك لەوێـدا هەیـە خـەریکن. منـیش لـە بورجەکـەی بەرانبەریانـدا، لەوێدا کـە نهۆمی تایبـەتی گرگنـانی تێدایـەو لەوسـاوە، کـە یۆسافاتم خنکاندووە بە تـەنیا تێیدا دەژیم، لە ژێر میچـەنزمەکانی ئەوێدا کـە هێنـدە نـزمن هـەر دەڵێیـت بـۆ بـەرەی ئێمـەی گرگنـان گـونجێنراون و پەنجەرەکانیشی هێندەی دەلاقەی نێو دیواران بچووکن، دانیشـتووم. جـاران لێرەدا زۆر گرگن دەژیان، کەلەهەموو کـون و قـوژبنێکی دنیـا و لەوڵاتەهـەرە دوورەکانەوە، تەنانەت لەوپەڕی وڵاتی مورەکانیشەوە، بۆ ئێرە هێنرابـوون و دیاریی دەستی میر و پاپا و کاردینالەکان بوون، یا وەکو کاڵا ئاڵوێریان پـێ کرابوو کە ئەمەیش نەریتێکەو لـەوەتی دنیـا دنیایـە لـە نێـو ئێمـەی گرگنانـدا هەبووە. ئێمەی گرگن هیچ جێیەکی نیشتەنیی تایبەت بـەخۆمان نییـە، دایك

و باوکیشمان نین. ئێمە نەوەی خەڵکانی نامۆ و نەناسراوین، هەر خەڵکانێك تۆیش پێت خۆشە، ئێمە بە دزییەوەو لەلای خەڵکە هەرەهەژار و نەگریسەکان، بۆ ئەوەی کۆتایی بەبەرەی گرگنان نەیەت و بەیەکجارەکی بنبڕ نەبێت، لەدایك دەبین. کاتێکیش ئەو دایك وباوکە نەناسراو و نامۆیانە دەبینن بوونەوەرێکی سەر بەخێڵ و بەرەی ئێمەیان بووە، دەمانفرۆشن بە میرە دەستڕۆیشتوو و داراکان، بۆ ئەوەی ببین بە قەشمەریان و بەسەر وسەکوتە سەیروسەمەرەکەمان ڕابوێرن. من بۆ خۆیشم یەکێکم لەوانەی کاتێك دایکم بینی چ بوونەوەرێکی لێ بووە، فرۆشتمی و پاشان بەقێز و بێزەوە ڕووی لێ وەرگێڕام و ڕۆیشت. لەوە تێنەگەیشت کە من لەبەرەیەکی زۆر دێرین و کەونارام. لە بریی منیش چەند باسکێك قوماش و بیست سکودی وەرگرت و سەگێکی بۆ پاسکردنی مەڕەکانی پێ کڕی.

من لەپشت پەنجەرە بچکۆلەکەمەوە دانیشتووم و لەشەو دەڕوانم و ڕێك وەکو ئەوان لێی ورد دەبمەوە. وەك ئەوان پێویستم بە لوولەك و هەسارەبین نییە، چونکە ڕوانینی من بۆ خۆی قووڵە. منیش وەکو ئەوان لەکتێبی شەو دەخوێنمەوە.

لە خۆڕا نییە و مانایەك لەوەدا هەیە کە میرم گرنگی بەو هەموو خوێندەو هونەرمەند و فەیلەسووف و هەسارەبینانە دەدات، ماناکەیش زۆر سادەو ئاسانە. ئەو دەیەوێت ناوی دەربار بهێنێتە نێو ناوان و ناووبانگی بۆ پەیدا بکات و دەنگۆ و ئاوازەی خۆیشی، هێندەی بکرێت، بە هەموو لایەکدا بڵاو بکاتەوە. دەیەوێت بە ئامانجێك بگات کە هەموو کەسێك دەتوانێت تێی

بگات و هێندەی منیش بزانم هەموو کەسێك ئەوەندەی بۆی بکرێت چاوی لەو ئامانجە بڕیوە.

من بە تەواوی لەوە تێدەگەم و حەزیشم لێیەتی.

ماوەیەکە بۆکارۆسای سەرۆکی دەستەی بەکرێگیراوان بە خۆی و دەستوپێوەندە زۆرەکەیەوە گەیشتووەتە شار و لە کۆشکی گێرالدیدا، کەلەوساوەی بنەماڵەی گێرالدییان تێدا دەرپەڕاندووەکەس تێیدا نەژیاوە، دامەزراوە. بەر لەماوەیەکیش دیدەنی میری کرد و چەند سەعاتێکی لە خزمەتدا مایەوە. هەر بەتەنیا خۆیشیان بوون، چونکە کەسی دیکە بۆی نەبوو تێیدا بەشدار بێت.

بۆکارۆسا سەردەستەیەکی گەورە و بەناوبانگە.

کار بۆ دروستکردنی بورجی سەعاتەکە دەستی پێ کردووەو ئێمەیش پێش ماوەیەك سەردانیمان کرد و بینیمان کاروبارەکانیان بەکوێ گەیشتوون. بڕیارە ئەم بورجە لەپاڵ گومبەزی کڵێسای سەرەکییەوە بەرز بەرز ببێتەوەو کاتێکیش کە زەنگەکانی نێوی پێکەوەلێ دەدرێن وەك هەورەگرمەی ئاسمان دەنگ بداتەوە. ئەمەیش، وەك هەر بیرێکی جوانی تر، بیرێکی جوانە. بڕیاریشە ئەو زەنگانە لەهەموو زەنگەکانی دیکەی ئیتالیا بەرزتر هەڵبواسرێن و زەنگی هیچ جێگایەکی دیکە شان لەشانیان نەدات.

میرم زۆر سەرقاڵ و خەریکی ئەم کارەیەو تێگەیشتنی ئەمەیش هێندە گران نییە. ئەو جارێکی دیکەیش، هەر لەجێدا، چاوی بەو وێنەو نیگارانەدا گێڕایەوەکەبۆ دەربڕینی ژیانی لە خاچدراوەکە کێشرابوون و بە تەواوی

لەبەردەمیانـدا ئـەوق بـوو، بڕیـارە ئەمانـە لـە بنـەوەی گومەزەکـەوەتا خوارەوەی بڕازێننـەوەو وردەکارییـەکانی ژیـانی لەخاچدراوە کـە بگێڕنـەوە. بەڵام هێشتا تەنیا بەشێکی کەمی کارەکە ئەنجام دراوەو زۆری ماوە.

بەدووریشی مەزانە، کە ئەمـەی هـەرگیز بۆ تـەواو نـەبێت. زۆربـەی زۆری پـرۆژەی خانووبـەرەی مـیرم هـەرگیزاو هـەرگیز ناگەنـە کۆتـا و تـەواو نـابن. ئەوانەلەجێی خۆیاندا نیوەچڵ، جـوان و نـاوازە، دەهێڵرێنـەوە؛ وەك ئـەوەی شـوێنەواری شـوێنی گەورەگـەورەبن و دروسـتکردنیان بـەبیری کەسـێکدا هاتبێـت. بـەڵام خـۆ شـوێنەوارانیش جێدەسـتی ئـەو کەسـانەیان هـەر پێوەدەمێنێت، کـە جارێك لـە جـاران دروسـتیان کـردوون و منـیش ببڕایبـڕ نکۆڵیم لـەوە نـەکردووە کـە میرەکـەی منـیش میرێکـی بەشـکۆ و گەورەیـە. کاتێکیش بەشەقامەکاندا دەڕوات، سەرپێچییەکم لەوە نییە هاوشان لەگەڵیدا بڕۆم. خەڵك تەماشای ئەو دەکەن و کـەس لـەمن ناڕوانێت. خـۆ مەبەستیش ئەوەنییـە کـەس مـن ببینێـت. خەڵکەکـە بـەڕێزەوە، وەك ئـەوەی ئـەو لەئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، سڵاوی لـێ دەکـەن. بـەڵام ئەمـە هـەر لەبەر ئەوەیـە کـە ئەوانـە ڕووتەوپووتـەی ترسـنۆك و ملـهوڕن، نـەك لەبـەر ئەوەکەخۆشیان دەوێت یا، وەك خۆی لێی تێگەیشتووە، هیچ ڕێزێکیـان بۆی هەبێت. کاتێك کە من خۆم بە تەنیا بەنێو شـاردا بـڕۆم، هـەر زوو دەمبیـنن و تـووك و جـوێنی خۆیـان بەدوامـدا دەنێـرن. ئـەوە گرگنەکـەی مـیرە! ئەگـەر شەقێك لەگەڵو قنگی هەڵبدەیت، وەك ئەوەیـە لەگـەڵوقنگی مـیری بدەیت! نایشـوێرن ئەمـە بکـەن، بـەڵام مشـکی تۆپیـو و شـتی دیکـەی پـیس و مردارەوەبووی سەر زبڵەکانم تـێ دەگـرن. کەچی کاتێك کـە بـە تـووڕەیی و

سەروچاوگرژییەوە شمشێرەکەم هەڵدەکێشم، یەک بەخۆیان لەقاقای پێکەنین دەدەن و هاوار دەکەن: چ گەورەو میرێکی سەیروسەمەرەمان هەیە ! من ناتوانم خۆمیان لێ بپارێزم، چونکە هەردوولامان هەر بەهەمان چەک لەسەرخۆمان بەدەنگ نایەین و خۆمان ناپارێزین. من دەبێت لەو کاتانەدا، بەجلوبەرگە لە پیسی هەڵکێشراوەکانمەوە، لە دەستیان هەڵبێم.

گرگنێك هەمیشەو لەبارەی هەموو شتێکەوەلەمیرەکەی زیاتر دەزانێت.

ڕاستییەکەی من بەهیچ جۆرێك دژی ئەوەنیم لەپێناوی میرەکەمدا بەرگەی ئەمەبگرم. ئەمە ئەوە پێشان دەدات کەمن بەشێکم لەو و لە هەندێك حاڵەتیشدا پێشاندەری خاوەنشکۆیی کەسایەتیی ئەوم. هەروەها ئەو خەڵکە ڕووتوپووتە نەفامەیش لەوەتێ دەگەن کە گرگنی میرێك لەڕاستیدا میر خۆیەتی، وەك چۆن قەڵا بەگشت قوللەو بورجەکانیەوە، دەربار بەهەموو ڕازاوەیی و بریقەوباقێکیەوە، سەرپەڕێنیش کەسەر لە دوای سەر بەرەوخوار بەمەیدانەکەدا تلۆر دەکاتەوە، میر خۆیەتی. گەنجینەیش بەگشت سەروەت و سامانی بێسنوورییەوەو کارگێڕی قەڵایش کە لەکاتی قاتوقڕی و برسێتیدا نان بەسەر هەژاراندا دەبەخشێتەوە، هەر میر خۆیەتی، ـ هەموو شتێك هەر خۆیەتی و ئەوە. ئەوان هەست بەوەدەکەن کە من پێشاندەری چ دەستەڵاتێکم و نوێنەرایەتیی چی دەکەم. ئەو هەستەیش کە من هەمەبەرانبەر بەوەی کەلای خەڵکەکە ڕەزاگرانم و ڕقیان لێم دەبێتەوە، هەمیشە لەشم سووك دەکات و پڕم دەکات لەڕەحەتبوون.

هێندەی بیشکرێت لە هەمان جلوبەرگی میرم دەپۆشم، هەمان قوماش و هەمان جۆری دروون. ئەمانەیش لەو سەرە مقەست و پەڕۆوپاتاڵانە دروست

دەکرێن، کە دوای دروونی هەر پۆشاکێکی نوێ بۆ خۆی لە بەریان دەمێنێتەوە. هەمیشە شمشێرێکیش، ڕێك وەکو میری میرانم، بە کەمەرمدا شۆڕ بووەتەوە، ئەگەرچی لە هینەکەی ئەو کورتترە. ڕێوڕەوت و هەڵسوکەوتیشم بەهەمان شێوەی ئەو، ئەگەر سرنجی کەسێك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، پڕن لە خاوەنشکۆیی.

ئا بەو شێوەیە، تا ڕادەیەکی باش، لە میرم دەچم، هەر ئەوەندە هەیە کە من زۆر لەو بچکۆلەترم. ئەگەر کەسێك بە یەکێك لەو شووشانەی کە ئەو قەشمەرانە لە بورجەکەی دەستەچەپدا ئاڕاستەی ئەستێرەکانیان کردووەو تێیان دەڕوانن سەیری بکردمایەوە، لەوەبوو پێی وا بوایە کتومت میر خۆیم.

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان گرگن و منالّدا هەیە. هەندێ کەس پێیان وایە هیچ جیاوازییەك نییەو هەر یەکن، چونکە بالآیان وەك یەکەو پێکەوەیش دەگونجێن، بەلآم ئەمە بە هیچ جۆرێك وا نییەو منالّ و گرگن لەیەکتر ناچن. خەڵکی زۆربەی جار ڕێ بە گرگنان دەدەن لەگەڵ منالآندا یاریی بکەن، ناچاریان دەکەن بەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە گرگنێك ڕێك بەپێچەوانەی منالّێکەوەیەو بەپیری لەدایك بووە. منالّی گرگنان هەرگیز، هێندەی من بزانم، یاری ناکەن، بۆ ئەوەی یاری بکەن. لەبەرچیش یاریی بکەن. خۆ دیارە ئەگەر یارییان بکردایە، بە خۆیان و دەموچاوە چرچولۆچە پیرەکەیانەوە، زۆر سەیروسەمەرە دەردەکەوتن. ڕاستییەکەیشی ئەوەیە کە ئەمەتا بلّێیت مایەی ئازار و ئەشکەنجەیە کە ئێمەی گرگنان بەو شێوەیە بەکار بهێنرێین. بەلآم خۆ مرۆڤ هیچ لەبارەی ئێمەوە نازانن.

سەروەرانی من هەرگیز ناچاریان نەکردووم لەگەڵ ئەنجێلیکادا یاریی بکەم. بەڵام ئەو خۆی بەوە ناچاری کردووم. من نامەوێت بڵێم کەئەمەی لەبەدکارییەوەبووە، بەڵام کاتێك بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە، بەتایبەت ئەو ساڵانەی کە ئەو زۆر بچکۆلە بوو، وەکو ئەوە وایە ئەوسا کرابێتم بە ئامانج و نیشانەی بەدکارییەکی نەخشە بۆ دانراو. ئەو منداڵە بە خۆی و چاوەشین و خرەکانی و دەمەدرێژەکەیەوە، کە هەندێك کەس پێیانوابوو زۆر سەرنجڕاکێشە، لە هەموو کەسێکی کۆشك و سەرای میرم زیاتر ئازاری داوم. هەموو بەیانییەك بەخنەخن ـ چونکە کە دەستی بەم هاتوچۆیە کرد، هێشتا بە تەواوەتی پێی نەگرتبوو! بەخۆی و بە چکەپشیلەکەی باوەشیەوە دەهات بۆ نهۆمی گرگنان. دەتەوێت یاریم لەگەڵ بکەیت پیکۆلینۆ؟ منیش وەڵامم دەدایەوە: نەخێر ناتوانم، شتی گرنگتر هەیە بیری لێ بکەمەوە، ڕۆژەکەی ڕۆژی یاریکردن نییە. ئەویش وەك ئەوەی گاڵتەی بەقسەکەم بێت، دەیپرسی: ئەی چی دەکەیت؟ وەڵامم دەدایەوە: شتێك نییە بتوانیت بۆ منداڵێکی باس بکەیت. ـ بەڵام خۆ هەر چۆنێك بێت دەچیتە دەرەوە، خۆ هەموو ڕۆژەکە خۆش خۆش لەجێدا پاڵی لێ نادەیتەوە. من زۆر زۆر دەمێك بوو بەخەبەر بووم. لەترسی سەروەرەکانم و لەبەر خاتری ئەوان، ناچار دەبووم لەگەڵیدا بچمە دەرەوە، ئەگەرچی لە ناخەوە خەریك بوو دەتەقیم. ئەویش، وەك ئەوەی هاوڕێی گەمەی بم، دەستی دەگرتم. زۆربەی کات دەستم دەگرێت، ئەگەرچی هیچ شتێك نییە هێندەی ئەو دەستەشێدار و ئارەقاوییانەی منداڵ ڕقم لێی ببێتەوە. بۆیە لە ڕقدا دەستم دەنووقاند، بەڵام ئەوسایش دەستی دەدایە دەستم و بەدەم فلتە فلتەوەکە هەر کۆتایی

نەدەهات بەو دەوروبەرەدا دەیگێڕام. دەیبردم بۆ لای بوو کۆکەکانی کە دەبوو خواردنیان بدرێتێ و جلوبەرگیان لەبەر بکرێت، بۆ لای توولەسەگەکانی کە بەچاوە کتوکوێرەکانیانەوە لە نێو سەبەتەکەی خۆیاندا کە لە بەردەم کولانەسەگەکەدا دانرابوو و دەهاتن و دەچوون، دەیبردم بۆ باخی گوڵان بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ بەچکەپشیلەکەدا گەمە بکەین. ئەو هێندەخەریکی گیانەوەرانەو گرنگییان پێ دەدات هەر نەبێتەوە، بە گیانەوەرانی گەورەنا، بەبێچووەکانیان، بەهەر شتێك کە بچووك بێت. هەروەها دەیشیەوێت، وەك چۆن خۆی بێبڕانەوە لەگەڵ بەچکەپشیلەکەیدا یاری دەکات، منیش لەگەڵیدا یاری بکەم. لەو باوەڕەدایە کە منیش منالێکم و خۆشی و شادیی منالێکیشم بەرانبەر بە هەموو شتێك تێدایە. من! من خۆشی و شادیم بەرانبەر هیچ شتێك تێدا نییە.

هەندێکجار، وەك ئەوەی بیرێکی زیرەکانە لە نێو سەریدا بەئاگا بێتەوە، ئەوەیش ڕوو دەدات، بەتایبەت کە هەست دەکات من چەندێ بێزار و ڕووگرژ و مۆنم، بە شێوەیەك کە جێی سەرسووڕمانە، سەیری دەموچاوە چرچولۆچەپیرەکەم دەکات و دەڵێت: بۆ حەزت لەیاری نییە؟ بۆ پێت ناخۆشەیاری بکەیت؟

کە هیچ وەڵامێکی لەدەمەتوند نووقاوەکەم و لە چاوە ساردە گرگنەکانمەوە، کە ئەزموونی هەزاران ساڵیان تێدا دەبینرێن، نادرێتەوە؛ کەمێك سڵکردنەوە دەتێزێتە نێو چاوەبچکۆلە منالانەکەیەوە و هەر بەڕاستییش بۆ ماوەیەك مت و بێدەنگ دەبێت.

یـاری چـییه؟ خۆخـەریککردنێکی بێمانایـه، بەهیچـەوه. شـێوەیەکی سەیروسـەمەرەی "واپێشـاندانه" کـه گوایـه لەگـەڵ شـتومەکدا خـەریکیت. بەشێوەیەك کـه وەك خۆیـان هـەن نـا، بەگرنگیپێدانی ڕاستەقینەیشـەوه نـا، بەڵکو وەك ئەوەی "وا پێشـان بدەیت" کـه پێیانـەوه خـەریك و سـەرقاڵیت. ئەستێرەناسـان لەگـەڵ ئەسـتێرەکاندا یـاریی دەکـەن، مـیرم لەگـەڵ خانووبەرەکانی خـۆی و لەگـەڵ کڵێساکانیدا، لەگـەڵ پێشـاندانی ئـەو وێنـەو دیمەنانـەدا، کـه ژیـانی لـه خاچـدراوەکه پێشـان دەدەن و لەگـەڵ گومبەزەکانیـدا یـاریی دەکـات و ئـەنجێلیکایش لەگـەڵ بووکۆکەکانیـدا ــ هـەموویان هـەر یـاریی دەکـەن، وا پێشـان دەدەن خـەریکی شـتێکن. هـەر بەتەنیا منم که نامەوێت وا پێشان بدەم. بەتەنیا منم ئەوەم که هەم.

جارێکیان بەدزییەوە، کە ئەنجێلیکا لە جێگایەکەیدا نووستبوو و بـه چکه پشـیله ڕەزاگرانەکەیشـی لـه تەنیشـت خۆیـەوه پـاڵ خسـتبوو، لێـی چـوومه ژوورەوەو هێنـدەی بلێیـت یـەك و دوو بـه خەنجەرەکـەم سـەری بـه چکەپشیلەکەیم له لەشی کردەوەو پاشان له پەنجەرەکەی قەڵاوه فـڕێم دایـه سـەر سـەره نوێلکەکـەی لاپـاڵ. هێنـده شـێتگیر و تووڕەبـووم، بـۆ خۆیشـم نەمزانی چیم کرد. دەمەوێت بڵێم، دەمزانی، هەر زۆر چاکیش دەمزانی، چیم کرد. پلانێکم جێبەجێ کرد که له زۆر دەمێکەوەو بـه دەم ئـەو کاتانـەوه کـه لـه نێـو بـاخی گوڵانـدا ئـەو یارییـه دڵتەقێنانـەمان لەگـەڵ بەچکەپشـیلەکەدا دەکرد، له نێومدا چەکەرەی کردبوو. ئەویش، که هەستی کرد پشیلەکەی لـه هـیچ جێیەکـەوه دیـار نـەماوه، بـەهیچ شـتێك سـووکنایی نـەدەهات و دڵـی نەدەهاتـەوه جـێ. کەوتیشـیان بێگومـان هـەر دەبێـت تـۆپی بێـت، ئـیتر بـۆ

ماوەیەکی درێژ تووشی تایەکی نادیار بوو و بەدەم نەخۆشییەوە لە جێگادا لێی کەوت. منیش، خۆشی لەبەختی خۆم، بۆ ماوەیەك چاوم لەچاوی بوو و لێم دوور کەوتەوە. بەڵام پاشان کە لە جێدا هەڵسایەوە، ئیتر بێگومان منیش ناچار بووم و دەبوو گوێ بۆ هەموو چیرۆکە خەمهێنەکانی ئەو لەبارەی چارەنووسی پشیلە خۆشەویستەکەی و ئەو ڕووداوەوە بگرم کە کەس سەری لێ دەرنەکرد. کەس ئەوەی لا گرنگ نەبوو پشیلەکە بۆچی دیار نەمابوو، بەڵام دانیشتووانی دەربار گشتیان سەرقاڵ و خەریکی ئەوەبوون بزانن ئەو چەند دڵۆپەخوێنەی بەملی ئەنجێلیکاوەبوو و بەلای ئەوانەوەدەکرا وەك زایەڵەی زەنگی ڕووداوێکی خراپ لێك بدرێتەوە، لەکوێوەهاتبوون. هەر شتێك وەك زایەڵەی زەنگی ڕووداوێکی خراپ بێتەبەر گوێیان، گرنگییەکی هێندەزۆری پێ دەدەن هاوتای نەبێت.

لە ڕاستیدا لەسەر لەبەری تاڤ منالیدا بۆ ماوەیەکی کەمیش ئەنجێلیکا لەکۆڵم نەبووەوە و بەدەست یارییەکانیەوە گیرم خواردبوو، ئەگەرچی لەگەڵ ڕۆژگاردا یارییەکانی دەگۆڕدران. هەمیشە خۆی پێوە هەڵواسیبووم و لە ملم نەدەبووەو دەیویست هەموو متمانەو باوەڕی خۆی بەمن بسپێرێت، ئەگەرچی من بە هیچ جۆرێك باوەڕ و متمانەی ئەوم نەدەویست. تا ئێستایش هەندێکجار بیر لەوە دەکەمەوە کە ئاخۆ هۆگری و ئالوودەیی ئەو بۆ من هەر لەسەر ئەو بنەمایەبوو کە بەرەو لای بەچکە پشیلەو توولە سەگ و بێچووە مراوی و شتی تری لەو جۆرەڕایدەکێشا یا نا. بیر لەوە دەکەمەوەکە لەوانەیە ئەو حەزی لە دنیای گەورەکان نەبووبێت، لەوانەیە لەو دنیایە ترسابێت، یا بەشێوەیەك لە شێوەکان لێی تۆقیبێت. ئەمەیش هیچ پێوەندییەکی

بەمنەوەنەبوو! ئەگەر ئەو بەتەنیا بەو دەوروبەرەدا دەهات و دەچوو، هیچ سووچ و گوناهێکی منی تێدا نەبوو. بەڵام هەمیشە هەر من بووم و هەر منی هەبوو خۆی پێوە هەڵبواسێت. تەنانەت ئەو کاتانەیش کە ئیتر منالّ نەبوو و گەورەتر بووبوو، هەر هەمان بەزم بوو. دایکی چیی تر هیچ گرنگییەکی پێ نەدەدا، ئەو کاتانە نەبێت، کە خۆی وەکو بوو کۆکەیەکی تر دەگۆڕی، ئەو کاتانە دایکی دەیوت ــ هەروەها ئەمیش "وا پێشان دەدات"، هەموو هەروەها "پێشان دەدەن" و خۆ دەنوێنن. لەباوکیشی هەر مەپرسە، بێگومان ئەو شتی تایبەتی خۆی هەبوو بیریان لێ بکاتەوە. لەوانەیە لەبەر هۆی دیکەیش هیچ گرنگییەکی بۆی نەبوو بێت، ئەمەیش بۆ خۆی شتێکەکە من نامەوێت قسەیەکی لەبارەوە بکەم و باشترە لێی بێدەنگ بین.

ئەنجێلیکا تا گەیشتە تەمەنی دەو دوانزە ساڵان هەر لەسەر هەمان ئەو بەزم و ئاوازە بەردەوام بوو، پاشان تا دەهات کەمتر هەستەکانی خۆی پێشان دەدان و کەمتر باسی دەکردن، هەر ئەوسایش بوو وردەورد دەلێم دوور کەوتەوە. لەو ساوەیش، خۆشی لە خۆم، ئیتر لە کۆڵم بووەتەوەو زیاتر خەریکی خۆیەتی. بەڵام تا ئێستایش، کاتێك کە بیر لەوە دەکەمەوە لە پێناوی ئەودا چیم چەشت و نەچەشت، لە تووڕەییدا هەموو گیانم دێتەجۆش.

ئێستا ئەو ئیتر پانزە ساڵانە، گەورەبووەو هێندەیش نابات وەك ژنێك سەیر دەکرێت. بەڵام هێشتایش، زۆربەی کات، هەر منالّانە ڕەفتار دەکات و بە هیچ جۆرێك لەژنێکی خانومان ناچێت. بێجگە لەوەیش ڕاستییەکەی ئەوەیەکەزۆر زەحمەتە بزانرێت کێ باوکێتی، دەکرێت میرم بێت، بەڵام

بەهەمان شێوەیش دەکرێت زۆڵ بێت، لەوانەیەهەر لەبەر ئەوەیش لە خوتوخۆڕایی تا ئێستا وەکو کچەشازادەیەك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرابێت. هەندێك کەس دەڵێن شازادەیەکی جوانە. من هیچ شتێکی جوان لەو دەموچاوە مناڵانەیەی ئەو، لەدەمەنیوەکراوەکەی و لە چاوە گەورەکانیدا، کەوەکو ئەوەوەهان سەر لەهیچ شتێك دەرنەکەن، نابینم.

خۆشەویستی شتێکە دەمرێت. کە دەیشمرێت، دەگۆڕێت و دەگەنێت و دەبێت بەخۆراکی خۆشەویستییەکی نوێ. ئەوسایش خۆشەویستییە مردووەکە لە نێو خۆشەویستییە نوێیەکەدا بەردەوامی بەژیانی پڕ لەنهێنیی خۆی دەدات و ڕاستییەکەی هەر لەبەر ئەوەیشە کە هیچ مەرگێك لە خۆشەویستیدا هەبوونی نییە.

ئەمە، هێندەی من سەری لێ دەربکەم، ئەو ئەزموونەیە کەمیرژن تا ئێستا پێیدا ڕۆیشتووەو بەختەوەریی خۆیشی لەسەر هەڵچنیوە. چونکە هیچ گومانێك لەوەدا نییەکەئەو بەختیارەو بەختیارییش، بەشێوەی تایبەتی خۆی، بەدەوروبەری خۆیدا دەپرژێنێت. ئا لە ئێستایشدا شای بەختیاران دۆن ڕیکاردۆیە.

لەوانەیە میریشم هەر بەختیار بێت، چونکە ئەو هەستەی کە ئەم جارێك لە جاران لەنێو میرژندا بەئاگای هێنایەوە، تا ئێستایش هەر زیندووە. میرم وا پێشان دەدات کەهێشتا خۆشەویستی لەنێو میرژندا دەژی. هەردووکیان هەروەها پێشان دەدەن کەخۆشەویستییان بۆ یەکتری دەژی و زیندووە.

میرژن، جارێکیان، دۆستێکی هەبوو، چونکەدەستی لەگەڵ ژنێکی تردا تێکەڵ کردبوو و ناپاکیی لەگەڵ ئەمدا کردبوو، لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا

بەکوشتی دا. ئەو وای لەمیرم کرد، بەمەرجێك کەئەم خەبەر و ئاگای لەهیچ نەبوو، بەتاوانێك تاوانباری بکات کەهەرگیز نەیکردبوو. منیش تەنیا کەسێك بووم کەلەڕاستیدا دەمزانی مەسەلەکەچۆن بوو. هەروەها لەئازار و ئەشکەنجەکەیشدا ئامادەبووم، بۆ ئەوەی پاشان بۆ میرژنی بگێڕمەوەکەبەچ شێوەیەك بەرگەی ئەو ئازارانەی گرتووە. وەك پاڵەوانێکیش بەرگەی نەگرت، بەڵکو وەك هەر کەسێکی تر.

لەوانەیەباوکی ئەنجێلیکا ئەو بێت، نەك کەسێکی دیکە. چوزانم!

بەڵام لەوانەیە بە هەمان شێوەیش میرم باوکی بێت. چونکە میرژن بە هەموو بابەت و شێوەیەکی جوان و ڕازاوە ڕازیی دەکرد و ئەو ڕۆژگارە خۆشەویستییەکەیان بەهارێکی دیکەی بەخۆوە بینی. هەموو شەوێك، میرژن، باوەشی پێدا دەکرد و ناوگەڵە ناپاکەکەی خۆی، کە سوێی بووبووەوە بۆ دۆستە لە دەستچووەکەی، بۆ دەکردەوە. بەشێوەیەکیش دەستی بەمیردا دەهێنا وەك ئەوەی پیاوێك بێت شایانی هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەك. میریش بە هەمان شێوەو وەکو شەوانی یەکەمی یەکتر لە ئامێزگرتن، بەگەرمییەوە باوەشی پێدا دەکرد. خۆشەویستییە مردووە کە ژیانی پڕ لە نهێنیی خۆی لەنێو خۆشەویستییە زیندووەکەدا دەژیا.

ئەو قەشەیەی کە میرژن تۆبە و گوناهەکانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، هەموو بەیانییەکی شەموان، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، دێت بۆ کۆشك. ئەو کاتانەیش، میرژن زۆر دەمێکە لە خەو هەڵساوە، خۆی گۆڕیوەو یەك دوو سەعاتیشە لە دییاری لە خاچدراوەکەدا نوێژ دەکات و دەپاڕێتەوە. بەتەواوەتیش ئامادەی گێڕانەوەی گوناهەکانیەتی.

میرژن هیچ گوناهێکی نییە بۆ قەشەی بگێڕێتەوە. ئەمەیش نەك لەبەر چاوبەست و فێڵ و تەڵەکە، نەخێر بەپێچەوانەوە، ئەو بەبێ هیچ پێچ و پەنایەك و بەوپەڕی کراوەییەوە دڵە پڕ و سیخناخەکەی خۆی دەکاتەوەو دەدوێت. هیچ ئاگا و خەبەرێکی لە گوناه نییە. نازانێت ئاخۆ هیچ شتێکی کردووەیان نا. لەوانەیە، هیچ دوور نەڕۆین، گوناهێك لە گوناهەکانی ئەوە بووبێت کە هەر ئەمڕۆ لەگەڵ کارەکەرەکەیدا، لەبەر ئەوەی دەستوبرد نەبووە لە کاتی ڕێکخستنی قژی میرژندا، نەختێك ڕەق و توند بوو بێت. میرژن پەڕەیەکی سپییە، کە قەشەکە بەدەم خەندەوە خۆی بە سەردا دەچەمێنێتەوە، وەکو چۆن خۆی بەسەر کچێکی نەسمراودا دەچەمێنێتەوە.

چاوەکانی میرژن، دوای نوێژ و پاڕانەوە، دوای تێکەڵبوون و چوونە نێو دنیای لە خاچدراوەکەوە، وەك ئاو ڕوون دەبنەوەو دەکرێنەوە. ئەو پیاوە بچکۆلە ئەشکەنجەدراوەیش بە خاچەکەوە،کە لە خاچی گەمەکردنی منداڵان دەچێت، لە پێناوی ئەمدا ئازاری چەشتووەو هەموو خەتا و گوناهێکیش لەڕۆحی میرژندا، تەنانەت بەبیرداهاتنەوەی خەتا و گوناهەکانیش، کۆتاییان هاتووە. میرژن هەست بە بەهێزی دەکات، هەست دەکات گەنج بووەتەوە، بەڵام هاوکاتیش لە حاڵەتێکدا کە لە حاڵەتی نزا و پاڕانەوەیەکی خەونهێن و بەناو ناخی خۆدا ڕۆچوون دەچێت، لەگەڵ دەموچاوە جیددی و ماکیاژنە کراوەکەی و لەگەڵ کراسە ڕەشە سادەو ساکارەکەیدا دەگونجێت. ئەمجا دادەنیشێت و نامەیەك لە بارەی هەستەکانیەوەبۆ دۆستەکەی دەنووسێت، نامەیەکی ئارام و دۆستانەکە هیچ وشەیەکی سەبارەت بە ژوان و

خۆشەویستی تێدا نییە. ئا لەم حاڵەتەدا، میرژن، بەرگەی هیچ قسەیەکی نابەجێ ناگرێت. منیش دەبێت نامەکە وەربگرم و بیبەم بۆ دۆستەکەی.

هیچ گومانێکی تێدا نییە کە میرژن هەر زۆر لە خواترسە. دین بۆ ئەوشتێکی گرنگ، شتێکی هەر زۆر گرنگە. ئەو پێویستی بەدینە و بەکاریشی دەهێنێت. دین بەشێکە لە دڵی، بەشێکە لە ڕۆحی.

ئایا میریشم لە خوا دەترسێت؟ ئاسان نییە ئەمیان بزانیت. بێگومان ئەویش، بەشێوەی خۆی، لە خوا ترس و بە ئیمانە، چونکە ئەو هەموو شتێکەو هەموو شتێکی تێدا جێ دەبێتەوە ـ بەڵام ئاخۆ دەکرێت ئەمە بە لە خوا ترسی و دین دابنرێت؟ ئەو حەزی لەوەیە کە شتێکی وەکو دین بوونی هەیە، حەزی لەوەیە گوێ لەباسی دین بگرێت، حەزی لەوەیە گوێ بۆ گفتوگۆی جوان و ژیرانەی ئایینی و لێکدانەوەکانی بگرێت ــ چۆن دەکرێت شتێکی ئینسانی هەبێت و بە میرم نامۆ و نەناس؟ ئەو حەزی لە تابلۆی نێو میحراب و مادۆناکانە کە بە دەستوپلی کارامەی نیگارکێشە بەناوبانگەکان کێشراون، حەزی لە پەرستگا قەشەنگ و جوانەکانە، بەتایبەت ئەوانەی کە بۆ خۆی دروستی کردوون. من نازانم ئاخۆ ئەمە دینە یا نا. هیچ دووریش نییە ئەوە بێت. ئەمیش بێگومان هەروەها لە خواترس و ئاییندارەو لەم ڕووەیشەوە ڕێك وەك میرژنە و هیچی لەو کەمتر نییە. ئەو لە پێویستیی ئایینیی خەڵك تێ دەگات، لەوەیش تێ دەگات کە دەبێت ئەو پێویستییە تێر بکرێت و دەرگایشی هەمیشە بۆ ئەو کەسانە ئاوەڵایە کە خەریکی تێرکردنی ئەو پێویستییەی خەڵکن. سەرۆك قەشەکان و هەمە جۆر پیاوانی ئایینی، وەکو چۆن منداڵان لە نێو ماڵدا دێن و دەچن و ڕاکەڕاکیانە، ئەمانیش

هەروەها. بەڵام ئاخۆ میرم ــ وەکو میرژن ــ خۆی و بەش بەحاڵی خۆی خواپەرست و ئیماندارە؟ ئەمیان شتێکی دیکەیەو ــ منیش لەسەر ئەو بیروخەیاڵەنیم، قسەیەك یا بیروڕایەکم لەبارەیەوەهەبێت.

بەڵام، وەکو وتمان، ئەوەی کە میرژن بەگەرمی خەریکی خواپەرستی و ئیمانداریيە، شتێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە.

لەوەیە هەردووکیشیان هەر خەریکی خواپەرستی بن، هەریەکەیان بەشێوەی تایبەتی خۆی!

دین چییە؟ زۆر بیرم لەمە کردووەتەوە، بەڵام بێهوودە.

بەتایبەتیش ئەو جارە، چەند ساڵێك لەمەوپێش، زیاتر لە هەر جارێکی تر بیرم لە دین کردەوە، کە ناچارکرام وەکو سەرقەشەی قەشەکان بەجلوبەرگی ڕازاوەو ئاڵووالای ئایینییەوە لە ئاهەنگ و بەزموهەرای کڵێسادا پارچەنانی هەڵکێشراو لە شەرابی پیرۆز بەسەر گرگنەکانی کۆشك و سەرای مانتۆڤادا ببەشمەوەکە میرەکەیان، تایبەت بۆ گەرمترکردنی بەزموهەرای نێو حەوشوسەرای میرم، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی. لەوێ ئێمەی گرگنان، لەسەر سەکۆیەکی خڕ، کە لە یەکێك لە هۆڵەکانی کۆشکدا تایبەت بۆ ئەو هەراو بەزمە دروستکرابوو، کۆ بووینەوەو دەوروبەریشمان بەو میوانانە گیرا بوو کە بەدەم خەندەو پێکەنینەوە تەماشایان دەکردین و بریتی بوون لە سوارچاکان و پیاوانی دارا و دەوڵەمەند و سکهەڵدڕانی ئەو ڕۆژگارەکە بە جلوبەرگە ئاڵووالاکانیانەوە لە قەشمەر نەبێت لە هیچی تر نەدەچوون. من خاچ و لەخاچدراوەکەم بەرز کردەوەو گرگنەکانیش هەموو پێکەوەو هاوکات هاتنەسەر چۆکان و لەگەڵیشیدا، لە کاتێکدا چاوەکانم پڕ بووبوون لە هەستی

بەزەیی پێداهاتنەوەو نێڵەنێڵیان بوو، بە دەنگێکی بەهێز وتم: ئەمە فریادڕەس و ڕزگارکەری ئێوەیە! ئەمە فریادڕەسی هەموو گرگنەکانە، من بۆ خۆیشم گرگنێکم، کە بە دەست ئازار و ئەشکەنجەی ژێر دەستەڵاتی پۆنتیوس پیلاتوسی میری میرانەوە گیرۆدەیە، گرگنێکم کە بە خاچی بچکۆلەی میرەوە،کە لە خاچی یاریکردنی منالان نەبێت لە هیچی تر ناچێت، هەلواسراوە لە پێناوی دلخۆشی و سووکناییهاتنی دلی گشت مرۆڤانی سەر ئەم زەوینە. ئەمجا چووم و خۆلەمێشەکەم هێنا و لە بەردەمیاندا لە نێو دەستەکانمەوە ڕۆم کرد: ئەمەیش خوێنی گرگنانەی نێو دەمارەکانی لەشێتی، کە تێیدا هەموو گوناهەگەورەکان پاك دەبنەوەو گشت ڕوحەپیسەکانیش وەك بەفر تێیدا سپی دەبنەوە. پاشان چووم و نان شەرابی پیرۆزم هێنا و پێشانم دان و دواییش لە بەردەمیاندا، هەر وەکو خوو و نەریتی هەموو کات و ڕۆژگارێك، دەستم بە لێخواردن و لێخواردنەوەی کرد و هاوکاتیش ناوەڕۆکی نهێنی و ڕازی پیرۆزم بۆ باسکردن و وتم: من لە لەشی ئەو دەخۆم، کە وەکو لەشی هەریەکێکتان شەلوگێڕ و شێواو بوو. تامی لەشی ئەو تاڵە، تاڵ وەك زراو، چونکەپڕ و سیخناخە لە ڕقوکینە. بەو هیوایەی هەر هەمووتان لێی بخۆن! من خوێنی ئەو دەخۆمەوەو خوێنەکەیشی، وەك ئاگرێك کە بە هیچ کەس نەکوژێتەوە، دەگرێت. ئەمەیش ڕێك وەك ئەوەیە کە لە خوێنەکەی خۆم بخۆمەوە.

با ئاگرەکەی تۆ، ئەی فریادڕەس و ڕزگارکەری گشت گرگنان، هەموو دنیا بسووتێنێت!

ئەمجا شەرابەکەم بەسەر ئەوانەدا ڕشت کە لە دەوروبەرمان دانیشتبوون و واقورماو و بەدەموچاوە زەرد هەڵگەڕاوەکانیانەوە لە ئاهەنگە خەمگینەکەمانیان دەڕوانی، کە تێیدا پارچەنانی هەڵکێشراو لە شەرابی پیرۆزمان نۆش دەکرد.

من کافر نیم. ئەوان بوون کفریان کرد، نەك من. بەڵام میرم هەروا بەئاسانی لەم کردەوەیەم خۆش نەبوو، بەڵکو فەرمانیدا و چەند ڕۆژێك پێیەکانیان بەستمەوە، چونکە مەبەست لەو گاڵتە بچکۆلانەیە ئەوە بوو کەیف و خۆشی لێ ببینین، بەڵام من هەموو شتێکم تێکدا و میوانەکانیش لەوە زۆر تووڕەبوون، نەك هەر ئەمە، بەڵکو ترسایشن. ئەوکاتە دەستوپێبەندی بچووك نەبوو، بۆیە چەند دانەیەکیان تایبەت بۆ دروست کردم، ئەگەرچی ئاسنگەرەکە پێیوابوو بۆ ئەو ماوەکەمە ئەو هەموو ئەرك و خەریکبوونە ناهێنێت، بەڵام میرم وتی کە لەوانەیە خراپ نەبێت بۆ جارێکی دیکە لە بەردەستدا هەبن و ئامادەبن. میرم بەڵام هەر زوو پێبەندەکانی لێ کردمەوەو ئازادی کردم، سەرباری هەرچییەکیش، من ئێستایش هەر لەسەر ئەو بیروڕایەم کە ئەو هەر لەبەر خاتری میوانەکان و بۆ ڕاگرتنی دڵی ئەوان ڕێی دان سزام بدەن، چونکەهەر هێندەی ئەوان کۆشك و دەرباریان بە جێهێشت و گەڕانەوە بۆ دەر و دەرباری خۆیان، بەردرام. بەڵام دواتر میرم نەختێك سڵی لێم دەکردەوەو وەکو جاران تەماشای نەدەکردم، حەزیشی لەوە نەدەکرد بە تەنیا لەگەڵمدا بمێنێتەوە، ئەمەیش وەك ئەوە وا بوو نەختێك ترسی لێ نیشتبێت.

گرگنە هاوردەکان، بێگومان، لە هیچ شتێك تیٚ نەگەیشتن. ئەوان وەکو مریشکی ترسێنراو بەو دەوروبەرەدا دەهاتن و دەچوون و بە دەنگە خەسێنراوە جیقنەکەیان هەر زیقەزیقیان بوو. من نازانم، ئەوانە ئەو دەنگەیان کە شایانی هەموو گاڵتەپێکردنێکە، لە کوێوە هێناوە. دەنگی من قووڵ و تاریکە. بەڵام ئەوان تا ناخی ناخیان سەرنەوی و خەسێنراون و زۆربەیان قەشمەرن و بەخۆیان و لەش و گاڵتەو لاقرتییە بازاڕییەکانیانەوە مایەی شەرم و تەریقبوونەوەن بۆ بن و بنەچەکەی خۆیان.

ئەم بن و بنەچەیەتا حەز بکەیت بن و بنەچەیەکی سووك و خوێڕییە. هەربۆیەیشەمیری میرانم هێنایەسەر ئەو ڕێیەی یەك لەدوای یەکی ئەو گرگنانەی لەدەربار‌دا دەژیان بفرۆشێت، تا ئیتر چاوم لەچاویان بێت و نەیانبینم، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی بەتەنیا هەر خۆم مامەوە. دڵخۆشیشم بەوەی کە هیچیان لێرەنەماون و ژووری گرگنانیش، کاتێك شەوانە بە تەنیا بە دیار خەون و خەیاڵاتەکانمەوە دەمێنمەوە، چۆڵ و هۆڵ بووە لێیان. بەوەیش دڵخۆشم کە تەنانەت یۆسافاتیش لێرە نییەو دەموچاوە چرچولۆچەکەیم لەبەر چاو ون بووەو دەنگە زیقنە نزمەکەیشیم بەر گویٚ ناکەوێت. دڵخۆشم بەوەی کە تەنیام.

ئەمەیش چارەنووسی منە کە ڕقم لەبن و بنەچەکەی خۆم ببێتەوە. من ڕقم لەخێڵ و هۆزەکەی خۆمە.

بەڵام ڕقم لەخۆیشم دەبێتەوە. من گۆشتەتاڵەکەی خۆم دەخۆم. خوێنە ژاراوییەکەی خۆم دەخۆمەوە. هەموو ڕۆژێك، وەکو سەرقەشەیەکی ڕووگرژی

هۆز و خێڵەکەی خۆم، نانی لەشەرابی پیرۆز هەڵکێشراوی تەنیای خۆم دەخۆم.

میرژن، دوای ئەو ڕووداوە کە بووە هۆی تووڕەبوون و ڕقوکینەیەکی زۆر، بەشێوەیەکی تا ڕادەیەك سەیر و جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم. ئەو بەیانییەی کە پێبەندەکانیان کردمەوەو ئازاد کرام، بانگی کردمە لای خۆی و کە چوویشمە ژووری نووستنەکەیەوە بۆ ماوەیەك بەبێدەنگی وەك ئەوەی خەیاڵ بردبێتیەوە و بیەوێت زیاتر لێم ورد بێتەوەو تێم بگات، سەیری دەکردم. من لای خۆمەوە چاوەڕێی سەرزەنشت و تەنانەت سزایەکی تازەیش بووم، بەڵام ئەو کە ئاخرییەکەی دەمی کردەوەو شتێکی وت، دانی بەوەدا نا کە نوێژی بەشینەوەی نانی لە شەرابی پیرۆز هەڵکێشراوەکەی من کاریگەرییەکی زۆری لە سەری هەبووەو وتیشی کەشتێکی تاریك و تۆقێنەریشی تێدا بووە کەشتێکی نێو ناخ و دەروونی ئەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو بەئاگای هێناوەتەوە. ئاخۆ من بەچ شێوەیەك توانیبێتم بچمە نێو ناخی ئەوەوەو چۆنیش توانیبێتم ناخی ئەو بدوێنم؟

لەهیچ تێنەگەیشتم. من، لەکاتێکدا کە ئەو لەجێگای نووستنەکەیدا لێی ڕاکشابوو و بەشێوەیەك وەك ئەوەی خەیاڵ و بیری هەر لەوێش نەبن، بە دەوروبەری خۆیدا دەیڕوانی، لەوە زیاترم لەدەست نەهات کە گاڵتەم بەقسەکانی بێت.

ئەو لێی پرسیم ئاخۆ من پێم چۆن بووەو چ هەستێکم هەبووە کە بەخاچەکەوە هەڵواسرابووم؟ هەروەها پرسی ئاخۆ کاتی بزمارئاژنکردن و ئازارچەشتن و مردن، چ هەستێکم هەبووە؟ پاشان وتی کە لە

وەتێگەیشتووە کە دەبێت عیسا ڕقی لەم ببێتەوە. کە دەبێت عیسا پڕ بێت لەڕق لە کاتێکدا ئەو لەپێناوی ئەمدا ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی چەشت.

من هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو وەڵامێك بدەمەوەو ئەویش چیی تر لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام نەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە چاوی پڕ لەخەونەوە تەماشای بۆشایی دەوروبەرەکەی خۆی کرد.

پاشان بە دەستەجوانەکەی و بەنەرمونیانییەکەوە، وەك ئەوەی بڵێت قسەیەکی لەوە زیاترم نییە، ئیشارەیەکی کرد و هاوکاتیش بانگی کارەکەرەکەی کرد بچێت و کراسە سوورە تۆخەکەی بۆ بهێنێت؛ چونکە ئیتر کاتی ئەوەی هاتبوو لە جێگاکەی قیت بێتەوەو هەڵبستێت.

من، ئەمڕۆیشی لەگەڵدا بێت، لەوە تێنەگەیشتووم کە ئەوسا، بۆ ماوەیەك، چی لەبیر و خەیاڵاتی ئەودا هاتووە و چووە.

من هەستم بەوە کردووە هەندێجار خەڵك بەبینینم دەترسێن. بەڵام ئەوەی مرۆڤ لێی دەترسێن، خۆیانن. ئەوان پێیان وایە کە منم دەیانترسێنم، بەڵام ئەوە گرگنەکەی ناخی خۆیانە، ئەو بوونەوەرەیە کە خۆی لە مرۆڤ و دەموچاویشی لە دەموچاوی مەیموون دەچێت دەیانترسێنێت، ئەو بوونەوەرەی کە لە قووڵایی ناخ و دەروونیانەوە سەر دەردەهێنێت. ئەوان دەترسێن، چونکە نازانن و بێئاگان لەوەی کە بوونەوەرێکی تر لە ناخیاندا هەیە. ئەوان، بەگشتی، دەترسێن کاتێك شتێك لەقووڵایی ناخیانەوە، لە یەکێك لە چڵپاوەکانی ڕۆحیانەوە، شتێك کەچیی تر نایناسنەوەو هیچ سەروبەندێکی لەگەڵ ژیانی ڕاستینەی ڕۆژانەیاندا نییە، سەر دەردەهێنێت.

کە هیچ شتێك لەسەر ڕووی چڵپاوەکە دیار نییە، ناترسێن، لێی ناترسێن با هەرچییەکیش بێت. ئەوان وەك ئەوەی نەبایان بینیبێت و نەباران، ڕاست و ڕێك، بەخۆیان و دەموچاوە سافولووسەکەیانەوە کە دەربڕی هیچ شتێك نییەو ناتوانرێت هیچ شتێکی تێدا ببینرێت، بەو دەوروبەرەدا، دێن و دەچن. بەڵام هەمیشە لە نێو ناخیاندا شتێکی دیکە هەیە، کە خۆیانی لێ بەخێو ناکەن، ئەوان دەژین، بەبێ ئەوەی خۆیان پێی بزانن، هاوکاتیش چەندین ژیان دەژین. ئەوان بەشێوەیەکی زۆر سەیر نادیار و بێ سەروبەرن.

تێکوپێکشکاو و شێواون ئەوان، بەبێ ئەوەی هیچیشیان پێوە دیار بێت.

من هەمیشە هەر ژیانە گرگنەکەی خۆم دەژیم. وەك ئەوان، جار جار، ڕەپ و ڕاست بە سنگدەرپەڕاندنەوەو بەدەموچاوێکەوە کە دەربڕی هیچ نییە، بەو دەوروبەرەدا نایەم و ناچم. من هەمیشەهەر خۆمم، هەمیشەهەر هەمان کەس، تەنیا یەك ژیان دەژیم. هیچ بوونەوەرێکی تر لەناخمدا نییە. هەموو شتێکی نێو ناخی خۆیشم دەناسمەوە، هیچ شتێك لە هیچ جێیەکی ناخمەوە سەر دەرناهێنێت و تاریکییش هیچ شتێکی لەوێدا دانەپۆشیوە. هەر لەبەر ئەوەیشەکە هەرگیزاو هەرگیز هەست بەتۆقین ناکەم لە ئاست ئەو شتانەدا کە ئەوانی تۆقاندووە، هەست بەشتی بێ سەروبەر و نەناسراو و پڕ لەنهێنی ناکەم. شتێکی لەو جۆرە بۆ من هەبوونی نییە. لەنێو مندا شتێکی تر نییە.

تۆقین؟ تۆقین چییە؟ ئاخۆ ئەوە تۆقینە هەستی پێ دەکەم کە شەوانە بە تەنیا لە ژووری گرگناندا دەنووم و تارمایی یۆسافات لە جێگای

نووستنەکەم نزیك دەبێتەوە، یان کاتێك دەمداچەقاو و لامل شینەوە بوو، زەرد هەڵگەڕاو و وەکو مردوویەك، بەرەو ڕووم دێت؟

من هەست بەخەمۆکی و پەشیمانی ناکەم، هیچ شتێك، بەشێوەیەکی تایبەت، کارم تێ ناکات و نامجووڵێنێت. کە یۆسافات دەبینم، تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو مردووە، پاشان هەست بەوەدەکەم کە تا سەر ئێسقان تەنیام.

من دەمەوێت تەنیا بم، نامەوێت بێجگە لە خۆم کەسێکی تر هەبێت. ڕوون و ڕەوانیش دەبینم ئەو مردووە. ئەوە تەنیا تارماییەکەیەتی و منیش تا بڵێیت لە تاریکییەکەدا تەنیام، هەروەك چۆن لەوساوەکەخنکاندم تەنیا بووم.

هیچ شتێکی ترسناکیش لەمەدا نییە.

پیاوێکی بەخۆوەو باڵابەرز، ماوەیەکە، هاتووەتە دەربار و میری میرانیش بەشێوەیەکی سەیر و تایبەت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات و ڕێزی لێ دەگرێت. ئەو پیاوە تایبەت بۆ دەربار بانگ کراوەو میرم دەڵێت ماوەیەکی دوورو درێژ چاوەڕوانیی بووەو ئێستایش هەست بە بەختەوەرییەکی زۆر دەکات، کە ئیتر ڕووی لەدەربار کردووەو هاتووەتە دیداری. میرم، ڕاستییەکەی، وەك هاوتای خۆی لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە.

هەموو ئەوانەی لە دەرباردان لچ لەمە هەڵناقورتێنن و بەشتێکی سەیر و گاڵتەی نابینن و هەندێکیان دەڵێن، کە ئەو پیاوە،ڕاستییەکەی، پیاوێکی مەزنەو هاوتای میرانە. بەڵام ئەم جلوبەرگی میرێکی نەپۆشیوە، بەڵکو پۆشاکێکی سادەو ساکاری لەبەردایە. ڕاستت دەوێت، هێشتا لەوەتێ

نەگەیشتووم کە ئاخۆ ئەم پیاوە لە ڕاستەقینەدا چییەو بۆچ هێندەیش گرنگیی پێ دەدرێت و ڕێزی لێ دەنرێت. بەڵام با لەمەیان بگەڕێن بۆ دوایی. وەك دەڵێن ماوەیەکی زۆر لێرە دەمێنێتەوە.

من نامەوێت نکوڵی لەوە بکەم کەشتێك لەم پیاوەدا هەیەڕێز و سەنگینی لێ دەبێتەوە، ئەو بەڕێز و سەنگینییەکی سروشتییەوە، زۆر زیاتر لەوەی کە لە زۆربەی خەڵکی دیدا دەبینرێت، ڕەفتار دەکات. تەوێڵێکی بەرز و، وەك خەڵکیش زۆر جاران پێی دەڵێن، پڕ لەبیر و بۆچوونی هەیە و دەموچاویشی بە ڕیشەماشوبرنجییەکەیەوە هەر لەخۆی دەوەشێتەوەو زۆریش جوانە. پیاوێکە هەڵکەوتەیی و هاوئاهەنگی لێ دەبارێت، هەڵسوکەوتیشی، تا دڵ پێی خۆش بێت، پڕە لە هێمنی و خۆڕاگری.

بەڵام تۆ بڵێیت بەچ شێوەیەك و لەچ لایەکەوە شێواو و تێکوپێکشکاو بێت!

میوانی تایبەتی میری میرانم ژەمەخواردنەکانی لەگەڵ میر و لەسەر مێزەکەی ئەو دەخوات. بەردەوامیش، بەدەم نانخواردنەوە، لە هەمە جۆرەبابەت دەدوێن و، لەکاتێکدا کەمن وەك هەمیشەو وەك میرم خۆی دەیەوێت خەریکی خزمەتکردن و لە دەورگەڕانیم، دەتوانم ئەوەببیستم کە ئەم پیاوەپیاوێکی خوێندەو زانایە. زانایی ئەو وەك ئەوەیە لەبارەی هەر شتێکەوەو هەموو شتێکەوە بێت و وەك ئەوەیشە کە گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەر شتێك هەبێت. ئەو لە لێکدانەوەی هەموو شتێك دەگەڕێت، بەڵام بەپێچەوانەی خەڵکی ترەوە هەمیشە نادڵنیایە لەوەی لێکدانەوەکانی ڕاستن یا نا. دوای ئەوەی بەدوور و درێژی و سەر لەبەر باسی ئەوەی کردووە، کە

چ بیر و بۆچوونێکی سەبارەت بەشتێك هەیە، دەتوانێت بۆ ماوەیەك لەجێی خۆیدا، بێدەنگ و سەرسووڕماو، بمێنێتەوەو پاشان، بەدەم تێڕامانەوە، بڵێت: بەڵام ڕەنگەوە هاتنیش نەبێت. من بۆ خۆم نازانم پیاو دەتوانێت چ بیروبۆچوونێکی سەبارەت بەمە هەبێت. دوور نییە ئەمە بە جۆرێك لەزانایی ناو ببرێت، بەڵام هەروەها دووریش نییە پێوەندی بەوەوە هەبێت، کە ئەو خۆی ڕاستییەکەی هیچ شتێك، بەدڵنیاییەوە، نازانێت و نایشزانێت ئەو بیروبۆچوونەی کە دوای ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر لەسەر شتێك بەدەستی هێناون بێمانایە یا نا. لە سایەی ئەو تاقیکردنەوەو ئەزموونانەیشەوە، کە من تا ئێستا کە دەربارەی بیرو بۆچوونی خەڵکم هەیە، بیرم زیاتر بەلای ئەوەدا دەچێت کە هەر ئەمەیش حاڵ و مەسەلەبێت. بەڵام زۆرن ئەوانەی تێ ناگەن کە ئەمە دەبێت هۆکارێك بێت بۆ جۆرێك لەبێفیزی و خۆنەویستی. لەوانەیە بۆ ئەمیش هەروەها بێت.

میریشم، لەم کاتانەدا، خۆی بەشتێکی وەهاوەنابەستێتەوە، بەڵکو گوێی بۆ ڕادەدێرێت، ڕێك وەك ئەوەی لەتەنیشت سەرچاوەیەکەوە دانیشتبێت کە زانیاری و حیکمەتی لێوە هەڵدەقوولێت. وەك چۆن کە چ خوێندکارێك دوای جوولەی دەموپلی مامۆستاکەی دەکەوێت، ئەمیش هەروەها دەکات، ئەگەرچی هاوکاتیش، بێگومان، ئاگای لەوەیە بەها و سەنگینیی خۆی، وەك میرێك، لە دەست نەدات. هەندێ جار بە"مامۆستای گەورە" ناوی دەبات. ئەوسایش من لەخۆم دەپرسم ئاخۆ دەبێت چ هۆیەك بۆ ئەم خۆ بەکەمزانینەپڕ لە مەراییکردنە هەبێت. هەمیشە، کاتێك کە پەیوەندی بەمیرمەوە هەیە، هۆیەك هەیە. ئەو پیاوە زانایە، زۆرجاران، وا پێشان

دەدات گوێی لەو ناوهێنانەپڕ لەمەراییکردنەی خۆی نییە. دووریش نییە ئەو، لەڕاستیدا، هیچ داوایەکی تایبەتی هەبێت. بەڵام، لە بارێکی دیکەیشدا، هەندێ جار، بەبڕوای تەواوەوە دەدوێت، ڕوون و ڕەوان و ڕازیکەرانە جەخت لەسەر بیروبۆچوونی خۆی دەکات و لەبارەی هۆیەکانیانەوە بە شێوەیەکی ژیرانە دەکۆڵێتەوە، کە هەم کاریگەر و هەمیش دیار و ئاشکرا دەنوێنن. کەواتە ئەو هەمیشە هەر نادڵنیا نییە.

ئەو هەمیشە هەر بە هەمان هێمنییەوە، بەدەنگێکی جوان و نائاسایی، دەدوێت. بەرانبەر بەمن ڕووخۆشەو بێجگە لەوەیش وا پێدەچێت جۆرەگرنگییەکی بۆ من هەبێت. لەبەرچی! نازانم! لەم ڕەفتارەیدا، هەندێکجار، تا ڕادەیەك میرمم بەبیردا دەهێنێتەوە، ئەگەرچی ڕاستییەکەی ناتوانم باسی ئەوە بکەم چۆن و لەچ ڕوویەکەوە.

ئەم ناڕەسەن نییە.

پیاوە نامۆ نائاساییەکە لەبەرەوە دەستی کردووە بە کارێك لە دێری سانتا کرۆس کە دێری تایبەتی فرانسیسکانەرەکانە، خەریکی نیگار و وێنەکێشانە لەسەر یەکێك لە دیوارەکورتەکانی چێشتخانەی دێرەکە. کەواتە ئەو، سووك و ئاسان، دروستکەری نیگار و وێنەی پیاوچاکان و شتی دیکەی لەو جۆرەیە، وەك زۆر لەوانەی تر کەلێرەن. کەواتە "نائاساییبوون و وێکنەچوونی ئەو لە خەڵك" لەمەدایە.

هەر لەبەر ئەمەیش نامەوێت بڵێم کە ئەو ناتوانێت ببێت بە یەکێکی تر و زیاتریش لەمەو دەبێت لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا بەراورد بکرێت کە بەو پەڕی سادەیی و ساکارییەوە خەریکی هەمان کارن. ئەم، پیاو دەبێت دانی پێدا

بنێت، زیاتر لەوانی تر باری سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بۆیە ئاسانە لەوە تێبگەیت کە میرم بەشێوەیەکی تایبەت گرنگیی پێ دەدات و گوێی لێ ڕادەگرێت. بەڵام ئەوەی کە هەمیشە و بەردەوام گوێی بۆ شل دەکات، وەك ئەوەی گوێی بۆ پێشبینیکەرێکی دانا و زیرەك گرتبێت و ئەوەیش کە ڕێی پێ دەدات ڕۆژانە لەسەر مێزەکەی ئەم ژەمەکانی بخوات، بۆم لێك نادرێتەوە و لێتەگەیشتنی ئاسان نییە. ئیشەکەی، بەهەرحاڵ، هەمان ئیشی پیشەکارەکانە، ئەوەی دەیکات بە دەست ئەنجامی دەدات، هەروەها ئەگەر ئەو لە ڕێی بیروبۆچوون و زانیارییەکەوە کە هەیەتی پەلاماری زۆر شتی دیکە دەدات ـ هێندە زۆر کە نەتوانێت لێی تێ بگات! ئەمیان شتێکی ترە! دەستەکانی چۆن کار دەکەن، ئەمەیان من نایزانم و بە هیوام کە بتوانن کارەکەیان بە جێ بێنن، چونکە میرم ئاوها گرتوویەتیە لای خۆی و خەریکی کردووە بە کارەکەیەوە، بەڵام ئەوەی کە بیروبۆچوونی خۆی لەگەڵ شت و کاری وەهادا خەریك دەکات کە دەرەقەتیان نایەت، ئەمیان بۆ خۆی، نەك کەسێکی دیکە، ددانی پێدا دەنێت. دەبێت خەون و خەیاڵ پەرستێك بێت. بەم هەموو ڕوون و ڕەوانی و بیردەوڵەمەندییەوە، دەبێت لەسەر بنەمایەکی شلوشەوێق ڕاوەستابێت و ئەو دنیایەیش کە دەیەوێت و بە تەمای ئەفراندنێتی، دەبێت لەڕاستەقانیدا دنیایەکی هەر بەتەواوەتی نەبوو بێت.

بەڵام من هێشتایش، دیارە کە ئەمەیش شتێکی سەیر و نائاساییە، هیچ بڕیارێکی تەواوم لەسەر ئەو و سەبارەت بەو نییە. ئەمەبۆ و بەچ هۆیەکەوە، تا ئێستا سەرم لێی دەرنەکردووە. ئەگەر نا من هەمیشە جۆرە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆمم هەیە سەبارەت بە هەر کەسێك کە ڕووبەڕووی دەبمەوە،

هـەر کەسـێك دەبێـت بـا ببێـت، جێـی قسـە و باسـێکی زۆریـش نییـە کـە کەسایەتیی ئەو، ڕێك وەکو بەژنە بەرز و هەڵچووەکەی، بەسـەر پێوانـەی بـاو و ئاساییدا دەشکێتەوە. بەڵام نـازانم بـۆ مـن لەسـەر ئـەم بـاوەڕەم، نـازانم چ هۆیەك هەیەوا دەکات ئەم هەستەم هـەبێت. نـازانم، ڕاسـتییەکەی، ئـەم بـاڵا دەستییەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و نایشزانم کە ئاخۆ لە ڕاستینەیشدا ئەو بەرز و باڵا دەستەیان نا. خۆ دیـارە کـە دەبێـت هـەر لـەو مرۆڤانـەی دی بچێت کە تا ئێستا دیومن.

من، هەرچۆن بێـت، تـەواو دڵنیـام لـەوەی کـە بـیر و بۆچـوونەکانی مـیرم سەبارەت بەنرخ و بەهای ئەم پیاوە زیاد لە پێویست بەرزن.

ئەو ناوی بێرناردۆیە، ناوێکی هەر زۆر ئاسایی.

میرژن هیچ گرنگییەکی بۆ ئەم پیاوەنییە، چون ئەم پـیرە. وا پێدەچێت، بەو جۆرەیش کە ئـەوان لـە نێـوان خۆیانـدا قسـەوباس دەکـەن، تـا ڕادەیـەك بەمیرژنم نامۆ و ئاشنا بێت. ئەو کاتانەیش کە ئەوان خەریکی ئـاڵوگۆڕی بـیرو بۆچـوونەکانیانن و بـەدوورو درێـژی لەبارەیانـەوەدەدوێن، ئـەم بەبێـدەنگی لەگەڵیاندا دادەنیشێت و وەك ئەوە وەهایە بیر و خـەیاڵی بـۆ جێیـەکی دیکـە ڕۆیشتبن. من پێموایە کە هەر نایشبیسـتێت ئـەم پیـاوە نائاسـایی و تایبەتـە دەڵێت چی.

بـەڵام وا پێدەچـێت ئـەم زۆر گرنگـی بـە مـیرژن بـدات. مـن بینیومـە، بەدزییەوە، لە کاتێکدا کە هـیچ کـەس هەسـتی پـێ ناکـات، سـەرنجی مـیرژن دەدات. وا پێدەچـێت لەسـەر و سـیمای بکۆڵێتـەوە، وەك ئـەوەی لـە دوای شتێك وێڵ بێت، بە نیگایەکی پڕ لە بیرو خەیاڵاتەوە کە پاشان تا دێت زیاتر

لە تێڕامان نزیك دەبێتەوە تێی دەڕوانێت. ئاخۆ چی لە میرژندا هەیە کە ئەمی بەخۆیەوە بەند کردووە؟

سەروسیمای میرژن هیچ شتێکی گرنگی تێدا نییە. ئاسانە ببینیت کە ئەو لە سەڵیتەیەك زیاتر نییە، ئەگەرچی لەژێر ڕووکەشێکی پاك و پڕ لەدرۆدا سەروچاوی خۆی دەشارێتەوە. سەرنجدان و تێڕوانینێکی زۆری ناوێت بۆ ئەوەی لەمە تێبگەیت. پاشان چیی تر هەیە لەسەر و سیما بارگرانەکەی ئەودا تا سەرنجی بدەیت، یان لێی بکۆڵیتەوە؟ چ شتێکی تێدا هەیە بە خۆیەوە بەندت بکات؟

بەڵام لەوەیە هەموو شتێك ئەم پیاوە بە خۆیەوە بەند بکات. دەتوانێت بەردێك هەڵبگرێتەوە، خۆم بینیومە، بە گرنگییەکی لەڕادە بە دەرەوە لێی ورد ببێتەوە، هەڵگێڕ و داگێڕی بکات و دواییش، وەك ئەوەی شتێکی بەنرخ و گرانبەهای دۆزیبێتەوە، بیخاتە گیرفانییەوە. وا پێدەچێت هەر شتێك بتوانێت ئەو بەخۆیەوە خەریك بکات. تۆ بڵێیت شێت نەبێت؟

بەڵام شێتێکی شایانی ئێرەییپێبردن! ئەوەی کە بەردێك بەلایەوە بەنرخ و گرانبەها بێت، دەبێت، ڕوو لە هەرجێیەك بکات، دەوروبەری بەسەروەت و سامان دەورە درابێت.

ئەم پیاوە تا دڵ حەز بکات بەملۆمۆیە. لووت لە هەموو شت دەژەنێت، دەبێت لە هەموو شت بکۆڵێتەوەو پرسیار لەبارەی هەموو شتێکەوە بکات. ئەو لەبارەی کەرەستەکانیانەوە، لە بارەی شێوازی کارکردنیانەوە،لە کرێکارەکان دەپرسێت و قسەیان لەسەر دەکات و کەموکووڕییان ڕاست دەکاتەوە. چنگ پڕ لەگوڵ، کە لە پیاسە کردنەکانی دەرەوەی شاردا

دەیانچنێتەوە، دێتەوەماڵەوەو پاشان دادەنیشێت و لەبەر یەکتریان هەڵدەوەشێنێت، تا بزانێت لە ناوەوەوە چۆنن. هەروەها دەتوانێت بە سەعاتان ڕابوەستێت و، وەك ئەوەی هەنگوینی لە داردا دۆزیبێتەوە، لە کۆچی باڵندان بڕوانێت. تەنانەت دەتوانێت لەسەری دز و پیاوکوژان کە لەبەر دەروازەی قەڵادا بەڕمەوە کراون و هێندە کۆنن کەس تاقەتی ئەوەی نییە تێشیان بڕوانێت، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەدیاریانەوە بوەستێت و، وەك ئەوەی مەتەڵی هەڵنەهێنراو بن، سەرنجیان بدات و پاشان بەقەڵەمێکی زیوین نیگاریان بکێشێت. چەند ڕۆژ لەمەوبەریش کە فرانسیسکۆیان لەمەیدانەکەی بەردەمی قەڵادا هەڵواسی، ئەمیش لەوێ بوو، بۆ ئەوەی بە تەواوەتیش بیبینێت، لەگەڵ منداڵە وردکەکان چووبووە پێشی پێشەوەو تەماشای دەکرد. شەوانەیش ڕادەوەستێت و لە ئەستێران دەڕوانێت. ملۆمۆی ئەو بە هەموو شتێك ڕادەگات.

ئاخۆ هەر شتێك ئەوە دەهێنێت و هی ئەوەیە گرنگی پێ بدرێت؟

من کارم بەوەوە نییە ئەو لووت لە چی دەژەنێت و ناژەنێت. بەڵام ئەگەر جارێکی تر توخنم بکەوێت و دەستم بۆ ببات، خەنجەرەکەمی تێ ڕادەکەم! ئەمەیش بڕیارێکەو داومە کە دەیکەم، چیش دەبێت با ببێت.

ئەم ئێوارەیە کە پێکە شەرابەکەم بۆ داکردەوە، دەستمی گرت و ویستی تەماشای بکات ـ منیش بەتووڕەییەوە دەستم کشاندە دواوە. بەڵام میرم، بەدەم خەندەوە، وتی کەدەبێت پێشانی بدەم. ئەویش چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت و لێی دەکۆڵیەوە، زۆر لە نزیکەوەسەرنجی دەدا، لەسەری جومگەی پەنجەکان و لەچرچولۆچییەکانی دەوروبەری مەچەکمی دەڕوانی و

تەنانەت هەوڵیشی دا قۆڵم هەڵبکات بۆ ئەوەی لەباسك و قۆڵم بڕوانێت. بەڵام من، بەوپەڕی تووڕەییەوە، خەریك بوو لە داخاندا دەكولاّم، دەستم ڕاپسکان. ئەوانیش، لە کاتێکدا من لەجێی خۆمدا لەتووڕەییدا ڕەق بووبووم و چاوەکانم نێڵەنێڵیان بوو، پێمپێکەنین.

ئەگەر جارێکی تر دەستم بۆ ببات، خوێنی دەکەمە کاسەوە!

لەگەڵ ئەوەدا هەڵناکەم کەسێك بێت و دەستم لێ بدات، هەڵناکەم لەگەڵ ئەوەدا خەڵك لە لەشم نزیك ببنەوە.

دەنگۆیەکی سەیر هەیە کە گوایە ئەم پیاوە میرمی هێناوەتە سەر ئەو ڕایەی لەشی فرانسیسکۆی بداتێ بۆ ئەوەی هەڵیبدڕێت، تا ببینێت لەشی مرۆڤێك لەناوەوە چۆنەو چی تێدایە. ناکرێت ئەمە ڕاست بێت. قسەیەکی وا جێی بڕوا نییە. ئەوەیش ناکرێت لاشەکەیان داگرتبێت، چونکە دەبێت، وەك نیشانەیەك بۆ تۆقاندنی خەڵك، هەروەها وەك نیشانەی شەرم و بێئاوڕوویی خاوەنەکەی، لەجێی خۆیدا بمێنێتەوە، چونکەبڕیاری دادگاییەکردنە کە ئەمەیە، ئیتر بۆ دەبێت قەلەڕەشکان، ڕێك وەك دەموچاوی هەر پیاو خراپێکی تر، دەموچاوی ئەمیش هەڵنەکۆڵن. بەداخەوە من ئەوم دەناسی و زۆر چاکیش دەمزانیشایانی هەر جۆرە سزایەکی قورسە، زۆرجار لە کوچەو کۆڵانان ناووناتۆرەی لێ ناوم و جوێنی پێ داوم. ئەگەر لاشەکەی دابگیرێت، سزاکەی هەمان سزای هەڵواسراوەکانی تر نابێت.

من ئەم دەنگۆیەم هەر ئەمڕۆ ئێوارە بەر گوێ کەوت. ئێستا شەوەو ناتوانم ببینم ئاخۆ لاشەکەی بەهەڵواسراوی و لەجێی خۆیدا ماوەتەوە یا نا.

بەڵام هەرچەند دەکەم ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە ئەمە ڕاستەو میرم ملی بۆ شتێکی ئاوها داوە.

بەڵام ڕاستە! ئەو هیچوپووچە بە سێدارەکەیەوە نەماوە! ئەوەیش دەزانم ڕووی لەکوێ کردووە. من، بەبێ ئەوەی ئەو پیرە دانایە هیچ ئاگا و خەبەرێکی هەبێت، لە کاتێکدا خەریکی کارەناپەسەندەکەی خۆی بوو، چووم بەسەریدا و بینیم!

پێشتریش هەستم بەوە کرد بوو کە ئەو دەبێت خەریکی شتێکی تایبەت بێت لەو ژێرزەمینەدا، دەرگایەك لەوێ، کە وەکو تر هەمیشە داخراوە، خرابووە سەر پشت. ئەمڕۆ چووم بۆ ئەوێ و لە نزیکەوە سەیرم کرد بزانم چ باسەو بینیم دەرگاکە هێشتا هەر لەسەر پشت بوو. چوومە نێو ڕێڕەوێکی درێژی تاریکەوە کە دەگەیشتەوە سەر دەرگایەکی تر و دەرگایەکەیش هەر وەکو ئەوەی پێشووتر خرابووەسەر پشت، بەبێ ئەوەی بهێڵم دەنگ لە هیچەوەبێت، خۆم کرد بەنێو دەرگاکەدا ـــ پیرەمێرد، لەوێ لە ژوورێکی گەورەدا لەبەر ئەو ڕووناکاییەدا کە لە دەلاقەکەی نێو ئەو دیوارەوە دێت کە ڕووی لە باشوورە، بەسەر لاشە هەڵدڕاوەکەی فرانسیسکۆدا چەمابووەوە! سەرەتا باوەڕم بە چاوەکانم نەکرد، بەڵام لاشەکە لەوێدا، هەڵدڕاو، لێی کەوتبوو، ورگ و ڕیخۆڵەی دەبینران، دڵ و سییەکانیشی هەروەها، ڕێك لە ورگ و ڕێخۆڵەو ناوسکی گیانەوەرێکیش دەچوون. قەت لەوەوپێش شتی وا قێزەونم نەبینیبوو، نا هەرگیز نەمتوانیبوو شتێك بهێنمە پێش چاوی خۆم کە هێندەی ناوسکی مرۆڤ ناحەز بێت. بەڵام ئەو، وەك ئەوەی مێشیش میوانی نەبێت، بەسەر لاشەکەدا چەمابووەوەو بەوپەڕی گرنگیدانەوە لێی

ورد دەبووەوە و بەوریاییەوەو بە چەقۆیەکی زۆر بچکۆلە خەریک بوو لەدەوربەری دڵی دەکردەوە. هێندەخەریك و سەرقاڵی کارەکەی بوو، تەنانەت هەستی بەوەیش نەکرد من هاتبوومەژوورەکەوە. وەك ئەوەی هیچ شتێکی تر بوونی نەبێت لەو شتە قێزەونە زیاتر کە پێوەی خەریك بوو. بەڵام ئاخرێکەی سەری بەرز کردەوەو بینیم شەوق و ڕەونەق کەوتبووە نێو چاوانی و لە خۆشیاندا دەدرەوشانەوە. دەموچاویشی وەك دەموچاوی سەروەختی جەژن و شادی پڕ بووبوو لە مەستی و شەیدایی. چونکە ئەو لەو ڕووناکاییەدا وەستابوو و منیش لەسێبەرێکی قووڵدا، دەمتوانی چەندم بووێت لێی ورد ببمەوە. بێجگە لەوەیش ئەو بەتەواوی، وەك پەیامبەرێك کەلەگەڵ خواکەی خۆیدا دەدوێت، تێکەڵی شەیداییەکەی خۆی بووبوو و ئاگای لە دنیای دەوروبەر بڕابوو. ئەمەیش تا بڵێت قێزهێن و ناحەز بوو.

ئەم هاوتای میرێك بێت! میرێك کە خۆی بە لێکدانەوەی ڕازونهێنییەکانی نێو ورگ و ڕیخۆڵەی تاوانبارێکەوە خەریك دەکات. میرێك کە لاشەی مردووان هەڵدەکۆڵێت! ئەمەجێی بڕوا نییە.

ئەمشەو تا دوای نیوەشەویش دانیشتبوون و قسەیان دەکرد و دەکردەوە، بەجۆرێك کە قەت وەك ئێستا قسەیان نەکردبێت. بە تەواوەتیش، بە قسەوباسەکەیان، گەرم بووبوون و کەوتبوونە حاڵەتی گەشکەگرتنێکی دیارەوە. پێکەوە لەبارەی سروشتەوە دەدوان، لەبارەی ئەوەوە کە سروشت چەند بێسنوور و دەوڵەمەندە. سروشت چ پێوەندی و پێکەوەبوونێکی تاقانەی گەورەیە، چ موجیزەیەکە! لەبارەی ئەوەوەکە دەمارەکان، وەك چۆن ڕێڕەوی سەرچاوان ئاو بەژێر زەویدا دەبەن،

ئـەمانیش خـوێن بـەنێو لەشـدا دەبـەن؛ سـییەکان کـە هەناسـەوەردەگرن و دەدەنەوە، وەك چۆن زەریاکان لە ڕێی هەڵکشان و داکشانی ئاوەوە هـەمان شـت دەکـەن، پەیکـەرەی ئێسـك کـە بـووە بەپاڵپشـتی لـەش وەك چـۆن توێژەکانی بەرد بوون بەپاڵپشتی زەوی - و خـاکیش گۆشـتەکەیەتی. ئاگری نێـو جەرگـەی زەمینـیش کـە وەك گـەرمیی ڕۆح وایـەو ڕێـك وەك ئـەویش لـەخۆرەوە هـاتووە، خـۆری پـیرۆز؛ ئـەو خـۆرەی لـە لایـەن پیرانـەوە دەپەرسترێت، ئەو خۆرەی ڕەگوڕیشەی گشـت ڕۆحەکانـەو سەرچـاوەو هـۆی پێکهاتنی هەموو جۆرێك ژیانەو بەڕووناکییەکەی هەموو تەنـە ئاسمانییـەکانی نێو گەردوون ڕۆشن دەکاتەوە. لە بارەی ئـەوەوە، کـە چـۆن دنیاکـەی ئێمـە یەکێکە لە نێـو هـەزاران دنیـای نێـو گـەردوون و ئەسـتێرە بـێ ئـەژمارەکانی ئاسمان.

وەك ئەوەوا بـوو دەسـتیان لـێ وەشـێنرابێت. مـنیش، لەهـەر ئاوازێکیـان دەخوێند، دەبوو گوێیان لێ بگرم؛ بەبێ ئەوەی بتوانم چ بەباش و چ بەخراپ خۆم لە قسەکانیان هەڵقورتێنم. تا دێت زیاتر و زیاتر دڵنیـا دەبم لـەوەی کـە ئەو پیاوەشێتەو خەریکە میریشـم شـێت دەکـات. ئـەوەیش کـە مـیرم هێنـدە لاوازەو وا بە ئاسانی لە خشتە دەبرێت، تێگەیشتنی ناوێت.

هـەر بـێ گاڵتـە، پیـاو چـۆن دەتوانێـت بـاوەڕ بـەو جـۆرە خەیاڵپڵاوییـە بهێنێت؟ پیاو چۆن دەتوانێت بڕوای بەو پێوەندییە هەبێت کە لـە نێـوان ئـەو شـتانەدا هەیـە، چـۆن دەتوانێـت بـڕوای هـەبێت بـەو هاوئاهەنگییـە خودایيـە لەهەموو شتێکدا، وەك پیرە لە قسەکانیدا دەیوت. پیاو چۆن دەتوانێت ئـەو هەموو وشە گەورە، جوان و بێمانایانە بـەکار بهێنێـت؟ مـوجیزەی سروشت؟

کـام مـوجیزەی سروشـت! مـن بـیرم لـە ڕیخۆڵـەو ناوسـکی فرانسیسـکۆ دەکردەوەو خەریك بوو دەڕشامەوە.

هەردووکیان وەك ئەوەی گەشکەیان گرتبێت دەیانوت چ بەختەوەرییە، کـە بتوانیـت لـەدنیای جـوان و بێهاوتـای سروشـت بڕوانیـت. هـەروەهایش لەوەبڕوانیت کەچۆن مرۆڤ لە ڕێی ناسینی ئەم هەموو شتەوە، لەڕێی ناسینی ئەم هەموو هێزەنادیارانەوە، دەوڵەمەند و بەدەستەڵات، لـەجێی خـۆی بـەرز دەبێتـەوەو لەخزمـەتی خۆیشـیدا بـەکاریان دەهێنێـت. گشـت توخمـە سـەرەکییەکان، خـاك و هـەوا و ئـاگر و ئـاو، لەبـەر ویسـت و خواسـتەکانیدا گوێڕایەڵ و ملکەچ دەکەونەسەر چۆکان، ئاگر بەلەخۆبوردنـەوە لـە خزمەتیـدا بێت، جڵەوکراو سەرباری هەر سەرکێشـی و خـۆ بەدەسـتەوە نـەدانێك، خـاك بەسـەدان بـەر و میـوەی بـۆ هـەڵبگرێت چـونکە ئـەو پـەردەی لەسـەر یاسـاو ڕێسـاکانی ڕووەك و شـیناوەرد هەڵداوەتـەوە، ڕووبارەکـان ملکـەچ و کۆیلـەی دەستوپێبەسـتراوی بـن و زەریاکـانیش کەشـتییەکانی بـەنێو گشـت پـەناو پەسێوی زەویدا، کـە وەك ئەسـتێرەیەکی قەشـەنگ لەگەردووندا دەگـەڕێت، هەڵگرن. تەنانەت هەوایش بخاتەژێر ڕکێفـی خۆیـەوە، بـۆ ئـەوەی جارێـك لـە جاران خۆی فێری لاساییکردنەوەی کۆچی باڵندان بکاتەوەو ئازاد و ڕزگاربوو لـە دەسـتی قورسـایی، وەك ئـەوان، وەك چـۆن ئەسـتێرەکان دەخولێنـەوە، بەئاسمانی بەریندا بخولێتەوە، بەرەو ئەو ئامانجانـەی کـە هێشـتا بـیری هـیچ مرۆڤێك پێی نەگەیشتووە و هەستی پێ نەکردووە.

ئاهـ! ژیان چەندە گەورەو خۆشە! ژیـانی مـرۆڤ چـەند بێسـنوور گـەورەو بەرفراوانە!

قسـەیان هـەر نەدەبڕایـەوەو كۆتـایی پەسـن و شـاییكردنیان بەقسەوباسەكانیشیان سـەری لـە هـیچ جێیەكـەوە دیـار نـەبوو. وەك ئـەو مناڵانەبوون كە خەون بە لەیستۆكەوە دەبینن، لەیستۆكی هێندە زۆر، كە بۆ خۆیشیان نەزانن چییان لێ بكەن. من بەنیگا گرگنەكەی خۆم، بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێك سەروسیما چرچولۆچە پیرەكـەم بگۆڕم، تەماشـام دەكـردن. گرگنان وەك منـاڵ نـین. قـەتیش یـاریی ناكـەن. خـۆم درێـژ كـرد بـۆ ئـەوەی پێكەكانیان، كە بـەدەم قسـەزۆر و زەوەندەكانیانـەوە خواردبوویاننـەوە، پـڕ بكەمەوە.

ئـەرێ ئەمانـە چـی دەربـارەی گـەورەیی ژیـان دەزانـن؟ چـۆن دەزانـن گەورەیـە؟ ئەمـە تـەنیا قسـەیە، شـتێكە خـەڵك حـەز دەكـەن بیڵـێن؟ هـەر بەهەمان شێوەیش دەتوانرێت بوترێت كـە ژیـان بچـووكە. كـە كـەڵكی هـیچ ناگرێـت و بەتـەواوەتی بێمانایـە، مێروویەكـە دەتوانیـت بـەنینۆكێك بیفلیقێنیتـەوە. ئەگـەر بـەنینۆكیش بیفلیقێنیتـەوە، لەبەرانبەریـدا هیچـی لـە دەست نەیەت. بەهەمان شێوەی ڕازیبوون بـە هەرچییەكی دیكـەڕازیش بێـت بە لەناوچوونی خۆی. بـۆچ وەهـایش نـەبێت؟ بـۆ دەبێـت هێنـدە دەربەسـتی هەبوون بێت؟ بۆ دەبێت لە هەوڵی بە دەستهێنانی ئـەوەدا، یـا هـەر شـتێكی دیكـەدا، بێـت؟ بـۆ نابێـت سـەرلەبەر هـەموو شـتێك پشـتگوێ بخرێـت و بخرێتەلاوە؟

سەیركردن و تێڕوانین لەناخی سروشت! چ بەختەوەرییەك لەمەدا هەیە؟ ئەگـەر هـەر بەڕاسـتیش بیانتوانیایـەلێی بـڕوانن و سـەیری بكـەن لەترسـاندا دەتۆقـان و سروشـت پـڕی دەكـردن لـەترس. ئـەوان پێیانوایـە سروشت بۆ

ئەوانە، چونکە پێیانوایە هەموو شتێك بۆ ئەوانە، بۆ خۆشگوزەرانی و بۆ شادی و دڵخۆشیی ئەوانە، بۆ ئەوەی کە ژیانیان زۆر گەورەبێت و خۆشیش بێت بژیت. لەم بارەوەچی دەزانن؟ چۆن دەزانن کە بەتایبەت بیر لەوان و لە خۆزیا و ئاواتە منالأنەو سەیرو سەمەرەکانی ئەوان کراوەتەوە؟

ئەوان پێیانوایە لە کتێبی سروشت دەخوێننەوە، پێیانوایە لە بەردەمیاندا دانراوەو بۆ ئەوان هەڵدراوەتەوە. تەنانەت پێیان وایە کە دەتوانن پەڕەپەڕە بەرەو پێش هەڵیبدەنەوە، کە دەتوانن ئەو جێیەیش بخوێننەوە کە هێشتا هیچ شتێکی تێدا نەنووسراوە، ئەو جێیەی کە هێشتا پەڕەیەکی پڕنەکراوەیە. مێشکبەتاڵ و خۆهەڵخەڵەتێنن ئەو شێتانە! هیچ سنوورێك بۆ خۆ بە هەموو شتزانینە شەرمهێنەکەیان نییە!

کێ دەزانێت سروشت چی لەنێو ناخیدا هەڵگرتووە، کێیە سەر لەوە دەردەکات کەچی لەنێو ناخی خۆیدا، وەکو بەروبوومێکی داهاتوو، شاردۆتەوە؟ کێیە کە دەتوانێت شتێك لە بارەی ئەمە وەبزانێت. ئاخۆ دایکێك دەزانێت چی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە؟ دایکێك چۆن بتوانێت لەبارەی ئەمەوەشتێك بزانێت. ئەو چاوەڕێی کاتی خۆی دەکات، هەر ئەوسایشەکە دەتوانێت ببینێت چی لێ دەزێت. تەنانەت گرگنێکیش دەتوانێت لەم بارەیەوە ئاگاداریان بکاتەوەو زانیارییان پێ بدات.

ئەو بێفیز و سادەبێت؟ لەم بارەیەوە سەرلەبەر بەهەڵەدا چووبووم. بە پێچەوانەوە ئەو بەفیزترین کەسێکە تا ئێستا بینیبێتم. هەموو بوونی ئەو، هەموو ڕۆحی، پڕ لە بە فیزییە. بیریشی هێندە بەدەستەڵاتەکە دەیەوێت

وەك میرێك بەسەر دنیایەكدا فەرمانڕەوا بێت كە بە هیچ جۆرێك دنیای ئەو نییە.

ئەو بێفیز و سادە دێتە پێش چاوان لەبەر ئەوەی هەمیشە هەر خەریكە، لووت لەهەر شت دەژەنێت و لە هەموو شتێك دەكۆڵێتەوەو هەروەها لەبەر ئەوەیش كە دەڵێت كە ئەم شت و ئەو شت نازانێت، بەڵكو خەریكەو لە هەوڵی ئەوە دایە هێندەی لەتوانایدا هەبێت لێی بكۆڵێتەوە. بەڵام لەو بڕوایەدایە لە گشت شتێك دەزانێت و لە ئامانجی هەموو شتێك و مانای بوونی هەموو شتێكیش دەزانێت! بێفیزیی لەپێوەند لەگەڵ شتی بچووكدایە، نەك لەگەڵ شتی گەورەدا. ئەمەیش بێفیزی و سادەییەكی سەیرە.

هەر شتێك بۆ خۆی و بەشێوەی تایبەتی خۆی مانایەكی هەیە، هەر شتێك، كەڕوو دەدات و كە خەڵك پێوەی خەریك دەبن مانایەكی هەیە. بەڵام ژیان بۆ خۆی بە هیچ جۆرێك هیچ مانایەكی نییەو نایشتوانێت مانایەكی هەبێت. ئەگەرنا ئەوسا نەیدەتوانی هەبێت.

ئا ئەمەیە بڕوای من.

چ شوورەیی! چ ئاوڕووچوونێكە! هەرگیزاو هەرگیز و هیچ كاتێك من سووكایەتییەكی وەك ئەوەی ئەم ڕۆژە پڕ لە ترس و تۆقێنەرەم بەخۆمەوە نەبینووە. ئێستا هەوڵ دەدەم ئەوە بنووسمەوە، كە لێم قەوما و بەسەرمدا هات، ئەگەرچی پڕ بەدڵیش حەز دەكەم بەبیر خۆمیدا نەهێنمەوە.

میرم ئەمری كردبوو سەردانی مایسترۆ بێرناردۆ بكەم لە كاتێكدا كە ئەو خەریكی كاركردن بوو لەهۆڵی نانخواردنەكەی كلێسای سانتا كرۆسدا، چونكە پێویستی بەمن هەبوو لە كارەكەیدا. ئەگەرچی زۆریش تووڕەبووم

لەوەی وەك خزمەتكارێكی ئەم پیاوەلووتبەرزە، كە هیچ گرنگییەكی بۆ من نییە، سەیر بكرێم؛ چووم بۆ ئەوێ. ئەو یەكجار دۆستانەو بە خۆشییەوە پێشوازی لێكردم و وتی گرگنەكان هەمیشەبۆ ئەو گرنگییەكی تایبەتیان هەبووە. من بیرم كردەوە، ئەی چی هەیە كە گرنگی بۆ ئەم پیاوە نەبوو بێت، كە دەیەوێت لە ڕێی سەیركردنی ورگ و ڕیخۆڵەی فرانسیسكۆ و ئەستێرەكانی ئاسمانەوە شتێك بەشتێك بكات. لە نێو خۆمیشدا زیاتر بیرم كردەوە، بەڵام لەبارەی منەوە، لە بارەی منی گرگنەوە، هیچ شتێك نازانێت. پاشان دوای چەند وشەیەكی دیكەی دۆستانەو بێسەروبەری تر وتی كە دەیەوێت وێنەیەكم بكێشێت. سەرەتا وامدەزانی مەبەست لە وێنەكردنی پۆرترێتێكمە، كە میرم لەوانەیە پێی ڕاسپاردبێت و نەیشمتوانی لە وەزیاتر كە سەرم پێی بەرز ببێتەوە هەست بەهیچ شتێكی تر بكەم، بەڵام بەهەمان شێوەیش وەڵامم دایەوە كە نامەوێت وێنەم بكێشرێت. پرسی: بۆ نا؟ بە شێوەیەكی زۆر ئاسایی وەڵامم دایەوە: دەمەوێت خۆم خاوەنی دەموچاوی خۆم بم. ئەمەی پێ سەیر بوو، زەردەخەنەیەك كەوتە سەر ڕووی، بەڵام پاشان دانی پێدا نا كە بێگومان مانایەكی تایبەت لەو قسەیەمدا هەبووە. بەڵام هەر چۆنێك بێت، دەموچاوی كەسێك، ئەگەرچی وێنەیشی نەكێشرێت، هی زۆر خەڵكە، ڕاستییەكەی هی هەر كەسێكە كە تەماشای بكات. هێندەی پێوەندی بەمنیشەوە هەبوو ئەوە بوو كە دەیویست نیگارێكی سەرتاپای لەشم بكێشێت، تا سەرنج بدات و بزانێت بە چ جۆرێك خولقاوم و هەر لەبەر ئەوەیش دەبوو خۆم ڕووت بكەمەوە تا لەپێكهاتەی لەشم

بکۆڵێتەوە. هەستم کرد چۆن ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا. لەتووڕەیی و ترسدا، نازانم کامیان زیاتر، هەردووکیان پڕیان کردم و سەراپام کەوتە لەرزین.

ئەو هەستی بەو لەشگەرمداهاتنەپڕ لە تووڕەییەی من کرد بەرانبەر بەوسووکایەتییپێکردنەی خۆی و دەستی کرد بە قسە دەربارەی ئەوەی کە هیچ شوورەییەك نییەگرگن بیت و پێشانیشی بدەیت کە گرگنیت. ئەو لەبەردەم سروشتدا هەمیشەهەستی بەهەمان ڕێز کردووە، تەنانەت ئەو کاتانەیش کەشتێکی سەیر، شتێکی دوور لە شتە ئاساییەکانیشی، دروست کردووە. هەر بۆیەیش هیچ ئابڕووچوونێك لەوەدا نییە کە خۆت پێشانی کەسێکی تر بدەیت و وتیشی ڕاستییەکەی هیچ کەسێك خۆی خاوەنی خۆی نییە. بەوپەڕی تووڕەبوونەوە دەنگم لێ هەڵبڕی و وتم: بەڵام من خۆم خاوەنی خۆمم! ئێوە خاوەنی خۆتان نین! بەڵام من، من خۆم خاوەنی خۆمم!

ئەو، بەوپەڕی ئارامییەوە، ڕووبەڕووی تووڕەییەکەی من بووەوە، تەنانەت بەگرنگییەکی هێند پڕ لەملۆمۆوە لێی ورد بووەوە، کە هێندەی تر منی تووڕەوتڕۆ کرد. پاشان وتی کە دەبێت دەست پێ بکات — ئەمجا لێم نزیك بووەوە. منیش تا هێزم تێدا بوو قیژاندم بەسەریدا: نامەوێت هیچ کەسێك لە لەشم نزیك بێتەوە! بەڵام ئەو، بە هیچ جۆرێك، گوێی بەوەنەدا، بەڵکو کە تێگەیشت دنیایش خراپ بێت بەخواستی خۆم خۆم ڕووت ناکەمەوە، خۆی ئامادەکرد تا بەخۆی، لەبریی من، ئەوەبکات. من پێڕاگەیشتم و خەنجەرەکەمم لەکالان دەرکێشاو ئەویش زۆر پێی سەیر بوو کاتێك بریسکە بریسکی خەنجەرەکەی لەنێو دەستمدا بینی. بەڵام لێی

سەندم و بەوریاییەکەوە نەختێك لەولاترەوە داینا و وتی: بێ بەڵا بێت، خەریك بوو لە ترساندا لە بەر هۆش خۆم بچم! ئەمجا لێم ورد بووەوەو سەیری کردم. من هەستم کرد کە گاڵتەم بەو قسەیەی دێت. پاشان، بەوپەڕی ئارامییەوە، دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانم و تەنانەت شوورەییهێنترین شوێنی لەشیشی ڕووت کردمەوە. منیش بە تاڵوگرژییەوە بەرەنگاریم کرد و وەك کەسێکیش کە لە پێناوی ژیانی خۆیدا بجەنگێت، لە گەڵیدا لە چەپۆکاندا بووم، بەڵام هەر چییەکم کرد بێهوودە بوو، چونکە ئەو لە من بەهێزتر بوو. ئیتر کە لە کار و کردە پڕ لە سووکایەتییەکەی خۆی بووەوە، بەرزی کردمەوە بۆ جێیەك لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا.

من لەوێدا، بێدەستەڵات، ڕووتوقووت و بێ ئەوەی هیچم لەدەست بێت، ئەگەرچی لە تووڕەییان کەفم دەچڕی، ڕاوەستام. ئەویش نەختێك دوور لە منەوە ڕاوەستا و ڕێك وەك ئەوەی کاریگەریی هیچ شتێکی لەسەر نەبێت، لێم ورد دەبووەوە، بێبەزەییانەو بەساردییەوە، سەرنجی لەو ئاوڕووچوونە دەدا کە دووچاری بووبووم. بەتەواوی، دەستوپلسووتاو، کەوتبوومەبەر نێونیگای چاوەبێشەرمەکانی، نیگایەك کە بەتەواوی پێمەوەخەریك بوو، وەك ئەوەی موڵکومالّی باوکی بم. وەستان بەو شێوەیە لەبەر چاوی کەسێکی تردا سووکایەتیپێکردنێکی هێندەناخۆش بوو، کە تا ئێستایش هەست بە شوورەیی دەکەم بەرانبەر بەوەی چۆن توانیم خۆم لەبەریدا بگرم و بەرگەی بگرم. هێشتا دەنگی قەڵەمە زیوینەکەیم لەبیرە، کاتێك بەسەر کاغەزەکەیدا دەهێنا، ڕەنگەهەر هەمان قەڵەمیش بووبێت کە بۆ نیگارکێشانی ئەو کەللەسەرە وشکبووەوانەی کە لە بەردەم دەروازەی قەڵاکە فرێدرابوون، یا

بۆ وێنەکردنی هەر شتێکی تری قێزەون، بەکاری هێنابێت. نیگای گۆڕدرابوو، تیژ وەك دەمەچەقۆیەك، نیگایەك وەك ئەوەی بیەوێت دیواودیو لەشم بسمێت.

هەرگیز هێندەی ئەم سەعاتە ناخۆشەڕقم لە مرۆڤ نەبووەتەوە. ڕقم هێندەئەستوور و ترسناك بوو کە پێموابوو هێندەی نەماوەو هۆش و گۆش لە دەست دەدەم. جارجاریش بەری چاوم ڕەش دەبوو. هیچ هەیە لەم بوونەوەرانە؛ لە مرۆڤ، نەگریس و قێزەونتر، هیچ هەیە لەوان زیاتر شایانی ڕقلێبوونەوە!

ڕێك بەرانبەر بە من، بە کورتە دیوارەکەوە نیگارە گەورەکەی ئەو هەڵواسرابوو، ئەو نیگارەی خەڵکی پێیانوابوو دەبێت بەشاکاری شاکاران. هێشتا زۆری لێ تەواو نەبووبوو، بەڵام لەوەدەچوو دواشێو پێشان بدات، دواشێوی عیسای مەسیح، ژەمی خۆشەویستیی ئەو لەگەڵ یارانیدا. بە تووڕەییەوە دەمڕوانیە ئەوانەی کە بە خۆیان و دەموچاوە بە شکۆ و سەنگین و پاکەکانیانەوە، لە دەوری سەروەرە بە هەشتییەکەیان، ئەوەی کە ڕووناکییە ئاسمانییەکە دەوری سەری داوە، دانیشتبوون و پێیان وا بوو کە لە سەروو گشت شتێکەوەن. بە خۆشییەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا نا نەختێکی تر دەگیرێت، کە یەهوودا، ئەوەی لەوێ، لە سووچێکدا، دانیشتووە هێندە نابات و ناپاکیی لەگەڵدا دەکات و بەگرتی دەدات. بیرم دەکردەوە، هێشتا خۆشیان دەوێت و بەچاوی ڕێزەوەتیی دەڕوانن، هێشتا لەسەر ئەو مێزەی خۆشی دەوێت دانیشتووە– لەکاتێکدا من لێرە لە نێو شەرم و شوورەیی خۆمدا ڕاوەستاوم! بەڵام سووکایەتیکردن بەویش هێند

دوور نییە و بەڕێوەیە! ها ئێستا ها دەمێکی تر، ئەویش چیی تر نابێت لەگەڵ هاودەم و یارانیدا دابنیشێت، بەڵکو دەبێت، بەتەنیا، لەئاکامی ناپاکیی ئەوان لەگەڵیدا، بەخاچێکەوە، هەڵبواسرێت. ئەویش دەبێت مینا من، کە ڕووتوقووت لێرەدا ڕاوەستاوم، بەخاچەکەیەوە، ڕووتوقووت، هەڵبواسرێت، بەهەمان شێوەش بێشەرمانە سووکایەتی پێ بکرێت کە بە من کراوە. دەبێت، گاڵتەپێکراو و ئاوڕووبراو، پێشانی خەڵك بدرێت. بۆچیش نا! بۆ دەبێت ئەویش، وەك من، بەدەست هەمان شەرم و شوورەییەوە ئازار نەکێشێت! ئەو هەمیشە هەر بە خۆشەویستی دەورە دراوەو بە خۆشەویستی گۆشکراوە – لە کاتێکدا تاڵاوی دەرد و ڕقیان بە من چێشتووە! من لەگەڵ یەکەم چاوکردنەوەدا مەمکی ڕقم مژیوە، تاڵاوی ڕقم نۆشیوە، بە بەر مەمکی دایکێکەوە بووم پڕ لە زێلك و زەرداو، لە کاتێکدا ئەو شیری بەری مادۆنا ناسك و میهرەبانەکەی نۆشیوە، نەرمونۆڵترین و نیانترینی گشت ژنان و لە شیرینترین شیری دایکی خواردووەکە لەوەوپێش هیچ بوونەوەرێکی زیندوو نەیخواردووەتەوە. ئەو لە جێی خۆیدا، دڵپاك و بێگوناهـ، دانیشتووەو باوەڕی وایە کە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕقی لێی ببێتەوەیا بیەوێت تووشی ناخۆشییەکی بکات. بۆ نا! بۆ دەبێت تووشی ئەو نەبێت! ئەو پێیوایە دەبێت گشت خەڵکی زەوین ئەویان خۆش بوێت، چونکە زایەندی باوکە ئاسمانییەکەی خۆیەتی. چ دەبەنگییەکە ئەمە! چ تێگەیشتنێکی منالانەیە لە خەڵك! هەر لەبەر ئەوەیشەو هیچی تر نا، بۆ خاتری ئەو موجیزەیەیە، کە لە نێو دڵی خۆیاندا ئەو هەموو ڕقەیان لێ

هەڵگرتووە. بەرەی مرۆڤ حەز لەوەناکات لەلایەن خواوە دەستی بۆ درێژ بکرێت و سووك بکرێت.

کاتێك کە ئیتر لەو سووکایەتییە تۆقێنەرەی دووچاری بووبووم و لە تەنیشت ئەو دەرگایەوە کە ئەم ژوورە نەفرەتییەی بەڕووی دنیادا خستبووەسەر پشت، ئەو ژوورەی کە تێیدا تووشی قووڵترین سووکایەتیپێکردن بووبووم، ڕزگارم بوو و ڕاوەستابووم و هێشتا هەر سەیری ئەوم دەکرد و بیرم دەکردەوە کە- ئێستا نا نەختێکی تر و تۆیش وەك من، بەچەند سکودییەك، بە پیاو ماقووڵان، بەشکۆپێدراوان، دەفرۆشرێیت!

گرژ و تووڕەدەرگاکەم بەسەر خۆی و ئوستادە گەورەکەیدا؛ بێرنـاردۆ، داخست، کە بە قووڵی بەنێو شاکارەکەیدا ڕۆچووبوو و لێی ورد دەبووەوە، لەوەیش دەچوو منی بەتەواوی لەبیر چووبێتەوە، منێك کەلەپێناوی ئەودا بەرگەی ئەو هەموو دەرد و ئازارەم گرتبوو.

نامەوێت ئەوەی لە سانتا کرۆس ڕوویدا بەبیر خۆمدا بهێنمەوەو پڕ بەدڵیش حەز دەکەم لە بیر خۆمی ببەمەوە. بەڵام شتێك هەیە کە ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە. لەو کاتەدا کە خەریکی لەبەرکردنەوەی جلەکانم بووم، چاوم کەوتەسەر چەند نیگارێك کە بەو ناوەدا پەرش و بڵاو بووبوونەوەو نەمدەتوانی چاو لەسەریان هەڵبگرم، چەند نیگارێك کە سەیرترین بوونەوەر و جانەوەریان تێدا کێشرابوو، کە نە هیچ کەس جارێك لە جاران بینیونی و نەهەیشن. بوونەوەرانێك بوون لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، ژنان کە باڵی شەمشەمە کوێرە نێوان پەنجەموویین و درێژەکانیان تەنیبوو، پیاوان دەموچاویان وەك دەموچاوی مارمێلکەو قاچ و بەرورگیان وەك هیی ترترە،

هەندێکی تر سەریان زل و لەسەری سیسارك دەچوون و لەبریی دەستیش چڕنووکەکانیان کردبووەوەو وەك شەیتان بەو ناوەدا دەفڕین، هەروەها بوونەوەری تریش کە نەژن بوون و نە پیاو، بەڵکو لە جانەوەری زەریا دەچوون و قۆڵ و باسکیان پێچاوپێچ و چاوەکانیان بەد و ساردوسڕ، ڕێك وەك چاوی مرۆڤ. لە بەردەمی ئەو بوونەوەرە تێکوپێکشکاو و دزێوانەدا هەستم بەسەرسووڕمان دەکرد و ئێستایش کە ئێستایە لە کۆڵم نەبوونەتەوەو ناتوانم لەپێش چاوی خۆمیان بسڕمەوە. ئاخر بیر و ئەندێشەکانی ئەو چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەو شتانەدا خەریك بن؟ چۆن دەتوانێت ئەو تارماییەقێزەون و لە خێو چووانە بخوڵقێنێت؟ ئەو شتانەی بۆ بەخەیاڵدا دێن؟ هەبێت و نەبێت، دەبێت شتێك هەبێت وا بکات ئەو لەگەڵ ئەو شتانەدا، ئەگەرچی لەسروشتیشدا نین، خەریك بێت. دەبێت پێویستی پێیان هەبێت، ئەگەرچی نیشن. یا دوور نییەهەر لەبەر ئەوەبێت کە نین؟ من سەر لەمەدەرناکەم.

ئەوەی کە ئەو شتانەی بەبیر و ئەندیشەیدا دێن، دەبێت چۆن خوڵقابێت؟ ئەوەی بەو ناحەزییانەوە خەریکە، چۆن دەتوانێت و چۆن ئەو هەموو حەزەی لا دروست دەبێت؟ چۆن؟

کاتێك کە دەموچاوەپڕ لە شانازییەکەی ئەو دەبینیت، ناچاریت و دەبێت بڵێیت هەم جوان و هەم شایانی ڕێزلێگرتنیشە، هەرگیز ناتوانیت باوەڕ بەوە بهێنیتئەو هەموو نیگارە دزێو و ناحەزانە ئەو دروستی کردوون. کەچی، هەر چۆنێك بێت، ئەوەو کەسی تریش نا و ئەمەیش بە تەواوی بیر و مێشك بەرەو

خۆی ڕادەکێشێت. هەر دەبێت ئەو بوونەوەرەسەیروسەمەرانەلەناو ناخیدا هەبن، وەك هەر شتێکی تر کە دەیخولقێنێت.

دەبێت بیر لەوەیش بکەمەوە کە کاتێك نیگاری منی دەکێشاچۆن بوو، چۆن گۆڕدرا و چۆن بوو بەمرۆڤێکی تەواو جیاواز، مرۆڤێك بەنیگایەکی تیژ و ناحەزەوە، مرۆڤێکی ساردوسڕ و نائاسایی، کە چۆن هەموو سەروسیمای گۆڕدرا و بوو بەکەسێکی تر، کەسێکی بەڕاستی دڕ و بەد، بەشێوەیەك لەشەیتان نەبێت لە هیچی تر نەدەچوو.

کەواتە ئەویش ئەو کەسەنییەکە هەیە و ڕێك وەك هەر کەسێکی ترە.

ئاسانیش نییە سەر لەوە دەربکەیت کە ئەو هەر هەمان کەسەکە مەسیحی دروست کردووە، ئەوەی هێند پاك و ڕووگەش لە پشت مێزی خۆشەویستییەوە دانیشتووە.

ئەنجێلیکا، ئەم ئێوارەیە، بەنێو هۆڵەکەدا هات و ئەو پارچەیەیشی بەدەستەوەبوو کە خەریکی دروونی بوو، کە لە ئێمە تێپەڕ بوو، میرم پێی وت نەختێك دابنیشێت. ئەمەی نابەدڵ کرد، ئەگەرچی نەیشیدەوێرا وا پێشان بدات. ئەو هەمیشە بە تەنیایە، حەزی لەتێکەڵبوون نییەو لەگەڵ ژیانی دەرباریشدا ناگونجێت، بۆ ئەوەیش نابێت کە وەك میرزادەیەك پێشانی خەڵك بدرێت. ئەمجا کێ دەیشزانێت کە ئاخۆ ئەو کچی میرە یا نا. دەکرێت منالی قەحبەیەکیش بێت. بەڵام مایسترۆ بێرناردۆ هیچ لەبارەی ئەمەوە نازانێت. ئەم، لە کاتێکدا کەئەو چاوی شۆڕ کردبوو و دەمی نیوانیو داپچڕیبوو، بەردەوام بوو لەسەر سەیرکردنی وەك ئەوەی شتێکی زۆر سەیر بێت ـ ئاخر ئەو پێیوایە هەموو شتێك سەیرە. لەوانەیەوەك موجیزەیەکی

سروشت، وەك من، یا وەك یەكێك لەبەردە سەیروسەمەرەكانی خۆی سەیری كردبێت، كە هێند بەنرخن لای كە هەڵیان دەگرێتەوەو بەوپەڕی خۆشییەوە تەماشایان دەكات؟ ئەو ئیتر بێدەنگ بوو و وا دیار بوو كە بینینی ئەو بە تەواوی كاری تێ كردووە، ئەگەرچی ئەنجێلیكا تەنیا هەر لەجێی خۆیدا دانیشتبوو و تەنانەت وشەیەك چییە لە دەمی نەهاتە دەرەوەو وا دیار بوو هەر لەوێش نییە. ئەمە شتێكی ناخۆش بوو، چونكە ئیتر گفتوگۆیەكە كۆتایی هات.

چوزانم چ شتێك هەستی جووڵاندبوو. ڕەنگە بەزەیی پێیدا هاتبێتەوە، چونكە جوان نییە، ئەو لە جوانی تێدەگات و دەزانێت چی دەگەیەنێت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بووبێت چاوی نەرم و خەمگین بوون. من چوزانم، بێ لەوەیش ئەمە چ پەیوەندییەكی بە منەوە هەیە.

كچەكە، بێگومان، دەیویست هەر هێندە هەلی بۆ هەڵبكەوێت ئەوێ بەجێ بهێڵێت و بڕوات. لەوەیش زیاتر، كە ناچار كرابوو، نەمایەوە؛ بەڵكو لە میرمی پرسی ئەگەر بتوانێت بڕوات. میریشم ڕێی پێ دا. ئیتر، بەدەم شەرمەوە، بەپەلە هەستا و بەخنەخن، چونكە هەمیشەوەك منالێك دەجووڵێتەوە، ڕۆیشت. شتێكی سەیرەكەئەو هەرچی پێی بڵێیت شۆخی و شەنگی تێیدا نییە.

بێگومان وەك هەر جارێكی تریش جلوبەرگێكی ئاسایی، بگرە شڕوپڕی، لەبەردا بوو. ئەو هیچ گرنگییەك بەجلوبەرگ نادات و كەسی تریش ئەو خەمەی نییە.

هەبێت و نەبێت، مایسترۆی گەورە؛بێرناردۆ، دڵی بە هیچ شتێك ئاو ناخواتەوەو سووكنایی نایەت. لە شتێك دەبێتەوە، دەست بەشتێكی تر دەكات. دەست بەكارێك دەكات، بەڵام تەواوی ناكات. بۆ دەبێت وا بێت؟ ئەو دەبوو بەتەواوی لەگەڵ ئەو دواشێوەدا خەریك بووایەتا، جارێك لەجاران، تەواو بووایە. بەڵام وا ناكات. دەبێت ماندوو بووبێت لێی. ئێستا ئەو، لە بریی ئەوە، دەستی كردووە بەكێشانی پۆرترێتێكی میرژن.

لەوە دەچێت میرژن نەیەوێت وێنەی بكێشرێت. میرم ئەمەی دەوێت، نەك ئەو. لە میرژن تێدەگەم، تێگەیشتن لەوەگران نییە. دەتوانیت لە ئاوێنەیەكدا خۆت ببینیت، بەڵام كەلێی دوور كەوتیتەوە ناتەوێت وێنەكەت لە ئاوێنەكەدا بمێنێتەوە، تا هیچ كەسێكی تر نەیەت و لێت زەوت بكات. تێدەگەم كە ئەویش وەك من نایەوێت وێنەی بكێشرێت.

كەس خاوەنی خۆی نییە! چ بیرێكی قێزەونە ئەمە! كەس خاوەنی خۆی نییە! هەموو شتێك هیی ئەوانی تریشە. — ئاخر چۆن دەبێت تەنانەت خاوەنی دەموچاوی خۆیشت نەبیت! بلێیت هەر كەسێك بێت و لێی ورد ببێتەوە، ببێت بەهیی ئەو! ئەی لەشت! دەكرێت كەسانی تر بتوانن ببن بەخاوەنی لەشیشت! بیركردنەوە لەمە، بۆ من، تا بلێیت بێتام و ناخۆشە.

من دەمەوێت خاوەنی تاك و تەنیای هەر شتێك بم كە هیی خۆمە. هیچ كەسێك مافی ئەوەی نییەخۆی بەسەر شتێكدا بسەپێنێت كە هیی منە، هیچ كەسێك بۆی نییە دەستدرێژیی بكاتەسەر شتێك كە هیی منە. ئەوەی هیی منە، هیی منەو هیی هیچ كەسێكی تر نییە و بڕایەوە. دوای مردنیش دەمەوێت خۆم خاوەنی خۆم بم و كەسی تر نا. كەس بۆی نییەبەناو ورگ و

ڕیخۆڵەکانمدا بگەڕێت. نامەوێت هیچ کەسێکی نامۆ چاوی پێیان بکەوێت، ئەگەر تەنانەت وەك ورگ و ڕیخۆڵەی ئەو فرانسیسکۆ خوێڕییەیش بۆگەن و قێزەون بن.

بە ڕاستی ڕقم دەبێتەوە لەو ملۆمۆ و دەستتێوەردانەی مایسترۆ بێرناردۆ لە هەموو شتێك. ئەمە کەڵکی چی دەگرێت. خزمەتی چ نیازێکی ژیرانە دەکات. هەروەها بیرکردنەوەلەوەی کە وێنەیەکی منیشی لای خۆی پاراستووە، تا بڵێیت تاڵ و ناخۆشە، وەك ئەوەی ئەو خاوەنی من بێت. ئەمە وەك ئەوەیە کە من چیی تر بە تەنیا خاوەنی خۆم نەبم، وەك ئەوەمن لەوێ، لە سانتا کرۆس، لەنێو جانەوەرە قێزەونەکانی تردا بم و لەلای ئەو بم.

جا با میرژنیش وێنەی بکێشرێت، بۆ نا! بۆ دەبێت ئەویش تووشی هەمان ڕیسوایی نەبێت کە من تووشی بووم! ڕاستییەکەی دڵم دەکرێتەوە، شاد و خەنی دەبم بەوەی میرژنیش دەستی بۆ درێژ بکرێت و بکەوێتەبەر نیگا بێشەرمەکانی ئەو.

بەڵام چ شتێکی گرنگ، چ شتێکی شایان، لەو داوێنتەڕەدا هەیە؟ من هەرگیزاو هەرگیز شتێکم لەودا نەبینیوە کە شایانی گرنگیپێدان بێت، هیچ شتێکی سەرنجی ڕانەکێشاوم و هیچ کەسێکی تریش لە من چاکتری ناناسێت.

با ببینین ئاخۆ دەتوانێت چی دروست بکات. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوەنییە.

پێموانییە ئەو لەوانە بێت کە بە باشی خەڵك دەناسن.

هەر بە ڕاستی سەرم لەم مایسترۆ بێرناردۆیەسوور دەمێنێت. هێندەسەرم لێی سووڕ دەمێنێت کە بە درێژایی شەو لە جێگاکەمدا پاڵ کەوتووم و بیرم لێی کردووەتەوە.

دوێنێ ئێوارە، وەك هەر جارێکی تریان، دانیشتبوون و قسەیان لە بارەی بابەتە گەورەو گرانەکانی خۆیانەوە دەکرد. بەڵام هەستت دەکرد کە مایسترۆ بێرناردۆ نەختێك لەسەر خۆی نییەو بیریشی پەرش و بڵاون. دەستی خستبووە ناو ڕیشەپڕ و درێژەکەیەوە، سەرقاڵ و جۆرە بیرو بۆچوونێك مێشکی خەریك کردبوو کە لەوەنەدەچوو هیچ خۆشییەکی پێ ببەخشن. بەڵام، کاتێك دەستی بەقسەکردن کرد، وەك ئازار تاوی بۆ هێنابێت، وەك پشکۆ سوور هەڵگەڕا، ئەگەرچی پشکۆیەك نەبوو بەچاو ببینرێت، بەڵکو لەوەدەچوو خۆڵەمێش داپۆشیبێت. لە خۆی نەدەچوو، واتدەزانی کەسێکی ترەو گوێت بۆ قسەکانی ڕاگرتووە.

لەناو قسەوباساندا، وتی، بیری مرۆڤ، هەر چۆنێك بێت، لەدواییدا، تا ئەوپەڕی بچووکە. باڵەکانی بەهێزن، بەڵام ئەو چارەنووسەی ئەو باڵانەی پێ بەخشیوە لە ئێمە بەهێزترە. لێمان ناگەڕێت، لەو سنوورەزیاتر کە خۆی دەیەوێت، لەدەستی هەڵبێین. گەشتی ئێمە بڕیاری لەسەر دراوە، دوای گەڕانێکی بچووك کەپڕمان دەکات لەچاوەڕوانبوون و خۆشی، وەك ئەو بازەی بەپەتێکەوە بە دەستی بازەوان بەستراوە، دەگەڕێنرێینەوە شوێنی خۆمان. کەی بەئازادی دەگەین؟ کەی پەتەکە دەقرتێنرێت، تا بازەکە باڵەکانی بکاتەوەو بەرەو بۆشاییەکانی ئاسمان بەرز بێتەوە؟ کەی؟ بڵێیت، جارێك لەجاران، ئەمەڕوو بدات؟ بڵێیت ئەمە ڕێك نهێنیی هەبوونی ئێمە

نەبێت کە ئێمە بە دەستی بازەوانەکەوە نووساوین و بۆ هەمیشە هەر بەو جۆرە دەمێنینەوەو لێی نابینەوە. ئەگەر گۆڕانێك لەمەدا ڕوو بدات ئەوە ئێمە چیی تر مرۆڤ نابین و چارەنووسیشمان چیی تر چارەنووسی مرۆڤ نابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەوا خولقاوین کە بۆشاییی ئاسمان، هەمیشە، بەرەو خۆیمان ڕادەکێشێت و پێمانوایە بووین بەبەشێك لێی. کەچی ئەو هەمیشە بەسەر ئێمەوەیە و وەك ئەوەی شتێکی بەتەواوی ڕاستەقینەبێت، خۆیمان بۆ دەکاتەوەو بەهەمان شێوەی دەستوپێبەستراویی ئێمەیش، ڕاستەقینەیە.

دەیپرسی، ئەو بۆشاییە بێپایانە بۆ هەیە کە ئێمە بە هیچ جۆرێك ناتوانین پێی بگەین؟ نیاز لەو گەورەییە بێسنوورەی دەوربەرمان، لەژیانمان، چییە، کە ئێمە هێند دەستەوەستان تێیدا بەند کراوین، کە ژیانیش، لە نێو خۆیدا بە داخراوی و لە بەرانبەریدا، بەهەمان شێوە، دەمێنێتەوە؟ کەواتە پێوەرەگەورەکان خزمەتی چی دەکەن؟ بۆ دەبێت چارەنووسە بچکۆلەکەی ئێمە، دۆڵە تەنگەبەرەکەی ئێمە، بەو هەموو شتە گەورەو بەهێزانە دەوردرابێت؟ ئایا بەمەبەختەوەرتر دەبین؟ لەوە ناچێت. ئەمجا وتی، لەوەیە ئێمە تەنیا پێی نابەختەوەرتر بین و هیچی تر.

بەوردی سەرنجم لێی دەدا، سەرنجم لە دەموچاوە تاڵوگرژەکەی و لەو ماندووبوونە سەیرەدەدا کە چاوە پیرەکانی داگرتبوو.

پاشان بەردەوام بوو، ئاخۆ ئێمەبەوەی کە بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێین، شادتر دەبین؟ نازانم. تەنیا هەر ئەوەندەیە منیش لەوانەم کە بەدوایدا دەگەڕێن. سەر لەبەری ژیانم، هەر هەمووی، گەڕانێکی بێ هەدادان بووە بە

دوای حەقیقەتدا و جارێکیش لەجاران لەو بڕوایەدا بووم کە هەستم پێی کردووەو پێموابووە کە نەختێکم، بەلێلی، لە ئاسمانە پاکەکەی لێ دەرکەوتووە- بەڵام ئاسمان، هەرگیز، خۆی بۆ من نەکردووەتەوە، چاوەکانم بۆشایی بێپایانی ئەوی هەڵمژیوە، کە بەبێ ئەو، ڕاستییەکەی، ناتوانیت لە هیچ شتێك تێ بگەیت. ڕێ بە ئێمە نادرێت لێی تێ بگەین. هەر بۆیە هەرچییەك کە دەستم بۆ بردووە تەنیا نیوەچڵ بووەو بە تەواونەکراوی ماوەتەوە. بەدەم ئازارەوە بیر لەبەرهەمەکانم دەکەمەوەو دەبێت گشت خەڵکیش بەدەم ئازار و خەمینییەوە تێیان بڕوانن و سەرنجیان لێ بدەن ـ وەك کاری نیوەچڵ بەجێهێڵراو. تەواونەکراو، ناتەواوە هەرچییەك من دروستم کردووە. هەموویشیان هەر بە نیوەچڵی لەدوای خۆم بەجێ دەهێڵم.

بەڵام ئایا ئەمە سەیرە؟

خۆ ئەوە چارەنووسی مرۆڤەو چارەنووسیی هەروا بووە. هەموو ڕەنجێکی مرۆڤانە، هەموو بەرهەمێکی مرۆڤانە، چارەنووسێکەو ناتوانیت خۆتی لێ لا بدەیت. ئایا جارێك لە جاران لە هەوڵدانێك زیاتر بووە، هەوڵدان بۆ شتێك کە قەت ناتوانیت پێی بگەیت، کە وا بڕیارە ئێمە پێیان نەگەین. هەموو کولتووری مرۆڤانە، ڕاستییەکەی، تەنیا هەوڵدانێکەبۆ شتێك کە بەدەست ناهێنرێت، شتێك کە زۆر لە سەرووی توانستی ئێمەوەیە،تا بتوانین بەجێی بهێنین و جێبەجێی بکەین. شتێك کە لەوێدا لەتوپەت کەوتووەو وەك کارێکی نیوەچڵ بەجێهێڵراو و گریانهێنە. ئایا ڕۆحی مرۆڤیش هەر کارێکی نیوەچڵ و بەجێهڵراو نییە؟

باڵ کەڵکی چی دەگرن، کە هەرگیز نەتوانرێن بکرێنەوە. هەر دەبن بە بارگرانییەك و لە بریی ڕزگاربوون. قورسمان دەکەن. لەگەڵ خۆماندا هەڵیاندەگرین. تا لە دواییدا ڕقمان لێیان دەبێتەوە.

کاتێکیش کە بازەوان، پاش ئەوەی لەدەست یارییە بەدەکەی خۆی ماندوو بووەو بەئوسکوفەکە سەرمان دادەپۆشێت، هەست بەجۆرە لە شسووکییەك دەکەین، بەجۆرێك کە ئیتر هیچ شتێکمان بۆ نابینرێت.

ئەو لەوێدا تار و بارگران دانیشتبوو، تاڵوگرژییەك دەوری دەموپلی دابوو، چاوەکانیشی وەك پشکۆیەکی ترسناك سوور هەڵگەڕابوون. ڕاستییەکەی تا بڵێیت سەرم سووڕ مابوو لێی. ئاخۆ ئەوەهەر ئەو کەسەبوو کە ماوەیەك لە مەوپێش بە گەورەیی بێسنووری مرۆڤ گەشکەی کردبوو، ئەو کەسەی کەجاری بە دەستەڵاتیی مرۆڤی دەدا و باسی لەوە دەکرد کەچۆن وەك پاشایەکی خوێنخۆر دەستەڵاتی بەسەر وڵاتە گەورەو گرانەکەی خۆیدا دەشکێت و دەیخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو کەسەی مرۆڤی وەك هاوتای خوداوەند پێشان دەدا.

لێی تێ ناگەم. لە هیچ شتێك تێ ناگەم.

میریش لە جێی خۆیدا دانیشتبوو، گوێی لە قسەکانی دەگرت و قسەکانی بە تەواوی دڵیان بردبوو، ئەگەرچی ئەو قسانەزۆر لەو قسانە جیاوازتر بوون کە پێشتر لەدەمی ئەو کەوتبوونەوە. کتومت وەك ئەویش بیری دەکردەوە. دەبێت ئەوەیش بوترێت، کە ئەو بەڕاستی هیی ئەوەبوو لێوەی فێر ببێت.

ئەمە چۆن لەگەڵ ئەوی تردا دێتەوە؟ ئەوان چۆن دەتوانن ئەو شتە دژبەیەکانە لە نێو خۆیاندا کۆ بکەنەوەو چۆن دەتوانن دانیشن و بە هەمان

قوولییەوە باوەڕی خۆیان بەو هەموو شتانەخۆش بکەن؟ کەبۆ من هەمیشە وەکیەك و بە تەواوییش نەگۆڕە، لەمەیان تێ ناگەم.

بێدار لەجێیەکەی خۆمدا لێی ڕاکشابووم و هەولّم دەدا لێیان تێ بگەم، بەلاّم بێهوودە. من لەم شتانەتێ ناگەم.

جارنا، سەبارەت بەو شتە گەورەو گرانە، سەبارەت بەوەی مرۆڤ بێت، بەتەنیا هەر مایەی هەراوهۆریای خۆشییەو جارناجار لە بێهیوایی، بێمانابییەکی تەواو و نائومێدی زیاتر شتێکی تر نییە.

ئەی کەواتە چۆنە؟

دەستی لە کارکردن لە وێنەکەی میرژنیش هەلگرتووە. دەلێت ناتوانێت تەواوی بکات، کەشتێك لە میرژندا هەیە؛ بەزۆری زۆردارەکیش ناتوانێت پێیدا ڕۆبچێت و بۆی ڕوون نابێتەوە. ئەویش، وەك دواشێو و وەك هەر شتێکی تر کە پێیەوە خەریکە، هەر تەواو نابێت.

جارێکیان لە ژوورەکەی میرم چاوم بە وێنەکەی کەوت و تێیشناگەم چ هەلّەیەکی تێدا هەیە. ئەو ڕێك میرژنم چۆنە، وەك قەحبەیەکی نەقەیرەو نەزۆر پیر، ئاوا وێنەی کێشاوە. ڕاستییەکەی لەو دەچێت، تا بلێیت لەو دەچێت. دەموچاوە پڕ ئازارەکەی و پێلّووەقورسەکانی، زەردەخەنە بارگرانەکەی، ئەو زەردەخەنەیەی کەنیوانیو لێرەو نیوانیو لە جێیەکی ترە، هەر هەمووی لەو دەچێت. سەرلەبەری ڕۆحیشی خستووەتە ناو وێنەکەوەو تا ئەوپەڕی پەردەی لەسەر هەموو شتێکی هەلّمالّیوە.

هەر چۆنێك بێت ئەو مرۆڤناسێکی گەورەیە.

ئاخر لەچیی کەمە؟ چیی کەمی هێناوە؟ ئەو لەو بڕوایە دایە کەشتێك کە دەبێت تێیدا هەبێت، تێیدا نییە. ئاخر چی؟ چ شتێك، چ شتێکی گرنگ، وا دەکات، کە ئەوە میرژن نەبێت و کەسێکی تر بێت! دەبێت ئەو شتەچی بێت؟ بەهیچ جۆرێك تێی ناگەم.

بەڵام کە دەڵێت تەواو نەکراوە، دیارە تەواونەکراوەو بڕایەوە. ئەو، وەك خۆی وتویەتی، هەموو شتێك هەر نیوەچڵ لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت. هەر هەموو شتێك تەنیا لە هەوڵێك زیاتر نییەبۆ شتێك کە هەرگیزاو هەرگیز ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت. هەموو کولتووری مرۆڤایەتی لە هەوڵێك زیاتر نییە- شتێك کەسەر لەبەری هیی ئەوە نییە جێبەجێ بکرێت. هەر بۆیە هەر هەمووی، ڕاستییەکەی، تا بڵێیت بێمانایە.

بێگومان هەر وایشە. ژیان چۆن دەبوو ئەگەر بێمانا نەبووایە. بێمانایی، خۆی لەخۆیدا، ئەو بنچینەیەیە کە ژیانی لەسەر هەڵچنراوە. ئەگەر نا لەسەر چ بنچینەیەکی تر ڕادەوەستا، چ بنچینەیەك، کە هەرگیز هەرەسی نەهێنایە، خۆی لەبەردا دەگرت. بیرێکی گەورە،بیرێکی گەورەی تر دەسڕێتەوە و پاشان دەتەقێنرێتەوەو بیرەکەی تر هەرەسی پێ دەهێنێت. بەڵام دەست بە بێماناییدا ڕاناگات، بێمانایی هیی ئەوە نییەتێك بدرێت و لە جێی خۆی بلەقێنرێت. بێمانایی بنچیەنەیەکی ڕاستەقینەیەو هەر لەبەر ئەوەیش ئەو هەڵبژێردراوە. ئەری تێگەیشتن لەمە پێویست بەو هەموو بیرلێکردنەوەیە دەکات!

من خۆم ئەمەدەزانم. وا خولقێنراوم کەبزانم.

شتێك لەئارادا هەیە، ناتوانم بڵێم چییە. هەر ئەوەندەیەکەهەستی پێ دەکەم، وەك چۆن هەستی نیگەرانییەك ئەم ناوەی تەنیوە، هەستی پێ دەکەم- بەڵام چییە! نازانم. ئەوەنییەکەشتێك ڕاستەوخۆ خەریکەڕوو بدات. ئەوەنییە. بەڵام وا هەست دەکەیت کەشتێك خەریکەڕوو دەدات.

وا دێتەپێش چاوان کە هەموو شت ئارامە. ژیانی ناو کۆشك دەگوزەرێت. نەك هەر ئەوەندە،بەڵکو لەباری ئاساییش ئارامترە؛ چونکە میوانەکانیش لەکزییان داوە و هیچ جۆرەڕووداوێکیش لەئارادا نییە، وەك ئەوەی کەساڵانی تر، لەم سەروبەندانەدا، هەبوو. بەڵام نازانم ــ ئەمەزیاتر ئاگری ئەوەخۆش دەکات، کە دەبێت شتێکی تایبەت خەریك بێت ڕوو بدات.

من هەمیشە ئاگام لە خۆمە، سەرنج لە هەموو شتێك دەدەم ــ بەڵام ئێستا هیچ شتێك نییە، کە سەرنج بەرەو خۆی ڕابکێشێت. لە دەرەوەی کۆشکیش، لەنێو شار، هەست بەهیچ شتێکی تایبەت نەکراوە. هەموو شت وەك خۆیەتی. بەڵام شتێك هەر هەیە. لەمەیان دڵنیام.

دەبێت دان بەخۆدا بگرم و چاوەڕێ بم بزانم ئەوەچییە، کە ها ئێستا ها نەختێکی تر، دەکرێت ڕوو بدات.

بۆ کارۆسای سەرۆکی دەستەی بەکرێگیراوان ڕۆیشتووەو کۆشکی گێرالدییش دیسان چۆڵوهۆڵ. کەس نازانێت سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرتووە، وەك ئەوەیەزەوین هەڵیلووشیبێت. دوور نییە ناخۆشییەك لە نێوان ئەو و میردا ڕوویدابێت. زۆرن ئەوانەی کە بە لایانەوەسەیر بووە میرم بەو هەموو خوێندەوارییەوە توانیویەتی ئەوەندە لەگەڵ کەسێکی ڕەقوتەق و وشکی وەك ئەودا هەڵبکات. من لەوانە نەبووم. ڕاستییەکەی بۆ کارۆسا

کەسێکی تا بڵێیت ڕەق و وشکەو میریش هێندەی حەز بکەیت خۆشڕەفتار و تێگەیشتوو. بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەویش لە بنەماڵەیەکە کە هەمیشە سەرۆکایەتیی بە کرێگیراوانیان کردووە، ئەگەرچی زۆربەی خەڵك ئەمەیان لە بیر چووەتەوە. کەچی هێندەیش دەمێك نییە، تەنیا چەند نەوەیەك لەمەوپێش، کە ئەوان سەرۆکایەتیی هەموو بە کرێگیراوانیان دەکرد. چەند نەوەیەك لەمەو پێشیش چییە؟

من لەو باوەڕەدا نیم کە هێندەیش زەحمەتیان بەدەست لە یەکترتێگەیشتنەوە چێشتبێت.

هیچ ڕوو نادات، بەڵام دڵەڕاوکێیەك ئەم ناوەی داگرتووە. هەستی پێ دەکەم ـ لەشتی وادا هەڵەناکەم. هەبێت و نەبێت، لێرە، شتێك ڕوو دەدات.

میرم تا بڵێیت سەرقاڵ و خەریکە. بەڵام بەچییەوە؟ خەڵکی سەردانی دەکەن، لەگەڵ هەندێك کەسدا دەچێتە ژوورەوەو ڕاز و نیازی خۆیان بۆ یەکتر دەدرکێنن. هیچی لێ هەڵناکرێنرێت. دەبێت خەریکی چی بن؟

تەتەر دێن و بەوپەڕی نهێنیشەوە دێن، تەنانەت شەوانیش دێن و ڕێشیان پێ دەدرێت بێنە ناو کۆشکەوە. خەڵکێکی زۆرن؛ فەرماندەران، ڕاوێژکاران، سەرپەلان و دەمڕاستی خێڵەکە و ناراکانن و دێن و دەچن، دەبێت خەریکی چی و چ کارەبن ـ تەنانەت ئەوانەیش دێن کە پێشتر لەو بنەماڵانە بوون کە بەسەر شەڕ و هەراو هۆریاکاندا ڕادەگەیشتن و باپیرەی میرم، جارێك لە جاران، سەری پێ نەوی کردن. چیی تر ناتوانرێت بوترێت کە ئارامی باڵی بەسەر ئێرەدا کێشاوە.

لەوە ناچێت، ئەوەی کە لە ئارادایە، هیچ پێوەندییەکی بە مایسترۆ بێرناردۆوە هەبێت. ئەوانەی دەوری میرمیان داوەو جێی بڕوای ئەون جۆرێکی تر و خەڵکانێکی ترن. لەوە دەچێت، ئەو پیرەمێردە دانایە، ئیتر گرنگییەکی ئەوتۆی نەمابێت، هەر نەبێت وەك پێشتر نییە.

منیش لەوە زیاترم پێ ناکرێت کە حەزم لەمەیان بێت. ئەو جێگایەکی زیاد لە پێویستی بۆ خۆی لە دەربار‌دا داگیر کردبوو.

هەستی من بەرانبەر بەوەی کە هەبێت و نەبێت دەبێت شتێك لەئارادا هەبێت بەڕاست دەرچووە. هیچ گومانێك لەمەدا نییە.

هەندێك شت کەناکرێت خۆتی لێ نەبان بکەیت، ئاماژەن بۆ ئەوە. ئەستێرەناسان بۆ لای میر بانگ کراون و ماوەیەکە لای ماونەتەوە، هەم نیکۆدێموسی ئەستێرەناسی دەربار و هەم ڕیشدرێژەکانی تریش، ئەوانەی وەك مشەخۆر لەسەر کۆشك دەلەوڕێن. ناکرێت لەمەدا بەهەڵەدا بچیت و میرم چاوی بەپەیامبەری مێدیسییەکان و نوێنەری بازرگانانی کۆماری ڤێنیسیایش کەوتووەو قسەی لەگەڵدا کردوون، تەنانەت چاوی بە سەرۆکی قەشەکانیش کەوتووە، کە نوێنەرایەتیی کورسیی پیرۆز دەکات. ئەمەو زۆر شتی تریش، لەم ڕۆژانەی دواییدا، هیی ئەوە نەبوون چاویان لەسەر هەڵبگریت و هەموو شتێك بەتەنیا هەر ڕوو لەیەك جێ و بەیەك ئاڕاستەیە.

هەبێت و نەبێت نەخشەی هێرش و پەلامارێك دادەنرێت. ئەستێرەناسانیش دەبێت هەر بۆ ئەوەبانگ کرابن تا سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ئەستێران چی لەم بارەیەوەدەڵێن و نالێن ڕاوێژیان پێ بکرێت — هیچ میرێکی ژیریش، پێش ئەوەی هەنگاو هەڵهێنێتو دەستبەکار بێت، ئەمە

پشتگوێ ناخات. لەکاتێکدا میرم بەتەنیا هەر لەگەڵ مایسترۆ بێرناردۆدا هەڵدەستێت و دادەنیشێت، ئەو پیاوەکڵۆڵانەی تر نەختێك لەبیر کراون. بێگومان ئەویش باوەڕی بەدەستەڵاتیی ئەستێران هەیە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی جیاوازترەوە دەبینێت و بیروباوەڕەکانیشی لەگەڵ بیروڕای ئەوانی تردا نایەنەوەو وەك کفر و لەڕێلادان لەلایەن ئەوانی ترەوە سەیر دەکرێن. بەڵام ئێستا میرم وا بیر دەکاتەوە کە دڵنیاترە لە خواناسانەوەنزیکتر بێت نەك ئەو. ئەوانیش بەو ناوەدا دێن و دەچن و لووتیان کردووەتەوە ئاسمان و خۆیان بەسەر ئەو خەڵکەدا با دەدەن. گفتوگۆیش لەگەڵ پەیامبەرەکاندا کراوە، تا بزانرێت ئاخۆ دەوڵەتەکانیان نەیارن بەرانبەر بەوەی بەڕێوەیە یان پشتگیری لێ دەکەن.

پێموایە هەڵوێست و جێوڕێی باوکی پیرۆز بەرانبەر بەم پلانانە لە هەر شتێکی تر گرنگتر بێت. هیچ شتێك کە خەڵکی پێوەی خەریکن، بەبێ سۆز و بەزەییی خوا، سەر ناگرێت.

هیوادارم خوایش سۆز و بەزەیی خۆی بەسەر ئەمەدا ببارێنێت، چونکەپڕ بە دڵ تاسە و ئارەزووی ئەوەدەکەم جەنگ هەڵبگیرسێتەوە.

جەنگ دەبێت! لووتم، کە پێشتریش بۆنی ئەم شتانەی کردووە، لە هەموو جێیەك، لەم دڵەڕاوکێیەدا، لەم هەموو ڕاز و نهێنییەدا، لە دەموچاوی خەڵکدا و لەو هەوایەیشدا کە هەڵیدەمژین، بۆنی جەنگ دەکات. شتێك هەیەکەدنەی ئەمەدەدات و منیش زۆر چاك دەیناسمەوە. لەم ڕۆژگارە تەنگ و داخراوەدا دەژیت و هیچ شتێك ڕوو نادات، ڕۆژگارێك کە لە قسەو قسەلۆکی

بێبڕانــەوە زیــاتر بەهیچــی تــر پــڕ ناکرێتــەوە. شــتێکی چـاکە کــە خـەڵك ئاخرییەکەی لە بریی قسەکردن شتێکی تر دەکەن.

ڕاستییەکەی خەڵك، هــەر هــەموویان، جــەنگیان دەوێت. ئەمــەیش مانـای ئاسـانکردنەوەیە کــە کــە ئــەوان وەك بـاری شـان سـووکبوونێك هەسـتی پـێ دەکەن. خەڵك هــەموو پێیانوایــە کــە ژیـان زۆر ئـاڵۆزە. دیارەبــەو شـێوەیەی ئەوان دەژین. ئەگەرنا، خۆی لەخۆیدا، ژیـان، بـەهیچ جۆرێـك، ئەوەنـدەئاڵۆز نییە؛ بەپێچەوانەوە سـادەییەکی گـەورەباڵی بەسـەردا کێشـاوە. بـەڵام لـەوە دەچێت قەت نەیانەوێت خۆیان فێر بکەن لەمە تێبگەن. تێناگەن کە باشترین شت ئەوە یەلێ بگەڕێن ژیان خۆی چۆنە وا بێت. قەت نـاتوانن لێـی بگـەڕێن، ناتوانن دەست لەوە هەڵبگرن کە بۆ نیازەسەیر و زۆر و زەوەندەکانی خۆیان بـەکاری بهێـنن. بـەڵام، هــەر چۆنێکیش بێـت، ژیانیـان پـێ خۆشـەو هەسـت بەخۆشی دەکەن کە دەژین!

ئاخرییەکــەی مــیرم لەپاڵلێدانــەوەو خۆلێســتنەوەی خــۆی بــەئاگا هاتووەتــەوە. دەموچـاوی پـڕ بـووە لـە ویسـت و خواسـت ــ ڕیشـە تەنکـە قەڵەمکراوەکـەی، ڕوومەتـە لاواز و زەردهەڵگـەڕاوەکانی، نیگـا خێراکـەی کـە بەهەموو شتێك ڕادەگات، بەبێ ئەوەی ڕاسـتەوخۆ هەسـتی پـێ بکرێت، وەك باڵندەیەکی گۆشتخۆری لێ هاتووە کە پاوانگەکەی خۆی دەپارێزێت. دەبێت خـۆی بـۆ نێچـیرە هــەرە خۆشەویسـتەکەی، خـۆی بـۆ کۆنـە دوژمنەکـەی، نابێتەوە.

ئەمڕۆ بینیم بەپەلە بەسەر پلیکانەکانی کۆشـکدا بـەرەو سـەرەوەملی نـا، سوپا سالاریش لەدوایـەوە بـوو، پێموایـە لـە پشـکنینی هەنـدێ ئامادەکـاریی

لەشکر گەڕابوونەوە- هەر کە گەیشتنە هۆڵەکە پاڵتۆکەی لەبەر خۆی داکەند و هەڵیدایە ناو ئەو خزمەتکارانەوە کە بەپەلە بە پیریەوە هاتبوون، ئەمجا لەجێی خۆیدا بەجلەسوورەکانیەوە ڕاوەستا، قیت و قشت وەك شمشێرێك و زەردەخەنەیەك کە لە خۆڕازیبوونی لێ دەباری لێوەتەنکەکانی داگرتبوو. لەوێدا وەك کەسێك کە لەبەرگە کۆنەکەی خۆی هاتبێتە دەرەوە ڕاوەستا بوو، گوڕ و تینێکیش دایگرتبوو نەبێتەوە. هەموو شتێك ئەوی وەك پیاوێکی کارا و گورجوگۆڵ پێشان دەدا.

من هەمیشە ئەمەم زانیوەو زانیومەکە ئەو پیاوی قسە نییە.

ئەستێرەناسان ڕایانگەیاندووەکات تا بڵێیت لەبار و یەکاویەکە بۆ جەنگ. هۆرسکۆپەکەی میریشیان دامەزراندووەو بۆیان دەرکەوتووەکە ئەو لەکەلووی شێردا لەدایك بووە. ئەمەیش شتێکی نوێ نییەو لەو ڕۆژەوەی لەدایك بووە هەموو کەس ئەمە دەزانن، هەر ئەوەیش بوو ئەوسا بیر و ئەندێشەی خەڵکی دەوروبەری خەریك کردبوو وەك نیشانەی خێر و مژدەهێن بۆ میرێك و هۆکارێکی چاکیش بوو بۆ ستایش و پێداهەڵدان و خەڵك ترساندن. هەر لەبەر ئەوەیشە ناوی لیۆنە. ئێستا لەنزیك ئەو بازنەیەوەکەکەلووی ئەم گیانلەبەرەی کەوتووەتە نێو، مارس وەستاوەو هێندەیش نابات ئەستێرەی سووری ئەم خوداوەندی جەنگە دێتە ناو کۆئەستێرەی بەشانوشکۆی میرمەوە. هەروەها هەندێك دیاردەی تری ئاسمانییش کە کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی میرم هەیە بەبێ چەندو چۆن لەبەرژەوەندی ئەون. هەر لەبەر ئەوەیش بەدڵنیاییەکی تەواوەوە دەتوانن جەخت لەسەر دەستپێکی سەرکەوتووی جەنگ بکەن. ئەوەیش

هیی لێبووردن نییەئەگەر بێت و ئەم هەڵە دەگمەنە نەقۆسترێتەوەو بەکار نەهێنرێت.

ئەمە بەلای منەوە سەیر نییە کە ئەوان ئەو پێشبینییەیان کردووە، چونکە هەمیشەبەو جۆرە پێشبینی دەکەن کە میرەکان دەخوازن، بەتایبەت لەو جارەوەکە باوکی میرم ئەستیرەناسێکی لەسەر ئەوەدارکاری کرد کە پێیوا بوو چارەنووسێکی خراپ هەڕەشە لە بنەماڵەکەیان دەکات، چونکە بە پێی لێکدانەوەکەی ئەو ئەستێرەیەکی بەد کە لە دوای خۆیەوە پشکۆ و ئاگری لێ بەر دەبووەوە، ڕێك لەو کاتەدا کە باوکی میرم دوای جەنگێکی خوێناوی چوو بووە سەر تەختی دەستەڵاتی میرنیشین، لە ئاسماندا دەرکەوتبوو؛ پێشبینییەك کە دەمنا دەمێك نەبێت لە نێو هیچ بەرەیەکی میراندا بەڕاست نەکەوتووەتەوە.

وەك وتم بەلامەوەسەیر نییەو ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بێت تا ڕادەیەك دڵم بەو پێشبینییانە ئاوی خواردەوە، چون ئەوان تا بڵێیت لەزانستەکەی خۆیاندا زیرەکن و هەر نەبێت ئاخرییەکەی شتێکی باش و بەکەڵکیان لەدەست بووەتەوە. چونکە گرنگە کە میرم و سەربازەکان و تەواوی خەڵکیش باوەڕیان بەوە هەبێت ئەستێرەکان هاودەنگ و هاوئاهەنگن لەگەڵ کاروبارەکانی ئەواندا. ئێستا ئیتر ئەستێرەکان قسەی خۆیان کردووەو هەموو لایەکیش بەتەواوی بەقسەکانی ئەوان دڵخۆشن.

من قەت لەگەڵ ئەستێرەکاندا قسە ناکەم، بەڵام خەڵك دەیکەن.

دیسان تا بڵێیت سەرم لەمایسترۆ بێرناردۆ سووڕ دەمێنێت. دوێنی ئێوارە پێکەوە لەگەڵ میرم سەرقاڵی یەکێك لەگفتوگۆ تایبەتەکانی خۆیان

بوون و وەك زۆرجاری پێشتریش بە پەرۆشەوە، تا شەو درەنگانێك، خەریکی گۆڕینەوەی بیروڕا بوون. لەمەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو دانا پیرە بە هیچ جۆرێك گرنگی و جێوڕێی تایبەتی خۆی لەلای میرم لە دەست نەداوەو بەخۆی و ڕامانە قووڵەکانیەوە دیسانەوە لەگەڵ دنیای ڕاستەقینەو پڕ لەپشێوی و دڵەڕاوکێی ئەمڕۆدا خەریکەو لێی دانەبڕاوە. نا، بەهیچ جۆرێك. لەمەدا من بەتەواوی بەهەڵەدا چووبووم.

پێم ناخۆشە کە بەم شێوەیە بە هەڵەدا چووم، ئەگەرچی کەس وەك من لە مرۆڤ ناڕوانێت و پەردەلەسەر ڕوویان هەڵنامالێت.

کە بانگیان کردم بۆ ئەوەی بەدەوروخولیاندا بێم و وەك هەر جارێکی تریش دەفری شەرابەکانیان بۆ بێنم، هەردووکیان دانیشتبوون و خۆیان بەسەر چەند هێڵکارییەکی سەیروسەمەرەدا چەماندبووەوە، کە سەرەتا بەهیچ جۆرێك سەرم لێ دەرنەدەکردن. پاشان هەلم بۆ هەڵکەوت تا باشتر تێیان بڕوانم و گوێشم لێ بوو لەقسەکانیاندا باسیان دەکردن و لێکیان دەدانەوە. هێڵکارییەکان ترسناکترین ئامێری جەنگییان پێشان دەدا و بۆ ئەوەبوون ترس و مەرگ لەنێو دوژمندا بڵاو بکەنەوە؛ گالیسکەی شەڕکردن کە بۆ دەست و پێ پەڕاندن دەمەداسیان لێ بەسترا بوون، بەجۆرێك کە لەگەڵ بەرەو پێشچوونیاندا خەڵکی بەلەتوکوتکراوی بەهەموو لایەکدا پەرش و بڵاو ببنەوەو زۆر شتی تری دوابڕاوی تریش، ئەوانیش هەر هەموویان لەسەر پێچکە کە ئەسپان بەچوارناڵەلەپێش خۆیانەوەبەرەو ئۆردووی دوژمنان ڕایاندەدان بەجۆرێك کە هیچ شتێك، تەنانەت ئەوپەڕی ئازایەتیش، نەتوانێت بەریان پێ بگرێت، هەروەها گالیسکەی سەراپا داپۆشراو کە پڕ

دەکــران ل ەتیراوێــژان و کــەس دەســتی پێیــان نەدەگەیشــت و بــەپێی لێکدانــەوەی مایســترۆیش دەیـانتوانی بـەنێو بـەهێزترین ڕیزەکانی لەشکردا تێپـەڕ بـبن و پاشـان لەدوایانـەوە جـەنگاوەرانی پیـادە بـەرەو پـێش بێن و بترنجێنــە نێــو دوژمنــەوە تــا کارەکـانی خۆیـان جێبـەجێ بکـەن. هـەروەها کەرەستەی کوشندەی تری هێندە ترسناك هەبوون کە تێناگەم چۆن بیریان لێ کراوەتەوەو منێك، کە بەداخەوە هەرگیز ژیانی خـۆم بـۆ هونـەری جـەنگ تەرخان نـەکردووە، بەباشـی لێیـان تـێ ناگـەم. هـەروەها بۆمبهاوێـژی لوولـە کـورت و لوولەدرێـژ و بۆمبهاوێـژی تـریش کەبـەرد و ئـاگر یـا خرکـە ئاسن دەبـارێنن و ســەر و دەســتوپێی جــەنگاوەرانی پــێ دەپــەڕێنرێن، هــەر هەمووشیان تـا بلێیـت ڕوون و ڕەوان و لـە ڕاستەقینەدا چۆنن ئاوا دروست کرابـوون، وەك ئـەوەی کـە هـیچ گرنگییـەکی بـۆ ئەوەنـەبووبێت بـە جوانی نیگاریان بکێشێت. هەروەها زۆر بەوردی کاریگەریی هەر یـەك لـەو کەرەستە تێکوپێکشکێنانەی بۆ میرم باس دەکرد و ئەوەیش کەچ کردەیەکی وێرانکـەر لـەدوای خۆیانەوەبـەجێ دەهـێڵن و بەوپـەڕی ئـارامی و وردەکارییەوەباسـی دەکــردن، وەك هــەر شــتێکی تــر کــەبیریان لــێ دەکاتــەوەو بیرەکـانی بەخۆیانەوەخـەریك دەکـەن. هەسـتت دەکـردئـەو پـڕ بـەدڵ حـەزی دەکرد ئـەوەببینێت کـە ئامێرەکـانی لەڕاستەقینەدا چۆن کـار دەکـەن و ئەمـەیش ئاشـکرایە، بـەو شـێوەجوانەی کـە هـەن و لەکاتێکیشـدا کەئـەو بـۆ خـۆی دروستی کردوون.

کەواتــە، مایسـترۆ بێرنـاردۆ، لەگـەڵ ئەمەیشـدا خـەریك بـووەو بەرهـەمی هێناوە، لەکاتێکدا کەبەزۆر شتی تریشـەوەخەریك بـووە، وەك خـەریکبوون و

لێکۆڵینەوەلەسروشت، بەهەموو نهێنییەکانیەوە، وەك پەڕپەڕکردنی گوڵەکانی، وردبوونەوە لەبەردە سەیرو سەمەرەکانی و وەك تەماشاکردنی لەشی فرانسیسکۆ، کە تا ئێستایش لەبیرمە، جارێکیان، وەك یەکێك لەگەورەترین و ئاڵۆزترین شاکارەکانی سروشت بۆ میرمی باس دەکرد، هەروەها وەك خەریکبوونی بەنیگاری دواشێوەکەی سانتا کرۆسەوە، کە مەسیح تێیدا لەگەڵ یاوەرانیدا تا ئەوپەڕی شکۆیی لە دەوری شێوی خۆشویستنی هاوبەشیی خۆیان دانیشتوون و "یەهودا"یش، ئەوەی کە پاشان ناپاکیی لەگەڵدا دەکات، لە سووچەکەی خۆیدا لەو سەرەوە دانیشتووە. بێگومان هەموو شتێکی تریش، کتومت وەك ئەمانە، ئەویان بەخۆیانەوەخەریك کردووە. ئیتر بۆ دەبێت دڵی بەم ئامێرە سەیر و سەمەرانەیش، وەك هەر شتێکی دیکە، نەبزووێت و سەرمەست نەبێت؟ ڕەنگە لەشیی مرۆڤ پێکهاتەیەك بێت پڕ لەبلیمەتی، ئەگەرچی من بۆ خۆم وا نابینم، بەڵام ئەم جۆرە ئامێرەیش هەروەهایە، بێجگە لەمەیش ئەمیان دەستیاوی خۆیەتی و خۆی دایهێناوە.

سەیر بوو کە میرم هێندەئەو کەرەستە کوشندانەی بەهێند نەگرت کەلەهەمووان ترسناکتر بوون، ئەوانەی من لای خۆمەوە پێموایە دەکرێت کاریگەرترینیشیان بن و بەتەنیا دەرکەوتنیان بەس بێت بۆ ئەوەی لەشکرێك بتۆقێنن، کەچی ئەوانەی بەلاوە گرنگ بوون کە هێند ترسناك دیار نەبوون و شاهیدی فەنتازیایەکی بەهێز و ترسناکیش نەبوون، بەڵام بەبۆچوونی ئەو لەوانی تر کاریگەرتر بوون. ئەو وتی، ئەوانەی لەهەمووان ترسناکترن ڕەنگە بۆ داهاتوو چاکتر بن. بەڵام هەر شتێکیش بتوانرێت بەکردەوە بەکار

بهێنرێت، دەبێت بەکار بهێنرێت. کەرەستەی هەلزنان بۆ چوونەناو شووره و قەڵاوە، شێوازێکی سەرنجڕاکێش بۆ هەڵکەندنی ڕێڕەو لەژێر بورجەکانی قەڵادا و دوایی تەقاندنەوەیان، چاکترکردنی ئەو ئامێرەزیرەکانەی دەهاوێژن و ئەو تۆپانەی لە ئابلۆوقەداندا بەکار دەهێنرێن کە دوژمن بەهیچ جۆرێك لێیان ئاگادار نەبووە- هەموو شتێك کەوا دیارە پێشتر چەندینجار گفتوگۆیان لەبارەوەکردووەو تا ڕادەیەکیش بەکردەوە سوودیان لێ وەرگرتوون.

هەموو ئەو کەرەستە کاریگەرانە، ئەو دەوڵەمەندییەی بیر و خەیاڵ و بەو بەرفراوانییەوە، ئەو بەهرەبەپیت و بەهاتەی کەوا پێدەچوو هیچ سنوورێکی بۆ نەبێت، تا ئەوپەڕی، بیر و مێشکی میرمی بەخۆوەخەریك کردبوو، بەجوانترین شێوەیش کەوتە پەسندان و ستایشی بلیمەتیی بێپایانی ئەو پیرەدانایە، قەت لەوەوپێشتر ئاوا هێزی بیرو بۆچوون و خەیاڵاتی خۆی پێشان نەداوە! ئەو ئێوارەیە بەنێو ئەو دنیا پڕ لە فەنتازیا بزووێنەرەدا ڕۆ چووبوون و بیروڕایەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕینەوە، کتومت وەك یەکێك لە ئێوارەپڕ لەبەخشش و دەوڵەمەندەکانی پێشووتریان. منیش بەخۆشییەوە گوێم لێ گرتبوون، چونکە ئەگەر بۆ تەنیا جارێك بووبێت گیان و سەراپای منیش پڕ بووبوون لە بزووتن و گوڕوتین.

ئێستا بە تەواوی تێدەگەم کەمیرم بۆچ مایسترۆ بێرناردۆی مەزنی بانگ کردبوو، بۆ بەو شێوەیەیش، لە کاتی مانەوەیدا لێرە، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردبوو، بۆچ وەك هاوتای خۆی لەگەڵیدا جووڵابووەوەو بە هەموو شێوەیەك و تا ئەوپەڕی، پێزانین و بە ئەمەکیی خۆی بەشایستەترین شێوەپێشان دابوو. هەروەها لەگرنگییە پڕ لەژیانەکەی ئەو بەرانبەر بەگشت هەوڵ و

تەقەلاکانی بێرناردۆ، بەرانبەر بەلێکۆڵینەوەکانی ئەو لەسروشت، بەرانبەر بەزانایی سەرسووڕهێنی ئەو، هەم ئەوانەی بەکەڵك و هەم ئەوانەیش ناکرێت لە ئێستادا کەڵکیان لێ وەربگیرێت، تێدەگەم. بێجگە لەمانەیش لە نرخاندنی بەرێژەوی ئەو بەرانبەر بە هونەری مایسترۆ، بەرانبەر بەنیگاری دواشێوی ئەو لە سانتا کرۆس و هەموو شتێکی تر، کە ئەو پیاوەی لە زۆربەی بوارانـدا شارەزایی هەیەو خۆی پێوە خەریك کردووە، تێدەگەم. بەتەواوی لەگشت ئەم شتانە تێدەگەم.

میرم، میرێکی گەورەیە!

ئەمشەو خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی. لەخەونمدا، مایسترۆ بێرناردۆ، بەسام و باڵابەرز، بەخۆی و قژەماشو برنجییەکەی و نێوچەوانە پانەکەیەوە کە بیرکردنەوەی لێ دەباری، لەسەر کێوێکی بلند وەستابوو. بەڵام بوونەوەرانێك بە باڵە چەرمینەکانیانەوە لە دەوری سەری دەگەڕان و هەموویان وەکوو ئەو بوونەوەرە ترسناکانە بوون کە لە نیگارەکانی خۆیدا لە سانتا کرۆس بینیبوومن. وەك شەیتان لە دەوری سەری دەسووڕانەوەو وەك ئەوەیش بوو ملکەچ و لەژێر ڕکێفی خۆیدا بن. دەموچاوە خێوەکییەکانیان لە دەموچاوی مارمێلکەو ترتڕەدەچوون، بەڵام دەموچاوی ئەو خۆی، وەك هەمیشە، بەشکۆ و توند و تووش. کتومت لەخۆی دەچوو. بەڵام بەرەبەرەئەویش لەشی گۆڕدرا، تێکچوو و چووەوەیەك و دوو باڵی چرچولۆچیش، ڕێك وەك باڵی شەمشەمەکوێرە، بەسەر ئەو جێیەوە کە کەوتبووەسەر قاچەتووکنەکانی ڕوان و بەهەمان شکۆ و توند و تووشییەوە کە سەروسیمای داگرتبوو، باڵەکانی دان بەیەکدا و دەستی بەباڵەفڕێ کرد و

هێنـدەی نـەبرد لـەجێی خـۆی بـەرز بـووەوەو لەگـەڵ هـەموو ئـەو تارماییـە ترسناکانەی تردا بەنێو تاریکاییی شەودا دەستی بەفڕین کرد.

من زۆر گرنگی بەخەون نـادەم. هـیچ مانـا و گرنگییـەکیان نییـە. ئـەوەی لـەژیانی ڕاسـتەقینەدا هەیـە بـە تـەنیا شـتێکە مانـای هـەبێت و هیچـی تـر. قسەیش لەسـەر ئـەوە نییـە کـە ئـەو خـواروخێچ و شـێواوەو زۆر دەمێکیشـە ئەمەم بۆ دەرکەوتووە.

بۆ کارۆسای بـە کـرێگیراو پێشـڕەوی چـوار هـەزار جـەنگاوەری کـردووەو سنووری بەزاندووە! ئێستایش دوو میل چووەتە ئەودیوی سنوورەوە بـە بـێ ئەوەی ئیل تۆرۆ بەهیچ جۆرێك، کە بەتەواویی لەو هێرشەسەری سوورِ مـاوە، فریای هیچ کەوتبێت.

ئەمە ئەو دەنگو باسە سەرەکییەیە کە ئەمڕۆ وەك برووسـکەیەك لەشـاری داوە، ئەو ڕووداوە بێهاوتایەیە، کە هەستونەستی تەواوی خـەڵکی بەخۆیـەوە داگیر و خەریك کردووە!

بەکرێگیراوی گەورە، بەو پەڕی نهێنییەوە، هێزە بـەکرێگیراوەکانی خـۆی لەناوچە شاخاوییە دوورە دەستەکانی سەر سنووری باشـووری خۆرهەڵاتـەوە کۆ کردوونەتەوەو بەوپەڕی فێڵبازییەوە خۆی بۆ ئەو هێرشـە ئامـادەکردووە. کەس هەستی بە هیچ نەکردووە — تەنانەت ئێمەیش. میرم نەبێت، کـەخودانی ڕاستەقینەو ڕەسەنی ئەو پلانی هێرشکردنەبلیمەتانەیە! ئاسـان نییەلەمـەتێ بگەیت! هەر نایشوێریت باوەڕ بکەیت ڕاستەیا نا!

ڕۆژەکـانی خـانووی مۆنتـانزا هێنـدەیان نـەماوە کۆتاییـان بێـت و ملـی ئەسـتووری لۆدۆڤیکـۆی پـیس و بۆگـەنیش — کـە وەك دەڵـێن خەڵکەکـەی

خۆیشی هێندەی ئێمەڕقیان لێی دەبێتەوە دەشکێنرێت و دەبێت بەدواکەسی بنەماڵە ناپەسەندەکەی.

ئەوەی کە هەرچی شتی خراپە لە دەستی دەبێتەوە- کڵاوی لەسەر نراوە! بەدڵنیاییەوە ئەو گومانی هەبووە لەوەی کە میرم خەریکی نەخشەدانانەبۆ ئەوەی هێرشێکی بکاتەسەر، بەڵام ئەوەی نەدەزانی لەشکرێك لێرەکۆ دەکرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیش دڵی بەوەخۆش بوو کە جێوڕێی خۆپاراستنی هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە. لەهەر شوێنێکی تری وڵاتیش کەمتر، چاوەڕێی ئەوەبوو لێرەوە، لەم بەشەی وڵاتەکەیەوە، هێرشی بکرێتە سەر، لێرەوەکەخاکەکەی هێند سەخت و گیرەبۆ بەرەوپێشچوون دەست نادات — سەر سنوورەکانیشی بەشووره نەگیراوە! تازەئیل تۆڕۆ تەواو! دەبێت هەموو شتێکیش یەکلا بکرێتەوە!

بارودۆخێك شاری داگرتووە لە باسکردن نایەت. خەڵکی لە شەقامەکاندا لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە، بەسەر و بەچاو و بەدەست قسە بۆ یەکتر دەکەن، بەپەرۆش و گرژ و تووڕەن — یا بەبێدەنگی ڕاوەستاون و سەیری ڕیزەکانی لەشکر دەکەن کە بە بەردەمیاندا تێپەڕ دەبن، هێزەکانی میرم کە خەریکن خۆیان کۆ دەکەنەوە، نایشزانرێت لە کوێوە سەریان دەرهێناوەو وەك ئەوەیە لە زەوینەوە هەڵقوڵابن. هەست دەکەیت کە هەموو شتێك، بەنهێنی، زۆر بەچاکی ئامادەکراوە. زەنگەکان دەزرنگێنەوەو کڵێساکان پڕ بوون لە خەڵك و بەپاڵە پەستۆ دەچنە ژوورەوە. قەشەکان نزا و پاڕانەوەی خۆیان بەرەو جەنگ دەنێرن، ڕوون و ئاشکرا دیارە کە ئەمەتا ئەوپەڕی سۆز و بەزەیی کڵێسای لەسەرە. بۆچیش نا! ئەمە دەبێت بە جەنگێکی بەشکۆ!

خەڵك هەموو خۆشحاڵن. بەتایبەت لێرە، لە دەربار، تامەزرۆیی و پەسنی خەڵك بۆ میرم بێسنوورن.

بڕیارە ئەم هێزانەی خۆمان لە شوێنێکی ترەوە، سنوورەکانی بەری خۆرهەڵات ببەزێنن و، لە دۆڵەفراوانەکەی پایینی ڕووبارەکەوە- ڕێگای کەنارای هێرشکردن، جێ بگرن. بۆ ئەوێش ڕۆژەڕێیەکەو لە خوارەوەیش، لە دەشتاییەکاندا، لەوێ کە خاك لەبارترە بۆ جەنگێکی مەیدانی و ئاسایی و خاکیش تێراوی خوێنی سەروەرییە، لەگەڵ لەشکری بەکرێگیراواندا یەك بگرنەوە! من خۆم بەم دەرئەنجامە گەیشتووم و دەبێت هەر ئەمەیش پلانی شەڕەمەیدانییەکەبێت!

من نازانم ئاخۆ ئەمە پلانەکەیەیا نا. بەڵام من یەك لە دوای یەکیم بەر گوێ کەوتووە، وشەیەك لێرە، یەکێك لەوێ و گەیشتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە پلانەکە ئەمەیە و هیچی تر نا. من بەپەرۆشەوە سەرقاڵی ئەوەم لە هەموو شتێك تێ بگەم، بەدوای هەر شتێك بکەوم، لەپاڵ دەرگایاندا خۆم مەڵاس بدەم، لەپشت پەردەو دۆلابانەوەخۆم بشارمەوەبۆ ئەوەی هێندەی بکرێت، سەبارەت بەوەی ڕوو دەدات، قسەوباسم بەر گوێ بکەوێت.

چ هێرشێکە ئەمە! بێگومان سەریش دەگرێت! بەدڵنیاییەوە، لەم بەشەی سنووردا، شوورە هەن. بەڵام لەبەر ئەم هێرشەدا خۆ ناگرن و دەڕووخێن. دوور نییە بێ هیچ بەرەنگارییەکیش خۆ بەدەستەوەبدەن، چونکە هیچ بەرەنگاربوونەوەیەك سەر ناگرێت. ڕەنگە هێرشیان بکرێتە سەر. هەر چۆنێك بێت ناتوانن بەر بە ئێمە بگرن. هیچ شتێك بەر بە ئێمە

ناگرێـت، چـونکە هێرشـەکە خـۆی هێنـد چـاوەڕواننەکراو و هێنـد کتـوپڕ نەخشەی بۆ کێشراوە.

چ بلیمـەتێکی مەیـدانی جەنگەئـەم مـیرەی مـن! چ ڕێوییەکـە! چ فێڵبازییەکە و چ لێکدانەوەیە و حساب بۆ کردن! ئـەوجا گـەورەیی پێکهاتـەو ڕێکوپێکی هێرشەکەیش بەجێی خۆیان!

تا بڵێیت هەست بەشانازی دەکەم کە گرگنی دەرباری میرێکی وەهام!

هەموو بیرەکانم لەدەوری یەك شت، تەنیا یەك شت، دەسووڕێنەوە: چۆن بتـوانم بەشـداریی جـەنگ بکـەم؟ دەبێـت بەشـدار بم. بـەڵام چـۆن، چـۆن خەونەکەم بێتەدی؟ من خوێندنی سەربازیم، بـەمانای ئاسایی خۆی، نییـە. ئـەو خوێندنـەم نییـە کـە لـە سوپاسـالارێك، یـا تەنانـەت لەسـەربازێك، داوا دەکرێـت. بـەڵام دەتـوانم چـەك بـەکار بهێـنم! وەك پیـاوێکیش دەتـوانم شەڕەشیر بکەم! شمشێرەکەیشم وەك شمشێری هـەر کەسێکی تـر چاکە! ڕەنگە وەك هیی ئـەوان درێـژ نـەبێت. بـەڵام خـۆ شمشـێری کـورتیش هیچی لەهیی درێژ کەمتر نییە! با ئەمیان بۆ دوژمن بەجێ بهێڵین!

ئەم بیرانە مێشکمیان هـاڕیوەو نەخۆشـیان خسـتووم، لەترسـی ئـەوەی، لێرە، لەماڵـەوە، لـە نێـو ژن و منالانـدا، بـە جـێ بهێڵـرێم، لەترسـی ئـەوەی ئاخرییەکـەی کـە خەریکـە شـتێك، شـتێکی گـرنگ، ڕوو دەدات و بۆم نـەبێت بەشداریی تێدا بکەم. دووریش نییە کوشتارە هەرە گـەورەکان، هـەر ئێسـتا، لە دەستپێکی جەنگدا، ڕوو بدەن.

تاسەو ئارەزووی بینینی خوێن خەریکە دەمسووتێنێت!

دەمبەن! لەگەڵ خۆیان دەمبەن!

ئەمڕۆ بەیانی، غیرەت سەگ بتخوات، دڵی خۆمم بۆ میرم کردەوە، خواستی خۆمم بۆ بەشداریکردن لەو هەڵمەتەدا بۆ ئاشکرا کرد. داواکەمم هێند بەکڵۆڵییەوە خستەڕوو کە هەستم کرد کاری تێکرد. بەختیشم هەبوو، بیرو هۆشی بە هیچ شتێکی ترەوە خەریك نەبوو و کاتەکەیشی زۆر گونجاو. وەك هەر جارێکی تر کەسەرو سەودای دەیهێنێت، دەستێکی بەقژە کورتە بۆ پێشەوە داهێنراوەکەیدا هێنا و کە سەیریشی کردم چاوە ڕەشەکانی دەبریسکانەوە.

ئەمجا وتی، بێگومان تۆیش دەبەین، تۆیش بەشدار دەبیت. ئەو بۆ خۆیشی بەشدار دەبێت و بێگومان منیش لەگەڵ خۆی دەبات. میری بێ گرگن چۆن دەبێت؟ هەروەها وتی، ئەگەرنا کێ تامی شەرابەکەی بکات، پێش ئەوەی پەرداخەکەی بۆ ڕابگرێت و ئیتر دەمبەپێکەنین تەماشایەکی کردم.

دەمبەن! لەگەڵ خۆیانم دەبەن!

ئێستا لەخێوەتێکدام بەسەر گردێکەوە،چەند دارکاژێکی لێیەو لەوێوە زۆر بەجوانی دوژمنم لێوە دیارە کە لە دەشتەکەدا هەڵیانداوە. خێوەتەکە بەڕەنگەکانی میرم ڕازێنراوەتەوەو دەورانـدەوریش سەروو و خوارەوەی بەڕەنگی زەرد و سوور نەخشێنراون، خێوەت بەدەم باوەدەشنێتەوەو وەك هەراوزەنایەك مرۆڤ دێنێتە جۆش. کەرەستەی جەنگم لەخۆم بەستووە، کتومت وەك هینەکانی میرم، زریێ و کڵاوی ئاسنین و لە تەنیشتیشەوە شمشێرەکەم لەنێو کالانە زیوینەکەیدا لە کەمەرمەوە شۆڕ بووەتەوە.

خەریکەخۆر ئاوا دەبێت و ماوەیەکە، بەتەنیا، لەخێوەتەکەدام. لەدرزی خێوەتەکەوەگوێم لەدەنگی سەردەستەکانی جەنگە نەخشەی هێرشی سبەینێ دەکێشن، نەختێك لەولاتریشەوە دەنگی گۆرانیی پڕ لەجۆش و خرۆش و بەئاوازەی جەنگاوەران دەبیسترێت. بەئاستەمێك خێوەتی ڕەش و سپیی ئێل تۆرۆیش لەدەشتاییەکەدا بەر چاو دەکەوێت و پیاوەکانیشی کە بەدەوروخولیدا دێن و دەچن، لێرەوە، زۆر بچووك دەبینرێن و وا دێتەپێش چاو هێندە ترسناك نەبن، لەوپەڕی دەستەچەپیشەوەسوارەکانی دەبینرێن، تا کەمەریان ڕووتوقووت و لەڕووبارەکەدا خەریکی ئاودانی ئەسپەکانیانن.

هەفتەیەکە لە نێو خێوەتداین، هەفتەیەکی سەرڕێژ لە ڕووداوی گەورە. هەڵمەتەکەمان، ڕێك وەك چۆن خۆم پێشبینیم کردبوو، بەو بارەدا شکاوەتەوە. شێلگیرانە، دوای تۆپبارانکردنیان بە تۆپە یەکاویەکەکانی مایسترۆ بێرناردۆ، کە هیچ کەسێك لەوەو پێش بەچاوی خۆی نەیبینیون، شوورەی سنوورەکانمان داگیر کرد و ئەوانەیش کەتێیاندا بوون، دڵ پڕ لەترس و لەرز و تۆقیو، لەگەڵ ئەو تۆپبارانە ترسناکەدا، چۆڵیان کردن و بەجێیان هێشتن. لەگەڵ ئەو دەستەو هێزە ناتەواوانەدا کە ئێل تۆرۆ بە پەلەپەل ڕووبەڕووی ئێمەی کردبوونەوەو ناچار بووبوو لەو هێزانەجیایان بکاتەوەکەبڕیار وا بوو بەر بەبەرەوپێشهاتنی هێزەکانی بۆکارۆسا بگرن تووشی چەندین بەیەکدا هاتن هاتین، بەڵام هەر هەموویان بەسەرکەوتنی ئێمە، لەکاتێکدا کەدوژمن لەبەرانبەر هێزەکانی ئێمەدا بەتەواوی بێهێز بوو، کۆتاییان هات. هاوکاتیش لە شکرەکەی بۆکارۆسا، کە تا دەهات تووشی دەبوو بەتووشی هێزی لاوازتر و لاوازترەوە، بەرەو دەشتاییەکە هاتبوونە

خــوارەوەو ئــەوەی ســـووتانبوویان؛ ســـووتانبوویان و ئـــەویش بۆیـــان هــەڵگێڕوداگێڕ کرابــوو کردبوویـــان و بــەدەم ڕاووڕووت و تاڵانکردنەوەبــەرەو سەروو کشابوونەوە، بۆ ئەوەی بە ئێمە بگەنەوەو لەگەڵ هێزەکانی ئێمـەبن بەیەك. دوێنی، دەمەو ئێوارە، ئـەو بەیەکگەیشتنەوە گرنگـە بـەدی هـات کـە هەمووماں چاوەڕوانی بووین و کاریگەریی لەسەر پەرەسـەندنی ڕووداوەکانی داهـاتوو هـەبوو. ئێسـتا ئێمـە لەسـەر گردەکـانی نێـوان دەشـت و چیاکان یـەکمان گرتووەتـەوەو پێکـەوە لەشـکرێکی کـەمێك زیـاتر لەپانزەهــەزار جەنگاوەر پێك دەهێنین، کە دوو هەزاریان جەنگاوەری سوارەن.

مـــن لەکۆبوونەوەکـــەی مـــیرم و بەکرێگیراوەکەیـــدا ئامـــادەبووم. کۆبوونەوەیەکی مێـژوویی بـوو، لـە بـیر ناچێتەوە. مـیرم، کـە لـەم ماوەیـەدا گەنج بووەتەوەو بەجۆرێکی سەرسووڕهێن سەرنجی هەموو کەسـی بـۆ خـۆی ڕاکێشـاوە، کەرەسـتەی ئـاڵووالای جـەنگی لەبـەردا بـوو؛ زرێ و بازووبەنـدی زیوینی زەڕکەفتکراوی لە بازووەکانی بەستبوو، کڵاوە ئاسنینەکەیشی بـەدوو چەپك پەڕی ئەستوور، یـەك زەرد و یـەك سـوور، ڕازێنرابـووەوەو بەملاولایـدا هاتبوونـەخوار، چـەپکەکانیش، کاتێـك دەورەدراو بەسەردەسـتەکانی خـۆی بەوپـەڕی ڕێـزەوە سـڵاوی لـە خزمـەتکارەی خـۆی کـرد، دەشـەکانەوە. دەموچـاوە زەرد هەڵگەڕاوەکـەی، هـەر نـەبێت بـۆ جارێـك لـەجاران، کـەمێك سوور هەڵگەڕابوو و زەردەخەنەیەکیش، کەهەم ڕاست و هەم لەدڵیشـەوەبوو، لێوەتەنکەکانی داگرتبوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیشـدا، وەك خـووی هەمیشـەی، بەپارێزەوەو بەو پەڕی وریاییەوە، خۆی پێشان دەدا. ڕێك لـە بەرانبەریشیدا بۆکارۆسا وەسـتابوو، کەتـەو پـانوپۆڕ، بەلەشێکەوە کـە لـە چـاوی منـدا لـە

لەشی دێوێك دەچوو. هەستێکی سەیر دایگرتبووم، وەك ئەوەی کە قەت لەوە پێش نەمبینیبێت. ئەویش ڕاستەوڕاست لەجەنگەوە هاتبوو. کەرەستەیەکی جەنگیی پۆلایینی لەبەردا بوو کە لە چاو ئەوەی میرمدا زۆر سادەو ساکار دەهاتەبەر چاو و تاکەشتێکیش کە ڕازاندبوویەوە سەری ئاژەڵێك بوو لە برۆنز لە سەرەوەی ئەو زرێیەی کەسنگی داپۆشیبوو، سەری شێرێکی تووڕەکە زمانی لە لمۆزەدا چەقیوەکەیەوە هێنابووە دەرەوە. کڵاوە ئاسنینەکەی پۆپەی پێوە نەبوو، بە هیچ جۆرێکیش نەڕازێنرابووەوە، ئەوەنەبێت کە توندوتۆڵ دەوری سەری دابوو. ئەو سەرەی کە پێموابوو ترسناکترین سەر بوو تائەوسا کە بینیبێتم. شەویلگەی دەموچاوە قەڵەوە ئاوڵاوییەکەی بەتەنیا بەس بوو بۆ ئەوەی بتترسێنێت، لچە ئەستووره سووره مەیلەو ڕەشەکانی وا بە یەکدا دابوو لەوەدەچوو نەتوانێت قەت، جارێکی تر، دەم بکاتەوەو نیگایشی، کە لە نێو قووڵایی چاویدا خۆی بۆ پەلاماردان مەڵاس دابوو، وا دەهاتە پێشچاو بتوانێت، هەر بەخۆپێشاندان، لەجێی خۆیەوە، مل بەهەر بەرەنگارییەك شۆڕ بکات. لە بینینی دەتۆقیت. بەڵام ئەوەیش قسە هەڵناگرێت کە لە هەر کەسێکی تر بینیبێتم زیاتر لەپیاو دەچوو. دەبێت دان بەوەیشدا بنێم کە بەجۆرێك کاری تێکردم کە لەوەیە هەرگیز لەچنگی دەرباز نەبم و لەکۆڵم نەبێتەوە. ئەو بۆ خۆی دەرکەوتنی شتێك بوو، لەنادیارەوە— نازانم چ شتێك. ڕەنگە دەرکەوتنی مرۆڤێك لەنادیارەوەکاتێك کە بەڕاستی بەدەستەڵاتە. وەك جادووم لێ کرابێت لە جێی خۆمدا وەستابووم و بەخۆم و چاوە پیرەکانمەوە تەماشام دەکرد، ئەو

چاوانەی لە هەموو شتێکیان ڕوانیوە؛ چاوە گرگنەکانم ئەوانەی هەزاران هەزار ساڵ تێیاندا هێلانەیان کردووە.

من بێدەنگ بووم، بگرەهەر قسەم نەکرد. ئەوانی تر بوون قسەیان دەکرد و ئەویش، لەهەڵێکدا —کەمیرم قسەیەکی کرد— زەردەخەیەك گرتی. خۆیشم نازانم بۆ دەڵێم زەردەخەنە— بەڵام هەر ئەوەبوو کە خەڵکی تر پێی دەڵێن زەردەخەنە.

ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ ئەویش هەر وەك منەو ناتوانێت پێ بکەنێت؟

دەموچاوی ئەو وەکو دەموچاوی ئەوانی تر ساف نییە. خۆیشی لە خێڵێك نییە کە تازەکی پەیدا بووبێت، بەڵکو سەر بەخێڵێکی کەونارایە، بەڵام هێندەی خێڵەکەی من کۆن نا!

ئەوەیشم بۆ دەرکەوت، کە میرم، بە جۆرێك لە جۆرەکان، لە تەنیشت بۆ کارۆساوە ناچیز و شاردراوە دیار بوو. ئەمە دەڵێم، ئەگەرچی پەسن و ستایشی من بۆ ئەم سەروەرەگەورەیەم، ڕێك وەك ئەوەی کەبەتاییەتی لەم دوادواییانەدا چەندینجار پێملیّ داگرتووەو ئەوەم پێشان داوە، تا بڵێیت بێپایانە.

هیوادارم لە جەنگدا بیبینم.

کەواتە، سبەینیّ بەیانیی زوو، شەڕەگەورەکەدەست پیّ دەکات. ڕەنگە هەندێك پێیانوا بووبێت کە پەلاماردان دەبوو یەکسەر، هەر لەگەڵ بەیەکترگەیشتنی هەردوو لەشکردا و پێش ئەوەی لۆدۆڤیکۆ پێڕابگات هەناسەیەکی بەبەردا بێتەوەو هێزەپەرش و بڵاوەکانی کۆ بکاتەوە—

کەڕاستییەکەی بەوەیشدا ڕاگەیشتووە، دەستی پێ بکردایە. من ئامـاژەم بـۆ ئەمـەکرد لای مـیرم، بـەڵام ئـەو لەوەڵامـدا وتـی هێزەکـان دەبێـت لەپێشـدا نەختێك پشوو بدەن. بێجگە لەوەیش دەبێـت جۆرەجوامێرییـەکیش پێشـانی بەرانبـەر بـدرێت و پـێش ئـەوەیش کـە دەسـت بـە بەیەکـدادانێکی وا گـرنگ بکرێت، دەبێت ڕێ و کاتی ئەوەی پێ بدرێت خۆی بـۆ جـەنگێکی ڕاسـتەقینە ئامادەو کۆ بکاتەوە. من دوودڵیی خۆمم بەرانبەر بەلایـەنی ژیرانـەو ڕاسـتی و ڕەوایی لە هونەری جەنگێکی وادا دەربڕی. ئەو لەوەڵامدا وتی، ژیرانەیا نـا — من سوارچاکم. دەبێت وەك سوارچاکێکیش ڕەفتار بکەم. تۆ پێویستت بـەوە نییە. من سەرم ڕاوەشاند. هەرگیز بە چـاکی لـەم مرۆڤـە سـەیر و تایبەتـەتیێ ناگەیت. — هەر ئێستا بیر لەوەیش دەکەمـەوە کـە ئـاخۆ ڕای بۆکارۆسـا لـەم بارەیەوە چییە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئیل تۆرۆ ئەو کاتەی چاك بەکار هێناوە. ئێمـە لێـرەوە، لـەم بەرزاییـەوە، بەدرێـژایی ڕۆژ، توانیومانـە ئەمـە ببینـین. ئـەو تەنانەت بەوەیشدا ڕاگەیشتووە هێزی زیاتر لە هێزەکەی کۆ بکاتەوە.

بەڵام گومانیش لەوەدا نییە کە هـەر چۆنێك بێت ئێمە سـەر دەکـەوین. لەوانەیشە ئەوەیش بە چاکە بگەڕێتەوە، کە ئەو هێنـدە خـەڵك لـە هێزەکـانی کـۆ دەکاتـەوەو بـەهێزتریان دەکـات، باشـتریش، ئەوسـا خـەڵکێکی زۆرتـر دەکوژرێن. چەند دوژمنت زیاتر هەبن، سەرکەوتنیشت گەورەتر دەبێت. ئـەو دەبوو لەوەتێ بگات، کە هەر چۆنێك بێـت ئـەو هـەر لێـی دەدرێـت و ڕەنگـە ئـەوەیش باشـتر بێـت بـۆ ئـەو کـە ئـەو هـەموو خەڵکـەی لـە خـۆی کـۆ

نەکردایەتــەوە. بــەڵام ئــەو پیــاوێکی زۆر لــە خــۆڕازی و کەلــلەڕەقێکی گەورەیشە.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵەیـەکی گەورەیـە پێتوابێـت پیاوێکی ترسناك نییە. ئــەو کەسـێکە دەسـت لــە هـیچ شـتێك ناپارێزێـت و فێڵبـاز و زرنگیشـەو بەڕاستیش لەمەیدانی جەنگدا جێـوڕێی تایبـەتی خۆی هەیـە. دەکرا، ئەگـەر ئـاوا چـاوەڕواننەکراو تووشـی بەتووشــی ئــەو جەنگــەوە نەبووایــە، بەرەنگاریکەرێکی سامناکیش بووایە. ئێستا تا بێـت لـەوە زیـاتر و زیـاتر تـێ دەگەین کە هەڵمەتەکەمان چەند و چۆن گرنگ بوو کە بەو شـێوە بـە تـەواوی چاوەڕواننەکراوە دەستی پێ کرد و تا جەنگیش کۆتایی دێت، ئەمەمان، جار لە دوای جار، بەبیردا دێتەوە.

ئاگام لەکونوکە لەبەری پلانی هێرشەکەی سبەینێیە. لەشکرەکەمان، یا بەواتایـەکی تـر لەشـکری مـیرم، لــە نێوەنـدەوە پــەلامار دەدات، لەشـکری بۆکارۆسایش لەبەری دەستەچـەپەوە. کەواتــە ئێمـە لەیـەك سـەرەوە بـەرەو پـێش ناچـین، بــەڵکو لــەدوو ســەرەوە بــەرەو پــێش دەبینــەوە. ئەمــەیش، لەکاتێکـدا کەئێمــەدوو لەشـکرمان لەبــەر دەسـتدایە، شــتێکی تــا بڵێیـت سروشتییە. هەر بۆیە دوژمنەکەمان کە بە تەنیا یـەك لەشـکری هەیـە ناچارە لە دوو بەرەوە بجەنگێت. ئاشکرایشە ئەمە ڕووبەڕووی ئەرك و زەحمەتی زۆر گەورەی دەکاتەوە، کە ئێمـە تووشـیان نـابین. ناکرێـت لەسـەر ئەنجامەکەی دوودڵ بیت. بەڵام بێگومان ئێمەیش دەبێت ئامـادەبین بـۆ ئـەوەی دووچاری هەنـدێك زەرەر و زیـان ببـین. هــەر چـۆنێك دەیهێـنم و دەیبــەم و بـیری لـێ دەکەمەوە، ئەمە بەگژ یەکتردا هاتنێکی زۆر خوێناوی دەبێت. بەڵام کەسیش

بێ قوربانیدان هیچ بە هیچ ناکات. تێکبەربوونەکەیش تا ئەوپەڕی گرنگە، ئەوەندەیش کە بەبیردا بێت دەستپێکردنەکەیشی بڕیار لەسەر چۆنێتیی بەردەوامبوونی جەنگەکە دەدات. لەو هەلومەرجانەیشدا جێی خۆیەتی و دەبێت هەندێك قوربانی بدەیت.

تا دێت، زیاتر و زیاتر، گرنگی بەنهێنییەکانی هونەری جەنگ دەدەم، کە تا ئێستایش تا ڕادەیەك لێم پەنهان و شاردراوە بوون. گۆڕانکارییەکانی ژیانی مەیدانی جەنگ و سەختییەکانی تا ئەوپەڕی بەخۆیانەوە خەریکیان کردووم و دڵیان بردووم. تا حەزیش بکەیت هەبوونێکی سەرنجڕاکێش و دڵگیرە! چ ڕزگاربوونێکە بۆ لەش و ڕۆح، بۆت هەبێت بەشداری لە جەنگێکدا بکەیت. دەبیت بە کەسێکی تر. قەت هێندەی ئێستا کە هەستم بەدڵئاسوودەیی نەکردووە. هێند ئاسان هەناسە دەدەم، هەر مەپرسە. جموجوولیشم لەو ئاسانتر. وەك ئەوەی لەشم کێشی نەبێت.

لە ژیانمدا، قەت لەوەوپێش هێندە بەختەوەر نەبووم. بەجۆرێك وا هەست دەکەم کە هەرگیز لەوەوپێش بەختەوەر نەبووم.

کەواتە سبەینێ! سبەینێ!

وەك منداڵێك دڵی خۆمم، بەم تێکبەربوونە، خۆش کردووەو شاگەشکەبووم.

ئێستا زۆر بەپەلە چەند دێڕێك دەنووسمەوە.

سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە، سەرکەوتنێکی درەوشاوە! دوژمن پاشەکشێ دەکات و سەرلەبەری لەبەر یەك هەڵوەشاوە، بێهوودە لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەشەتێکشاوەکانی لەشکرەکەیدایە. ئێمەیش دوایان

کەوتووین! ڕێگای بەرەو شاری هەرگیزاو هەرگیز داگیرنەکراوی مۆنتانزا لەبەر پێماندا ئاوەڵایە.

هەر ئەوەندە کاروبارەکانی جەنگ ڕێم پێ بدەن بەدوورودرێژی باسی ئەو جەنگە سەیرەوسەمەرەیەتان بۆ دەگێڕمەوە.

ڕووداوەکان خۆیان دەدوێن — وشە هەموو گرنگیی خۆی لەدەست داوە. منیش قەڵەمەکەمم بەشمشێرەکەم گۆڕیوەتەوە.

دەورووبەرم نەختێك هێمن بووەتەوەو ئێستا دەتوانم بنووسم. شەڕەکان و بەرەو پێشچوونەیەك لەدوای یەکەکان بەدرێژایی کات، بۆ چەند ڕۆژێك، بەردەوام بوون و بێجگە لەوانەیش، بەهیچ جۆرێك، ناتوانیت بیر لەشتی تر بکەیتەوە. جارنا تەنانەت کاتی ئەوەیشمان نەبووە، شەوانە، خێوەتەکان هەڵبدەین، بەڵکو هەر لەمەیدانی جەنگدا، لەنێو دارکاژ و زەیتوونجارەکاندا، ماوینەتەوەو پاڵتۆکانمان لەخۆمانەوە پێچاون‌و سەرمان بەلای بەرداندا لار کردووەتەوە. چ ژیانێکی بەشکۆیەئەم ژیانە! بەڵام ئێستا، وەکو وتم، نەختێك هێمن بووەتەوە. میرم دەڵێت کە پێویستمان بەنەختێك پشوودان هەیە– ڕەنگەڕاستیش بکات. سەرکەوتنە بەردەوامەکانیش لەکۆتاییدا لەسەر هێز و بڕستمان دەکەون.

ئێستا تەنیا نیومیل لە شارەوە دوورین و دەیبینین چۆن شار، بەخۆی و بورج و نیشانگەکانیەوە، لەبەر پێیەکانماندا کەوتووەو کڵێسا و بورجی زەنگەکان و قەڵای کۆنی مۆنتانزایش دەبینین کە لەسەر بەرزاییەك، لەنێوەڕاستی کۆمەڵەخانوویەکی ناچیزتردا، هەڵکەوتووەو هەموویشیان بە دیوارێکی بەرز دەورەدراون –لانەیەکی ڕاستەقینەی چەتەو دزان. گوێمان لە

زایەڵەی زەنگی کڵێساکانیشە، ڕەنگەبۆ نزا و پاڕانەوەلێ بدرێن تا خوا بە هانایانەوە بێت و ڕزگاریان بکات. ئێمەیش دەبێت هەر چییەك لە دەستمان دێت بیکەین تائەو هەلەیان بۆ نەڕەخسێت. ئیل تۆرۆ هەرچییەك لە لە شکرەکەی ماوەتەوە لێرەدا، لەبەردەمی ئێمەدا — لەنێوان ئێمەو شاردا، کۆی کردووەتەوە. ئەمجارەیشیان سەرئەنجامی شەڕەکەڕوون و ئاشکرایە. چەند سەرلەشکرێکی گەورەو گرانیش بێت، ناتوانێت خۆی لەوەنەبان بکات کە تووشی بووەبەتووشی چ ڕۆژێکی ڕەشەوەو چ بێهواییەکیش لەو بارودۆخەکەدا هەیە کە دووچاری بووە. ئاشکرایشە هەموو دەستەڵاتی خۆی و سەرلەبەری هێز و توانای خۆی دەخاتەکار بۆ ئەوەی خۆی لە چارەنووسی خۆی لا بدات. ئەمە دوا هەوڵی ئەوە بۆ ڕزگارکردنی شارەکەی.

هەوڵێکی تا ڕادەیەك بێمانا. تازە چارەنووسی بنەماڵەی مۆنتانزا بەیانییەکی مێژوویی و نزیکەی هەفتەیەك لەمەو پێش بڕیاری لەسەر درا و بڕایەوە، ئێستایش هەر هێندەی ماوەتەوە بگاتە دوا هەواری خۆی.

من لێرەدا هەوڵ دەدەم بە دوورو درێژی و هێندەی جێی باوەڕ بێت باسی ئەو جەنگەگەورەو بێمانەندەتان بۆ بگێڕمەوە.

شەڕ بەوەدەستی پێکرد کە هەردوو لەشکر هاوکات پەلاماریان دا، ڕێك وەك ئەوەی خۆم پێشبینیم کردبوو. لێرەوە، لەسەر گردەکانەوە، دیمەنێکی پڕ لەشکۆمەندی و ئاهەنگێك بوو چاو و گشت هەستەکانی کردبووەوە. مۆسیقای جەنگ لێدرا، پەرچەمەکان کرانەوە و هەڵکران، ئاڵاکان بەسەر ڕیزە ڕێکوپێك و ڕەنگاوڕەنگەکاندا دەشەکانەوە. بەدەم ناڵەی دەنگی کەڕەنا زیوینەکەوە بەسەر ئەو دەشتودەرەدا، کە تازەکی خۆری لێ

هەڵهاتبوو، هێزی پیادە بەسەر لاپاڵەکاندا بەرەو خوار هورووژمیان برد. دوژمن لەڕیزەچڕوپڕ و تا ڕادەیەکیش ترسناکەکانی خۆیدا چاوەڕوانیان بوون و هەر ئەوەندە ئەم بەرەنگارە تەیارانە بەتەواوی کەرەستەی جەنگییەوە بەیەکتر گەیشتن، ئیتر تێك پرژان و شەڕی دەستەو یەخە دەستی پێکرد. هەر لەگەڵ دەستپێکیشدا شەڕ شەڕ نەبوو، شەڕێکی خوێناوی بوو. دەتبینی خەڵك لەهەردوو لا بەر دەکەوتن و دەکەوتن، بریندارانیش، کەهەوڵیان دەدا خۆیان لەشەڕەکەدابڕن، یا دەکوژران یا سووك و ئاسان دەبوون بەژێر دەستوپێوەو هاوار و ناڵەناڵیش، وەك هەر کاتێکی تری ئاسایی، لەگەڵ بەیەکدا هەڵپرژانەکاندا بەر گوێمان دەکەون. شەڕەکەجارنا بەملادا و جارنا بەولادا دەکەوتەوەو لەوە دەچوو لە هەندێك جێ جڵەوی بە دەست ئێمەوەو لە هەندێکی تر لەژێر ڕکێفی بەرەنگاریکەراندا بێت. لە سەرەتادا بۆکارۆسا خۆی وا پێشان دەدا کەلەسەر هەمان هێڵی ئێمە دەجەنگێت، بەڵام هێدی هێدی ڕیزەکانی لەشکرەکەی کەوانەیەکی فراوانیان بەدەوری دوژمندا دروست کرد و دەستیان کرد بە پەلاماردانیان لە هەردوو بەرەی ڕاست و چەپەوە. لەوەیش دەچوو دوژمن بەشێوەیەکی کتوپڕ و سەرسووڕهێن بەسەر ئەم جێگۆڕکێ ترسناکەی هێزەکانی ئەودا کەوتبێتەوەو دووچاری زەحمەتییەکی زۆر بووبێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لێ بپارێزێت. سەرکەوتن، هەر نەبێت لەچاوی منەوە،هێندەی نەمابوو. ئەوسایش شەڕ چەند سەعاتێك بەردەوام بوو بوو و خۆریش گەیشتبووە چەقی ئاسمان و بەسەر سەریانەوە وەستا بوو.

لەپڕێکدا شتێکی ترسناک ڕوویدا. ڕیزەکانمان؛ ئەوانەی لەنزیکی ڕووبارەکەوە بوون، دەستیان بەپاشەکشێ کرد. لەبەر تەوژمێک کە لە بەرەی دەستەڕاستی لەشکرەکەی ئیل تۆرۆوە خرا بووە سەریان، خۆیان نەگرت و بەزۆر، بەرەبەرە، بەبێ ئەوەی لەچەند هەوڵێکی ئیفلیج و ناشیبانەی دەست و پێ وەشاندن زیاتر هیچی تریان بۆ خۆپاراستن لە دەست ببێتەوە، بەرەودوا کشانەوە. لەوە دەچوو بەتەواوەتی ئارەزووی شەڕکردنیان لەدەست دابێت. تا دەهات دەکشانەوەو پاشەکشێیان دەکرد، ئاشکرایشە هێند لەمردن ترسابوون، کە ئامادەبوون هەر شتێکی تر لەبریی مردن هەڵبژێرن. باوەڕم بەچاوەکانی خۆم نەدەکرد. نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کە لەو خوارەوەچی ڕوویداوە، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی کە ئێمە بە ڕاستی زۆر لەوان بالا دەستتر بووین، تەنانەت دوو ئەوەندەی هێزەکەی ئەوان دەبووین. لەبەرانبەر ئەو ترسنۆکییەی ئەواندا، کەبەمێشکدا نەدەچوو، هەستم دەکرد چۆن، لەشەرماندا، خوێنی لەشم هاتۆتەکوڵ. گرژ و تووڕەبووبووم، دەمقیژاند، لەجێی خۆم سمکۆڵانم دەکرد، لە بێدەستەڵاتیدا، بەوپەڕی تووڕەیییەوە، دەستەکانم کردبوونەمشت و بەڕووی ئەواندا هەڵمبڕیبوون، تووک و جوێنم بەسەردا دەباراندن و – بەوپەڕی ڕقوکینەوەدەمقیژاند. بەڵام بەچی دەچێت! ئەوان گوێیان لەمن نەبوو و – لەسەر پاشەکشەی خۆیان بەردەوام بوون. پێم وا بوو ها ئێستا نا نەختێکی تر شێت دەبم. کەسیش بەهانایانەوە نەدەهات! وا پێ دەچوو کەس تێبینیی ئەو بارودۆخە سەخت و گیرەنەکات کە دووچاری بووبوون. ئەوانیش

لەمـەزیاتر شـایانی هیچـی تـر نـەبوون و بـاری شـانیان هـەر ئەوەنـدەی هەڵدەگرت!

لە پڕێکدا چاوم بەمیرم کەوت، کە ڕێبەرایەتی نێوەندی دەکرد، ئیشارەی بۆ هەندێك لەپەلەکانی لەشکرەکەمان کرد کەلەپشتی ئەوانـەوەڕیز بووبوون. ئـەوانیش بـەرەوپێش و لەپاڵـەوە، بەئاڕاسـتەی ڕووبارەکـە، کەوتنـەڕێ و بەوپەڕی هێزی خۆیانەوە خۆیان بەنێو ڕیزەکانی دوژمندا کرد و بەبێ ئـەوەی هـیچ شـتێکیش بتوانێـت بـەریان پـێ بگرێـت، پێیانـدا ڕەت بـوون، هـەنگاو بەهەنگاو، بەدەم شەڕکردنەوە، لە کەناری ڕووبارەکەنزیك و نزیکتر بوونـەوە، تـا ئـەوەی بـەدەم نەڕەنـەڕ و هـاواری شـادی و خۆشـییەوە، گەیشتنەسـەر ڕووبارەکە. ئیتر کشانەوەی دوژمن کاری کردەنـی نـەبوو! نزیکـەی پێـنج تـا حەوتسەد لە پیاوەکانیان بەتەواوی تەوق دران. وەك ئـەوەی هـەر هـەموویان لە گونێیەکیش ئاخنرابن لەدەوری یەکتر کۆ بووبوونـەوەو لـە قڕکـردن زیـاتر شتێکی تریان لەبەردەمدا نەمابووەوە.

بە تەواوی سەرم سـووڕ مـابوو و لـە جێیەکـەی خـۆم ڕاوەسـتابووم. ئـەم فێڵوتەڵەکەیـەی جـەنگ بـەبیری منـدا نـەهاتبوو. بەترسـنۆکیم زانیبـوو. دڵـم کـەوتبووە تەپەتـەپ، لەخۆشـیاندا سـنگم هەڵئاوسـا بـوو. دوای ئـەو گوشارەترسناکەدەست و دڵم کرانەوەو هەستم کرد ڕزگار بووم.

ئێسـتا ئـیتر دیمەنـەکان تێکـەڵی یـەکتر بـوون و هەمـەجۆر دەنوێنن. لـە هەموو لایەکەوە هێزەکانمان بەریان لـەهێزەکانی دوژمـن تـەنگ کردبـووەوەو دوژمـنی لەگشـت لاوە ئابڵووقـە دراویـش بـەرەو جێیـەکی بچـووکتر، کـە کەوتبووە نێوان هێڵەکانی جـەنگ و کـەناری ڕووبارەکـەوە، دەکشـانەوە. تـا

ئـەوەی لەئەنجامـدا هێزەکانیـان هێنـد چڕوپڕ تێـك ئـاڵان کەبەزەحمـەت دەیـانتوانی لـەجێی خۆیانـدا بجـووڵێن و ئێمـەیش بەوپـەڕی باڵادەستییەوە کەوتبووینە قەلاچۆکردنیان. کوشتارێك بوو ئەوسەری دیار نەبوو، کوشتارێك کـە هـەرگیز لـەوەو پـێش نـەمبینیبوو. هـەر بەتـەنیا کوشـتار نـەبوو، لـە کوشتاریش خـراپتر، چونکە ناچاریش بـوون بـەرەو ڕووبارەکـە پاشـەوپاش بگەڕێنـەوەو بەگەلـە لێیـان دەکەوتـە نـاو ڕووبارەکـەوەو وەك پشـیلەتێیدا دەخنکـان. لـە گێژاوەکانـدا خـەریکی خۆڕزگـارکردن بـوون، دەسـتوپلیان بەدەوروبەری خۆیاندا ڕادەوەشاندن، بێهـوودە هـاواری یارمـەتییان دەکـرد و چیی تر لە توانایاندا نەمابوو وەك جەنگاوەران هەڵسوکەوت بکـەن. زۆربـەی زۆریان مەلەیان نەدەزانی، وەك ئەوە بـوو قـەت لـەوەوپێش ئاویـان بەچـاوی خۆیان نەبینیبێت. ئەوانەی سەر ئـاو دەکـەوتن و لـە هـەوڵی خۆڕزگارکردنـدا بوون یەکاندوو دەکوژران و ئەوانـەیش کـە هـەوڵیان دەدا بەچنگەڕنێ بـەرەو کەنارەکـەی ئەوبـەر ببنـەوە، بـەر تـەوژم و قەڵبـەزەی ئاوەکـە دەکـەوتن و لەگـەڵ خۆیـدا دەیـبردن. ڕاسـتییەکەی کەسـیان هێنـد بـەخت یـاری نـەبوو بتوانێت خۆی دەرباز بکات.

ئیتر لە جێی ئاوڕووچوون، سەرکەوتنێکی شایان و شایانەمان بە دەست هێنا!

ڕووداوەکـان زەبروزەنگیـان لـێ دەبـاری و زۆر توندوتیـژتر بووبـوون. باهۆزی شەڕوپێکدادانیش نێوەندی جەنگی گرتبووەوەو لە دوژمـن پـاك کـرا بـووەوە، بـەرەی دەستەچـەپیش هـەروەها، لـە بـەرەی دەستەڕاسـتەوە پەلەکانی بۆ کارۆسا بە شێتگیرییەکی نوێ و بە هێزترەوە کەوتبوونـە سـەرو

پۆتەڵاکی دوژمن. لە تەپۆڵکەکانیشەوە سوارچاکانی سەرحاڵ و تا ئەوسا بەشداری جەنگ نەبوو، بە خۆیان و نیرەکانیانەوە بەرەوخوار هورووژمیان دەبرد و بەوپەڕی هێزەوە تێکەڵاوی جەنگ دەبوون، کارێکیان بەهێزە تێکشکاو و لەپەلوپۆکەوتووەکانی ئیل تۆرۆ، دەکرد با بەدەواری شەڕ و سەرما بەهەتیووی نەکردبێت. هێندەی نەبرد و ئەوەی لەبەرەی بەرەنگاربوونەوەیان مابووەوە شلوشەوێق کەوتن و ملنەوی پاشەوپاش کشانەوە. ئێمەیش بە پێشڕەویی سوارچاکانمان دەستمان بەڕاوە دوونانیان کرد، تا بتوانین لەو سەرکەوتنە بێمانەندەمان سوودمەند بین. میریشم، دیار و ئاشکرا بوو، کە دەیویست بەهەموو شێوەیەك سوود لەو هەل و هەڵکەوتانە وەربگرێت کە لەبەر دەستدا بوون. بەشێك لە لە شکرەکەمان، هەم پیادەڕۆیان و هەم سوارچاکان، بەئاراستەیەکی تر، لەبەشەکانی تری لەشکر جیا کرانەوە و بەلایەکدا بەڕێ کەوتن، ئەوەیش دیار و ئاشکرا بوو، بۆ ئەوەبوو لەلاوەبەهەرچییەك دەستیان پێیان ڕادەگەیشت تیر و ڕم بارانی دوژمن بکەن. ئێمە، لێرەوە، چیی تر نەماندەتوانی ببینین کە چۆن شەڕ و پێکدادانەکان بەڕێوەدەچوون، چون چیاکان بەری چاویان گرتبووین. هێندەی نەبرد و هەرچییەك کەلەوەوپێش دەمانبینین لەنێو چیا بەمێوداپۆشراوەکانی ئەوبەری دەشتەکەدا، کە هێشتا پێکدادان و بەیەکتر هەڵپرژانەکان بەردەوام بوون، ون بوون.

گوڕوتین و جموجووڵ لە نێو ئێمەیشدا، لەم سەرەوە، لەنێو خێوەتەکاندا، دەستیان پێ کردبوو. ئەسپان لە گالیسکەکانیان بەستران و بەپەلەیش هەرچییەك لەو نێوەدا هەبوو، هەر لەچەك و تەقەمەنییەوەتا

کەرەستەی جەنگیی هەمەجۆر، لێیان بار کران، خەڵکی تێک چرژابوون، دەبوو هەرچی هەیەو نییەبار بکرێن. من لەگەڵ ئەو گالیسکەیەدا کە خێوەتەکەی میرمی تێدا پێچرابووەوە، لەپشتەوە، سوار بووم. کەڕەنا لێدرا و جموجووڵ بەلاپاڵی گردەکەدا، بەرەوخوار، بەرەو مەیدانی جەنگ، دەستی پێکرد. ئەو ناوەچۆڵ و وێرانەیەك بوو بۆ خۆی، تەنیا کوژراو و بریندارانی لێ مابووەوە. هێندە چرۆپرێش لەپاڵ یەکتردا کەوتبوون، کە نەماندەتوانی بەرەوپێش برۆین و جارنا، ناچار بووین بەسەریاندا بازۆین. زۆربەیان کوژرا بوون، بەڵام ئەوانی تر بەیەك دەنگ گلە و سکاڵایان دەکرد و دەیانناڵاند. جەنگاوەرەبریندارەکانی خۆمان هاواریان لێمان دەکرد تا لەگەڵ خۆماندا بیانبەین، بەڵام نەدەکرا و ئێمە دەبوو پەلە بکەین تا بەلەشکرەکەمان بگەینەوە. شەڕ پیاوان بار دەهێنێت و لەگەڵ هەموو شتێك ڕایاندەهێنێت. بەڵام لەوەو پێش قەت تووشی شتی وا نەهاتبووم. ئەسپانیش لەملا و لەولا و لەنێو کەلاشەکانی تردا کەوتبوون. بەلای یەکێکیاندا تێپەڕین کەورگی هەڵدڕابوو و ڕێخۆڵەکانیشی لەورگیەوە شۆڕ بووبوونەوەو لە تەنیشتیەوە کەوتبوون. بەتەواوی دڵم بەو دیمەنە تێکهەڵات و هێندەی نەمابوو بڕشێمەوە. تووشی چی بوو بووم، نازانم! ئیتر هاوارم لە گالیسکەوان کرد خێراتر لێخوڕێت و ئەویش شلقەی لە قامچییەکەی هەڵساند و گالیسکەبەگوڕتر کەوتەڕێ.

سەیرە. زۆر جاران هەستم بەوەکردووە لەهەندێك ڕووەوە زۆر هەستیارم. ڕاستییەکەی هەندێك شت هەن ناتوانم سەیریان بکەم. هەر جارێکیش کە بیر لەورگوڕیخۆڵەی فرانسێسکۆ دەکەمەوە، هەست بەهەمان

شت دەکەم. لەوەیە، خۆی لەخۆیدا، هەندێك شتی هەر زۆر سروشتی، ڕاستییەکەی بەشێوەیەکی سەیر هێڵنجهێن، بێت.

ڕۆژ خەریکە ئاوا دەبێت. ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆیش کۆتاییەکی هەر هەیە. خۆر کەنەختێك لە دەستە چەپەوە بەسەر چیاکانەوە وەستابوو، تیرێژەکانی خۆی فڕێ دابووە سەر مەیدانی جەنگەکە کە شاهیدی ئەو هەموو قارەمانیو شکۆمەندی و تێکشکانەبووبوو. لە کاتێکدا بەدەم هەڵتەکهەڵتەکی گالیسکەکەوە دانیشتبووم و بیرم لە ڕووداوەکان دەکردەوە، بوولێڵی ئێوارە باڵی بەسەر مەیدانی جەنگدا کێشا.

تاریکی باڵی بەسەر ئەم دیمەنەدا کێشا و دیمەنەکانی ئەو دراما خوێناوییەیش بوو بوون بە بەشێك لەمێژوو.

بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك، چون بارانێك بەخوڕ دایکردووەو نابڕێتەوە، کاتێکی زۆر و زەوەندم بۆ نووسین دەست کەوتووە. بەدرێژایی ڕۆژ، وەك ئەوەی بەری ئاسمان ئاوەڵا بووبێت، باران دەبارێت و بەڵام چ بارینێك. ڕێژنەیەکەئەوسەری نادیار و نابڕێتەوە.

ئەمجا چ دەردیسەرییەکە! خاووخلیچکی و پیسوپۆخڵی باڵی بەسەر ئۆردووگادا کێشاوە. ڕێی نێوان خێوەتەکان قوڕوچڵپاوێکە تا سەر ئەژنۆ دێت و ڕیخ و تەرسی ئەسپەکانیش سەر قوڕوچڵپاوەکە کەوتوون. دەست دەدەیتە هەر شتێك تەڕ و لەقوڕ و پیسی هەڵکێشراوەو هیچت لەگەڵدا پێ ناکرێت. هەر ئەوەندە نەختێك بچیتە دەرەوە، باران سەراپات دەشواتەوە. بانی خێوەتیش دڵۆپە دەکات و ناوەوەیش بەتەواوی تەڕ بووە. بێگومان ئەمە ناخۆشەو سەروسەکوتی زۆربەی خەڵکەکەیشی بەیەکدا داوە. هەموو

ئێوارەیەك بەهیوای ئەوەین سبەینێ هەوا خۆش ببێت، بەڵام هەر کە لە خەو هەڵدەستین، دیسان گوێمان بە خرمە خرمی بارانی سەر خێوەتەکان دەکرێنەوە.

من تێناگەم ئەم بارانە دوابڕاو و بەردەوامە چ خێرێکی هەیە. چ کەڵکێك دەگرێت، لەوە زیاتر کەڕێ بە جەنگ و بەردەوامبوونی بگرێت. ئێستایش کە دەتوانین بەروبوومی سەرکەوتنە گەورەکانمان بچنینەوە، ئەم بارانبارینەی لە چییە!

جەنگاوەران وەڕسن. یا خەوتوون یا خەریکی زارهەڵدانن، هەر لەبەر ئەمەیش، بەو جۆرە، هیچ کەشوهەوایەکی شەڕکردن لەئارادا نییە و لە دەستدانی حەز و ئارەزوویش لەو لاوە بوەستێت. بەدڵنیاییەوە، ئا لەم کاتەدا، ئیل تۆرۆ هێزەکانی خۆی بەهێز دەکات و هیچ گومانێك لەمەدا نییە، لەکاتێکدا کەئێمە، بەم شێوەیەی هەین، بەهێزتر نابین. من لەم بارەیەوە نیگەران نیم، بەڵام، هەر چۆنێك بێت، کە بیری لێ دەکەمەوە، جۆرە خەمینییەك دامدەگرێت.

هیچ شتێك وەك باران زیان بەهەستونەستی لەشکرێك ناگەیەنێت. ئەوەی لەجەنگێکدا دەبینرێت و لەئارادایە کۆتایی دێت و گرشە و ورشە لە هیچ شتێکدا نامێنێت و جموجووڵ و هەرچی بریقوباقێك کە بە جەنگەوە پێوەستن، لەنێو دەچن. شکۆ و نەوەردیش هەروەها. بەڵام دەبێت لە بەرانبەر تێگەیشتنێکی وا لەجەنگ کە وەك ئەوەی سەرلەبەری لە ئاهەنگێك زیاتر نەبێت بوەستینەوە. جەنگ ڕابواردن نییەو گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێت. جەنگ خوێن، مەرگ، تێکشکان و قڕکردنە. کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ

دوژمنێکدا کە لە خۆت بندەستتر بێت، هێندەخۆش نییە. دەبێت بەرگەی هەموو شتێك بگریت. بارگرانی، نەهامەتی و ئازارچێشتن بەهەموو جۆرەکانیانەوە. ئەمەیش پێویستییەکە، کە ناتوانیت خۆتی لێ نەبان بکەیت.

لەوانەیە ئەگەر ئەم وەڕسییە لە نێو هێزەکانماندا بڵاو ببێتەوە، ئەنجامێکی خراپی هەبێت. ئێمە هێشتا، پێش ئەوەی بە دواسەرکەوتن بگەین، زۆرمان بەدەستەوەیەو کەممان دەرخستووە. دوژمن، ئەگەرچی هێندەی نەماوە، بەڵام بە تەواوی تێکوپێك نەشکێنراوە، نەبەزیوە. ناچاریشین دەبێت دان بەوەدا بنێین کەوریایانەدوای ئەو شکستە ترسناکەی لەسەر ڕووبارەکە تووشی بوو، کشایەوەو خۆی لە دەستمان ڕزگار کرد. ئێستایش، وەکو وتم، بەدڵنیاییەوە، دیسان خەریکی کۆکردنەوەی خەڵکی ترە. ئێمەیش پێویستمان بەهەمان گوڕوتینی پێشووی شەڕکردن هەیە، تا بتوانین بەیەکجارەکی ڕەگوڕیشەی لەبنوبێخ هەڵبکێشین.

سەرباری ئەمەیش هیچ وەڕسییەك لەمیرمەوە نابینرێت. ئەو لەوانەیە کە بەڕاستی حەزی لەجەنگە- بەهەموو شێوەکانیەوە. ئارام و دڵنیا و کاری و هەمیشەیش لەسەر هەمان خدەوخووی درەوشاوەو هاوسەنگیی خۆیەتی. پڕ لەبوێری و دڵنیایشە لەسەرکەوتنی بێ چەند و چۆن. جەنگاوەرێکە لەبەر هیچ شتێك ناپرینگێتەوە! ڕاستییەکەی، لە مەیدانی جەنگیشدا، من ئەو و ئەو من و تا بڵێیت لەیەك دەچین.

تەنیا شتێك لەدژی ئەو هەمبێت کەناتوانم قەت لێی ببوورم و هەمیشەبووەبەهۆکاری تاڵترین لۆمەو سەرزەنشت لەلایەن منەوە بەرانبەر

بەو، ئەوەیەکەناهێڵێت بەشداری جەنگ ببم. تێناگەم بۆ ئەمەم پێ ڕەوا نابینێت! بۆ ڕێم لێ دەگرێت! بەر لەهەر پێکدادانێکیش، سواڵی لێ دەکەم و لێی دەپاڕێمەوە، تەنانەت جارێکیان لەبەردەمیدا کەوتمەسەر چۆکان و بەدەم لووشکە لووشك و گریانەوە باوەشم بە هەردوو قاچیدا کرد، بەڵام ئەو وا پێشان دەدات کە نایەوێت گوێی لەو قسانەم بێت، یا بەدەم زەردەخەنەوە دەڵێت کە نرخی من بۆ ئەو تەواو نابێت، یا ئەوەی کەئەگەر نەبادا شتێکم بەسەردا بێت. شتم بە سەردا بێت! خۆ منیش لەوە زیاترم ناوێت! ئەو لەوە تێناگات کە ئەمەچ گرنگییەکی بۆ من هەیە. کە من بەڕۆح و بەدڵ، لە هەر کەسێکی تری نێو لەشکرەکەی ئەو، لە هەموویشیان بە سوێتر و گەرموگوڕتر، ئارەزووی جەنگ دەکەم. جەنگ بۆ من گاڵتەی منالان نییە و گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێت. خوێنە، خوێن! دەمەوێت شەڕ بکەم، دەمەوێت بکوژم! بۆ ئەوەنا خۆم لەنێو ناوناندا بنوێنم، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لەجەنگداڕوو دەدات، لەبەر کردەو کۆشی جەنگ خۆی. دەمەوێت خەڵك ببینم دەکوژرێن، لەو جێیەدا لێی ڕاوەستاوم، مردن و وێرانکاری و بەزین ببینم. ئەو نازانێت من کێم! هەر بۆیە هەر ئەوەندەڕێم پێ دەدات یەك لەدوای یەك لیوانی شەرابی بۆ ڕابگرم و ئاگام لێی بێت، تەنانەت ڕێشم نادات لەخێوەتەکان دوور بکەومەوەو تێکەڵ بە ئاپۆرەی جەنگاوەران ببم و ئەوەیش تەنیا شتێکە کە هەمیشەو پڕ بە دڵ ئارەزووی دەکەم و بۆی دەسووتێم. کەواتە هەر ئەوەندەم بۆ هەیە لەجێیەکەی خۆمدا بوەستم و کاتێك ئەوانەی تر خەریکی شەڕ و پێکدادانن، کە هەموو بیر و هۆشمیان بە خۆیانەوە خەریك کردووە، تەماشایان بکەم و بۆ خۆیشم نەتوانم قەت تێیاندا

بەشدار بم. ئەمەتا ئەو پەڕی سووکایەتیپێکردنە، سووکایەتییەك کە نەك من کەسی تر بەرگەی ناگرێت. ئەوی ڕاستیش بێت هێشتا هیچ کەس، تاکە کەسێکیشم، نەکوشتووە! ئەویش نازانێت بە مەچ سوێیەکی کردووەتە دڵمەوەو چۆن بە دەستیەوە ئازار دەکێشم.

لەبەر ئەمە بە تەواوی ڕاستگۆ نیم کەوا خۆم پێشان دەدەم بەڕاستی بەختەوەرم.

هەروەها بێجگە لە میرم خەڵکی تریش هەست بەحەز و ئارەزووی من بۆ شەڕکردن دەکەن. بەڵام ئەوانیش، وەك میرم، نازانن کە ئەمە بۆ من چەند گرنگەو چەند بەنێومدا ڕەگاژۆ بووە. ئەوان هەر ئەوەندە دەبینن کە من بەشمشێر و کەرەستەی جەنگییەوە بەو نێوەدا دێم و دەچم و سەرنجیان هەر بەلای ئەوەدا ڕادەکێشرێت. هەر چۆنێکیش لەخۆم و لە بەشداریکردنم لە جەنگدا تێدەگەن هیچ گرنگییەکی بۆ من نییە و نەك ئەوان، مێشیش میوانم نین.

بێگومان زۆر کەس لێرەهەن کە هەر زۆر چاك دەیانناسم. پیاوانی دەربار و ئەوانەی کەهەمیشەلەدەربار بینیوومن، جەنگاوەرانی بە نێوودەنگی بنەماڵە بە ناوبانگەکان کە بەدرێژایی ڕۆژگاران بە هۆی ئەو جەنگانەوە کە تێیاندا بەشدار بوون لە نێو خەڵکدا دەرکەوتن، پیاوانی باڵادەست کە هەر لەبەر جێوڕێی تایبەتی خۆیان ئەرکی سەر لەشکرییان پێسپێردراوە. سەر لەشکرە ڕاستەقینەو بە دەستەڵاتەکانیش زۆر چاك دەناسم و بێگومان ئەوانیش من دەناسن. هەر ئەوانیشن کە شانبەشانی میرم پێشڕەوی

ڕاستەقینەی جەنگن. دەبێت ئەوەیش بڵێین کە کۆمەڵێك لەنەجیبزادانی کەونارای کارا و کارامەی جەنگ دەوری میرمیان داوە.

شتێك کە تا ڕادەیەك تووڕەی کردووم ئەوەیە کە دۆن ڕیکاردۆیش لەم جەنگەدا بەشدارە. خۆهەڵکێش و لافلێدەر سەر لە هەموو شوێنێکەوە دەردەهێنێت، بەتایبەت لە نزیکی میرمەوەو جارجاریش بە بیر و قسە بێسەروبەرەکانی ئەو خەڵکەی دەوروبەرمان دەهێنێتە پێکەنینێکی بێتام و نابەجێ. بەخۆی و پێستە تەڕوبڕەکەیەوە کە لە پێستی جووتیارێك دەچێت و ڕەنگێکی ئاڵ و کراوەی هەیەو بە ددانەسپییەکانیەوە کە هەمیشە پێشانیان دەدات، چونکە بەدەم هەموو شتێکەوە پێدەکەنێت، لە کەسێکی گەلۆری نائاسایی نەبێت لە هیچی تر ناچێت. تەنیا سەرڕاوەشان و ئەو خووەی کە هەمیشە خەریکی لوول و پێچدانی ڕیشەڕەش و لوولەکەیەتی، بەسن بۆ ئەوەی ڕقت لەسەیرکردنی ببێتەوە. تێناگەم میرم چۆن دەتوانێت لەگەڵ ئەمەدا هەڵبکات.

بێگومان، لەمەیش زیاتر، لەوەیان تێناگەم کە میرژن چۆن دەتوانێت شتێکی سەرنجڕاکێش لەودا ببینێت، کە سەرباری بنوبنەچە زۆر و زەوەندەکانی، لەکەسێکی بوودەڵەزیاتر نییە. بەڵام ئەمیان پێوەندی بەمنەوەنییەو ئێرەیش جێی ئەوەنییە. ڕاستییەکەی هیچ گرنگییەکیشم بۆی نییە.

کە باسی ئەوەیش دەکرێت کەسێکی ئازایە، سووك و ئاسان، تێناگەیت مەبەست لەو ئازاییەی ئەو چییە. هەر نەبێت من لەمە تێناگەم. ئەو وەك هەموو ئەوانی تر لەشەڕی سەر ڕووبارەکەدا بەشدار بوو، بەڵام بە هیچ

جۆرێك پێموانییە لەوانی تر جیا بووبێت و لەوانیش زیاتری لە دەست هاتبێت. من خۆم هیچم بەچاوی خۆم لێ نەبینی. ڕەنگە ئەو بۆ خۆی باسی ئازایی خۆی بکات و چونکە خەڵکیش، هەر ئەوەندەی دەم بکاتەوە، دەبێت بەردەوام گوێ بۆ قسەکانی شل بکەن، سەرکەوتنی لەوەدا بە دەست هێنابێت خەڵك بڕوای پێ بکەن. من یەك بەخۆم بۆ چاوترووکانێکیش باوەڕم بەوە نییە ئازا بووبێت. ڕاستییەکەی ئەو تا سەر ئێسقان شانی پێدا دەکات و لەوەیش زیاتر نییە.

ئەو ئازا بێت! هەر بیری لێ مەکەرەوە!

نەخێر! ئەگەر ئازا هەبێت، میرمەو کەسی تر نا. نێڵەنێڵ و گەرمەی جەنگ لەکوێ بێت، ئەو لەوێیە. ئەسپەسپییەکەی و کڵاوە پلپڵەدار و ڕازاوەکەی بەئاسانی و هەمیشە لە نێو ئاپۆرەی جەنگاوەراندا دەناسرێنەوەو دوژمنیش، ئەگەر بیەوێت فرسەتی لێ بێنێت، دەیانبینێت، ئەو بەردەوام ژیانی خۆی دەخاتەمەترسییەوە. ئەم هەر لەبەر ئەوەی شەڕی خۆش دەوێت، شەڕ دەکات، ئەمەیش، کە حەزی لێ دەکات و دڵی پێی خۆش دەبێت، زۆر بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت. بێگومان بۆکۆرۆسایش ئازایە. دەمەوێت بڵێم — هێندەی پێوەند بێت بەوەوە نازانیت ئاخۆ ئەوەی ئەو ئازاییەیا نا! ئەو، خۆم نەمبینیوەو بۆیان گێڕاومەتەوە، دەچێتەپێشەوە، چوونەپێشەوەیەك کە تەنانەت ترس و بیم دەخاتە دڵی بارهاتووترین جەنگاوەرەوە. ئەو ترس و بیمەیش لەوەوە نییە ئەو لەکاتی شەڕکردندا دەبێت بە کەسێکی دڕ و گرژ و تووڕە، بەڵکو لەوەوەیە کە بەدەمی داخراوەوە بەکاری خۆیەوە خەریك دەبێت، بەشێوازی تایبەتی خۆی و

بەوپەڕی خوێنساردیشەوە دەکەوێتە کوشتوبڕ و لە نێوبردنی دوژمنەکانی. زۆربەی جاریش، وەك ئەوەی بیەوێت لە قوربانییەکانی نزیکتر ببێتەوە، بەپێوەشەڕ دەکات. لەوە دەچێت حەزی لەکوشتار و قڕکردن بێت. شێوازی شەڕکردنی میرم و ئەوانی تر، لەپاڵ شێوازی ئەمەوە، زیاتر لە یارییەکی منالاندەچێت. من بۆ خۆم ئەمەم نەبینیوە، لە کاتێکدا هەمیشە لە جەنگەوە زۆر دوور بووم تا بەڕاستی بتوانم سەرنجی لێ بدەم، بەڵکو تەنیا گوێم لێی بووە کە گێڕاویانەتەوە. نایشتوانم بڵێم بەچ شێوەیەك خەفەتم بەمە خواردووە کە ناتوانم شتێکی وا بەچاوی خۆم ببینم.

پیاوانی وەکو میرم و ئەو ئازان، هەر یەکەو بەشێوەی خۆی. بەڵام دۆن ڕێکاردۆ! ناوهێنانی ئەم لەگەڵ ئەواندا هەر بۆ پێکەنین باشەو هیچی تر نا.

بۆکارۆسایش وەك هێزەکانی حەزی لەسووتاندن، وێرانکردن و تالانکردنی هەر خاکێکەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت، زۆر لەوە زیاتر کە میرم، لەسەروکاری جەنگدا، بەپێویستی دەزانێت. ئەگەرچی ئەمیش، بێگومان، وێرانکردن بەپێویست دەزانێت. بەهەر جێیەکیشدا تێپەڕ بووبن، بەدەگمەن نەبووبێت، زیندوویەکیان لە پاش خۆیان بەجێ نەهێشتووە. دەڵێن میرم و بەکرێگیراوەکەی بیروڕایان لەم بارەیەوە جیاوازە. دەبێت ئەوەیش بڵێم کەئەمەزیاتر بەلای تێگەیشتنی بۆکارۆسادا دەشکێتەوە. خاکی دوژمنان، خاکی دوژمنانەو هەر دەبێت بەو جۆرەیش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. ئەمەیاسای جەنگە و براوەتەوە. پێشدەچێت یاسایەکی پڕ گووج وستەم بێت، بەڵام جەنگ و ستەمیش هاوتای یەکن، نایشتوانرێت هیچی لەگەڵدا بکرێت. ئەوانەی لەگەڵیاندا لەشەڕدایت دەبێت خۆیان قڕ بکرێن و

خاكيشيان وێران، تا نەتوانن ڕابنەوە. دەكرێت زۆر ترسناكیش بێت ئەگەر بێت و لەدوای خۆتەوەمەكۆی بەرگریكردن بەجێ بهێڵێت، دەبێت ئەوەبزانیت كە دەبێت پشتت ئاوەڵا و خۆیشت دڵنیا بیت. من دڵنیام كە بۆكارۆسا لەسەر هەقە.

جارجار، میرم، لەبیری دەچێتەوەكە كەوتووەتەناو دوژمنەوە. لەو كاتانەدا بەجۆرێك لەگەڵ خەڵكی ئاساییدا دەجووڵێتەوە كە ناچێتە دڵەوە. بۆ نموونە وەك ئەو جارەی چووینە ناو ئەو گوندە پیسوپۆخڵەوە كە كەوتبووە نێو بەرزایی چیاكانەوەو تێكەڵ بە خەڵكەكەی بوو تا سەیری ئاهەنگە لادێییەكەیان بكات و گوێ بۆ نەیژەنانیان ڕادێرێت، وەك ئەوەی ئەو مۆسیقایە هیی ئەوەبێت بۆی ڕابوەستێت و گوێی بۆ شل بكەیت. من تێناگەم ئەو چۆن دەیتوانی خۆشییەك لەوەدا ببینێت. چۆنیش دەیتوانی لەگەڵ ئەو خەڵكەگەلۆرەی ئەوێ بدوێت. من، سووك و ئاسان، لەشتی وا تێناگەم. بەهەمان شێوەیش لەوەی پیاوەی خەریك بوون تێ ناگەم – ئەوەی كە گوایە ئاهەنگەكەیان بۆ ئەوەبوو، وەك خۆیان دەیانوت، كە بەروبووی ساڵیان بەداهات و ڕێژەو بووە. بەم جۆرەیش دەستیان بە ئاهەنگەكەیان كرد، ژنێكی سكپڕ مەی و ڕۆنی زەیتوونی بەكێڵگەیەكدا پرژاند و پاشان هەموویان پێكەوە ئەڵقەیەكیان بەست و لەسەر كێڵگەكە دانیشتن و ئەمجا نان و مەی و جۆرە پەنیرێكیان لە شیری بزن لەنێو خۆیاندا بەشییەوەو هەموو پێكەوە خواردیان و خواردیانەوە. میریشم لەگەڵیاندا دانیشت و دەستی بەخواردن و خواردنەوە كرد و ستایشی زەیتوونەكانی دەكردن و پەسنی پەنیرەكەیشی دەدان، كەبەئاسانی دەتتوانی بیبینیت پەنیرێكی چ

ناحەز و ناچیز و بێچەوری بوو، هەر ئەمەیش نا! لەگەڵیاندا دانیشتبوو و کاتێکیش کەگۆزەپیس و کۆنەپڕ لە شەرابەکەیان گەیشتەئەو، دەستی برد و ڕێك وەك ئەوانی تر دەمی پێوەنا و لێی خواردەوە. قێزت لێی دەهاتەوە. هەرگیز لەوەو پێش ئەوم نەبینیبووبەو جۆرە ڕەفتار بکات و قەت لەو باوەڕەیشدا نەبووم بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات. قەتیش دەست لەوە هەڵناگرێت کە بەم یا بەو شێوە تووشی سەرسوورمانم بکات.

کاتێکیش لێی پرسین ئەو ژنە بۆ وایکرد، نیاز لەوەچی بووبوو، شەرم دایگرتن و ئەوەندە نەبێت، کە بیژییانە پێکەنینێك سەروسەکوتە لادێیە گەلۆرەکەیانی داگرت، ڕازی دڵی خۆیان نەدرکاند. بەڵام پاشان دەرکەوت، کە ئەوەیان لەبەر ئەوەبووە تا بەروبوومی زەیتوون و ڕەزەکانیان،ساڵی داهاتوویش، بە بەهات و برەو بێت. سەیرە. وەك ئەوەی زەوی بزانێت زەیتوون و شەرابیان پێدا پرژاندووەو نیاز و مەبەستیشیان چی بووە. ئەوان وتیان هەموو ساڵێك ئەم وەختانە ئەمە دەکەین. پیرەمێردێکی ڕیش ئاڵۆزکاو و ڕیشدرێژیش، کە شەراب لەسەراپای دەچۆڕا، لارەمل خۆی لە میرم نزیك کردەوەو ساویلکانە چاوی بڕییەچاوی و وتی جاران باووباپیرانمان وایانکردووەو ئێمەیش لەسەر ڕێوشوێنی ئەوان بەردەوامین.

ئەمجا هەڵسان و، تەپۆڵانەو لادێیانە، ورد و درشت تێکەڵ، دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ، تەنانەت ئەو پیرەمێردەیش کە لەسەر پێچاڵی مەرگ وەستابوو، ئەویشیان هەڵپەڕاند. نەیژەنانیش بە شمشاڵە شوانکارەییەکانیان، کە خۆیان دروستیان کردبوون و لە چەند ئاوازێك زیاتریان لێ هەڵنەدەستا، دەستیان کرد بە ژەنین و بەردەوام هەر هەمان

ئاوازیشیان لێ بەرز دەبووە. من تێناگەم میرم چۆن دەیتوانی گوێ لەو ئاوازەبگرێت، کە هەرچی هونەر بلێیت تێیدا نەبوو. بەڵام هەردووکیان؛ ئەویش و دۆن ڕێکاردۆیش، کەبێگومان؛ ئەم کە لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێیە، ئەمیشمان لەگەڵدا بوو، ڕاوەستابوون و بەتەواوی ئەوەیان لەبیر کردبوو کەلەجەنگ و لەنێو دوژمندا بوون. کاتێکیش خەڵکەکەدەستیان بەچڕینی گۆرانییە خاو و خلیچ و خەمگینەکانی خۆیان کرد، لە جێی خۆیان وشك بوو بوون و نەیاندەتوانی بەجێیان بهێڵن. تا تاریکیش دانەهات، کە ئیتر ناچار بوون بەڕۆیشتن، لە جێی خۆیان نەجوولان. ڕەنگە ئاخرێکەی لەوە تێگەیشتبن کە مانەوەیان بەو تاریکییەو لەو بەرزاییانەدا مەترسی لەسەر ژیانیان هەبوو.

کە دواییەکەی بەرەوخوار بەرەو ئۆردووگاکەیشمان بووینەوە، بە یەکتریان دەوت چ ئێوارەیەکی خۆش بوو ئەم ئێوارەیە. دۆن ڕێکاردۆیش، کە هەمیشەو هەر هێندەبۆی بگونجێت هەست و نەستی نەرم دەبن و دەجووڵێن، بەوشەی قەڵەو قەڵەو کەوتبووە پێدا هەڵدان و پەسنی جوانیی دیمەنی ئەو دەوروبەرە، ئەگەرچی بەهیچ جۆرێك شتێکی جوانت تێیدا نەدەبینی و جار لە دوای جاریش دەبوو بوەستن و گوێ لەو ئاواز و گۆرانییەبگرن کە لە گوندەکەوە دەهاتن، ئەو گوندەی ماڵە پیسو پۆخڵەکانی بەلاپاڵی چیاکەدا بڵاو بووبوونەوە.

هەر ئەو ئێوارەیەیش بوو کە دۆن ڕیکاردۆ بەدوو قەحبەوە، کە لە نێو ئۆردووگاکەدا گرتبوونی، خۆی کرد بەخێوەتەکەی میرمدا، کە لەوە دەچوو بەشێوەیەك کە ئاسان نەبوو لێی تێبگەیت لەشارەوە، بەفێڵ و تەڵەکە،

بەرەکانی پێشەوەی جەنگیان بڕیبێت و خۆیان بەوێدا کردبێت – ڕەنگەبەهیوای ئەوەی کە لێرە پارەیەکی زۆرتریان دەست بکەوێت، کە لە شار دەست نەدەکەوت. وتیان بۆ ژنێك گونجاوترە لەگەڵ دوژمنەکەیدا پاڵ بکەوێت. لە سەرەتادا میرم وەك ئەوەی لە بانێکەوەبەر ببێتەوە دڵی داکەوت و منیش دڵنیا بووم لەوەی کە گرژ و تووڕە دەبێت، ئەوان دەکاتە دەرەوەو زۆر خراپیش سزای دۆن ڕێکاردۆ دەدات بەرانبەر بەو کردەوە سووك و ناشیرینەی، بەڵام بەجۆرێك کەتا ئەوپەڕی سەرسووڕهێن بوو قاقایەکی لێ بەرز بووەوە، ئەمجا دەستی برد و ئەژنۆی یەکێکیانی گرت و هاوکاتیش بانگی کرد لە گرانترین شەرابیان بۆ بهێنن. من ئێستایش کە بیر لەو شەوەدەکەمەوە، کە بیر لەوە دەکەمەوەئەو شەوەچیم بینی و نەبینی، سەرم سووڕ دەمێنێت. هەرچییەکیش لە دەستم بهاتایە ئامادەبووم بیدەم بۆ ئەوەی ئەوەم نەبینیایە، بۆ ئەوەی خۆم لەو دیمەنە هێڵنجهێنانە بە دوور بگرتایە کە تا ئێستایش لە بیرمدا ماون. هەر ئەوەندە تێگەیشتمایەچۆن هاتبوونە ئەوێ! بەڵام ژنان، بەتایبەت ئەو جۆرەژنانە، وەك جرج وان، هیچ شتێك ناتوانێت بەریان پێ بگرێت، وەك جرج بەدەم قرتەقرت و خواردنەوە هەموو بەربەستێك دەبڕن. لەوەدا بووم بڕۆم و لەخێوەتی دەستوپێوەندانذا لێی بکەوم و بنووم، بەڵام ناچار دەبوو بمێنمەوەو ئاگام، نەك بەتەنیا لەمیرم و دۆن ڕێکاردۆ، بەڵکو لەو دوو قەحبەیەیش بێت کە دەموچاوی خۆیان لەسووراو و سپیاو هەڵکێشابوو و لە دوورەوەبۆنی لەشی قەڵەو و گەرمی ژن و بۆنی چەورییەکیان لێ دەهات کە لە قژیان هەڵسووبوو. تا بڵێیت قێزەونیش.

سـەروبنی زمـانی دۆن ڕێکـاردۆ باسـی جـوانیی ئـەوان بـوو، بـە تایبـەت ئەوەیان کە نەیدەتوانی پێیـدا هەڵنـەدات، بـاس باسـی جـوانیی چـاو و قژو پاوپووزی ئەو بوو و زوو زوویش، ئەگەرچی ئەو هەوڵی دەدا ڕێی لێ بگرێت، پێشـانی میرمـی دەدان، بـەڵام هـەر نـەختێك دوای ئـەوەخۆی بـەلای ئـەوی تریاندا وەردەگێڕا و بەهـەمان شـێوەو هـەمان وشـەوە دەکەوتـە پەسندان و ستایشی ئەمیان، تا بە هیچ جۆرێك هەست نەکات پشتگوێ خراوە. هـاواری دەکرد، ژنان هەموویان جوانن! هەرچی تەرز و خۆشی ژیانـە لەوانـەوە دێن. بەڵام لە هەموویان خۆش و دڵگیرتر قەحبەیە، کە هەموو ژیانی خۆی بـەڕووی ئەویندا دەکاتـەوەو بۆ چـاوترووکانێکیش بێوەفـایی لەگـەڵ ناکـات. ئـەو بـە جۆرێکی هێند سـووك و بێتـام ڕەفتـاری دەکـرد، ئەگـەرچـی مـن هەمیشـەبەو چاوەسـەیری ئـەوم کـردووە کـە بـازاڕیترین و دەبـەنگترین پیـاوە، لەگـەڵ ئەوەیشدا هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم بەو شێوەیەو تا ئەو ڕادەیە گاڵتـەجاڕ و قەشمەر بێت.

شەرابێکی زۆریان خواردەوەو شـەرابیش لـە بـەرەوە کـاری خـۆی کـرد و بێگومان دۆن ڕێکاردۆیش نـەرم بووبـوو و هەستونەسـتی لـێدەچـۆڕا، ئـەمجا بەرەبەرەدەستی کرد بەقسەکردن لەسـەر ئـەوین و خوێندنـەوەی چـەردەیەك شیعری ناچیز و هیچوپووچ، بە زۆرییش چەند سۆناتایەك بوون سـەبارەت بـە ئەوین و بۆ کەسـێك وتـرا بـوون، بەقسـەی خـۆی، نـاوی لاورا بـوو، بـەجۆرێك کەژنەکان چـاویان پـڕ بـوون لـە فرمسـێك. ئـەم سـەری خستبووەسـەر ڕانـی یەکێکیان و میریشم سەری لەسەر ڕانی ئەوی تریـان دانـابوو و قەحبـەکانیش بەنەرمییەکەوەدەسـتیان دەهێنـا بـە سـەر و قژیانـدا و بـەدەم گـوێگرتن لـە

هاتەران پاتەرانەکانی دۆن ڕیکاردۆوە گوێیان بۆ ئاخۆ ئۆفە خۆشەکانیان شل کردبوو. ئەو سەری لە باوەشی ئەوەیاندا بوو کە جوانتر بوو و منیش نەمدەتوانی چاو لەسەر ئەوە هەڵبگرم و سەرنجی چاوی میرم نەدەم کە چۆن ئەوسایش و دواتریش، ئەو ئێوارەیە، بەو شێوە سەیرە تەماشای دۆن ڕێکاردۆی پێ دەکردن، کاتێك ئەو ژنە گەلۆرانە بەتایبەت بەئەوەوە خەریك بوون و دڵیان دابوو بە قسەکانی ئەو و هەرچییەك ئەو دەیوتن و پێوەیانەوە خەریك بوو. ژنان هەمیشە حەزیان لە پیاوانی دەبەنگ و ناچیزە، چونکە خۆیان لەواندا دەبینن و خۆیان بیر دەکەوێتەوە.

بەڵام دۆن ڕێکاردۆ لەپڕێکدا لە جێی خۆی ڕاست بووەوەو ڕایگەیاند کە ئیتر باسوخواسی خۆشەویستیی گریەهێن بڕایەوەو کات کاتی خواردنەوەو دڵخۆشییە! دوا بە دوای ئەوەیش ڕشتێك خواردنەوەو گاڵتەوگەپ و پێکەنین و بێشەرمانە دەست بۆ یەکتر بردن و ڕووداوی ئاوڕووبەرەی بەشێوەیەکی هێند کاڵوکرچ بەدوادا هات، کە من ئێستا بە هیچ جۆرێك ناتوانم بیانگێڕمەوە. بەدەم ئەو مەیخواردنەوەزۆرەوە، لە پڕێکدا، میرم بەخۆشیی دۆن ڕیکاردۆوەو بۆ نۆشی گیانی ئەو پەرداخەکەی دەستی هەڵبڕی و وتی سبەینێ تۆ ئاڵاکەی من لە شەڕدا هەڵدەگریت! دۆن ڕێکاردۆیش بەتەواوی بەم خەڵاتە چاوەڕواننەکراوە دڵخۆش بوو و چاوەکانی گەشانەوە. ئەمجا هاواری کرد – هیوادارم شەڕێکی تا ئەوپەڕی ترسناك بێت! و ئیتر کەوتە خۆنواندن و پۆزلێدان بۆ ژنەکان تا بەتەواوی سەرنجیان بەرەو ئازایی و بوێریی خۆی ڕابکێشرێت. میریشم وتی ئەمیان نازانین، بەڵام لەوەیەترسناکیش بێت. ئەمجا دۆن ڕێکاردۆ پەلاماری دەستی میرمی دا و

بەسنگفراوانی و پێزانینەوە، وەك چۆن سوارچاكێك دەستی سەروەرەكەی ماچ دەكات، دەستی كرد بەماچكردنی: گەورەم، لە بیرت نەچێت كە لەم گێژەنی پڕ لە ئاهەنگەدا چ سۆزێكت داوە! — دڵ لە دڵ مەدە. لەبیرم ناچێت.

دیار بوو قەحبەكان پێیانوا بوو كە ئەمە شتێكی پڕاوپڕە لە شكۆمەندیو چاوە بە پەرۆشەكانیان بەو دیمەنەدا دەگێڕا. بەڵام بەتایبەت سەیری ئەویان دەكرد، كە دەبوو سبەینێ ئاڵاكە هەڵبگرێت.

دوای ئەم نواندن و خۆپێشاندانە كورتە،ئیتر وەك پێشوو گەڕانەوە سەر بای بەڕەكۆن و لەسەر كردەوە سووك و شەرمێونەكانی خۆیان بەردەوام بوون و تا دەهات ناپەسەندتر و بێشەرمانەتر ڕەفتاریان دەكرد، بەجۆرێك من كە ناچار بووم بەبینینیان، سەراپام پڕ بووبوو لە هێڵنج و بەخۆداشكانەوە. باوەشیان بەیەكتردا دەكرد و یەكتریان ماچ دەكرد، دەموچاویان سوور سوور هەڵگەڕابوو، بەشێوەیەكی ناشیرینیش، چڵێس و هەناسەسوار، بەحەز و ئارەزووەكانی خۆیان گەرم داهاتبوون. هێندەنزم و پیس كەناگێڕدرێتەوە. ئەگەرچی ژنەكان خۆیان وا پێشان دەدا بەرهەڵستی دەكەن، بەڵام ئەوان كراسەكانیان لەبەر داماڵین بەجۆرێك كەهەموو سنگ و مەمكیان بەڕووتی دەر كەوتن و سەرگۆی مەمكی ئەوەیشیان كە جوانتر بوو سوورێكی كاڵ و خاڵێكیش بەلای مەمكێكیەوە بوو، زۆر گەورەنەبوو، بەڵام نەتدەتوانی چاوی لەسەر هەڵبگریت و سەرنجی لێ نەدەیت. كە لێی چوومەپێشەوە بۆ ئەوەی پەرداخەكەی بۆ پڕ بكەمەوە، بۆنی سنگ و بەرۆكی بەسەرمدا هات و هەستم بەهێڵنج و دڵتێكهەڵاتن كرد. ئەویش هەمان

بۆنی میرژنی لێ دەهات، کە بەیانیان لەتەختی نووستنەکەیدا پاڵ دەکەوێت، بەڵام قەت هێندەیش لەمیرژن نزیك نەکەوتوومەتەوە. ئەمجا کەدۆن ڕێکاردۆ دەستی درێژ کرد و مەمکی گرت، من لای خۆمەوەهەستم بەجۆرەقێزوبێز و تووڕەییەك بەرانبەر بەو پیاوەپیس و چڵێسەدەکرد و دەمویست یەکاندوو دەست بنێمەبینی و بیخنکێنم، یا هەر نەبێت بەخەنجەرەکەم بیکوژم تا دوادڵۆپی خوێنەپڕ لەشەهوەتەکەی‌دەچۆڕێت، بەجۆرێك کەئیتر ببڕای ببڕ نەتوانێت باوەش بەژنێکدا بکات و لەئامێزی بگرێت. من بەدەم قێزوبێزەوەلەجێیەکەی خۆمدا ڕاوەستابووم و بیرم لەوە دەکردەوەکەمرۆڤ چ بوونەوەرێکی ناحەز و قێزەونن، چ شتێکی پیسن. خوای من و تۆ گەورەیەو ڕۆژێك لەڕۆژان هەموویان لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتێنێت!

دۆن ڕێکاردۆ کە هەر خەریکی جوانەکەیان بوو، چونکە ئەویش وازی لەم نەدەهێنا، ئاخرێکەی بەسەر یەکێك لە بیرەگەوجەکانی خۆیدا کەوتەوە، ئەویش ئەوەبوو کە زار هەڵبدەن بۆ ئەوەی بزانن ئەویان بۆ کامیان بێت، میرم یا خۆی. هەموویان، تەنانەت میریشم، ئەمەیان بەدڵ و لا پەسەند بوو، ئەو ژنەیش کە بڕیار وا بوو یارییەکەی لەسەر بکرێت لە قاقای پێکەنینی دا و بەسنگ و بەرۆکی ڕووتە وەخۆی بۆ دواوەفڕێ دا، خۆشحاڵ و خەنی بەوەی کە بووە بە کەرەستەی پێشبڕکێی نێوانیان. من دڵم لێی تێکەڵ دەهات و نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کەچۆن ئەوان دەیانتوانی وەك جوانێك، وەك کەسێك کە تامەزرۆی بن، سەیری بکەن و چۆن دەیانتوانی لەسەر دەستکەوتێکی وا قێزەون پێشبڕکێ بکەن. ئەو قژکاڵ، پێستئاڵ و دوو چاوی شینی گەورەی هەبوون و بنباڵەکانیشی تووکن. نەك جوان، بەڵکو

بەلای منەوە هەر پیس و ناحەزیش بوون. من قەت لەوە تێنەگەیشتووم بۆ بنباڵی مرۆڤ تووکنن و کە چاویشم پێیان دەکەوێت تووشی بێزارییەکی زۆر دەبم، بە تایبەت ئەگەر تەڕ بن. بنباڵی ئێمەی گرگنان تووکن نین و هەر لەبەر ئەوەیش بنباڵی تووکن بە شتێکی ناحەز و ناشیرین دەزانین. ئەگەر من ئەوێم، یا هەر جێیەکی تری لەشم بێجگە لە سەرم، کەبڕیارەسەری مرۆڤیش مووی پێوەبێت، مووی پێوە بووایە، ئەوا هەستم بەچاوڕووشکان و شەرمێکی زۆر دەکرد.

ئیتر دەبوو من بچم و زارەکان بهێنم و یەکەم جاریش میرم زارەکانی هەڵدا و شەش و یەکی هێنا. بڕیاریش وا بوو ژنەکە بۆ ئەوەیان بێت کە زووتر دەیگەیاندە پەنجا خاڵ. ئەوان یەك بەدوای یەکدا لەسەر هەڵدانی زارەکان بەردەوام بوون و ژنەکانیش بەتەواوی گرنگیپێدانەوە بەوەی یارییەکەیان گاڵ دێنێت یا پەمۆ و بەدەم قسەوباسەوە لەسەر گۆڕانکاریی یارییەکە، قسەو باسێك کە شەرمت لێی دەکرد، سەرەڕای هاوار و قاقالێدانیش، خۆیان بەسەریاندا چەماندبووەوە. ئەنجام میرم بردیەوەو ئیتر هەموویان بەدەم پێکەنین و قیژەقیژەوە لە جێی خۆیان هەڵبەزینەوە.

هەر یەکسەر دوای ئەوەیش پەلاماری ژنەکانیان دا، هەر یەکەو هیی خۆی، جلەکانیان لەبەر داکەندن و بەجۆرێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن تا بڵێیت ناشیرین و قێزەون کەچیی تر من خۆم پێ نەگیرا و بە پەلە پرووسکێ لە خێوەتەکە چوومەدەرەوەو هێند لەدەرگای خێوەتەکەیش دوور نەکەوتبوومەوە کە بەدەم هێڵنجدانەوە هەرچییەکم خواردبوو هێنامەوە. لەشم بەتەواوی سارد بووبووەو پێستیشم وەکو پێستی مریشکێکی

ئاوەڕووتکراو گرنج گرنج بووبوو. ئەمجا بەدەم لەرزە لەرزەوە خۆم کرد بەناو ئەو کا و پووشووەدا کە کەوتبووە نێوان چێشتلێنەرەکە و ئەو مەیتەرە ڕەزاگرانەوە کە بۆنی ئەسپی لێ دێت و هەمیشەیش بەیانیان، کە لە خەو هەڵدەستێت بۆ ئەوەی لەشی ئەسپەکان پاك بکاتەوەو یاڵ و کلکیان شانە بکات، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ، شەقێکی مزرم تێ دەسرەوێنێت و هەموو جارێکیش دەڵێت بەیانیان لە هەر کاتێك زیاتر حەزم لەوەیەتێت هەڵدەم.

خۆشەویستیی خەڵك بۆ یەکتر شتێکەمن سەری لێ دەرناکەم و تێی ناگەم. قێزم لێی دەبێتەوەو هەر چییەکیش ئەو ئێوارەیە بینیم لە قێزوبێز زیاتری هەڵنەدەگرت.

ڕەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بێت من لە بوونەوەرێکی ترم، بوونەوەرێکی جوانتر، ناسکتر، هەستەکیتر و هەر لەبەر ئەوەیش بەو جۆرە لە دژی شتێك دەوەستمەوە کە پێدەچێت ئەوان هەر تووڕەیش نەکات. نازانم. من قەت ئەوەم تاقی نەکردووەتەوە کە ئەوان پێی دەڵێن خۆشەویستی و حەز و ئارەزوویشم لێی نییە. جارێکیان ژنێکی گرگنیان بۆ هێنام، ژنێکی جوانی چاوبچکۆلە کە لە هەموو شتێك ورد دەبووەوە، ڕێك وەك خۆم، ژنێکی دەموچاو چرچولۆچ کە پێستی لەشی لە پێستەی کۆن دەچوو، ڕێك وەك ئەوەی کە پێستی لەشی مرۆڤێك دەبێت چۆن بێت، کەچی مێشیش میوانم نەبوو، ئەگەرچی جوانییەکەی لە جوانیی مرۆڤ نەدەچوو و هیچ شتێکیشی تێدا نەبوو قێزم لێی ببێتەوە. دووریش نییە لەبەر ئەوە بووبێت میرژنم بۆی دۆزیبوومەوە، کە وەك گەوادێك دەیویست بە زۆر بە یەکترمان بگەیەنێت، چونکە بە هیوای ئەوەبوو منداڵێکی گرگنی، کە ئەو لەو کاتەدا زۆر ئارەزووی

لێ بوو، بۆ دروست بکەین. ئەمە پێش ئەوە بوو خۆی ئەنجێلیکای ببێت و دەیویست شتێکی هەبێت یاریی لەگەڵدا بکات. دەیوت، زۆر خۆشە منداڵێکی گرگنت هەبێت. بەڵام من نەمدەویست یارمەتی بدەم و نەمدەویست لەڕێی ئەو پێشنیازە شەرمهێنەی ئەوەوە سووکایەتیی بەبن و بنەچەکەی خۆم بکەم.

بێجگە لەوەیش، لەوەیشدا هەر بە هەڵەدا چوو بوو کە وایدەزانی ئێمە دەتوانین منداڵێکی پێ ببەخشین. ئێمەی گرگنان منداڵمان نابێت، ئێمە، هەر لەبەر بنوبنەچەی تایبەتی خۆمان، ناتوانین منداڵ دروست بکەین. لەوانە نین کە یارمەتیی بەردەوامبوونی ژیان دەدەن و ئاوات بەشتێکی لەو جۆرەیش ناخوازین. هیچ پێویست بەوە ناکات ئێمەیش منداڵ بخەینەوە، چونکە خزموخوێشی مرۆڤ خۆیان گرگنان دەخەنەوەو ئێمەئەو خەمەیشمان لەکۆڵ بووەتەوە. ئێمە ڕێ بەخۆمان دەدەین لەو بوونەوەرە لە خۆبایی و لووتبەرزانە و کتومت وەك خۆیان، لە هەمان پزدانەوە، بەر ببینەوەو لە دایك ببین. بەردەوام خزموخوێشی ئێمەلەوان دەکەونەوەو دەبێت هەر بەو شێوەیەیش، نەك شێوەیەکی تر، بێینە ئەم دنیایەوە. هەر ئەمەیشەمانا قووڵەکەی نەزۆکیی ئێمە، کە نە لە گرگن دەبین و نە گرگنانمان لێ دەکەونەوە. ئێمە سەر بەو خزموخوێشەین و — هاوکاتیش سەر بەوان نین. میوانین و بەسەردان هاتووین. میوانانی پیر و چرچەلۆك، کە بە سەردانێکی بەردەوام و هەزاران ساڵە هاتووین و لێرەمان داکوتاوە.

بەڵام بیرو خەیاڵەکانم زۆر دوورتر لەوەی کە دەمویست بیگێڕمەوە دەمبەن. بڕیاریش وا نەبوو کە من لە بارەی ئەمەوە بنووسم.

بۆ سبەینێ، هەر وەك میرم سۆزی بەدۆن ڕێكاردۆ دابوو، دروشمی میرانەی میرمی هەڵگرت و زۆر شتیش سەبارەت بە ڕووداوەكانی دوای ئەمەو هەندێك لە هەلومەرجەكانی پێوەست بەشەڕەكەوە دەگێڕدرانەوە، بەڵام بێگومان من خۆم بەجۆرێكی تری دەبینم و بیرو بۆچوونی خۆم لەبارەی ئەمەو لەبارەی ئەوەیشەوە هەیە، كەچی خۆی لەپشت ئەمەوە شاردووەتەوە. خەڵكەكە دەڵێن میرم لەڕێی فەرمانێكی سەیر و ناوازەوە دۆن ڕێكاردۆی تووشی مەترسییەكی بێمانا كرد، گوایە بەخۆی و سوارەكانیەوە، كە لە چەند سوارێك زیاتر نەدەبوون، ناچاركران بكەونە پڕ مەترسیترین شوێنی شەڕەكەوەو دۆن ڕێكاردۆ خۆیشی، بۆ ماوەیەك، هێندەی تاڵەموویەك لە مردن گەڕابووەوە. هەروەها دەڵێن گوایە كون لە جەرگیدا نەبووەو بەو پەڕی ئازاییەوە شەڕی كردووە. ئەمەیش شتێكە ناچێتە مێشكی منەوە، بە هیچ جۆرێك باوەڕم پێی نییەو گوایە تا هاتووە لەبەرەوە پیاوەكانی كەمتر و كەمتر بوونەتەوەو خۆیشی ناچار بووە بۆ پاراستنی دروشمەكەی میرم و قوتاركردنی لەدەست ئەو هێزە زۆر و زەوەندەی بەسەریدا داباریوە،بە بستێكیش لە دروشمەكە دوور نەكەوێتەوە. دەیشڵێن بەڵام كە جەنگ بەو ئاڕاستە ترسناكە گەیشتووە، میرم بە سواری ئەسپەكەی گەیشتووەتە سەری، ئەمجا ئەمەیا لەبەر ئەوەبووە كە جەنگ لەوێدا لە گەرمەیدا بووەو میرم نەیتوانیوە لە كایەیەكی وا ترسناك خۆی بەدوور بگرێت، یا لەبەر هەر هۆیەكی تر بووەو خۆی و چەند پیاوێك لەگەڵیدا، وەك ئەوەی بۆ كۆمەك و بەهانای ئەوەوەچوو بێت، كەتووەتەوێزەو گیانی ئەو دوژمنانەی دەوروبەری دۆن ڕێكاردۆ. بەڵام لە

پڕێکدا ڕمێك بەرسینەی ئەسپەکەی پێکاوەو لە ژێریدا بەلادا هاتووەو لەسەر ئەسپەکەیەوە بەربووەتەوەو کەوتووەو دوژمن دەوریان داوە. گوایە هەر ئەمەیش وای لەدۆن ڕێکاردۆ کردووە، هێند دڕ و ئازا، لەگەڵ پیاوەکانیدا خۆیان لەو ئەڵقەیە ڕزگار بکەن کە دوژمن بەدەوریاندا کێشابووی و لەوپەڕی نائومێدی و نیگەرانیدا پێکەوەو لەگەڵ سوارەکانی میرمدا، تا ئەوانی تر بە هانایانەوە هاتوون، بەرەنگارییان کردووەو لە ڕووی دوژمناندا وەستاونەتەوە. گوایە هەر ئەوسایش دۆن ڕیکاردۆ لەچەند لاوەبریندار بووەو خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کەدەبێت ئەوسا لەوە تێگەیشتبێت میرم مەرگی ئەوی ویستبێت، بەڵام سەرباری ئەوەیش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتنی کردووە کە کردوویەتی و ژیانی میرمی کڕیوەتەوە.

هەر ئەم باسو خواسەیشە کە من باوەڕم پێی نییە. ئەمە لە زۆر ڕووەوە هیی ئەوە نییە باوەڕی پێ بکەیت. هەر لەبەر ئەوەیش دەیگێڕمەوە، چونکە ئەوانی تر بەو شێوەیە ڕووداوە پڕ لە کارەساتەکانی ئەم بەیانییە دەگێڕنەوەو لە وەیش زیاترت بەر گوێ ناکەوێت. کە منیش لەسەر بڕوایەکی ترم و بە شێوەیەکی تر ئەمە دەبینم، بەر لە هەر شتێکی تر لەبەر ئەوەیە کە هەر زۆر چاك کەسایەتیی دۆن ڕیکاردۆ دەناسم. من لە هەر کەسێکی تر زیاتر دۆن ڕێکاردۆ دەناسم. ئەو، ئەو پیاوەنییە کە لێی دەگێڕنەوە.

ڕوون و ئاشکرایش دیارەکە ئەو باسوخواسە هەم ڕەنگی بیروڕای گشتی گرتووەو هەم ڕەنگی بیروڕای دۆن ڕێکاردۆ خۆیشی سەبارەت بە خۆی پێوەیە. ئەمەیش بووە بە جۆرە ئەفسانەیەك، ئەفسانەیەك کە هیچ کەس بەلایەوەگرنگ نییە لە نزیکەوە لە بنج و بنەوانەکەی بکۆڵێتەوە، ئەوەی

گوایە ئەو خۆی ئازایەو هەرچییەکیش دەیکات پاك، بەشکۆ و شادیهێنە. هۆکاری ئەمەیش توانستی بێهاوتای خۆیەتی لە خۆبردنە پێشەوەو لەوەیشدا کە دەتوانێت بە هەموو شێوەیەك سەرنجی خەڵك بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. خۆهەڵنانی گاڵتە هێنی وەك چۆن بەشێوەیەکی گشتی بە هەموو هەڵسوکەوتێکی و بە هەرچییەکەوە دەیکات دیارە، ئاوهایش بە بەشداریکردنی ئەوەوە لە جەنگدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو بێباکییەیش کە خەڵکی بەخۆیەوە وابەستە کردووە، سووك و ئاسان، لەبەر دەبەنگیی ئەو خۆیەتی. ئەوە بێپەروایی ئەوە کە لەگەڵ ئازاییدا جێگۆڕکێیان پێ کراوە، نەك ئازایی.

ئەگەر هەر بە ڕاست هێندە ئازا و بوێرە، ئەگەر ئەو، وەك خۆی دەڵێت، هەمیشەخۆی دەخاتە هەرچی مەترسییەکی چاوەڕوانکراو و نەکراوەوە، ئەی بۆ تووشی هیچ نابێت، بۆ ناکوژرێت؟ ڕاستییەکەی ئەمەجێی پرسیارەو هیچ کەسێکیش، هەر هیچ نەبێت بە لانی کەمەوە من، بە نەمانی ئەو دڵی تەنگ نابێت.

www.fb.com/PDFkurd

ئا لە ئێستادا لە چەند جێیەکەوە بریندار بووە. خۆ هەر نایشزانرێت ئایا ئەمە ڕاستە یا نا، من یەك بەخۆم، ڕێ بەخۆم دەدەم لەمەیش بەگومان و دووڵ نەبم و دیارە برینەکانیش هێندە ترسناك نین و سووکەبرینن. بەڵام بەهەر حاڵ لەوساوە چارەیم نەبینیوەو دڵیشم بۆ بینینی لێ نادات.

بەڵام سەرباری ئەمەیش لەوە دەچێت ئەوەیان ڕاست بێت کە هێند ڕووداماڵڕاو بوو بێت بەڕەنگەکانی میرژنمەوە، کەوەك دەوترێت ئەو بۆ خۆی پێش چوون بۆ جەنگ بۆی هەڵبژاردوون، چووبێتە مەیدانیشەڕەوەو ئەو

بەیانییە ڕەنگەکان بە کڵاوە ئاسنینەکەیەوە شەکابێتنەوەو بە ئاشکرا و بە بەرچاوی ئەو خەڵکیشەوە لە پێناوی دۆستەکەی خۆیدا جەنگی بێت. کەواتە کە ئەو هێند پاڵەوانانە لە پاڵ دروشمەکەی میرمدا شەڕی کردووە، لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا بووە، نەك میرم. کاتێکیش کە ژیانی میرمی ڕزگار کردووە، ڕاستییەکەی ئەوکاتیش لە پێناوی ئەودا شەڕی کردووە. هەر نەختێك پێش ئەوەیش ژنێکی تری لە باوەش گرتبوو. ڕەنگە هەر یەکسەر لەباوەشی ئەویشەوە، دوای خۆڕازاندنەوە بە ڕەنگاڵەی خۆشەویستییە گەورە و ئاگرینەکەی بەرەو جەنگ ڕۆیشتبێت و خۆشەویستییە ڕاستەقینەکەیشی وەك گوڵێکی جوان و ڕازاوە بە سەرکڵاوە ئاسنینە دەراوەڵاکەیەوە، لە کاتێکدا کە لەشی هێشتا بەحەز و ئارەزووی ناپاکی و داوێنپیسی گەرم بووە، شۆڕ بووبێتەوە. خۆشەویستیی مرۆڤ، بێگومان، شتێکی پڕ لە ڕاز و نهێنییە. هەر بۆیە سەیر نییە کە هێند ئاسان لێی تێ بگەیت.

هەروەها پێوەندی نێوان ئەو دوو پیاوەیش، کە وابەستەو گیرۆدەی هەمان ژنن، پڕ لە ڕاز و نهێنییە. تۆ بڵێیت هەر لەبەر ئەوەیش جۆرە لە یەکتر تێگەیشتنێکی نهێنی لەنێوانیاندا نەبێت. جارنا وا دەردەکەوێت. بڵێیت، وەك دەوترێت، دۆن ڕیکاردۆ هەر بەڕاستی ژیانی میرمی ڕزگار کردبێت؟ باوەڕ ناکەم. بەڵام ڕەنگە وایشبووبێت، ئەگەر وایشبووبێت لەوەیە لە خۆبایبوونێکی پوختەوەبووبێت، بۆ ئەوەی وەك سوارچاکێك قەرەبووی ئەوە بکاتەوە کە میرم مەرگی ئەوی ویستووە، تا بەتەواوی پێشانی هەموو خەڵکی بدات کە چ شکۆیەکی دەگمەن ئەو لەخەڵکی تر جیا

دەكاتەوە. ئەمەیش هەر لەخۆی دەوەشێتەوە. ئەی بڵێیت، وەك خەڵك دەڵێن، نیازی میرم لەڕزگارکردنی دۆن ڕێکاردۆ کاتێك بەسواری ئەسپەکەیەوە بە هانایەوە چوو، تا لەو مەترسییەی تێی کەوتبوو ڕزگاری بکات، ئەوەبوو بێت ڕزگاری بکات - ئەگەرچی نەختێك پێش ئەوە مەرگی ئەوی بەئاوات خواست بێت؟ نازانم. بەباشی لەمەیان تێ ناگەم. خۆ ناکرێت هاوکات هەمان کەست هەم خۆش بووێت و هەم ڕقیشت لێی ببێتەوە؟

تێڕوانینی ئەو شەوەیشیم بەبیردا دێتەوە- مەرگی لێ دەباری. بەڵام چاوەتەڕوبڕەخەونبینەکانیشم بە بیردا دێنەوە، کاتێك ڕاکشابوو و گوێی بۆ قسەو باسەکانی دۆن ڕێکاردۆ لەبارەی خۆشەویستییەوە شل کردبوو؛ خۆشەویستییە گەورەکە، ئەو خۆشەویستییە نە بەردەی هێندە بەئاگرەکەی خۆی پڕی کردووین، کە هەر چییەك لەنێو ناخ و دەروونماندا هەیە پێی دەگرێت و لێی دەخوات. بڵێیت خۆشەویستیش تەنیا هەر شیعرێکی جوان نەبێت، کە هیچ نێوەڕۆکێکی نییە، هەر نەبێت هیچ نێوەڕۆکێکی بڕیار لەسەر دراوی نییە، بەڵام خەڵك هەموویان، کاتێك بەشێوازێکی جوان و لە دڵەوە دەگێڕدرێتەوە، حەز بە بیستنی دەکەن؟ نازانم. بەڵام بەتەواویش ڕێی تێ دەچێت، ئەوەی قەڵب بێت، لە دەست مرۆڤ دەوەشێتەوە.

ئەوەیش کە سەری سووڕ هێناوم، هەڵسوکەوتی ئەو شەوەی میرمە لەگەڵ ئەو قەحبەیەدا. من هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم کە ئەو زۆر لە سەروو ئەو جۆرە شتانەوەیە. بەڵام ئەمەیش شتێکەو پەیوەندی بە منەوە نییە. خوویشم بەوەوە گرتووە ئیتر، کە ئەو لە پڕێکدا دەبێت بە کەسێك کە من پێشتر قەت بە بیروخەیاڵمدا نەهاتووە. بۆ سبەینێ، بەوریاییەوە، ئەمەم

لەگەڵ یەکێك لە خزمەتکارەکانیدا هێنایەپێشەوە و باسی سەرسووڕهاتنی خۆمم بۆ کرد سەبارەت بەوەی کە ڕوویدابوو. ئەو بە هیچ جۆرێك سەرسووڕمانی پێوە دیار نەبوو و وتی میرم هەمیشە دۆستی هەبووە، ئەمجا ژنانی ناو دەربار یا ژنانی تری ناو شار بووبن، جارناجاریش قەحبە ناودارەکان و ئێستایش فییامێتای بەربووکی میرژن، دۆستێتی. پاشان وتی، ئەو زۆر حەزی لە گۆڕینە، بەوەیش پێکەنی کە من ئەمەم نەزانیوە. سەریشم لەوەسووڕ دەمێنێت کە ئەمە چۆن بە بەر چاوەتیژەکانی مندا، کە وەکو تر هەموو شت دەبینن، تێپەڕیوە. دەبێت سەرسووڕمانی من بەرانبەر بەمیرم، کە هیچ ڕەخنەیەك هەڵناگرێت، بەتەواوی چاوی کوێر کردبێتم.

من بەلامەوە گرنگ نییە ناپاکیی لەگەڵ میرژندا دەکات. ڕقم لەمیرژن دەبێتەوەو لەوەیش خۆشتر نییە کە ناپاکیی لەگەڵدا بکرێت. بێجگەلەوەیش ئەو دۆن ڕیکاردۆی خۆش دەوێت. هەر بۆ ئەویش وشە ئاگرینەکانی خۆیشی دەنووسێت، ئەو وشانەی کە دەبێت من لەنێو دڵمدا هەڵیانبگرم. پڕ بەدڵ بە هیوای ئەوەم دۆن ڕێکاردۆ بکوژرێت.

ئاخرێکەی ئەم بارانە دوابڕاوە بڕایەوە.

ئەمڕۆ کە لە خێوەتەکەمان هاتینەدەرەوە، تیشکی خۆر دەوروبەرمانی ڕووناك کردبووەوە، هەموو لایەك دەدرەوشایەوەو چیاکانی دەوروبەریشمان بەڕوونی لێوە دیار بوو، ئەگەرچی لە هەموو لایەکەوە دڵۆپەی دەکرد و سەروبەری ئەو ناوەیش خوڕەی ئاوی ئەو جۆگەلانە دایگرتبوو کە پێش بارانەکە لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوون. بەیانییەکی زۆر خۆش و ئاو و هەوایەکی زۆر سازگار. ئاسمان سایەقەی ساماڵ و لە بەردەمیشماندا

مۆنتانزای شاری چەتەکان ڕاکشابوو — ئێمە ئەوسا لە بیرمان چووبووەوە چ شارێك و چ دیمەنێکی هەبوو، بەڵام ئێستا دوامالّی نێو دیوارەکانی دەوری شارمان لێوە دیار بوو، یەك لە دوای یەکی دەلاقەکانی نێو بورجەکانی شووره کەوناراکەمان دەبینی و تەنانەت خاچە بچکۆلە زێڕ کەفتەکانی سەر کلێسا و گومەزەکانیشمان دەبینی، هەموو شت، دوای ئەوەی وشکی کردبووەوە، بەجوانی لەبەر چاومان دیار بوون. ئێستا ئیتر هێندەی تر نابات و ئەو شارە دەگیرێت و بۆ هەتایە لەسەر تەختی زەوین دەسڕدرێتەوە.

جەنگاوەران، هەموویان، دڵخۆشن بەوەی لە خێوەتەکان هاتوونەتە دەرەوەو لەو هەوا سازگارەدا دێن و دەچن، بەو کەشوهەوا خۆشە ژیاونەتەوە و گیانی شەڕکردنیان تێ گەڕاوەتەوە. دڵمردوویی و بێمەیلی ڕەویونەتەوە. هەموو تاسە و ئارەزووی شەڕکردنیانە. من بەتەواوی بەهەڵەدا چووبووم کە پێموابوو بوو باران خوو و خدەی لە شکرێك خراپ دەکات. هەر هێندەیە تا دەبڕێتەوە وەك خاوخلیچکی و پاڵڵێدانەوە دیارەو هیچی تر.

ڕێگای نێوان خێوەتەکان پڕ لەژیان و جموجووڵن. جەنگاوەران، بەدەم گاڵتەوگەپەوە، چەکەکانیان پاك دەکەنەوە، بەردەستی سوارچاکان هێندە دەستیان لە زرێی سوارچاکەکان خستووە شەوقیان پێ هەڵهێناون، مەیتەران خەریکی پاککردنەوەی ئەسپەکانن و بۆ ئاودانیان بەرەو جۆگەلەکان، کە لە هەموو لایەکی لاپاڵە بەزەیتون داپۆشراوەکانەوە خوڕەیان دێت، سواریان بوون، هەر خۆئامادەکردنەو خۆئامادەکردن بۆ دواهێرش. ئۆردوو گەڕاوەتەوە دۆخی جاران و جەنگیش مینا ئاهەنگێکە و شەوق و ڕەونەقی تێ کەوتووەتەوە، بەجۆرێك کەنکوڵی ناکرێت هەر

لەجـەنگ دەوەشـێتەوەو جـەنگ دەبێـت وا بێـت. جـەنگاوەران جلوبـەرگی ئـاڵووالأی خۆیـان پۆشـیوە، سوارچـاکان بـە کەرەسـتەی تـەواوەوەو ئەسپەکانیش بـە جلکی ڕەنگین و بەرسکی زیوینیانـەوە ئـەو ناوەیـان پـڕ کردووەو هەموو شتێك لەبەر ڕووناکایی خۆردا دەدرەوشێتەوەو بریقەی دێت.

دەمێکە لێرەدا وەستاوم و لە شار، ئامانجی ئەم جەنگەمان، دەڕوانم. لـە شارێکی خۆگر و پتەو دەچێت، بە دیوار و شوورەکەیەوە هەر لـەوە دەچێت هیی ئەوە نەبێت بگیرێت. بەڵام ئێمـە دەیگرین، هـەر لەبـەر هیچ نـا، لەبـەر کۆمەکی بەنرخی مایسترۆ بێرناردۆ. دژکوب و بۆمبهاوێژەکانیم بینیـوە، ئـەو کەرەسـتانەیش کـە بـۆ پێـدا هەڵگـەران دروسـتی کـردوون و تۆپهاوێـژە شوورەشکێنەکانیشـی کـەترس و بـیم دەخەنەدڵـەوە و بێهاوتـان، هـەموویانم بینیوەو هیچ شوورەیەك لە دنیادا نییەبتوانێت خۆی لەبەریاندا بگرێـت. ئێمـە لە کوێوە بمانەوێت ئاودیوی شوورە دەبین، دەتوانین بیتەقێنینەوەو بیکـەین بەخۆڵ، لەوانەیشە تەنانەت، لە ڕێی ئەو ڕێڕەوانەوەکە لە بنـەوەی شـوورەوە هەڵکەنراون بتـوانین، وەك چـۆن ئـەو ئێوارەیـە خـۆی باسـی لێـوە دەکـرد، کونێك لـە دیوارەکـەدا بتەقێنینـەوەو بەهـەموو کەرەستەیەکەوە کـە بـەبیردا دێن، بەهەر شتێك کە لە بلیمەتیی مەزنی ئەو کەوتووەتەوەو لە دۆزینەوەیدا سەرکەوتوو بووە، سوود وەربگرین و وەك باهۆزێك لە شاردا، لە نێـو کوچـەو کۆڵانەکانیـدا، هەڵبکـەین و مـەرگ و قڕکـردن بەدەوروبـەری خۆمانـدا بـڵاو بکەینـەوە. شـار دەسـووتێنرێت، هـەڵگێڕوداگێڕ دەکرێـت و سـووك و ئاسـان بەسەر دنیاوە ناهێڵرێت. بەردی بەسەر بەردەوە ناهێڵرێت. خەڵکەکەیشی کە لە ڕێگر و چەتە زیاتر نین بەسزای خۆیان دەگەیەنرێن، یا قڕ دەکرێن یا وەك

بەندی دەگیرین، بەجۆرێك كە لە شوێنەواری سووتێنراو زیاتر هیچ لەبەر قەڵەمڕەوی مۆنتانزا، كە جارێك لە جاران شارێكی پتەو و تۆكمەتۆڵ بووە، نامێنیتەوە. دڵنیام كە میرم بەدەستی پۆڵایینەوە لە دوژمنە خوێنخۆرەكەی خۆی دەچێتەپێشەوە. پیاوەكانی بۆكارۆسایش چۆن هەڵسوكەوت دەكەن، ئەمیان تەنانەت ناوێرم بیریشی لێ بكەمەوە. ئەمەدەبێت بە دوا سەركەوتنی ناوازەی ئێمە.

بەڵام پێش هەر شتێك دەبێت ئەو لەشكرەی كە لە نێوان ئێمەو شاردا هەیەڕابماڵرێت. ئاسانیشە بیبینیت كە خۆی كۆ كردووەتەوەو تا ڕادەیەكی باشیش بەهێز بووە– ڕێك وەك ئەوەی خۆم پێشبینیم كردبوو. هەندێك دەڵێن لە شكرێكی گەورەیە، هێندەی لەشكرەكەی خۆمان، بە پیاوەكانی بۆ كارۆسایشەوە. ئەمەزێدەڕۆییە. ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە كە بەناوچەیەكی فراوانتردا، زۆر فراوانتر لەجاران، بڵاو بووەتەوە، بەڵام، هەر چەند سەر دەهێنم و دەبەم، ناوبردنی بە لە شكرێكی گەورەزیاتر لە كەوتنە ژێر كاریگەریی دوژمنەوەیە نەك شتێكی تر. سەروچاوی میریشم، كە سەرەتا چاوی پێی كەوت، نەختێك گرژومۆن بوو، بەڵام پاشان هاتەوەسەر خۆ و وا پێدەچوو كەڕەنگ و ڕووی بەسەرنجدان لە هێزەكانی دوژمن كراونەتەوە، دوور نییە بەوەیش دڵخۆش بووبێت كە ئیتر بۆ دوایینجار لەگەڵ دوژمنەكەیدا دەیبڕێنێتەوەو لایەك بەلایەكدا دەخات، یا ڕەنگەبەوەیش شاد بووبێت كە چ پێكدادانێكی سەرنجڕاكێشمان لەپێشدایە. جەنگاوەری ڕاستەقینە دەبێت وا بێت! ئەو بۆ چاوترووكانێكیش دوودڵ نەبوو لەوەی سەركەوتن بەدەست

دەهێنین و ئەوەندەی منیش بزانم هیچ دوودڵییەك بەهیچ کام لەسەر لەشکرەکانیەوە دیار نەبوو.

خۆش دەبێت لەبەسەر دادان و داگیرکردنی شارێکدا بەشدار بیت. هەرگیز پێشتر ئەو هەلەم بۆ نەڕەخساوە.

ئێستا لە جێگای ئاسایی خۆم کە تایبەت بە نووسینە، لە نهۆمی گرگنان، دانیشتووم. هەر لێرەیش، لەسەر ئەو مێزە بچکۆلەیەی کە یەکێك لە کەرەستەکانی نێو ماڵەکەپێك دەهێنێت و تا بڵێیت لەبار و خۆشیشە بۆ من بۆ ئەوەی کە لەلایەوە دابنیشم و بنووسم، بەردەوامم لەسەر نووسینەوەی ئەو ڕووداوەسەیر و کوشندانەی بەشداریم تێیاندا کردووە. لەوەیە ئەمە نەختێك سەرسووڕهێن بێت، بەڵام هێندە نابات و باسی ئەوەیش دەگێڕمەوە.

سەرکەوتنمان لە شەڕەکەدا بە دەستهێنا. لە هەموو کەسێکیش دیار و ئاشکرا بوو، کە دەبوو ئێمە سەر بکەوین. کە دەبێت ئەگەرچی هەروا بەئاسانی بەسەرماندا تێنەپەڕی و زەرەر و زیانی زۆرمان لێکەوت. خوێنێکی زۆر ڕژا و زۆر کەس لە هەردوولا کوژران، ئەگەرچی، بەدڵنیاییەوە، کوژراوانی ئەولا زۆرتر بوون. ئەوان لەمەودوا زۆر بەزەحمەتەوە دەتوانن بەرگرییەکی وا بکەن کە شایانی باس بێت. بەڵام، وەك وتم، بۆ ئێمەیش خوێنێکی زۆر لەبەر شەڕ و پێکدادانەکان ڕۆیشت. بەتایبەت دووەم ڕۆژی شەڕەکە، کە ڕۆژێکی زۆر خوێناوی بوو. بەڵام جەنگاوەرانیش بۆ چی باشن ئەگەر بێت و بەکاریان نەهێنیت. هێندەیش ترسناك نەبوو، وەك هەندێك کەس باسی لێ دەکەن.

هۆكاری ئەوەیش كە ئێستا گەڕاوینەتەوەو لە ماڵەوەین، ئەوەیە كە میرم دەبوو بگەڕێتەوە تا هەموو هێزەكان بۆ بەردەوامیدان بەو جەنگە سەركەوتووە كۆ بكاتەوە. وەك ئەوەی سەرنجم داوە پێوەندی بەوەیشەوە هەیە پارەو پوولێك كە بۆ ئەو ئامانجە پێویستە دەبێت كۆ بكرێتەوە. كاروبارێكی وا، بێگومان، لەخۆڕا بەڕێوەناچێت و بڕەپارە و پوولێكی زۆر هەڵدەلووشێت. لەوەیش دەچێت میرم بە گفتوگۆوە لەگەڵ پیاوماقووڵانی ڤێنیسیادا سەبارەت بەوە خەریك بێت. ئەو دارا و دەستڕۆیشتووانەیش كەمیان لە دەستدا نییە بۆ كۆمەكردن و لەوەیە زۆر نەبات و هەموو شتێك جێبەجێ بێت. پاشان یەكسەر بەرەو بەرەكانی جەنگ دەگەڕێینەوە.

دەڵێن بۆ كارۆسا و هێزەكانی داوای پارەیەكی زۆریان كردووەو پێیان وایە كە هێشتا بەڕێكوپێكی ئەوەی كەهەقی خۆیانە، بە پێی ڕێككەوتنێك كەپێشتر لەسەری ڕێك كەوتوون، وەریاننەگرتووە. هەر لەبەر ئەوەیش كێشەو گرفتیان ناوەتەوە. من خۆم بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەوەنەبووم كە ئەوان هێندەگرنگی بەو لایەنەی شەڕەكە بدەن، چونكە كەس وەك ئەوان هێندەبەجەرگ و پاڵەوانانەناجەنگێت. پێموابوو كە ئەوان هەر لەبەر خاتری جەنگەكە خۆی شەڕیان دەكرد، دەمەوێت بڵێم كەیەك بەخۆم لەو پێناوەدا دەیكەم و هیچی تر. بەڵام ڕەنگەخۆنەویستییەكی وا لەوان داوا نەكرێت. لەوانەیە هەر زۆر ئاساییش بێت كەئەوان داوای هەقی خۆیان بكەن. چاكە، پارەوپوولی خۆیان وەردەگرن.

هەروەها باسی جیاوازیی تریش دەكرێت لەنێوان ئەوان و میرمدا — بەڵام خۆ ئەو خەڵكە دەمی خۆی ناگرێت و زۆر شتی تریش دەوترێن. كەلەشكرێك

خـوێنێکی زۆری دابێـت و هـەموو شـتێك بـەڕێکوپێکی بەڕێوەنەچووبێت، ئاساییەکەجۆرەهەستێك بەناتـەبایی لـێ دەکەوێتـەوە. ئێستا هـەر یـەك لای خۆیەوەبەگلەییەبەرانبەر بەچۆنێتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان و ئـەم ئـەوی تـر تاوانبـار دەکـات، هەسـت بـەجۆرەکزی و سستییەکیش دەکرێت و ئـەم کوژراوانی ئەولا دەبژێرێت و شتی تریش. قسەلەسەر جەنگاوەرانی بۆکارۆسا نییەو بەڕاسـتی ئـەوان جـەنگاوەرانی شـێت و شـەیدای شـەڕن، بـەڵام ڕەنگـە ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەیش نەشێن کـە بتـوانن پلانـە گـەورەکانی مـیرم جێبـەجێ بکەن، ڕەنگە هێندەیش بیر لەمەنەکەنەوە. بەڵام هەموو ئەمانـە شـتی ناچیز و لاوەکین و هێندەنابات لە بیر دەکرێن و دەبڕدرێنەوە.

وەکو تریش من هێنده ئـەوەم بـەلاوە گـرنگ نییـەو لـەوەیش کـەمتر، لـە پێوەنـدی لەگـەڵ شـتێکی وەك جەنگدا، گـوێ بەشـتی هیچـو پووچـی وەك دارایی دەدەم و خۆم بەو شـتانەوە خـەریك ناکـەم. هێنـدەیش نابـات لەسـەر هەموو شتێك ڕێك دەکەون و دەبڕێتەوە.

تا بڵێیـت ناخۆشـە لەماڵـەوە بیت. ژیـان لێـرە هیچـت پـێ نابەخشێت و بەتەواویش، کاتێك لە مەیدانی جەنگەوە گەڕاویتـەوە، کشـوماتەو هـیچ ڕوو نـادات. کـات دەڕوات و نازانیـت خـۆت بەچـییەوەخەریك بکـەیت، ژیـان وەستاوەو پەلوپۆیشت لە جموجووڵ کـەوتوون. بـەڵام، ئەمیشیان بـەجێی خـۆی، گـرنگ نییـە، چـەند ڕۆژێکـەوەو دەبڕێنـەوە. هێنـدەیش نابـات دەگەڕێینەوە.

ڕاسـتییەکەی خـەڵکی ئێـرەزۆر سـەیرن، مەبەسـتم لەدەسـتوپێوەندان و ئەوانەی تریشەکەبەشداریی جەنگیان نەکردووە. هیچ ئاگایـان لـەوە نییەچی

هەیەو نییە. وەك ئـەوەی نـەزانن وڵات لەشـەڕ دایـە. کـە دەمبینن بـە سازو بەرگی جەنگەوە بـەو نـاوەدا دێم و دەچم، سـەریان سوور دەمێنێت، وەك ئەوەی نەزانن لە مەیدانی جەنگدا دەبێت چەکدار و دەبێـت وا بیت، ئەگـەرنا دەبیت بە نێچیرێك و بەئاسانی دەستگیر دەکرێت، ئەمەیش ڕێك وەك ئەوەیـە بە پێی خۆت بچیت بە پیری مەرگـەوە. ئـەوان دەڵێن هیچ مەترسییەك لـەم دەوروبەرانە نییە. بەڵام خۆ هەر چۆنێك سـەیری بکـەیت شـەڕە و هێنـدەیش نابـات دەبێـت بگەڕێمـەوە. چـاوەڕوانی فـەرمانی میرمـم بـۆ بـزووتن و دەستپێکردنەوەو فەرمانیش لەوانەیە، ها ئێستا هـا نـەختێکی تـر، بدرێت و ئەوسایش دەبێت یەکسەر دەست لەسەر سنگ و ئامادە لـە خزمەتـدا بیت. هەر لەبەر ئەمەیشەو لەبـەر هیچی تـر نـا کەساز و بـەرگی جـەنگم پێوەیـە. بەڵام ئەوان لەمەتێناگەن.

لەبـەر ئـەوەیش کـە خۆیـان بەشـداریی جـەنگیان نـەکردووە، نایشـتوانن خۆیان لەوەدا ببیننەوە کە ڕاستییەکەی بەشداریکردنی جەنگ چییەو چۆنە. ئەگـــەر بیشـــتەوێت نـــەختێك پێشـــانیان بـــدەیت ژیـــانی شـــەڕکردن و مەترسییەکانی چـین، سـەرووڕوویان سادەو پـڕ لـەگومان دەگۆڕێن و کەچـی هاوکاتیش ناتوانن ئێرەییە نهێنییەکەی خۆیانت لێ بشارنەوە. هـەوڵ دەدەن وا پێشان بدەن کە من، هێندەی جێی باوەڕ بێت، بەشداریم نـەکردووە و لـەو پێکدادانانـەدا کـە بـۆم گێڕاونەتـەوە بەشـدارییەکی ئـەو تـۆم نـەکردووە کـە شایان بێت. ئاسانیشە هەست بەئێرەیی ئەوان بکەیت. بەشداریم نـەکردووە! ئەوان نـازانن کـە شمشـێرەکەم هێشتا هـەر لـەنێو کێلانەکـەی خۆیـدا، دوای شـەڕە گەورەکـەی ئـەم دواییـە، خوێناوییـە. پێشـانیان نـادەم، چـونکە

نامـەوێت، وەك جـەنگاوەرەکانی تـر، خـۆم هەڵبکێشـم؛ خۆهەڵکێشـانێك کـە سەرشارەو سەرلەبەری مەیدانی جەنگی داگرتووەو دۆن ڕیکاردۆیش هێنـدەی تر ترش و خوێی پێـوە دەکـات. هـەر هێنـدەم پـێ دەکرێـت دەسـت لەسـەر مشتووی شمشێرەکەم دابنێم و بـە هـێمنی بـەڕێی خۆمـدا بـڕۆم و بـە جێیـان بهێڵم.

لە شـەڕی گـەورەی دووڕۆژەدا ناچـار بـووین دەسـت بەسـەر بەرزاییەکدا بگـرین کـە کـەوتبووە نێـوان بـەرەی دەسـتە ڕاسـتی لەشـکرەکەی ئێمـەو شـارەوە. قوربانییـەکی زۆریشـمان دا. بـەڵام لـەوەودوا تـا بڵێیـت جێـوڕێیی ستراتیژیمان چاکتر بوو. هەر یەکسەر دوای ئەوەیش، میرم بەرەو بەرزاییەکـە بـەڕێ کـەوت، تـا بزانێـت ئـاخۆ ئـەو سـەرکەوتنەمان چـۆن ڕێـوجێی بـۆ سـەرکەوتنەکانی دواترمـان خـۆش کـردووە، بێگومـان مـنیش دوای کـەوتم. یەکێك لە هاوینە هەوارەکانی لۆدۆڤیکۆ بەسـەر بەرزاییەکـەوەبوو، کۆشـکێکی جوان، بەتایبەت لەبەر ئەو جێیـەی لێـی هەڵکـەوتبوو، دەوربـەری کۆشـکیش بەدارسەروو و دارقۆخێکی زۆر تەنرابوو. ئێمـە بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بـین لـەوەی هیچ کام لە دوژمنەکانمان خۆیان لەوێ نەشاردووەتەوەو بۆ ئەوەیش نـەبا لـە پڕێکـدا هـەم خۆمـان تووشـی ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی نـاخۆش و و چاوەڕواننەکراو و هـەم میریشـم تووشـی مەترسـی بێـت، مـن و هەنـدێك لـە جەنگاوەرەکان کەوتینە گـەڕان و پشـکنینی کۆشـك. بـەڵام لـەژن و پیـاوێکی پیری کارەکەر زیاتر، کە بە تـەواوی پـەکیان کـەوتبوو و تلپـەی تـەڕیان تێـدا نەمابوو و هەر لەبەر ئەوەیش لەوێ بەتـەنیا بـەجێهێڵرا بـوون، کەسـی ترمـان نەدۆزیەوەو میریشم نەیهێشت بەهیچ جۆرێك توخنیان بکەوین و دەستیان بۆ

ببەین. بەڵام من هەر بەوەندە نەوەستام و بەدەم گەڕان و پشکنینەوە بەرەو ژێرزەمینی کۆشك، کە لە خۆم زیاتر کەسێکی تر بیری لە پشکنینی نەکردبووەوە، هیچ دووریش نەبوو کەسێك خۆی لەوێ شاردبێتەوە،دابەزیم. بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێکیش چاوەڕوانی شتێکی وا بم، تووشم بوو بەتووشی گرگنێکەوەکەئاشکرا دیار بوو یەکێك لەگرگنەکانی دەرباری لۆدۆڤیکۆ بوو –چونکە ئەو گرگنی زۆرن– و دیاریش بوو ئیتر بە هەر هۆیەکەوە بوو بێت لەوێ بە جێهێڵرابوو. هەر کە چاوی پێمکەوت لە ترساندا ڕەنگی پەڕی و بەپەلە خۆی بەڕێڕەوێکی تاریك و سەیردا کرد. منیش هاوارم لێ کرد: بوەستە! بەڵام نەوەستا و لەوەیشەوە یەکسەر بۆم دەرکەوت نیازی خراپە. نەمتوانی بزانم ئاخۆ چەکی پێیەیا نا، بەڵام ڕاوەدوونان و ڕاکەڕاکی نێو ئەو ڕێڕەوەتەنگەبەر و پێچەڵپێچەلانەیش تا ڕادەیەك ناخۆش نەبوو. ئاخرێکەی خۆی کرد بە یەکێك لە ژوورەکانی ڕێڕەوەکاندا و ئەوێش دەرگایەکی هەبوو، دیاریش بوو بیری لێ کردبووەوە کە لەوێوەبۆی دەرباز بێت، بەڵام پێش ئەوەی دەستی بەدەرگا بگات، گەیشتمە سەری. بەدەم زیقەزیقێکەوە تێگەیشت کە ئیتر ڕێی دەرچوونی نییە. منیش وەك جرجێك بە پاڵ دیوارەکانی ژوورەکەوەڕاوم دەنا و هەر ئەوسایش بۆی دەرکەوت کە کار لە کار ترازاوەو تازەلەدەستم دەربازی نابێت. ئیتر لە سووچێکی ژوورەکەم توند کرد و بەتەواوی کەوتەبەر دەستم، ئەمجا نووکی شمشێرەکەمم لەسەر سکی دانا و شمشێر یەکسەر چوو بەناو سکیدا. نەزرێی پێوەبوو و نە هیچ شتێکی تر کە لە کاتی جەنگدا لە بەر دەکرێن، بەڵکو چاکەتێکی قەدیفە شینی سەیروسەمەرەی یەخەپانی پفدراوی

ناشیرینی لەبەردا بوو، ڕێك وەك هیی منالێك. هەر لەوێش، لەو جێیەدا کەلێی کەوتبوو، بە جێمهێشت و بەرەو شەڕ و ڕووناکایی گەڕامەوە.

پاشتر ئەمەم بۆ کەس نەگێڕایەوە، چونکە پێموانەبوو شتێکی هێندە سەرنجڕاکێش و گرنگ بێت. ڕاستییەکەی هیچیش نەبوو، ڕووداوێکی ئاسایی بوو لەو ڕووداوە ئاساییانەی لە جەنگدا ڕوو دەدەن. ئەمە شتێك نییەمن لە ناو خەڵکدا خۆمی پێوە هەڵبکێشم و من؛ وەك جەنگاوەرێك، تەنیا یەکێك لە ئەرکە ئاساییەکانی سەر شانی خۆمم بە جێهێنا و هیچی تر. تا ئێستایش هیچ کەسێك ئەمەی لێ نەبیستووم، نەمیرم و نەهیچ کەسێکی تر. کەسیش ئەوەی بەبیردا نایەت کە شمشێرەکەم بە خوێن سوور بووەو وەك یادەوەرییەکیش بۆ بەشداریکردنم لەجەنگدا هەر بەو ڕەنگەوە دەمێنێتەوە.

من، بەجۆرێك لە جۆرەکان، بەداخەوەم بۆ ئەوەی گرگنێکم کوشت، چونکەپڕ بەدڵ حەزم دەکرد مرۆڤێك بووایە، ئەوانەی ڕقم لێیان دەبێتەوە، نەك گرگنێك! بێجگە لەمەیش، ئەوسا، شەڕەکەمان، شەڕی نێوان گرگنێك و مرۆڤێك، شەڕ دەبوو، نەك گاڵتە. بەڵام من ڕقم لە هەموو گرگنێکیش دەبێتەوە، ڕقم لە بنوبنەچەکەی خۆیشم دەبێتەوە. لە کاتی شەڕەکەیشدا، بەتایبەت کەشمشێرەکەم کرد بەسکیدا و مرد، هەستم بەجۆشوخرۆشێکی سەیر دەکرد، وەك ئەوەی کردەیەکی ئایینیم ئەنجام دابێت، ئایینێك کە بە تەواوی پێی نائاشنام. کاتێك کە یۆسافاتیشم خنکاند، هەر هەمان هەست، هەمان حەزم، هەبوو؛ حەزێك کە هیچ کەس و شتێك نەتوانێت بەری پێ بگرێت بۆ لەناوبردن و قڕکردنی بنوبنەچەکەی خۆم. بۆ؟ نازانم. بە هیچ

جۆرێك لێیشی تێ ناگەم. بڵێیت ئەوەچارەنووسی من بێت کە تەنانەت بمەوێت قرِ بخەمە بنوبنەچەکەی خۆیشمەوە؟

ئەو گرگنەیش، وەك هەموو گرگنەکانی تر، دەنگێکی زیقنی خەساوی هەبوو و ئەمەیش تووڕەی کردم. دەنگی خۆم، دەنگێکی گڕ و تاریکە.

ئەمە بنوبنەچەیەکی قێزەون و ئاوڕووبەرە.

بۆ ئەوانیش وەك من نین! بۆ!

www.fb.com/PDFkurd

ئەم بەیانییە، میرژن، هەوڵی دا قسەوباسێك لەبارەی دڵدارییەوە لەگەڵ مندا بهێنێتە پێشەوە. هەستونەستەکانی جووڵا بوون و دڵیشی پڕ، ئەمە پێوەندی بەچییەوەهەبوو —بێگومان دەبێت هۆیەکی هەبووبێت، ئەگەر هەر ئەوەندە بیزانیایە چەند هۆی بۆ ئەوەهەن! بەڵام، لە پڕێکدا، بەشێوە ئاساییە چاوەڕواننەکراوەکەی خۆی، قسەکانی گۆڕی و لە بریی ئەوە دەستی کرد بە گاڵتەکردن بە خۆشەویستی. لەبەر ئاوێنەکەیدا دانیشتبوو و کارەکەرەکەیشی خەریکی ڕێکخستنی قژی بوو، جارجار بە گاڵتە پێکردنەوەو جارجاریش بە گرنگیپێدانێکی تایبەتەوە لەسەر ئەم یا ئەو بابەت لەگەڵ مندا قسەی دەکرد، کە بە لای منەوە زۆر ناخۆش بوون و هیچ هۆیەکیش بۆ ئەو قسانەی نەبوون. دەیویست، هەر چۆنێك بێت، وا لە من بکات قسەیەك لەو بابەتەوە بکەم. من نەمدەویست. بەڵام ئەو هەر لەسەری سوور بوو و زیاتر پێی دادەگرت. قەت، لە ژیانتدا، دڵداریت نەکردووە؟ هەر نەبێت نەختێك؟ منیش بەوپەڕی تواناوەنکوڵیم دەکرد و سەروچاوی خۆیشم گرژ کردبوو. پێی سەیر بوو، نەیدەویست باوەڕم پێ بکات. ناچاری دەکردمەوەو تا دەهات نزیك و نزیکتریش دەبووەوە لێم. ئاخرێکەی، بۆ

ئەوەی دەست لەو قسانەی هەڵبگرێت و ئیتر لەکۆڵم ببێتەوە، پێموت: "ڕاستییەکەی ئەگەر جارێك لە جاران یەکێکم خۆش بووێت، پیاوێکم خۆش دەوێت".

ئاوڕێکی لێ دامەوەو سەیری کرد و پڕ بەدڵ کەوتە قاقای پێکەنین و تەنانەت کارەکەرەکەیش لەگەڵیدا دەستی کرد بەپێکەنین. -پیاوێك! وەك ئەوەی شتێکی زۆر خۆشی بەر گوێ کەوتبێت، بەدەنگێك کەتووڕەی کردم، وتی: پیاوێك! کام پیاو؟ بۆکارۆسا؟ دیسان، هەردووکیان، دەستیان کردەوە بەقاقای پێکەنین و هێندە پێکەنین تا دەموچاویان شین و مۆر بووەوە. دەموچاوی منیش، لەشەرماندا، سوور هەڵگەڕا، چونکە ڕێك لەو کاتەدا بیرم لە بۆکارۆسا، دەکردەوە. کە هەستیشیان بەوەکرد، پێیانوابوو سوور هەڵگەڕانی دەموچاوی من بەزمەکەی بۆ خۆشتر کردوون.

من هیچ شتێکی سەیر و هیچ پێکەنینێکم لەوەدا نەدەبینی و بە ساردوسڕی و تووڕەییەوە سەیرم دەکردن. من پێکەنین بەشتێکی ناحەز و ناقۆڵا دەزانم. بینینی دەمی مرۆڤ کە لە پڕێکدا دەکرێتەوەو دەرکەوتنی پووکە سوورەکەی بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش کارم تێ دەکات. بەدەست خۆیشم نییە ئەگەر بە چاوێکی تر سەیری بۆکارۆسا بکەم و حەزم لێی بێت، حەزێك کە ڕەنگە گڕوتینێکی تایبەتی هەبێت. ئەمەیش هیچ سەیر نییە و من لەودا پیاوێکی ڕاستەقینە دەبینم.

ئەوەی بە تایبەتی تووڕەی کردم ئەوە بووئەو کارەکەرە قۆڕپیتانەیش لەگەڵ ئەودا پێ دەکەنی و زۆر بازاڕییانەتریش لە خانم پێ دەکەنی. لەوەیە بتوانم خۆم لەوەدا ببینمەوە میرژن نەختێك گاڵتەم لەگەڵدا بکات -ئەگەرچی

دەیشمتوانی، ها ئێستا نا نەختێکی تر، گاڵتەکردنەکەی لێ بکەم بەدەرد و دەمتوانی بە ترسناکترین شێوەیش وەڵامی پرسیارەکەی لەبارەی دڵدارییەوە بدەمەوەو تێی بگەیەنم کەدڵداری، لەڕاستیدا، چییەو چی نییە. دەڵێم دەمتوانی خۆم لەوەدا ببینمەوە، چونکە هەر چۆنێك بێت ئەو سەروەر و میرژنی منە. بەڵام کەسێکی هیچوپووچی وەك ئەو کارەکەرە پێمپێ بکەنێت، ئەمەیان بەتەواوی کەللەیی و سەرشێتم دەکات. ئەو قوڕپیتانە هەمیشە ناشیرین هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووم و زیاتر لەجارێك هەوڵی داوە، خۆی بەگرنگ و گورجوگۆڵتر لە من پێشان بدات و بەتایبەت بەوەیش تووڕەی کردووم کە ناتوانم هەندێك لەدەرگاکانی کۆشك بکەمەوە. جا ئەمەچ پێوەندییەکی بەوەوە هەیە! ئەو کچە جووتیارێکی دەمشڕ و پڕڕووەو لە دارکاریکردن زیاتر شایانی هیچی تر نییە.

تا ئەو جێیەی کە پێوەندی بە بۆ کارۆسایشەوە هەیە، بە هیچ جۆرێك، سەیر نییە کە گرنگییەکی تایبەتم بۆی هەیەو پەسن و ستایشی دەکەم. خۆیشم وەك ئەوم و سروشتێکی شەڕانیم هەیە.

ڕۆژەکان بەدەم چاوەڕوانییەکی بێزارکەرەوەدەڕۆن و نازانیت چی بکەیت و خۆت بەچییەوەخەریك بکەیت.

دوێنێ بەڕاسپاردەیەك ناردیانم بۆ لای مایسترۆ بێرناردۆ لەسانتا کرۆس. ئەو، وەك هەمیشە، لەوێیەو لەسەر کارەکەی "دواشێوی خودایی مەسیح و یاوەرانی" بەردەوامە. زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە بۆ ئەومان لە شەڕەکاندا لەگەڵ نەبوو، تا بە چاوی خۆی ببینێت ئامێرە سەیروسەمەرەکانی، ئەوانەی خۆی دروستی کردوون، چۆن ئیش دەکەن! —

ئەو لەوەزیاتری ناوێت و تەنیا دڵی بەوە خۆشە کە دروستی کردوون. لەوێش دەیتوانی چەند لاشەی مردووی دەست بکەوتایە تا لێیان بکۆڵیتەوەو لە زانستەکەی خۆیدا پێشکەوتنی گەورەتر بە دەست بهێنێت.

کە بینیم، سەرنجی لە کارەکەی خۆی دەدا و بەتەواوی بەنێو شاکارەکەیدا ڕۆ چووبوو، هێندەیش لە نێویدا ون بووبوو کە تەنانەت هەستی بەوەنەکرد من گەیشتووم یا نا. کاتێکیش سەری هەڵبڕی، لەوە دەچوو هێشتا چاوی لە شوێنێکی تر بێت و بیر لە شتێکی تر بکاتەوە. ئەوەیش کە من جلوبەرگی شەڕم لەبەردا بوو، هێندە سەرنجی ئەوی بەلای خۆیدا ڕانەکێشا، ئەگەرچی قەت لەوەو پێش بەو جلوبەرگانەوە نەیبینیبووم. ڕەنگە سەرنجی لێ دابێت، بەڵام نە سەرسووڕمانێکی پێشاندا و نە گرنگییەکی تایبەتی بۆی هەبوو. وتی: چیت دەوێت، بنەمۆم! بەڕووخۆشییەکیشەوە سەیری کردم. منیش، ئەگەرچی بەو قسەسەیرەی نەختێك تووڕەبووم، بەڵام ڕاسپاردەکەمم پێ ڕاگەیاند و پاشان بەڕێی خۆمدا ڕۆیشتم و هیچ هۆیەکیش نەبوو کە لەوێ بمێنمەوەو چاوەڕێ بکەم. بەپەلەیش تەماشایەکی شاکارەکەیم کرد و پێموابوو، لە دوایین جارەوە کە چاوم پێی کەوتبوو، شتێکی ئەوتۆی لێ زیاد نەکراوە. ئەو قەت هیچ شتێکی بۆ تەواو ناکرێت. بەڕاست ئەوە چییە کە ئەو هێندە پێوەی خەریکەو هێندەبیری لێ دەکاتەوە؟

بەهیچ جۆرێکیش، لەبارەی شەڕەکانەوە پرسیاری نەکرد، ئەگەرچی دەیتوانی لەوەتێ بگات، کە من ڕاستەوخۆ لە شەڕەوە هاتوومەتەوە. من پێموابوو کە ئەو بەهیچ جۆرێك گرنگی بۆ شەڕ نییە.

دارا و دەوڵەمەندان بەرپەرچی ئەوەیان داوەتەوە پارەی زیاترمان پێ بدەن! نوێنەرەکەیان ڕایگەیاندووە کە بە هیچ جۆرێك قەرزی زیاتر نادەن. کەس لەمەتێ ناگات! بە هیچ جۆرێك! ئەوان پێیانوایە شەڕەکان بە خراپی بەڕێوەچوون. بە خراپی! چ بێشەرمییەکە ئەمە! چۆن بەخراپی! ئێمە لە سەرکەوتنی بەردەوام زیاتر شتێکی ترمان نەکردووە! بە قووڵی چووینەتە نێو خاکی دوژمنەکەمانەوە، گەیشتووینەتە پایتەختەکەی و هێندەی نەماوە ئەویش بگرین، هێندەی نەماوە بەری پێشکەوتنە بێهاوتاکانمان بچنینەوە. ڕێك لەو کاتەیشدا دەبێت ڕێمان لێ بگیرێت! کاتێك کە شارەکە لە چاوەڕوانیی ئەوە دایە بگیرێت، بەردی بەسەر بەردییەوە نەهێلڕێت، بسووتێنرێت، لەسەر ڕووی زەوین نەهێلڕێت و وێران بکرێت، دەبێت ڕێمان لێ بگیرێت! ئەمە هەموومانی تووڕەکردووە! ناتوانیت باوەڕ بەوە بهێنێت کە ئەمە ڕاستە. ئەم دەوڵەمەندە چەپەڵانە دەیانەوێت ڕێمان ڕێ لێ بگرن و بەدوا سەرکەوتنمان نەگەین! تەنیا هەر لەبەر ئەوەی کە نایانەوێت پارەو پووڵە دوابڕاوەکانی خۆیانیان لە دەست ببێتەوە! نا! ئەمەنابێت! ئەمە ئەوپەڕی سووکایەتیپێکردنە!

میرم دەبێت ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە. بێگومان هەر دەیشیدۆزێتەوە. شتێکی هیچوپووچی وەك پارەناتوانێت ڕێ لە جەنگێکی گەورەو شکۆمەند بگرێت. ئەمەقسەی زیاتر هەڵناگرێت و بڕاوەتەوە.

کۆشک پڕ بووە لە جەنگاوەران، لەنوێنەرانی نەدیو و نەناسراو، لە دادوەران و سوپاسالاران. تەتەران، وەك مەکۆی جۆلاّ، لە نێوان میرم و بەرەکانی جەنگدا دێن و دەچن.

منیش خەریکە لە داخاندا شێت و هار دەبم.

جەنگاوەرە بەکرێگیراوەکانی بۆکارۆسا چیی تر نایانەوێت شەڕ بکەن. داوای مووچەی خۆیان دەکەن، لەپێش هەر شتێکیشەوە داوای ئەو مووچەیەی هێشتا نەدراوەو پاشان لە بەردەوامیدا داوای دوو ئەوەندە زیاتریش لە جاران دەکەن. تا ئەوەیش وەرنەگرن، بەهیچ جۆرێك، ئامادە نین بەشداری لە هیچ شتێکدا بکەن. میرم کەناتوانێت لە هیچ لایەکەوە پارەیەکی زیاتر بە دەستبهێنێت لە هەولّی ئەوەدایە دەمیان بەوە چەور بکات کە هەر ئەوەندە شارە کە بگرین ئیتر ئەوان بۆیان هەبێت چەند و چۆنیان بووێت تالاّنی بکەن و تالاّنییەکی زۆر و بێهاوتایان دەست بکەوێت. ئەوانیش بەوە وەلاّم دەدەنەوە کە ڕاستییەکەی کەس نازانێت ئایا شارەکە، چونکە لەوەوپێش کەس نەیتوانیوە بیگرێت، دەگیردرێت یا نا. دەیشلێن کە پێش ئەوە دەبێت بەسەر لە شکرەکەی ئیل تۆرۆدا سەر بکەوین و پاشان ماوەیەکی دوورو درێژ خەریکی گەمارۆدان بین و حەزیشیان لە گەمارۆدان نییە. هەروەها کاتێك ئارام لێی کەوتوویت و خەریکی گەمارۆدان نیت، هیچ هەلێکت بۆ تالاّنکردن بۆ هەلّناکەوێت. سەرباری ئەمەیش ئەوان زیانێکی زۆریان لێ کەوتووە، زۆر زیاتر لەوەی خۆیان بیریان لێ کردبووەوە. ئەمەیش زۆر گرژ و تووڕەی کردوون. حەزیان لەکوشتنە، بەلاّم نایانەوێت

خۆیان بکوژرێن، هەر نەبێت ئامادەنین بە مووچەیەکی ناچیز پێشوازییان لێ بکرێت. قسەو باسیشیان هیچ شکۆمەندی و خۆشڕەوانییەکی پێوەدیار نییە.

ئەمە چۆن دەبێت و بەچی دەگات؟ کەس نازانێت.

بەڵام بەوپەڕی دڵنیاییەوە میرم ڕێگاچارەیەك هەر دەدۆزێتەوە. کەس نییە لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەدا شان لەشانی ئەو بدات. ئەو حەزی لە نەهاتی و بەدبەختییەو گەورەیی ئەو ڕێك لەو کاتانەدا دەردەکەوێت. با ئەمەیش لە بیر نەکەین! لە شکرەکەی خۆیشمان، لەشکرە نەبەردەکەی خۆیشمان، هێشتا لە دەوروبەری دیوارەکانی پایتەختی مۆنتانزا ماوەتەوە.

جەنگ کۆتایی پێ دەهێنرێت! جەنگاوەران دەبێت بکشێنەوە و ئاودیوی سنوور بن و بگەڕێنەوەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هەموو شتێك براوەتەوە.

هەموو شتێك کۆتایی هاتووە!

بڵێیت خەون ببینم! خەون، بەڵام خەونێکی ناخۆش. نابێت ئەمەڕاست بێت. دەبێت لە خەو ڕابم و ئەمەتەنیا وەك خەونێکی ناخۆش و قێزەون ببینم و هیچی تر.

بەڵام ڕاستە. ڕاستە! ڕاستییەکی تاڵ و ڕاستییەك کە بە هیچ جۆرێك لێی تێناگەیت. سەرت دەخەیتە نێو دەستەکانتەوە و بە هەموو تواناتەوە ناتەوێت تێبگەیت.

چاوچنۆکی، بێئاوڕووی، ناپاکی و هەر چییەك کە مایەی ڕق و داخلەدڵییە، پێکەوە، باڵیان بەسەر لە شکرە نەبەردەکەماندا کێشاوە و چەکی لە دەستی جەنگاوەرە ئازاکانمان داماڵیوە. جەنگاوەرانی لەشکرە هەرگیز نەبەزیوەکەمان کە ئازا و سەربڵند و شکۆمەند لەبەر دەرگاکانی

دوژمنـدا وەسـتاونو هەڕەشـە دەکـەن، دەبێـت بـەبێ شمشـێروە شـاندن، بەجێهێڵراو و نائومێد، بەدەم ناپاکی لەگەڵ کردنەوە، بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە، ئەگەرچی ئەوان لەمردن یا سەرکەوتن زیاتر، هیچ شتێکی تریـان ناوێت. کێ بەمە، بەم تراژیدیایە کە سەر لەبەری تاوانێکی گەورەیە، شێت و هار نابێت!

ئـاخر چـۆن دەبێـت ئـەم جەنگـە گەورەیـەمان، ئـەم مێـژووەپڕ لەشکۆمەندییەی وڵاتەکەمان، بەم جۆرەکۆتایی بێت!

تووڕەیی و ئێشوئازار لـە پـەلوپۆی خستووم. قـەت لـە ژیانمدا ئەوەنـدە تـووڕەو هـیچ کـاتێکیش وەك ئێسـتا هەسـتم بەشـوورەیی نـەکردووە. دڵ و دەروونم پڕ بوون لەتاڵی و گرژی و تـووڕەیی و پـەژارەو خەریکـەگڕ دەگرن. هاوکـاتیش کـەوا هەسـت دەکـەم لـە پـەلوپۆ کـەوتووم، هەسـت بـە بێدەسـەڵاتییەکی تـەواویش دەکـەم. چـۆن بتـوانم ئاڕاسـتەی بەڕێوەچـوونی ڕووداوەکـان بگـۆڕم کـە مایـەی ئەوپـەڕی شـەرمەزاری و بەخۆداشـکانەوەیە. چۆن بتوانم بەر لەڕەوتی ئەو دیمەنـە تـاڵ و گرژانـەبگرم کـە بـە بەرچـاوماندا دێن و دەچن. هیچم پێ ناکرێت. هیچ شتێك!

تەواو. هەموو شتێك تەواو و بڕایەوە. تەواو.

کە ئەمەم بەر گوێ کەوت و پاشتریش لە نێوەڕۆکی ئەوە تێگەیشتم چیم بەر گوێم کەوتووە، خۆمم لە هەمووان دزییـەوە، خـۆمم دزییـەوەو چوومەوە نهۆمی گرگنان تا بەتـەنیا لەگـەڵ خۆمـدا بم. دەترسـام چیی تـر دەسـتەڵاتم بەسەر هەستەکانمدا نـەمێنێت و نـەتوانم لـەوە زیـاتر، وەك ئـەوەی لـەپیاوێك چاوەڕوان دەکرێت و دەوەشێتەوە، دان بەخۆمدا بگـرم. هـەر بەگەیشتنیشـم بـەژووره بچکۆلەساردوسـڕەکەم دەسـتم بـەگریانێکی بـەکوڵ کـرد و هـەموو

گیانیشم لە گەڵیدا دەلەرزی. دان بەمەدا دەنێم. چیی تر نەمتوانی ددان بەخۆمدا بگرم و ئەو هەموو کەفوکوڵە لە نێو خۆمدا بهێڵمەوە. لەبەر توورەییەك كە سەراپای داگرتبووم دەستم لەسەر چاوەکانم دانا و گریام، بەڵام چ گریانێك.

میرم نەژوورەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێت و نەپێشوازی هیچ کەسێك دەکات. خواردنیش هەر لەوێ دەخوات، هەر خۆی بەتەنیا. لەو کاتانەدا، بێجگە لەو خزمەتکارەی کە ژەمەخواردنەکانی بۆ دەهێنێت، بەتەنیا هەر من لە لای ئەوم و ئاگام لێیەتی. تەواو هێمنیش دێتەپێش چاو. بەڵام ئاسانیش نییەبڵێیت چی لە ژێر ئەو دەمامکە ڕەنگزەردەیدا شاردراوەتەوە. دەموچاوی لە نێو ڕیشە ڕەشەکەیدا زەرد هەڵگەڕاوە، چاوەکانیشی، کە لە هەموو لایەك دەڕوانن و ورد دەبنەوە، لەوەدەچێت هیچ نەبینن. بە ئاستەمێك نەبێت هەست بە بوونی منیش ناکات و تاکە وشەیەکیش چییە لە لێوە تەنك و زەرد هەڵگەڕاوەکانیەوە نابیسترێت. ئەو خزمەتکارە بەستەزمانەیش بە تەواوی لێی دەترسێت. بەڵام خۆیشی ترسنۆکە.

کە ڕاگەیاندنەکەی ڤێنێسیا گەیشت و ئەو کۆمارە دوا بڕاوە چاوچنۆکە ڕایگەیاند بە نیازەڕێ لە میرم بگرێت و چیی تر نەهێڵێت لەسەر شەڕەکان بەردەوام بێت، توورەبوونێکی وا دایگرت لە هیچ کەسێك نەبینرابێت. من قەت پێشتر ئەوم وا نەبینیوە. قەت. توورەیی چاوی سوور کرد بوو. هەر بە تەنیا سەیرکردنێکی بەس بوو، بۆ ئەوەی ترست لێ بنیشێت. بەدەم توورەبوونەوە خەنجەرەکەی دەرهێنا و تا مشتووەکەی لە مێزەکەی بەردەمی چەقاند. بە تەواوی دڵنیام، ئەگەر ئەو بەدبەخت و چاوچنۆکانە لەو

کاتەدا بیانبینیایە، بەپەلە هەرچییەك لە دەستیاندا بووایە لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵیاندەڕشت.

ئەوەی بەتایبەتیش دڵتەنگی کردووە ئەوەیە کە بە تەواوی بۆی هەڵنەکەوت هەموو دۆزینەوەکانی مایسترۆ بێرناردۆ، کە بلیمەتییان لێ دەبارێت، بەکار بهێنێت. ڕێك ئا لەم کاتەدا ئەوانە بەهانایەوەدەهاتن. ئەو دڵنیایە کە ئێمە بەیارمەتیی ئەوانە دەمانتوانی شارەکە بگرین و سەرکەوتنیش هێندە دوورە دەست نەبوو. بەڵام بۆ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا؟

شتێکی ناخۆش نەبوو بەچاوی خۆت ئەو تووڕەبوونەی ئەو و بەو جۆرە ببینیت. بەڵام پاشان بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە ئەو هێندەیش پیاوێکی بەهێز و بە دەستەڵات نەبێت. ئەگەر وا نییە، ئەی بۆ هێندە وابەستەی ئەوانی ترە؟ تەنانەت وابەستەی شتێکی هێندە ناچیز و پیسی وەك پارەیە. بۆ لەشکرە ئازا و نەبەزەکەمانی لە شارەکەبەر نەدا و تێکوپێکی نەشکاند؟ ئەی ئەگەر بۆ ئەمەنەبێت لەشکرت بۆ چییە؟

دەپرسم و هیچی تر. من کوڕی مەیدانی جەنگ نیم، لەوانەیە لە هونەری جەنگ نەزانم. بەڵام گیانی منیش پڕە لە ئێش و ئازار و بیرکردنەوە لەو چارەنووسەمان کە کەسمان تێی ناگەین.

جلوبەرگی جەنگم داکەندووە. بەخەمینی و دڵتەنگییەوە لە ژووری گرگنان هەڵمواسیونو جلوبەرگ بەوێوە، وەك لەیستۆکێکی کڵۆڵ و بێدەستەڵات، بە بزمارێکەوە، هەڵواسراون. سووکایەتیپێکراو و بێئاوڕوو.

ئێستا نزیکەی چوار هەفتەیە شەڕ نەبووە. کەشوهەوایەکی تاڵ و گرژ ئاسمانی کۆشک، ئاسمانی شار و ئاسمانی وڵاتی داگرتووە. شتێکی سەیرەکەچۆن دڵمردەیی و ناخۆشی لەکاتی ئاشتیدا، بەتایبەت ئەگەر درێژ بخایەنێت، بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبنەوە، هەر لە ئێستایشەوە هەست دەکەیت ڕووداوەکان چۆن دەبن، کەشوهەوا چۆن خەریکە چڕ و خەست دەبێتەوەو چۆن بەشێوەیەکی خنکێنەر هەموو هەستەکان پڕ دەکەن لە بێمەیلی و بیزاری. ئەو جەنگاوەرانەی گەڕاونەتەوە ناڕازین، دڵیان بە هیچ شتێك خۆش نییەو ئەوانەیش کە بەشداریی جەنگیان نەکردووە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی جەنگ ئەو ئەنجامەی نەبووە کە چاوەڕێیان کردووە، لێیان تووڕەو تڕۆن. ژیانی ڕۆژانەیش بێمانا و خاووخلیچ وەك چۆن بووە لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوامە، نە هیچ خۆشییەك دەبەخشێت و نە هیچ ئامانجێکیشی هەیە. هەرچی خۆشی و هیوای جەنگیش هەیە لە ئارادا نەماوە.

ژیانی دەربار وەك مردبێت وایە. بەدەگمەن نەبێت، نابینیت کەس لەدەروازەی سەرەکییەوە بێت و بچێت، کەس، بێجگە لە ئێمە کە لێرە دەژین و ئێمەیش زۆربەی کات دەروازەکانی تر بەکار دەهێنین. کەسی نائاشنا سەردانی ئێرەناکات، باسی هاتنی کەس ناکرێت و کەسیش وەك میوان بانگ ناکرێت. هۆڵەکان چۆڵوهۆڵن و تەنانەت ئەوانەی لە دەرباریش دەژین خۆیان دەرناخەن و بەدەگمەن نەبێت نابینرێن. ڕێڕەوەکان چۆڵن، جاروبار نەبێت ڕووبەڕوو تووشی کەس نابیتو لەسەر پلیکانەکانیش لە دەنگی پێی خۆت زیاتر نابیستیت. دەربار لە کۆشکێکی چۆڵکراو و بە جێهێڵراو دەچێت و دەڵێیت خێو و درنج داگیریان کردووە. میریشم یا لە

ژوورەدابڕاو و لاتەریکەکانی خۆیدا دێت و دەچێت یا لە تەنیشت مێزەکەی خۆیەوە، کەهێشتا جێدەمی خەنجەرەکەی تێیدا وەك برینێکی کراوەو سارێژ نەبوو دیارە، دانیشتووەو بیر دەکاتەوە. تاریك و گرژ و تووڕە لە بەردەمی خۆی دەڕوانێت و کەسیش نازانێت خەریکی چییەو بیر لەچی دەکاتەوە.

کاتێکی ناخۆش و دڵتەقێنە. ڕۆژ بەهەوڵ و کۆششکێکی زۆر بەرەو پێش دەچێت تا ئیتر دیسانەوە ئێوارە دادێت.

من کاتێکی زۆر و زەوەندم بۆ نووسین؛ بۆ نووسینەوەی ئەزموون و بیرو بۆ چوونەکانم، هەیە، بەڵام بە هیچ جۆرێك تاقەتی نووسینەوەیانم نییە. زۆربەی کات لەپاڵ پەنجەرەکەمەوە دانیشتووم و لەوێوە سەیری ڕووبارەکە دەکەم کەچۆن ڕەنگی گۆڕدراوەو بووەبەزەردێکی لیخن و خاو و خلیچ و وەك زەرداوێك خۆی لە دیواری کۆشك هەڵدەسوێت و ئەمجا بەرەوخوار دەبێتەوە.

ئەو ڕووبارەی جارێك لە وڵاتی ئیل تۆڕۆدا شاهیدی سەرکەوتنەپڕ لە شکۆمەندییەکەمان بوو!

نا، ئەمە شتێکی تا بڵێیت ناخۆشە! لەهەر شتێکی تر ناخۆشتر کەلەم کاتەناخۆش و ترسناکەدا ڕووی دابێت! جێ بەخۆم ناگرم، زەوی لەژێر پێمدا دەلەرێتەوەو باوەڕیشم بەهیچ شتێك نەماوە!

ئاخر ئەمەچۆن دەبێت و بەڕیشی کێ ڕەوایە- میرم پێیوایە کە ئەو و بنەماڵەی مۆنتانزا دەبێت ئاشت ببنەوەو پەیمانیش بەیەکتر بدەن کە ئیتر ببڕاییبڕ شەڕ لەگەڵ یەکتردا نەکەن! دەڵێن دەبێت کۆتایی بەم شەڕە نەبڕاوەیەی نێوانیان بهێنن و وابەستەیش بن بەوەوە کە بۆ هەمیشە کۆتایی

پێ بهێنن. قەت جارێکی تر چەک بەڕووی یەکتردا هەڵنەگرن. لەوەیش دەچێت ئیل تۆرۆ لە سەرەتادا ئەمەی قەبووڵ نەبووبێت، لەوانەیە لەوە تووڕە بووبێت کە هەر نەختێك لەوەوپێش هێرشی کراوەتە سەر و پەلامار دراوە. بەڵام میرم لەسەر داوای خۆی سوور بووەو بە پەرۆشەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستووەتە بەردەمیان. بۆ دەبێت شەڕ لەگەڵ یەکتردا بکەین و یەکتر قڕ بکەین، ئەم هەموو جەنگە بێمانایانەی نێوانمان چ سوودێکیان هەیە! دوو سەدەیش دەبێت ئەم جەنگانەی نێوانمان، ئەگەرچی جارناجاریش لەگەڵ یەکتردا ئاشت و تەبا بووبن، بەردەوام بوون؛ بەبێ ئەوەی کەسێکمان بەسەر ئەوی تردا سەر کەوتبێت و هەردوولایش، لە ئەنجامی ئەم جەنگەبەردەوامانەدا، لە زەرەروزیان زیاتر هیچی تری پێ نەبڕاوە و ئەم شەڕانە لە کلۆڵی و نەبوونی زیاتر چ خێرێکیان بۆ ئێمە نەبووە. چەند باشتر دەبوو بۆ هەموو لایەك ئەگەر بهاتبایەو بەئاشتی و تەبایی لەگەڵ یەکتردا بژیاینایەو لە یەکتر تێگەیشتباین تا وڵاتەکانمان بیانتوانیایەپێش بکەون و بەختەوەر بن؟ لەوەیش دەچێت لۆدۆڤیکۆ بەرەبەرەملی بۆ قسەوباسەکانی میرم دابێت و شتێکی لەباری لەنێویاندا دۆزیبێتەوە. ئێستایش وەڵامی داوەتەوەکە پێشنیازەکەی میرمی قەبووڵەو لە چاوەڕوانیی پێشوازی بانگهێشتندایە بۆ دانوستان لە پێناوی ئەم ئاشتییە هەمیشەییە و ئیمزاکردنی ئەو پەیمانەپیرۆزە.

من پێموایە کە دنیا و خەڵکیش لە گەڵیدا شێت بوون! ئاشتیی هەمیشەیی! چیی تر شەڕ نا! ئەمەچ قسەیەکی هیچوپووچە! چ گاڵتەوگەپێکە! تۆ بڵێیت خەڵك پێیان وا بێت دەتوانن شتێکی ئاوها، ئەوەی

هەموو دنیای لەسەر وەستاوە، بگۆڕن! چ خەیاڵپڵاوییەکە ئەمە! بێجگە لەمەیش، چ بێبڕواییەکە بەرانبەر بەڕابوردوو و بەرانبەر بەگشت خوو و نەریتەگەورە و پیرۆزەکان! نا بۆ شەڕ! تۆ بڵێیت نیازیان لەوە بێت چیی تر خوێن نەڕێژرێت و ئاورووو و پاڵەوانیش لە جێی هیچ دابنرێن! بڵێیت مەبەستیان لەوەبێت کەئیتر کەڕەنا زیوینەکان لیّ نەدرێن و سوارچاکان بەخۆیان و ڕمەکانیانەوەهێرش نەبەن و پەلەکانی لەشکر بەیەکتردا نەدەن و لەمەیدانی جەنگدا دەست لەیەکتر کوشتن هەڵبگرن! بڵێیت چیی تر هیچ شتێك نەتوانێت سنوورێك بۆ خۆبەشتزانین و لووتبەرزیی بێبنەمای خەڵك دابنێت! بڵێیت نیازیان لەوەبێت کەچیی تر هیچ بۆکارۆسایەك بەخۆی و شمشێرەپان و هەڵکێشراوەکەیەوە، بەدەموپلە سوورفلە داخراوەکەیەوە، نەچێتەپێشەوەو پێشانی ئەو خەڵکەی نەدات چ هێز و دەستەڵاتێکەبڕیار بەسەر خۆیان و ژیانیاندا دەدات! تۆ بڵێیت بنەما سەرەکییەکانی ژیان لەجێی خۆیان نەمابن و چیی تر ئەوانەنەبن کەپێیان ئاشناین!

ئاشتبوونەوە! هیچ شتێکی لەمە شوورەییهێنتر بە بیری کەسدا دێت! ئاشتبوونەوە لەگەڵ دوژمنە خوێنخۆرەکەتدا! چ خوێنساردی و گومڕاییەکە، چ شتێکی ناسروشتیی شێوێنراو و قێزەون! بۆ ئێمەیش چ سووکایەتی و لووتشکانێك! بۆ ئێمە! بۆ لەشکرەکەمان و بۆ جەنگاوەرە کوژراوەکانمان! چ بێئاوڕووییەکە دەرهەق بە پاڵەوانە کوژراوەکانمان، کە هەر لەهیچ و خۆڕایی خۆیان کرد بەقوربانی! هێند قێزەونەکەنازانیت لە کوێوەبیری لیّ بکەیتەوەو لە کوێوە لێی بڕوانیت!

کەواتە ئەمە هەموو ئەو شتانەبوون میرم بیری لێیان دەکردەوە. من زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ بیر و مێشکی بەچییەوەخەریك بوون —کەواتە بەم شتانەوەخەریك بوون! ئێستایش سەرووی گۆڕاوەو نەختێك کراوەتەوە، دەتوانێت وەك جاری جاران قسەبکات، ژیانی تێگەڕاوەتەوەو زۆریش دڵی بەخۆی خۆشە. وا پێدەچێت پێی وا بێت بیرێکی "گەورە" و درەوشاوەی بەبیردا هاتووە کە لەوەوپێش قەت بەبیری هیچ کەسێکی تردا نەهاتووە!

هیچ وشەیەك نییە بتوانێت ڕقی ئەستوور و بێسنوورم دەرببڕێت. بڕوای من بەمیرم، بەسەروەرەکەم، لەبنەوەڕا وا بریندار بووە کە هەرگیزاو هەرگیز چاك نابێتەوە. هێند لەبەر چاوم کەوتووە، هێند بچووك بووەتەوە، کە هیچ میرێکی تر ناتوانێت هێندەی ئەو بچووك ببێتەوە. ئاشتیی هەمیشەیی! چیی تر چەکهەڵنەگرتن! هەتا هەتایە شەڕ لەگەڵ یەکتردا نەکردن! تەنیا ئاشتی و ئاشتی! ڕاستییەکەیت دەوێت، ئاسان نییە گرگنی میرێکی وەها بیت.

سەرلەبەری کۆشك، بۆ ئەم میوانداری و پێشوازییە دوابڕاوە، سەرەوژێر کراوە. بۆ هەر کوێ دەچیت قاچت لەسەتڵ و پەڕۆوپاتاڵی پاك و خاوێن کردنەوەدەگیرێت و خۆڵ و خاشاك، لەپەنجەرەکانەوەفڕێ دەدرێن، لە هەموو لایەك لەسەر یەك هەڵچنراون و تەپوتۆزیش تا بینەقاقا هاتووەو هەموو لایەکی تەنیوە. ئەو کاغەز دیوارییە کۆنانەی لە هەورەبانەکانەوە هێنراونەتە خوارەوە لەسەر زەوییەکەڕاخراون و ئەو دیمەنە بێمانایانەیش کە باس لە خۆشەویستی دەکەن و لەسەریان کێشراون، کەوتوونەتە ژێر پێی هەموو کەس. ئەمانە بڕیارە بەدیوارەکانەوە هەڵبواسرێن بۆ ئەوەی ئەم

"ئاهـەنگی ئاشـتبوونەوەو ئاشـتی"یـە شـوورەییهێنە بڕازێننـەوەو جوانتری بکەن. نهۆمی میوانان کە ساڵانێکە بەکار نەهێنراون لەلایەن دەسـتوپێوەند و خزمەتکارانەوەکە وەك شێت بەیەکدا دێن و کەوتوونەتە پەلە پرووسکێ، بۆ ئەوەی بە هـەموو شتێکدا ڕابگـەن، ڕێکوپێـك دەکـرێن. خـەڵك هـەمووی بـەم بیرەشـێتانەیەی بەمێشـکی میرمـدا هـاتووە و بـەو هـەموو ئەرکـە زۆرەیـش کەوتووەتەسەر شانیان تووڕەبوون. دەڵێن کۆشکی گێڕالدییش ڕێك دەخرێت و ئـەوێش بـەکار دەهێنرێـت، بێگومـان لۆدۆڤیکـۆ و دەستوپێوەندەکەیشـی لەوێ دادەبەزن و دەمێننەوە. ئەوێ، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك بـۆ کارۆسا و یاوەرەکانی لێی ماونەتەوە، وەك تەویلەی بەرازی لـێ هـاتووە. گەنجینـەکان تـژی کـراون لـەخۆراك، پـڕ کـراون لەلاشـەی سـەدان گـا و گوێلـك و مـەڕ کـە کـارگێڕی کۆشـك بـەزۆری زۆردارەکـی بـەو خەڵکـە کلۆڵـە دەیانگوێزێتـەوە و هەروەها هەمەجۆر دان و دانەوێڵەیش کە دەدرێـن بـە ئەسـپەکان هـەر بـەوان دەگوێزرێنـەوە- بێگومـان ئـەوانیش تـووڕەن و ناڕەزاییـەکی گشـتی هـەموو لایەکی وڵاتی گرتووەتەوە. مـن پێموایـە ئەگـەر بیانتوانیبـا، هـەر لەبـەر ئـەو بیرەگەوجانەیـەی مـیرم سـەبارەت بـە"ئاهـەنگی ئاشـتی"یـاخی دەبـوون. کەڵەکێوی لەدارستان دەگیرێن، تیتراسك و کەروێشك و بەرازەکێویش لـەکێو و بەندەنان ڕاو دەکرێن. بازەوانـان بـەخۆیان و هـەوێردەو قـەرقاوڵ و شینە شـاهۆکانیانەوە هاتوونەتـە چێشـتخانەی کۆشـك و کـۆتر سـەر دەبـڕدرێن و مریشـك و کەڵەشـێری دابەسـتەی نێـو گـەوڕەکان دەژمێـردرێن و ئـەو تاووسـانەیش کـە بڕیـارە سـەرمێز و خـوانی ئاهەنگـە کـە بڕازێننـەوە هەڵدەبـژێردرێن. قومـاش لـە ڤێنیسـیاوە هێنـراونو بەرگـدرووان خـەریکی

دروونی جلوبەرگی گرانبەهان بۆ میر و میرژن و دارا و دەوڵەمەندانی شار و هەموو هەر خەریکی پەراوەو هاتوچۆن بەناو ڕێڕەو و بنبان و سەربانی کۆشکدا — بۆ ئەمانە دەتوانن قەرز بکەن، بەڵام بۆ شەڕکردن نا! تاق و دەروازەی بەگوڵ ڕازێنراوە لە دەرەوەی کۆشک و بەو ڕێگایەدا کە لە کۆشکەوە بەرەوخوار دەبێتەوەو بڕیارە لۆدۆڤیکۆ و دەستوپێوەندەکەی پێیدا بەرەو کۆشک بێن، لێدراون. ئاسمانە بەسەر دەروازەی سەرەکیی کۆشك و هۆڵەکانی ناوەوەدانراون و ڕازێنراونەتەوە، ئەو فەرش و ڕایەخانەی بڕیارە بە پەنجەرەکاندا شۆڕ بکرێنەوە، تەپوتۆزیان لێ تەکێنراوەو پاك کراونەتەوە. ئاوازژەنان بەردەوام و بێبڕانەوە خەریکی مەشقکردنن و ئەو خەڵکەیان کەلـلەیی کردووە، شاعیرانی دەربباریش خەریکی هۆنینەوەی فلتەفلتی خۆیانن تا پاشان لەهۆڵی گەورەی کۆشکدا بخوێنرێنەوە. هەموو شتێك، هەموو کەسێك، بۆ ئەم ئاهەنگە گەوجانەیە لە خزمەتدان و خەریکی خۆئامادەکردنن! کەس باسی هیچ شتێکی تر ناکات و بە هیچ جۆرێك گرنگیی بۆ هیچ شتێکی تر نییە. دەربار هەڵساوەتەوەو هەموو سووچ و قوژبنێکی کۆشك بەسەر یەکدا دراون، هەنگاوێکت بە ئاسانی پێ هەڵناهێنرێتەوە، یا پێت لە شتێك دەگیرێت و یا دەبێت بەڕێگر لە بەردەمی ئەوانەدا کە لە هەموو لایەکەوە خەریکن، هەموو شتێك دەگەڕێت و بێسەرو بەرییەکیشە لە باسکردن نایەت.

منیش هێندە تووڕەم، خەریکە شەق دەبەم.

www.fb.com/PDFkurd

دوژمن ئاودیوی سنوورەکان بووەو هاتووەتە نێو پایتەختەکەمانەوەو پایتەختیش بۆ ئەو بۆنە پیرۆزە بەشێوەیەك خۆی ڕازاندووەتەوەکە هەرگیز

لەوەوپێش نەبینراوە. پێشڕەوی کاروانیان سی شەیپور و نەیژەنی سوارەن و، بە پاسەوانەکانیان کە ئەوانیش هەر سوارەن و جلوبەرگی سەوز و ڕەشیان پۆشیوە، دەورە دراون. لۆدۆڤیکۆ مۆنتانزا و کوڕە سەگسارەکەی؛ جیۆڤانی مۆنتانزا، ڕمیان بەدەستەوەیەو بەڕێگاکاندا هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵە سوارچاکێکی هەڵبژێردراو و نەجیبزادەکاندا کە بەدوایانەوەن بەسواری دەگەڕێن و دووسەد تیر هاوێژی سوارەیش پاشڕەویانن. لۆدۆڤیکۆ مۆنتانزا بەسواری ئەسپێکی ڕەش هاتووەو جلوبەرگێکی قەدیفەی ڕازاوەی پۆشیوەو جلوبەرگ لێرەولەوێ بەتەقەڵ و پلپلەی زیوین ڕازێنراوەتەوەو کە گەیشتوونەتە جێیش بە"هەراوهۆریای خەڵك" پێشوازییان لێ کراوە — خەڵك هەمیشە کە فەرمانیان بەسەردا دەدرێت هەراوهۆریای خۆشیی خۆیان بکەن، دەیکەن و گرنگیش نییە لەبەر چی دەیکەن. ئێستا وایان بەخەیاڵدا دێت خۆشحاڵن، چونکە ئیتر ئاشتیەو جارێکی تر شەڕ نابێتەوە. سێ پەیك، کە میرم بۆ پێشوازیی لۆدۆڤیکۆ پێشووتر ناردبوونی، گەڕاونەتەوەو جاڕی گەیشتن و هۆکاری سەردانی ئەویان داوەو زەنگی گشت کڵێساکانی شار لەگەڵیدا لێ دەدرێن. هەرگیز نەدەکرا و کاری کردەنی نەبوو، کە بەجۆرێکی لەوە باشتر پێشوازی لە سووکایەتیی ئێمەبکرێت. تەنانەت لە تەپەی تۆپهاوێژەکانەوە چەند تۆپێکی پووچیش ڕووەو ئاسمان تەقێنران — کە بە بڕوای من دەبوو تۆپی ڕاستەقینە بوونایەو ئاڕاستەی کاروانەکەی ئەوان بکرانایە. دەڵێن ئەسپەکەی کوڕی لۆدۆڤیکۆ بەگرمەی ئەو تۆپانە، یا بەهەرچییەکی تر، ترساوە و خۆیشی لەوە بووە هانەختێکی تر بەر ببێتەوە، بەڵام هەر زوو جڵەوی ئەسپەکەی گرتووەتەوەو دەموچاو

سوورهەڵگەڕاو کەوتوەتەوە ڕێ. ئەو لەمناڵێك دەچێت و لەوەیش ناچێت لە حەڤدەساڵ زیاتر بێت. ئەگەرچی هیچیش ڕووی نەداوە، کەچی هەر چۆنێك بێت خەڵکەکەوەك ئەوەچاویان لەو ڕووداوە کردووە نوقڵانەی خەبەرێکی ناخۆش بێت. خەڵك وان ئیتر! ئەوان هەمیشە لە بۆنە"پیرۆزەکان"دا بەدوای خەبەری ناخۆشەوەن و ئەمەیش تەنیا شتێکە ئەوان بیرتیژیی خۆیانی بۆ دەخەنە کار و پێوەی خەریك دەبن.

لۆدۆڤیکۆ لە بەردەرگای سەرەکیی کۆشکدا لە ئەسپەکەی دابەزی و لە لایەن میرمەوە بە چەند وشەیەکی سەوز و سوور و قەڵەو پێشوازی لێ کرا. پاشان بۆ هەمووان دەرکەوت کەلۆدۆڤیکۆ کورتەبنەیەکی تۆکمەوتۆڵی ڕوومەت سوور و پڕ و سافولووسە و ملیشی وەك ملی گایەك ئەستوور. تەنیا لەخوارەوەی ڕوومەتەکانیشیەوەڕیشی هەیە و ئەویش چڕوپڕ نا و دەموچاویشی، ئەگەرچی ڕیشێکی چڕوپڕ جوانتری نەکردووە، بەڵام جوانە. چاوەتیژ و دێزەکانیشی وا خۆیان پێشان دەدەن کەچ ڕقوکینەیەکیان تێدا نین، بەڵام نابێت بەمەفریو بخۆین، چونکەهەموو کەس دەزانێت ئەو چ کەسێکی دڵگەن و چەپەڵەو چەندیش ڕووشەو تووڕەوتۆسنەکە لەوەیە لە پڕێکدا و هەر لە خۆڕا بتەقێتەوە.

ئەمڕۆ بەدەم ئاهەنگی پێشوازیلێکردن و ژەمەکانی خواردن و دانووستانەوە سەبارەت بە پەیماننامەی نێوان هەردوو وڵاتو بە گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو شتانەوە کە لە نێوەڕۆکەکەیدا هەن و بەداڕشتنی کۆتاییی پەیماننامەکەوە کۆتایی هاتووە. ئێوارەیش نواندنێکی شانۆیی تا بڵێیت ناخۆش بەلاتین پێشکەش کراوە کە من بۆ خۆم تەنانەت یەك وشەو

هێندەی بزانم کەسی تریش یەك وشەی لێ تێنەگەیشتووە. بەڵام پاشان کۆمیدیایەك کە هیچ شەرم و شکۆیەکی تێدا نەبوو بەزمانی ئاساییی خۆمانە پێشکەش کرا و هەموو خەڵکەکەیش زۆر باشتر لەمیان تێگەیشتن و زۆر چێژیشیان لە نێوەڕۆکە شەرمێون و پیسو پۆخڵەکەی وەرگرت. من یەك بەخۆم، دڵم لێی تێکەڵ دەهات.

ئێستا ئەوەی کە دەبوو ئەمڕۆ بکرێت، کراوەو منیش لێرە لە سەرەوە لە ژوورەکەی خۆمدا بەتەنیا دانیشتووم و دەست لەسەر سنگ لە بەرانبەر تەنیاییدا وەستاوم. هیچ شتێکیش هێندەی تەنیایی دڵم خۆش ناکات و خۆشیم پێ نابەخشێت. دیارەسەربان و بنبانی ئێرەیش؛ هیی نهۆمی گرگنان، زۆر نزمە، ئەگەرنا لەوانەبوو میوانیان لێرەیش دابەزاندایە. ئەوەیش لێی ناخۆشتر نەدەبوو.

خەڵك دەڵێن و لەوەیش دەچێت ئەو کوڕەی میر جوان بێت، بەڵام ئەگەر جوانیش بێت، لە باوکیەوە نییە. کاتێك بەسواری ئەسپەکەی و شانبەشانی باوکی هات و جلکێکی لە قەدیفەی شینی دابوو بەسەر ئەسپەکەیدا و بۆ خۆیشی هەمان ڕەنگ جلوبەرگی پۆشیبوو، خەڵك ئەوەیان پێ جوان بوو. لەوانەیشە جوان بووبێت. بەڵام من پێموایە ئەو بە چاوە ئاهووئاسا و قژە ڕەشە درێژەکەی و پێستە نەرمەکەیەوەکە هەر لە خۆڕا سوور هەڵدەگەڕێت، شلوملەو لە پیاوی ناو پیاوان ناچێت. ڕەنگە لەمەدا خەتا لە منەوەبێت، بەڵام منیش بەدەست خۆم نییەو حەزم لەسەر و ڕووی وا نییە. من پێموایە پیاو دەبێت لە پیاو بچێت. ئەو زیاتر لەبیاتریسی دایکی دەچێت، کە هەموو

کەس بەجوانییەکەیدا هەڵدەڵێن و ستایشی جوانیی دەکەن و دەڵێن کە زۆر جوان بووەو دەیشڵێن، ئەگەرچی دەساڵێشەمردووە، لەبەهەشتدایە.

ئەم دوای نیوەڕۆیە ئەوم لەگەڵ ئەنجێلیکادا بینی و لە باخی گوڵاندا پیاسەیان دەکرد و نەختێك دواتریش بینیمن بە کەناری ڕووبارەکە دادەڕۆیشتن و وردەنانیان بۆ قووەکان فڕێ دەدا. هەردوو جارەکەیش سەرنجم بەلای ئەوەوەبوو کە قسەیان بۆ یەکتر دەکرد. من لەوەتێناگەم ئەو باسی چی لەگەڵ ئەو ئەنجێلیکا دەبەنگەدا دەکات. دیارە ئەوەیش نابینێت چەند ناشیرینە، ئەگەرنا خۆی لێ دوورەپەرێز دەگرت. بە دووریشی نازانم بۆ خۆیشی وەك ئەنجێلیکا دەبەنگ بێت.

بێگومان ڕوو لە هەر جێیەك دەکەیت دۆن ڕێکاردۆیش لەوێیەو لە هەموو ئاهەنگێکیشدا لەبەردەمتدا قووت دەبێتەوە، وەك هەر جارێکی تریش، هەر هێندە بۆی هەڵبکەوێت، خۆی لە هەموو شتێك دەباتەپێشەوە. برینەکانیشی سارێژ بوون. چیم پێ وتن؟ هەرچی جێبرینەبەلەشیەوەنابینرێت، ئەوە نەبێت کە دەستێکی کەمتر لەجاران دەجووڵێت. ئەوەیش پاڵەوانییەکەی ئەو.

ئەمڕۆ سێیەمین ڕۆژە دوژمن لە شارەکەماندان. لەبەر چاوی کاڵی لۆدۆڤیکۆیش ئاهەنگ بەردەوام و بێبڕانەوە دەگەڕێت و بۆ یەك چرکەیش فریای هیچی تر ناکەوین. دوێنێ شەو هێندەماندوو بووم نەمتوانی هیچ بنووسمەوە، بۆیە ئێستا، ئەم بەیانییە، بەپەلەچەند ڕستەیەك لەسەر ئەوەی دوێنێ چۆن بووەو نەبووەو لەسەر ئەوەیش کەچیم لێ هەڵکڕاندووە دەنووسمەوە. هەردوو میر پێش خۆرهەڵاتن لە قەڵا دەرکەوتن و چەند

سەعاتێك لەمێرگەكانی دەستەچەپی شاردا خۆیان بەڕاوەبازەوەخەریك كرد. لۆدۆڤیكۆ زۆر حەزی لەڕاوەبازەو میریشم باخێكی بژاردەو نایابی هەیەو لە نێو بازەكانیشدا چەند بازێكی دەگمەنی هەن كە بۆ ڕێزلێنان لەپادشای فەرەنساوەبۆی هاتوون و ئەویش بەوپەڕی خۆشییەوەحەز دەكات هەرەجوانەكانیان پێشانی خەڵك بدات. پاشان چەند سەعاتێك بەخواردنەوەوە خەریك بوون و دوای ئەوەیش ئاهەنگێكی مۆسیقا گێڕدرا، ئەگەرچی بەلای منەوە مۆسیقا لە هەموو شتێك ناخۆشترە. بەدوای ئەوەیشدا ئاهەنگی هەڵپەڕكێ و مۆسیقا دەستی پێكرد و پاشان چەند هونەرمەندێك لەوانەی لەیەك كاتدا چەند شتێك بەهەوادا هەڵدەدەن و دەیانگرنەوەو یارییان پێ دەكەن، دەركەوتن و بەتەواوی سەرنجی خەڵكەكەیان بەلای خۆیاندا ڕاكێشا و تەنیا شتێكیش بوو شایانی بینین. هەر یەكسەر دوا بە دوای ئەوەیش دەستیان كردبەخواردن و تا شەودرەنگانێك هەر بەردەوام بوون و ئەمجا پانتۆمیمێكی ئاوڕووبەرە لە لایەن چەند ژن و پیاوێكەوەپێشكەش كرا و جلوبەرگەكانیشیان هێندە تەسكو ترووسك بوون و بەلەشیانەوە نووسابوون، كە لەوە دەچوو هیچیان لەبەردا نەبێت. زۆربەی خەڵكەكەش تەواو سەرخۆش بوون. بەرنامەكەیشیان بەمە كۆتایی هات و منیش ئیتر بۆم هەبوو بە جێیانبهێڵم و بڕۆم بنووم، هێندەیش ماندوو بووم یەكسەر بە لادا هاتم و خەوم لێ كەوت.

میرم هەموو كاتەكە دڵ و مێشكی لای ئاهەنگگێڕانە و خۆیشی هێند خۆشەویست و دڵڕفێنە كە هەرگیز پێشتر بەو جۆرەنەبینراوە. ڕاستییەكەی خۆیشی نازانێت چەندێ چاكەی "میوانەكان"ی دەوێت و چۆن خۆی

لەبەردەمیاندا، کە دڵت لێی تێکەڵ دێت، دەنوێنێت. هەر بەبینینی قێزم لێی دەبێتەوە. وەك ئەوە وایە ئەو و ئیل تۆرۆ باشترین هاوڕێی یەکتر بن لەدنیادا و هاوتایان نەبێت، هەر نەبێت ئەو وا دەردەکەوێت کە ڕاستگۆترین هاوڕێ بێت. سەرەتا لۆدۆڤیکۆ نەختێك خۆی دووره پەرێز دەگرت و کەمێکیش گومانی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو گومان و دوورەپەرێزییەیشی ڕەویونەتەوە. هەروەها بە پاسەوانێکی زۆرەوە بۆ پاراستنی گیانی خۆی و بەهێزێکی چەند سەد کەسیشەوە هات. پیاو دەتوانێت لە خۆی بپرسێت، بۆ بەدەستهێنانی ئاشتییەك کە تا هەتایە بەردەوام بێت، چ پێویست بەو هەموو جەنگاوەرەدەکات. بەڵام بێگومان لەو جۆرە دەرفەتانەدا هەروەها کراوەو هەروەهایش دەمێنێتەوە. میرێکیش، کاتێك دەبێت بەمیوانی دەربارێکی تر، ناتوانێت بێ دەستو پێوەندێکی زۆروزەوەند دەربکەوێت. چاکە- ڕاستییەکەی من زۆر چاك دەزانم کە هەمیشە هەر وا بووە. بەڵام نایشتوانم کاتێك ئەو هەموو دوژمنە لە دەوربەری خۆم دەبینم بەدەردی خۆمەوە دانیشم و دەستێك نەوەشێنم.

هەڵسوکەوتی میرمم لێ بووە بە مەتەڵێك ئەوسەری نادیار - ئاخر ئەو چۆن دەتوانێت هێند سووك و درێو لەگەڵ دوژمنە خوێنخۆرەکانماندا هەڵسوکەوت بکات! تێناگەم! لە هیچ شتێك تێناگەم! بەڵام ئەمە شتێکی نائاساییش نییە- ئەمە چارەنووسی منە کە قەت لەم پیاوە تێنەگەم. ئێستایش نامەوێت چیی تر خۆم بەمەوە خەریك بکەم، بەڵکو هەر ئەوە دەڵێمەوە کە پێشووتریش وتوومە، کە ڕق و کینەم بەرانبەر بەو هیچ سنوورێك ناناسێت.

دوێنێ لە جارێك زیاتریش جیۆڤانی و ئەنجێلیکام پێکەوەبینی. لەوەیش نەدەچوو دڵخۆش بن. دەمەو ئێوارەیش بینیمن لەسەر ڕووبارەکە دانیشتبوون، بەڵام چیی تر خواردنیان بەقووەکان نەدەدا و قسەیشیان لەگەڵ یەکتردا نەدەکرد، بەڵکو بێدەنگ لە تەنیشت یەکترەوە دانیشتبوون و سەیری تەوژمی ئاوەکەیان دەکرد. لەوانەیە هیچیان نەمابێت لەگەڵ یەکتردا باسی بکەن.

دەبوو بێجگە لەوانە چیی تریش بنووسمەوە؟ هیچ. ئەمڕۆ بەوپەڕی شکۆ و بەخۆدانازینەوە لەسەر پەیماننامەی ئاشتیی بەردەوامی نێوانیان دەنووسن و پاشان دەست بەنانخواردن و بەزم و ئاهەنگگێڕان دەکەنەوەو تا ڕۆژ دەبێتەوە بەردەوام دەبن. منیش تا بڵێیت دڵم تەنگ و نەفرەت لە هەموو شتێکیش دەکەم.

میرم شتێکی هێندە شایان و بە ئاوڕووی پێسپاردووم، بیروهۆشی بردووم و لەنگەرم تێکچووە! ناتوانم، تەنانەت بە یەك وشەیش، بڵێم چییە. ڕازێکە تەنیا لەنێوان من و ئەودا. قەت لەوەوپێش لەوە تێنگەیشتووم کە ئێمە تا چ ڕادەیەك پێکەوەبەستراو و وابەستەی یەکترین.

بێسنوور بەختەوەرم. لە ئێستادا لەمەیش زیاترم لێ نابیستیت.

ئەم ئێوارەیە، سەعات شەش، ئاهەنگە گەورەکە دەست پێ دەکات. ئاهەنگێکی بێ هاوتا و سەرشاری گشت ئاهەنگان، بێگومان بەو هەموو دەستوپێوەند و دامودەستگا زۆرەیشەوە کە لە پێناوی ئەوەدا ئامادەکراون، ئەوپەڕی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. وا هەست دەکەم لە خۆشیاندا خەریکە دەتەقم.

ئێستا چیرۆکی چۆنێتیی بەڕێوەچوونی دوارۆژەکان و بە تایبەت ئەو ئاهەنگی نانخواردنە گەورەیە دەنووسمەوە کە کۆتاییی بەو بۆنە و جەژنی ئاشتییە هێنا کەبە هۆی ڕێککەوتنی نێوان ماڵباتی میرمانو ماڵباتی مۆنتانزاوە ڕێکخرابوو، هەروەها ئەو ڕووداوانەیش کە پێوەست بوون بەوەوە.

سەرەتا لە هۆڵی سەرەکیی کۆشک، کەکورسیی فەرمانڕەوایی میرمی لێیە، کۆ بووینەوەو پەیماننانەی ئاشتیی هەمیشەیی نێوان هەردوو میرنشین خوێنرایەوە. پەیماننامەکە بە وشەی هەر زۆر جوان و تایبەت بەو بۆنەیەوە ڕازێنرابووەوە، هەروەها ئەو بڕیارانەیشی تێدا بوو کە سەبارەت بە سڕینەوەی سنووری نێوان هەردوو میرنشین درابوون و بڕیاری بازرگانیی ئازادی نێوان هەردوو گەل و ئەو ڕێککەوتنانەیشی تێدا بوو کە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان ئاسانتر دەکەن. پاش ئەوەدەبوو لەسەری بنووسرێت، ئیتر هەردوو میر بەخۆیان و پیاوەهەرە دیارەکانیانەوە کە لە دوایانەوە دەڕۆیشتن، بەرەو مێزێک ڕۆیشتن و ناوی خۆیان لەسەر دوو کاغەزی گەورەکە لەسەر مێزەکە بلاو کرابوونەوە نووسی. دابوو دەستوورێکی تا بلێیت ڕێکوپێک. یەکسەر دوای ئەوەیش دەنگ لە شەست شەیپوورەوە هەڵسا، کە بەڕیز لەپاڵ هەر چوار دیواری هۆڵەکەوەوە ستابوون و هەر ڕیزەو سێ هەنگاو لەوی ترەوەدوور بوو و هەر ڕیزەبە ڕەنگێک، ڕیزێک ڕەنگی میری ئێمەی پۆشیبوو و ڕیزێک ڕەنگی میری مۆنتانزا. پاشان هەموو ئەوانەی لەوێ کۆ بووبوونەوە بە پێشڕەویی ئاهەنگگێڕی سەرەکی و لەسەر ڕەوتی

ئاوازێکی تایبەت کە بۆ ئەو بۆنە و ئاهەنگە دانرابوو، چوونە نێو هۆڵی میوانداریییەوە. تیشکی پەنجا مۆمدانی زیوینیش ئەو هۆڵە گەورەیەی ڕووناک کردبووەوەو خزمەتکارانیش کەبۆ ئەو بۆنەیە جلوبەرگی زێڕینیان پۆشیبوو و دوو سەد مەشخەڵیان هەڵگرتبوو؛ پەیدا بوون. هەروەها کورگەلێك لە کوچەو کۆلانان کۆ کرابوونەوەو ئەمانیش مەشخەڵیان هەڵگرتبوو، دەرکەوتن؛ بەڵام ئەمان جلوبەرگی شڕوپڕیان لەبەردا و پێخاوسیش لەسەر زەوییەبەردینەکەوە ستابوون، ئەگەر لێشیان نزیك بکەوتیتایەتەوە، بۆنێکی تا ڕادەیەك ناخۆشیان لێ دەهات. سفرەلەسەر پێنج مێز؛ کە بە درێژاییی هۆڵەکە دانرابوون، ڕاخرابوون و مێزەکان لە ژێر باری گرانی ئەو هەموو قاپوقاچاخەزیوینەی لەسەریان دانرابوون و ئەو هەموو بەلەم و دەورییە گەورانەی پڕ کرابوون لەخواردنی سارد و میوەی ڕەنگاو ڕەنگ، نەوی بووبوون؛ هەروەها بیست شێوەی گەورە لە ئیشی هەویری شەکر دروست کرابوون و لەسەر مێزەکان دانرابوون، وەکو دواتریش پێیانوتم ئەوانەچەند دیمەنێکیان لە بیروباوەڕی خوداپەرستیی یۆنانییەکان پێشان دەدا، ئایینی خوانەناسان کە من چ شارەزاییەکی ئەوتۆم لێی نییە. لەسەر مێزەکەی ناوەڕاستیش هەموو شتێك لەزێڕ بوو، مۆمدان، کاسەی لە میوە پڕکراو، قاپ، گۆزەی شەراب، جام و پەرداخی مەی و هەردوو میر و ئەوانەی لە خانەوادەی میران بوون و پیاوە هەرە دیارەکانی مۆنتانزایش، لەوێ دانیشتن. میرم ڕێك بەرانبەر بەئیل تۆرۆ دانیشت، لە تەنیشتیشیەوەمیرژن دانیشت و کراسێکی سووری جەرگیی لەبەردا بوو، کە قۆڵەکانی لە حەریری سپی بوون و هەڵدڕابوونو خشڵیان پێدا دروابوو، بەرسنگەکەیشی پڕ بوو

لەقولاپدرووی زێڕین. تۆڕێکی زیوینی پڕ لەئەڵماسیشی کردبووەسەری و قژەقاوەییەناشیرینەکەی پێ جوان کردبوو، بەدڵنیاییشەوە، چونکە چەند سەعاتێك بەخۆڕازاندنەوەو ئارایشتی خۆیەوەخەریك بووبوو، ئێستا لە هەر کاتێکی تر زیاتر، دەتتوانی ببینیت کە دەموچاوە نەرمونۆڵە خرپنەکەی، جارێك لە جاران، زۆر جوان بووە. هەمیشەیش هەر هەمان زەردەخەنەی لەسەر لێوان. میرم جلوبەرگێکی قەیفەی ڕەش و تا ڕادەیەك ساکار و پڕ بەبەری خۆی لەبەردا بوو، قۆڵەکانی لێرەو لەوێ قاش قاش کرابوون و نێوانیان بە هەورێشمی زێڕین پڕ کرابوونەوە. ناسك و گەنج و وەك تیغی شمشێرێکیش سووکوسۆڵ و قشت. نەختێك داخراو و دوورە پەرێز، بەڵام سەرووڕووی خۆش دەهاتە پێش چاو، چونکە جار جار، وەك ئەوسا خووی پێوەگرتبوو، دەستێکی بەقژە کورتە ڕەشەکەیدا دەهێنا. لەو کاتەدا هەستم بە دڵبەستەییەکی زۆر دەکرد بەرانبەری. ئیل تۆرۆیش پاڵتۆیەکی کورتی لەسەر شانەوە پانوپۆڕی سەوزی تۆخی لەبەردا بوو، پارچە جلێکی جوان و بە نرخی لەکەوڵی سمۆرەیشی بەسەردا دابوو، لە ژێرەوەیش کراسێکی سووری ئامالزەردی پۆشیبوو، ڕیزێك زنجیری زێڕینیش لە ملیەوە بەسەر کراسدا شۆڕ بووبووەوە. بەم جلوبەرگەوە زۆر پانو پۆڕتر و کورتتر دیار بوو، ملە ئەستوورەکەیشی لەو کەوڵی سمۆرەقاوەییەوە سوور و خوێنسارد دەرپەڕیبوو. سەرووڕووی میهرەبانییەکی پڕ لە مەندی و لەسەرخۆیی و دڵڕفێنی لێ دەباری، بەڵام سەرووڕووی مرۆڤ شتێك نییە پێوەی گیر و خەریك بیت. سەرووڕوو گرنگ نین و بە لە شیاندا دەبینیت مرۆڤ چ جۆرە گیانەوەرێکن.

بێگومان جێی دۆن ڕیکاردۆیش لەسەر ئەم مێزەبوو، تەنانەت لەسەر یەکێك لە باشترین جێیەکانیش دانیشتبوو، ئەگەرچی ئەو دەبوو لەو سەرەوە، لەسەر یەکێك لەمێزەکانی تر، دابنیشتایە. ئەو خۆبەرەوەپێش و هەمیشەیش لە پێش هەمووانەوەیە. بێگومان میریشم ناتوانێت خۆی لێ ڕەها بکات ـ میرژنیش هەروەها. هەر لەسەرەتایشەوە دەستی کرد بە قسەکردن و خۆبردنە پێشەوەو بە لەخۆڕازیبوونیشەوە ڕیشەلوول و ڕەشەکەی با دەدا. منیش بە ساردوسڕییەکەوە، کە بێجگە لە خۆم هیچ کەسێك لەنێوەڕۆکەکەی نەدەگەیشت، تەماشام دەکرد. بەڵام با ئێستا لەمیان بگەڕێین.

نەختێکیش لەولاترەوەو بۆ خۆیان، جیۆڤانی و ئەنجێلیکا ـ بەڵام چۆن بیڵێم، ئەوانیش بێگومان وەك هەموو ئەوانی تر لەپاڵ مێزەکانەوە دانیشتبوون و جێیەکانیان لە تەنیشت یەکترەوە بوون. هەر لەبەر ئەوەیش کە تەمەنیان لە یەکەوە نزیك بوو، زۆر سروشتی بوو جێیشیان لە تەنیشت یەکترەوە بۆ دابنرێت. دیارە هەردووکیشیان، هەر نەبێت جیۆڤانی، لەبنەماڵەی میرانن. لەوانەیە ئەنجێلیکا لە کچەتیوێکی هەڵگیراوە زیاتر نەبێت. ئەوان، لەنێو ئەو سەدان میوانانەی لەوێ بوون، تاکە دوو گەنج بوون و ڕاستییەکەی زیاتر لەمناڵ دەچوون، نەك گەورەو هەر لەبەر ئەوەیش بوو کەوتم شتێکی تایبەت بوون بۆ خۆیان. زیاتر لەوە دەچوو بە هەڵە ڕێیان کەوتبێتە ئەوێ. ئەنجێلیکای بەستەزمان ئەم ئێوارەیە یەکەم جاری بوو پێی بنێتەنێ و دنیای گەورەکانەوەو کراسێکی هەورێشمی سپی لەبەردا بوو، قۆڵەکانی تەسکوترووسك و بەزێڕ ڕازێنرابوونەوە و بەسەر قژەزۆر

کاڵەکەیشیدا کڵاوێکی مرواریچنی، بەتاڵ تاڵ دەزووی زێڕین چنراوی، لەسەر کردبوو. بێگومان زۆر ناحەزیش دیار بوو. بەتایبەت بۆ کەسێك کە هەمیشە ئەوی بەجلوبەرگی سادەو ساکارەوە بینیبێت و خووی بەوەوە گرتبێت، زۆر سەیروسەمەرە دەهاتە پێشچاو و لەوە دەچوو کە بە زۆر جلوبەرگی بەبەردا کرابێت. وەك هەمیشەیش دەمی نیوەکراوەو ڕوومەتە مناڵانەکانیشی لە خەجاڵەتیدا لە خۆوەسوور هەڵدەگەڕان. چاوەشینە گەورەکانیشی وا درەوشابوونەوە دەتوت قەت مۆمیان نەبینیوە. بێجگە لەوەیش، وا پێدەچوو جیۆڤانیش، لەنێو ئەو هەموو خەڵکەدا، شەرم لەخۆی بکات و جارجار بە سڵەمینەوەوە سەیرێکی دەکردن. بەڵام، هەر چۆنێك بێت، ئەو نەختێك لە ئەنجێلیکا بەئەزموونتر دیار بوو، سڵکردنەوەکەی زیاتر لەوە دەچوو پێوەند بێت بە سروشتی تایبەتی خۆیەوە. جیۆڤانی جلوبەرگێکی قەیفەی شینی لەبەردا بوو، یەخەکەی تاڵ تاڵ بە دەزووی زێڕ چنرابوو، زنجیرێکی باریکیشی لەملدا بوو، مەدالیایەکی زێڕینی پێوەبوو و دەیانوت، کە وێنەی دایکی تێدایە، ئەوەی گوایە ئێستا لەبەهەشتەـبەڵام کێ ئەمە دەزانێت، بە پێچەوانەوە لەوانەیە هەر ئێستا لەنێو ئاگری دۆزەخدا بناڵێنێت. خەڵکی دەڵێن جیوڤانی جوانە، گوێم لە هەندێك لە میوانەکان بوو بە چرپە ئەمەیان دەوت، بەڵام کە هەر یەکسەر دوای ئەوە گوێم لێیان بوو باسی "جووتێکی جوان"یان دەکرد، تێگەیشتم کە ئەوانە خەڵکانێکن تێڕوانێکی سەیریان بۆ جوانی و هەر شتێك کەجوان بێت هەیە. هەر چۆنێك بێت جیۆڤانی ناچێتە دڵی منەوە. من پێموایە پیاوێك دەبێت لە پیاو بچێت. پیاو ناتوانێت بڕوا بکات، کە ئەوە کوڕی میرێك یا یەکێك لە ماڵباتی

مۆنتانزایە. ئاخر ئەو چۆن دەتوانێت جارێك لە جاران فەرمانڕەوایی خەڵك بکات و لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی دابنیشێت؟ من یەك بە خۆم پێموانییە قەت بەوەدا ڕابگات.

ئەو دوو منالّە بەشداری گفتوگۆکان نەبوون و کە کەسێکیش سەیری دەکردن، لەوە دەچوو زۆر پێیان ناخۆش بێت. ڕاستییەکەی زۆریش قسەیان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد، بەڵام من هەستم بەوە کرد هەمیشە کە سەیری یەکتریان دەکرد بە شێوەیەکی تایبەت سەیری یەکتر دەکەن و کاتێکیش چاویان بە چاوی یەکتری دەکەوت، لە ژێرەوە و بە دزییەوە، بەدەم یەکترەوە پێدەکەنین. زۆرم پێ سەیر بوو ئەنجێلیکا زەردەخەنەی دەکەوتە سەر لێوان و پێدەکەنی، چونکە ئەوەندەی من بزانم و بە بیرمدا بێتەوە قەت نەمبینیوە زەردەخەنەی بکەوێتە سەر لێوان، لە منالّیدا هەر نەیسا، بەڵام هەر نەبێت لە منالّییەوە نەمبینیوە بەدەم هیچ کەس و شتێکەوە پێ بکەنێت. وەك ئەوەی خۆیشی هەستی پێ کردبێت، زۆر بە وریاییەوە دەخەنیەوە. ڕەنگە خۆیشی هۆشیار بووبێت بەوەی زەردەخەنەی لێ جوان نییە و لێی نایەت پێبکەنێت. بەڵام، سەرباری ئەمەیش، من پێموایە قەت لە مرۆڤ نایەت و لێی جوان نییە کاتێك زەردەخەنە دەیگرێت و پێدەکەنێت.

بۆ ئەوەی باشتریش لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان تێ بگەم، تا دەهات زیاتر و زیاتر بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ بۆ ئاوهان و چییان لێ بە سەر هاتووە. لەوە زیاتر کە لە جێی خۆیاندا دانیشتبوون و سەیری قاپەکانی بەردەمیان دەکرد، بە ئاستەمێك نەبێت، دەستیان بۆ خواردنەکەیش نەدەبرد. بەڵام هاوکات دەمتوانی ئەوە ببینم کە چۆن بە دزییەوە لە ژێر

مێزەکەوە دەستیان لە دەستی یەکترەوە دەدا. ئەگەر یەکێکیش لە نزیکیانەوە خۆی بە لای ئەوی تەنیشتیدا لار بکردایەتەوە و سەرنجێکی لەوان بدایە، بە تەواوەتی سەریان لێ دەشێوا و بەپەرۆشەوە دەستیان دەکرد بە قسەکردن لەگەڵ یەکتردا و دەموچاویان بەتەواوەتی سوور هەڵدەگەڕا. دوایی لەوە تێگەیشتم کە شتێکی هەر زۆر تایبەتیان لەنێواندا هەبوو - دوایی تێگەیشتم دڵبەر و دڵخوازی یەکترن. ئەمەیش کاریگەرییەکی سەیری لەسەر من هەبوو. من بۆ خۆیشم، نەختێك نەبێت، لەوە تێناگەم بۆ ئەوەندە بەوە تێکچووم. بۆ بەو شێوە یەکجار ناخۆش و ناحەزە کاری تێ کردم.

خۆشەویستی هەمیشە شتێکی نەفرەتهێن و قێزەونە. بەڵام خۆشەویستیی نێوان ئەو دووانە، کە لە دوو منالی بێگوناهـ زیاتر لە هیچی تر نەدەچوون، بە شێوەیەکی هێند ناخۆش کاری تێکردم کە هەرگیزاو هەرگیز لەوەو پێش تووشی شتی وا نەبوو بووم. بەوەیش کە بە چاوی خۆم ئەوەم بینیبوو، هێندەی تر قەڵس و تووڕە بووبووم و هەموو گیانم لە تووڕەییدا گەرم داهاتبوو.

بەڵام با دواتر بگەڕێینەوە سەر ئەمیان و هەستیش دەکەم لە دەمێکەوە خۆمم بەم منالەوردکانەوە، کە کەسانی سەرەکیی ئەو ئاهەنگی نانخواردنە نەبوون، خەریك کردووە. با ئێستا بەردەوام بم و باسی ئەمیان بگێڕمەوە.

دوای ئەوەی میوانەکان لەو ژەمە ساردانەیان هەڵگرت، کە وەك پێشتر وتمان، لەسەر کۆمەڵێك قاپ و دەوری لەسەر مێزەکان دانرابوون، سەرکاری دەستوپێوەندانی دەربار بە سواری ئەسپ -ماینێکی سپیی زین ئەرخەوانی،

لەنێو دەرگاوە دەرکەوت، پڕ بە دەم هاواری کرد و ناوی ئەو دوانزە ژەمەخواردنەی هێنا کە دەبوون بە دەستپێکی خواردنی ئەو بۆنەیە و یەکسەریش بە دوایدا خواردنەکان بەسەر دەستی بەردەست و دەستوپێوەندانی دەربارەوە هێنرانە ژوورەوە، هەر یەکسەر دوابەدوای ئەوەش دوو لە کەڕەناژەنان، کە جلەوی ئەسپەکەیان گرتبوو، فوویان بە کەڕەناکانیاندا کرد. هالاوی قاپ و دەورییەکان بۆنی گۆشت و گۆشتاو و چەورییان بەنێو هۆڵەکەدا بڵاو کردەوە و منیش کە بە ئاستەمێك بەرگەی بۆنی خواردن دەگرم، پێم وا بوو ها ئێستا ها نەختێکی تر دڵم بە یەکدا دێت و دەکەومە هێڵنجان. سەرکاری دەستوپێوەندانیش، وەك هەمیشە خۆهەڵکێش و خۆبەرەپێشەوە، سنگدەرپەڕیو وەك کەڵەشێرێك، بەرەو ئەو مێزەی میران لە دەوری دانیشتبوون، ڕۆیشت و دەستی کرد بە بڕین و قاشکردنی ڕانەگۆشتی برژاو و مراوی و کەڵەشێری خەسێنراو و ڕۆنیش، لە کاتێکدا -وەك ئەوەی شمشێربازێکی بەناوبانگ بێت و هونەرە تۆقێنەرەکەی خۆیمان پێشان بدات- بە دەستی ڕاستی ئەو چەقۆ دەمدرێژەی گرتبوو کە خواردنەکانی پێ دەبڕین، لە پەنجەکانی دەستی چەپییەوە دەتکا. میوانەکان چڵێسانە دەستیان بە خواردن کرد و منیش هەستم بەو ناخۆشییە، ئەو قێزوبێزە نادیارە کرد کە هەمیشە هەستی پێ دەکەم کاتێك خەڵك دەبینم نان دەخۆن، بەتایبەت ئەو کەسانەی وەك ئەوانە چڵێسن و دەست لە هیچ ناگێڕنەوە. ئەوان بە جۆرێکی قێزەون دەمیان کردبووەوە بۆ ئەوەی گەورەترین پارووەکان ئاودیو بکەن و ماسوولکەی دەموپلیشیان، هاوکات کە دەتبینی چۆن زمانیان لەنێو دەمیاندا بە دەوری

خواردنەکەدا دەگەڕا، لەسەر هەمان ڕەوت و بە هەمان شێوە هەر خەریك بوون. قێزەونترینی ئەوانەیش کە لە دەوری مێزی میرم دانیشتبوون، ئیل تۆرۆ بوو، کە وەك یارۆی دۆنەدیو دەیخوارد و بە تاموچێژێکی ناشیرینەوە هەموو شتێکی هەڵدەلووشی. زمانیشی سوورێکی ناحەز، ڕێك وەك زمانی گا. میرم بەڵام، بە چڵێسییەوە نەیدەخوارد. ئەو ئەم ئێوارەیە وەك ئاسایی زۆری نەخوارد و خواردنەوەیش هەروەها. جارێکیان چاوم لێی بوو پەرداخی مەیەکەی بۆ خۆی و تەنیا و لەبەر خۆیەوە هەڵبڕی و بەدەم لێڕامان و بیرکردنەوەوە سەیری ڕەنگی مەیلەوسەوزی شەرابەکەی دەکرد، وەك ئەوەی بیەوێت دنیا لەوێوە ببینێت. ئەوانی تر بەڵام، یەك دنیایان خواردەوە و خزمەتکارانیش بەردەوام لە ڕاکەڕاکدا بوون بۆ پڕکردنەوەی گۆزە و لیوانەکانی بەردەمیان.

ماسیی خاویار، ماسیی کول و مراوییەماسیی برژاو لەسەر دەوریی زیوین دەهێنرانە ژوورەوە و لەبەر ئەوەی بەوپەڕی شارەزاییەوە ئامادە کرابوون، پەسن و ستایشی میوانانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابوو، "ئالادۆب"ی گەورە گەورەیش کە بە شێوەیەکی هونەری هەڵچنرابوون و ئاسان نەبوو بزانیت چین و چۆن دروست کراون هێنرانە ژوورەوە، ئەمجا پاستای لە شێوەی سەری گەوەزن و گوێلکدا دروستکراو، کودەڵەی ساخی برژاو، مریشکی بۆندار و شەکرکراو و ژەمەخواردنی بە بۆن و بەرامەی تر کە لە شێوەی سەمانەك و چۆڕە و شاهۆ دروست کرابوون. لە کۆتاییشدا لە لایەن خزمەتکارانێکەوە کە جلوبەرگی ڕاووشکاریان پۆشیبوو بەرازێکی کێوی لەتنەکراوی برژاو کە کڵپەی ئاگر لە لمۆزە داچەقاوەکەیەوە هەڵدەستا و

قەپۆزی بە مادەیەکی گرگرتوو پڕ کرابووەوە، هێنرایە ژوورەوە و بۆنێکی زۆر ناخۆشیشی لێوە هەڵدەستا. دەستەی کچانیش کە خۆیان وەک پەرییانی ڕاووشکار پۆشیبوو -زیاتریش ڕووت بوون، نەک پۆشتە- بە ڕاکردن هاتنە ژوورەوە و پۆدرەیەکی بۆنخۆشیان بەسەر ئەرزەکەدا ڕشت بۆ ئەوەی لەو بۆگەنە کەم بکەنەوە کە لە بەرازە کێوییەکەوە بڵاو بووبووەوە، بەڵام بۆگەن نەک کەم نەبووەوە بەڵکو تا دەهات زیاتر دەبوو، بۆگەنێک کە دڵی تێکەڵ دەهێنا و تا بڵێیت قێزەون و بۆ ماوەیەک هەناسەی لە بەر بڕیم.

سەرەتا، ئیل تۆرۆ، وەک ئەوەی لە دەمی سەگ بەر بووبێت و پێشتر هیچی نەخواردبێت، لە گۆشتی بەرازەکێوییەکەی کردەوە و خستیە بەردەمی خۆی. هەموو ئەوانی تریش بە دوایدا ژەمی گەورە گەورەیان لەو گۆشتە سوورە تۆخە کردەوە و ئەگەرچیش هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕا، بەڵام وەک ژەمەخواردنێکی پڕ تامو چێژ چاویان لێ دەکرد و چاویان لەسەری بوو. قێزەون بوو بیانبینیت جارێکی تریش دەست بە پارووگلاندن و مڵچەمڵچ بکەنەوە و گۆشتاویش بە دەموپل و ڕیشیاندا بێتە خوارەوە، ئەمە وەک ئەوە بوو بە چاوی خۆت لە شتێکی شەرمێون بڕوانیت، منیش کە وەک هەمیشە خۆم لەوە بە دوور دەگرم لەگەڵ خەڵکانی تردا نان بخۆم و هەرگیز لەوە زیاتریش ناخۆم کە لەشم پێویستی پێیە، تا دەهات زیاتر و زیاتر، لە بەرانبەر ئەم مرۆڤە گەورە و سوورداگەڕاو و هەڵاوساوانەدا کە لەوە دەچوو سەراپایان ورگ بێت و هیچی تر، دڵم بە یەکدا دەهات. هەروەها ئەوەیش قێزەون بوو ببینیت چۆن بەرازەکێوییەکە لە لایەن سەرکاری دەستوپێوەندانی دەربارەوە لەتوپەت دەکرا و بە شێوەیەک لەتە

www.fb.com/PDFkurd

www.fb.com/PDFkurd

خوێناوییەکان لە هەناوی دەکرانەوە، کە لە کۆتاییدا تەنیا پەیکەری ئێسکەکەی مابووە کە لێرە و لەوێ پلەگۆشتی پێوە مابووەوە.

دۆن ڕیکاردۆ بە دەستی چەپ دەیخوارد. کارەکەرێکی تایبەتی هەبوو گۆشتەکەی بۆ لەت لەت دەکرد و ئەویش بەردەوام لێی دەخوارد و شەرابێکی زۆریشی لەگەڵدا خواردەوە. سەرلەبەر دەموچاوی پێکەنینێکی سەیر و گاڵتەهێن بوو، بە دەستە بەکارەکەیشی جارناجارێك پەرداخی شەرابەکەی بۆ دەمی هەڵدەبڕی. جلوبەرگێکی سووری تۆخیشی پۆشیبوو، کە لەوە دەچوو ئێش و ئازارێکی تایبەت دەرببڕن – ئاخر ئەو هەمیشە بۆ دۆستەکەی نێو دڵی خۆی، خۆی دەپۆشێت. نیگاکانی ئاگراویتر، لە کاتی ئاساییش بەتینتر بوون، هەر کە هەلیشی بۆ هەڵدەکەوت، دەستی بە مێزەکەدا دەکێشا و بۆ هەر کەسێك کە بیویستایە گوێی لێ بگرێت، بێجگە لە میرژن، بە ناوی شیعرەوە فلتەفلتێکی لە بەر دەخوێندەوە. وشەی لەسەر یەك کەڵەکەکراو لە بارەی ئەوین و لە بارەی خۆشەویستیەوە بۆ ئەم ژیانە، وەك چۆن شەرابەکە بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە، ئەوانیش لە دەمیەوە دەچۆڕان. چاوانی میرژنیش، کە ئەم جارێك سەیری میرژنی کرد، گەشانەوە و بە زەردەخە پڕ لە ڕازەکەی خۆیەوە بە دەمیەوە پێکەنی، ئەگەرنا میرژن وەکو تر نیوە ئامادە و نیوە خەیاڵڕۆیشتوو، وەك هەر کاتێکی ئاسایی تر کە لە ئاهەنگاندا دەبوو، دانیشتبوو. هەندێك جاریش، کە پێیان وا بوو کەس سەرنجیان نادات، بە دزییەوە سەیرێکی یەکتریان دەکرد و ئەوسایش نیگای میرژن ڕەونەق و شەوقێکی تەڕوبڕ و ترسناکی تێدەکەوت. ئەوەی تێبینی ئەمەی دەکرد، من بووم و کەسی تر نا و هەرگیز چاوم لەسەر هەڵنەدەبڕین

—ئەگەرچی ئەوان هیچ ئاگایەکیان لەمە نەبوو. هەروەها تەواویش لەوە بێئاگا بوون کە چی لەنێو ناخ و دەروونی مندا دەجوولێت. کێ شتێک لەو بارەوە دەزانێت؟ کێ دەزانێت من، لەنێو ناخی خۆمدا کە هەرگیز هیچ کەس پەی پێ نابات، خەریکی نەخشەکێشانی چ کارێکی نهێنیم؟ کێ چی لە بارەی ڕۆحی گرگنانەوە، کە لە هەر شتێک نهێنیترە و لەوێدا چارەنووسیان دیاری دەکرێن، دەزانێت. کێ دەزانێت ئاخۆ من لە ڕاستیدا کێم. باشتریش کە ئەوان هیچ لەم بارەوە نازانن و هەستی پێ ناکەن. ئەگەر بیانزانیایە لە ترساندا دەتۆقان. ئەگەر بیانزانیایە زەردەخەی سەر لێویان کاڵ دەبووە و لێوانیان سیس و بۆ هەمیشەیش وشک دەبوون. بە جۆرێک کە چیی تر هیچ شەرابێک نەتوانێت جارێکی تر تەڕ و سووریان بکاتەوە.

سەیری فییامێتای بەربووکیشم کرد، کە بێگومان لەلای مێزی میرمەوە دانەنیشتبوو، بەڵام دیسانیش جێیەکی باشی بۆ تەرخان کرابوو، لەوەیش باشتر شایان بە خۆی و جێوڕێی ئەو بێت. ئەو دەمێک نییە هاتووەتە دەربار و پێشتر نە هێندە گرنگیم پێ داوە و نە بە شێوەیەکی تایبەتیش سەرنجی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوم، شتێک کە ئێستا پێم وایە هیچ لێکدانەوەیەکی تایبەتم بۆی نییە. ڕاستییەکەی ئەو بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێش جوان، باڵا ڕێک و بەرز، گەنج و ئەمجایش تەڕوبڕ و پێگەیو و ئامادەی ئەم دنیایە کە تێیدا دەژین. سەروسیمایەکی تووش، توندوتۆڵ و شایانی پێوەنازینی هەیە و هەموو بەشێکیشی پاک و جوان و ڕێکوپێک پێکەوە نەخشاون، چاوانی ڕەشێکی تۆخن و بریسکەیەک لە جێیەک لە قووڵاییاندا دەگرێت. سەرنجی ئەوەیشم دا کە میرم جارناجارێک نیگایەکی

نادڵنیای لەو جێیە دەگرت کە ئەو لێی دانیشتبوو، وەك ئەوەی بیەوێت لە سەروسیما بێجووڵەکەیدا لە بیروبۆچوونەکانی و یا ڕەنگە لە هەستونەستی بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەو هەرگیز سەیری میرمی نەدەکرد.

ئا لەم کاتەدا بوو گشت مۆمەکانی نێو هۆڵەکە کوژێنرانەوە و هاوکاتیش ئاوازێکی گەرموگوڕ، کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت، لێ درا. لە تاریکییەکەوەیش دوانزە سەماکاری ڕەشپێست، کە مەشخەڵی ئاگراوییان لەنێو ددانیاندا هەڵگرتبوو، پێکەوە خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد و دەستیان بە سەمایەکی شێتانە کرد کە سەرلەبەری ئامادەبووانی بێدەنگ کرد. جارێك بازنەیەکی ئاگراوییان بە دەوری سەرە ڕەشەکانیاندا دروست دەکرد و جارنا بە خێرایی مەشخەڵەکانیان لە هەوادا دەسووڕاندەوە، یا بەرز هەڵیان دەدان و پاشان بە ددانە سپی و بریقەدارەکانیان، کە لە ددانی گیانەوەری کێوی دەچوون، دەیانگرتنەوە. وەك ئەوەی ئاگرەکەیان شتێکی ترسناك بێت، یارییان پێ دەکرد و ئامادەبووانیش، نیوە سەرسووڕماو و نیوە تۆقیو، چاویان لەو دیمەنە سەیر و ترسناکەیان بڕیبوو. بە تایبەتیش لە دەوروبەری ئەو مێزە دەگەڕان کە میران لێی دانیشتبوون و کاتێك کە مەشخەڵەکانیان دەسووڕاندەوە، پڕیشکی ئاگر بەسەر مێزەکەدا دەبارین. بە سەروسیمای تاریکیانەوە، کە بە شێوەیەکی ترسناك دەگۆڕدران، چون مەشخەڵەکانیان بە ددانیان دەگرتەوە، لەو گیانە بەدکارانە دەچوون کە لە دۆزەخەوە ڕادەبن و ئاگرەکەشیان لەوە دەچوو هەر لەوێوە هێنابێت. بۆچیش نا؟ بۆ دەبێت مەشخەڵەکانیان بەو ئاگرە دانەگیرساندبێت؟ بۆ دەبێت لە ئاگری دۆزەخ هەڵیان نەکێشابن؟ منیش، بە سەروسیمای دێرین و گرگنی خۆمەوە،

خۆم لەنێو تاریکییەکەدا مەڵاس دابوو و سەیری ئەو بەدکارانە و سەمای شەرەنگێزی ئەوانم دەکرد، سەمایەك کە لەوە دەچوو لە شەیتان خۆیەوە فێری بووبن.

ئەمجا وەك ئەوەی ئاماژە بۆ بنوبنەچەی خۆیان بکەن و دۆزەخ بە بیردا بهێننەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر مرۆڤێکی بۆ دەگەڕێنرێتەوە، مەشخەڵەکانی خۆیان، لە کۆتاییدا، بە خێرایی بەرەو زەوییەکە شۆڕ کردەوە، ئاگرەکەیان پێ دامرکاندەوە و بە پەلە وەك ئەوەی زەوی هەڵیلوشیبن، لەبەر چاوان ون بوون. پێش ئەوەیش مۆمەکان هەڵبکرێنەوە، کەشوهەوایەکی سەیر هۆڵەکەی داگرت و منیش بە چاوە گرگنەکانی خۆم، کە لە تاریکیدا لە چاوی مرۆڤ باشتر دەبینن، بینیم کە هەندێك لە میوانەکان، وەك ئەوەی ئامادەی ڕوودانی شتێك بن، دەست لەسەر مشتووی خەنجەرەکانیان دانیشتبوون. ئاخر بۆچی؟ خۆ ئەوانە لە چەند سەماکارێك زیاتر نەبوون کە میرم لە ڤێنیسیاوە بۆ خۆشڕابواردنی میوانەکانی بە کرێی گرتبوون!

هەر ئەوەندەیش هۆڵەکە بووەوە بە چراخان، سەرۆکی دارایی و کارگێریی دەربار بە سواری ماینە سپییەکەیەوە لە دەروازەوە دەرکەوت و "ڕووداو"ی هەرە گرنگی ئەو ئێوارەیەی بە ئامادەبووان ڕاگەیاند، خۆشترین و نایابترین ڕووداوی ئەو ئێوارەیە، ئەمجا بە دەنگێکی بەرز تێی هەڵکرد: "تاووس!" و بە دوای ئەمەیشدا دەنگی کەڕەنا بەرز بووەوە و لە هێکڕا لە هەموو لایەکەوە زیاتر لە پەنجا دەستوپێوەند خۆیان بە هۆڵدا کرد، سینیی گەورە گەورەی بە گەوهەر ڕازاوە لەسەر سەریان و لەسەر ئەوانیش تاووسی

برژاو دانرابوون و کلکیان بە گشت ڕەنگاڵەیی خۆیانەوە بەسەر سینییەکاندا بڵاو کرابوونەوە. ئەمانە تاموچێژ و کەشوهەوایەکی دەبەنگانەیان بە ئاگا هێنایەوە و ئەو ترسەیان لە بیر بردەوە کە هەر پێش نەختێك مەشخەڵە شۆڕکراوەکان خستبوویانە دڵی هەندێکیانەوە و مەرگیان ڕادەگەیاند. ئەم بوونەوەرانە وەك منداڵن. ئەم یاری، ئەو یارییان لە بیر دەباتەوە. بەڵام ئەو تاکە یارییەی هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە ئەوەیە کە من لەگەڵیان دەیکەم.

دوای ئەوە دەمیان بۆ ئەو ژەمەخواردنە کردەوە، ئیتر ڕێك وەك چۆن هەر شتێك لەسەر مێز لەبەر دەمیاندا دادەنرێت، خۆیان بۆ هەڵلووشینی ئامادە کرد. ئاهەنگی خواردن، بەم باڵندە خۆپەسەندانە، دەستی پێ کردەوە؛ ئەو باڵندانەی تەنیا مرۆڤم بە بیردا دەهێننەوە —هەر لەبەر ئەوەیشە هێند سەرنجی ئەوان ڕادەکێشن و وەك خواردنێکی بەتاموچێژ لێی دەڕوانن. دوای ئەوەیش کە ئەمانیان هەڵلووشی، ژەمەخواردنی تر، لە تیتاو و کەڵەشێری خەسێنراو و بلدەرچین و مراوی، هێنران. ئەمجا بە دوایاندا ماسیی خاویار و ماسیی کەپول و گۆشتی ڕانی گەوەزن کە ڕۆنیان لێ دەچۆڕا و یەك دنیا خواردنی دیکەیش کە گشتیان هەڵلووشی، بە جۆرێك کە تا دەهات قێزوبێزی من زیاتر دەبوون و خەریك بوو دەگەیشت بە دڵتێکهەڵهاتن و ڕشانەوە. دوای ئەمەیش پڕ بە دنیایەك شیرینی و نانشیرینی و ئەو شتە شیرینانەی کە بۆنی مسکیان لێ دەهات، هێنا و ئەمانیشیان، وەك ئەوەی پێشتر ئەو ئێوارەیە هیچیان نەخواردبێت، تێتران. لە کۆتاییدا پەلاماری ئەو گرۆ پەیکەرانەیان دا کە بە شێوەیەکی هونەری دروست کرابوون و وەك خۆیشیان باسیان دەکرد گرۆیەك لە پەیکەر بوون کە بەپێی

ئامۆژگارییەکانی خوداناسیی یۆنانیی کۆن دروست کرابوون و هەموویان لەتوپەت کردن و خواردنیان، تا ئەوەی کە چەند پارچەیەکی تێکوپێکشکێنراو نەبێت هیچی تریان لەبەر نەمایەوە، بە جۆرێك کە لەوە دەچوو مێزە پیسوپۆخڵکراوەکان لە لایەن ئەو کێوی و دڕندانەوە پەلامار درابن کە ترس و بیم دەخەنە دڵی خەڵکەوە. منیش، لە جێی خۆمەوە، بەوپەڕی قێزوبێزەوە سەیری ئەو وێرانکاری و ئەو مرۆڤە گەرمداهاتوو و ئارەقاوییانەم دەکرد.

ئەمە و ئیتر سەرپەرشتیاری ئاهەنگ لە بەردەمی ئامادەبووانداقووت بووەوە و داوای بێدەنگی لێ کردن و لە پێشاندانی جوانترین چیرۆکی ڕەمزی ئاگاداری کردنەوە کە بە فەرمانی میری خاوەنشکۆ لە لایەن شاعیرانی دەربارەوە، بە خۆشیی میوانە بەڕێزەکانی و بۆ ڕابواردنی ئەوان، ئامادە کرابوو. نووسەرانی ئەو چیرۆکەیش لەڕولاواز و لووت زەردهەڵگەڕاو لە خواری خوارەوەی هۆڵ لە دەوری سادەترین مێز دانیشتبوون، گوێی خۆیان قووت کردبووەوە و لە هەردەجارانیش دەبەنگتر دیار بوون لە کاتێکدا بە پەرۆش و بەوپەڕی لەخۆڕازیبوونەوە چاوەڕێی نمایشی بەرهەمە بلیمەتانەکەی خۆیان دەکرد، کە گوایە لەبەر نێوەڕۆکی قووڵ و هێمائامێزی خۆی، دەبوو ببێت بە خۆشترین ڕووداوی ئاهەنگەکە.

ئەمجا لە پێشی پێشەوەی شانۆیەکەوە مارس؛ خوداوەندی جەنگ، بە کەرەستە جەنگییە بریقەدارەکانیەوە، دەرکەوت و بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند کە فەرمانی داوە هەردوو شەڕکەری بەهێز سیلێفۆن و کالیکستێس لەگەڵ یەکتردا بە شەڕ بێن، شەڕێك کە دەبێت نێوونێوبانگی بە هەموو لایەکدا بڵاو

ببێتەوە و شان و شکۆکی بێبڕانەوەیش بە هەردووکیان ببەخشێت، بەڵام شەڕێکیش کە پێش هەر شتێك هێز و شکۆی ئەو؛ هیی خوداوەندی جەنگ، بە خەڵك پێشان بدات و بە بیریاندا بهێنێتەوە کە چۆن پیاوانی ئازا و نەبەرد، بە فەرمانی ئەو، خوێنی خۆیان دەکەنە کاسەوە و لە جەنگێکی پاڵەوانانەدا سەریان لە ئاست خواست و داوای ئەودا نەوی دەکەن. هەروەها ڕایگەیاند کە تا ئەو جێیەیش نەبەردی و جوانمەردی لە دنیادا بمێنن، دەبێت ئەم شاکارە پڕ بەها و بەنرخە لە خزمەتی بە تەنیا ئەم خۆیدا بێت و پاشان گەڕایەوە جێیەکەی خۆی.

دوای ئەوە شەڕکەران هاتنە سەر شانۆ و هەر ئەوەندەی چاویان بە یەکتر کەوت، شمشێریان هەڵکێشا، ئەمجا بە جۆرێك دەستیان بە شمشێربازی کرد کە پریشکی شمشێرەکانیان بەرز دەبوونەوە و بۆ ماوەیەك هونەرێکی شمشێربازییان پێشان دا سەرنجی هەموو ئەوانەی ڕاکێشا کە لە هۆڵەکەدا بوون و دەیانزانی کارامەیی هونەریی لەو چەشنە لە کوێوە دێت و بەوپەڕی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی. هەروەها منیش دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئەوان شمشێروەشێنانی یەکجار کارامە بوون و خۆشییەکی بێپایانم لەم بەشەی چیرۆکەکەیش بینی. لەم بەیەکداهاتنەیشیاندا وایان پێشان دەدا کە تەواو خراپیان بەسەر یەکتردا هێناوە و ئەنجامیش شەل و شکست بوون، تا ئەوەی بەدەم خوێنلێڕۆیشتن و برینداربوونەوە هێزیان لە بەر بڕا و هەردووکیان بە لادا هاتن و بە مردوویی کەوتنە سەر زەوی.

ئەمجا خوداوەندی جەنگ دیسان دەرکەوتەوە و کەوتە شاباش و پێداهەڵدانی ئەو جەنگە پڕ شکۆیەیان، کە هەردووکیانی بە شاری مەرگ

گەیاندبوو، پاشان باسی هێزی بێپایانی خۆی کرد کە چۆن جەنگ چنگی لە هەست و نەستی مرۆڤان گیر کردووە و باسی خۆیشی کرد وەك بەهێزترین و بەدەستەلاترین خوداوەندی نێو گشت خوداوەندانی ئۆلۆمپیا.

دوای ئەوەی ئەمان کشانە دواوە، ئاوازێکی نەرم و ئارام لێ درا و دوای ئەختێکیش ژنەخوداوەند ڤێنوس لەگەڵ فریشتەکانیدا دەرکەوتن و چاویان بەو دوو شەڕکەرە کەوت کە لەوێدا کەوتبوون و خراپیان بەسەر یەکتر هێنابوو، وەك خۆیشی وتی، لە خوێنی خۆیاندا گەوزابوون. فریشتەکانی ڤێنوسیش خۆیان بەسەردا شۆڕ کردنەوە و گریە و سکالایان لە دەست ئەوە کرد کە دوو پیاوی وا قۆز و بەشانوشکۆ بۆ ئاوا لە خۆڕا خۆیان بەو مەرەیە بردووە و فەرمانڕەواکەیشیان، هاوکات کە ئەوان بۆ چارەنووسی کلۆڵانەی شەڕکەرەکان دەگریان، وتی بە دڵنیاییەوە ئەوە کاری مارسی بەدکارە کە ئەوانی بۆ ئەو جەنگە بێمانایە گەرم کردووە و بەو ئەنجامەی گەیاندوون. فریشتەکانیش قسەی ڤێنوسیان سەلماند، بەڵام ئەوەیشیان بە بیردا هێنایەوە کە مارس، جارێك لە جاران، دۆستی خۆی بووە و سەرباری هەموو نەرمونیانییەکی خۆی، ئەوی لە ئامێز گرتووە و خۆشی ویستووە. بەڵام ئەم بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەوە لە قسەبۆهەڵبەستنێکی شوورەییهێن زیاتر هیچی تر نییە، ئەگەرنا ئەمی ژنەخوداوەندی ئەوین چۆن دەتوانێت ئەو خوداوەندە دڕندە و کێوییەی خۆش بووێت، کە هەموو خوداوەندان، تەنانەت باوکی خۆیشی؛ ژوپیتەری مەزن، ڕقیان لێی دەبێتەوە. دوای ئەوە هاتە پێشەوە و دارە جادووییەکەی خۆی بەرەو شەڕکەرەکان درێژ کرد و ئەوانیش یەکسەر تەندروست و ئامادە، لە جێی خۆیانەوە ڕا بوون و پاشان

دەستیان بۆ یەکتر درێژ کرد و پەیمانی ئاشتی و هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکتردا بەست، سۆزیان بە یەکتر دا کە لەوەودوا هەرگیز ڕێ بە مارسی شەرەنگێز نەدەن بۆ شەڕی خوێناوی و مەرگهێن هانیان بدات.

پاشان ژنەخوداوەند گوتارێکی درێژ و کاریگەری لەبارەی ئەوینەوە دا و لەوێدا ستایشی نەرمونیانترین و بەهێزترین دەسەڵاتی نێو گشت دەسەڵاتانی کرد، ستایشی ئەوەی کرد کە ئەوین سەرچاوەی بە بزوێنی هەموو شتێکە، هەروەها لەبارەی دەسەڵاتی دڵڕفێنی ئەوینەوە ستایشی کرد کە سەراپا هێزی خۆی بە نەرمونیانی و گەرموگوڕی سپاردووە و هەر ئەویشە یاساوڕێساکانی ئاسمانی بۆ بوونەوەرانی سەر زەوی نووسیوە و وا لە هەموو زیندوویەك دەکات لە ئاستیاندا ملکەچ بن، ئەمجا لەبارەی ئەوەوە دوا کە ئەوین چۆن خەڵك دەگۆڕێت و هەستونەستی ناکامڵ و ڕەقوتەقی ئەوان و ڕەفتاری میران و خوونەریتی خەڵکیش پاك دەکاتەوە، بێجگە لەمانەیش باسی لەوە کرد کە چۆن خۆشەویستیی مرۆڤان لەنێوان خۆیان و میهرەبانییان بەرانبەر بە یەکترە، کە هانیان دەدەن بۆ پەلامار و هەڵمەتبردن لە دنیایەکی گیرۆدە و خوێناویدا و چۆن هەموو سوارچاکی و گەورەیی خۆیانیان لەو پێناوەدا داناوە و چۆن ئەوین لەبریی بە شەڕەوە نازین و بە چەکەوە خۆنواندن، شاکار و ئاوڕوویەکی تریان پێ دەبەخشێت. بەدەم هەڵبڕینی دارە جادووییەکەیشیەوە، بە هەموانی ڕاگەیاند کە ئەو خوداوەندی مەزنییە و ئەو خوداوەندەیە کە لە ئاکامدا دەست بەسەر زەویدا دەگرێت و دەیگۆڕێت بۆ لانەی بەختیاری خۆشەویستی و ئاشتیی بەردەوام.

من ئەگەر سەروسیمایەکی دەم بە خەندەم هەبووایە، بەو کۆتاییپێهێنانە ساکار و ساویلکەیە پێدەکەنیم. بەڵام ئەم سکاڵا پڕ لە هەستونەستە زایەڵەیەکی گەرموگوڕی لەنێو ئەوانی تردا بە ئاگا هێنایەوە و کاری لە زۆرێك لە ئامادەبووان کرد و سەرنجیانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، چون دوا وشە جوانەکانی، بێدەنگییەکی تەواویان بە دوای خۆیاندا هێنا. ئەو نووسەرانەیش کە ئەم کارەیان بەرهەم هێنابوو، تەواو ڕازیی دیار بوون و هەموو شکۆیەکی ئەو سەرگەرمییە سەرکەوتووەیان بە هیی خۆیان دەزانی، ئەگەرچی هیچ کەسێك نە بیری لای ئەوان بوو و نە بیری لەوان دەکردەوە. بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەوان بە جۆرێك لەو گوتارە جوان و باڵایەیان دەڕوانی کە تاکە شتێکی پڕ مانای سەرلەبەری ئاهەنگەکە بووبێت، کە بە بۆنەی پەیمانی ئاشتیی هەمیشەیی نێوان ماڵباتی میران و بنەماڵەی مۆنتانزاوە گێڕدرابوو. بەڵام من دەپرسم تۆ بڵێیت ئەوەی دواتر ڕووی دا لەمەیش پڕ ماناتر نەبووبێت!

وەك هەر کاتێکی دیکە جێی من لە پشت میری میرانەوە بوو، لەبەر ئەو باوەڕ و دەستپاکییەی بۆ خۆزگە و ئاواتەکانی ئەو هەمبوون، ئەو ئاوات و خۆزگانەی کە تەنانەت بەر لەوەیش بیاندرکێنێت، پێیان دەزانم. نەك هەر ئەوە، بەڵکو هەندێك جاریش تەنانەت پێش ئەوەیش خۆی پێیان بزانێت، فەرمانەکانی ئەو، وەك بەشێکی دانەبڕاو لە خۆی، بە جێ دەگەیەنم. ڕێك لەو کاتەدا بوو کە میرم بە ئیشارەتێك ئاگاداری کردم، کە بێجگە لە خۆمان سەرنجی هیچ کەسی تری بە لای خۆیدا ڕانەکێشا و بەو مانایە بوو لەو شەرابە گرانبەهایە پێشکەش بە ئیل تۆرۆ و کوڕەکانی و پیاوە نزیکەکانی

بکەم، کە بە تەنیا هەر خۆم دەستم پێیدا ڕادەگات و هەر خۆیشم دەزانم چۆن دەگیرێتەوە. منیش، دەمودەست، چووم و سوراحییە زێڕینەکەمم هێنا و یەکەم جار بۆ ئیل تۆرۆم تێکرد. ئەو ئەوسا پالتۆ چەرمییەکەی خۆی لەبەر گەرما و خواردنەوە داکەندبوو و بە جلوبەرگە سووره تۆخەکەیەوە، کورتەبنە و قەڵەو، نێو سەر پڕ لە خوێن، چون هەموو سەروسیمای سوور هەڵگەڕابوون، دانیشتبوو. زنجیرە زێڕینەکانی دەوری ملە پانەکەی، بە جۆرێك تێکئاڵاو و لە ملی ئاڵا بوون وەك ئەوەی بەندییان کردبێت. پەرداخەکەیم لێوانلێو کرد. بۆگەن و بۆنی ئارەقە و هاڵاوی شەراب لە لەشە چڵێس و بە هیچ تێر نەبووەکەیەوە هەڵدەستان و منیش بە نزیکیم لەم بوونەوەرە دڕندە و قێزەونەوە هەستم بە دڵتێکهەڵهاتنێکی سەیر کرد و هێندەی نەمابوو بڕشێمەوە. بیرم کردەوە ئاخۆ هیچ شتێك هەیە لە مرۆڤ قێزەونتر و ناشیرینتر، ئەمجا دوای ئەوە پەرداخی پیاوە هەرە نزیکەکانی، سەرلەشکر و سەردارانیم، پڕ کردەوە، کە لە دەوری مێزی میران دانیشتبوون. دواتریش پەرداخە زێڕینەکەی جیۆڤانیم لێوانلێو کرد، هاوکاتیش بینیم ئەنجێلیکا بە چاوە شینە کاڵەکانی سەیری دەکردم، هەمان چاوی پڕ لە پرس و گەلۆر کە بە منالّی سەیری سەروسیما پیر و گرگنەکەمی پێ دەکردن، کە تێدەگەیشت بە هیچ جۆرێك نامەوێت یاریی لەگەڵدا بکەم. ئەو، کە من لێیان نزیك بوومەوە، بینیم، دەستی جیۆڤانی بەر دا، دوور نییە ئەوەیش لە ترسی ئەوە بووبێت تێگەیشتبێت ئیتر بە ڕازە شەرمهێنەکەیانم زانیوە و پەردەم لەسەر هەڵداوەتەوە. ناهەقیشی نەبوو. من بە قێزوبێزەوە سەرنجی خۆ لە یەکتر نزیکخستنەوەی ئەوانم دابوو، کە لە دوو تاوانباری دوو

گەلی دوژمن بە یەك، تاوانبارتر بوون و هاوکاتیش لە دوو منداڵی بێگوناهیش زیاتر نەبوون، کەچی خۆیشیان دابووە دەست خۆشەویستی تا بەرەو زەلکاوەکەی خۆی ڕایان بکێشێت. من سەرنجم لە سوورهەڵگەڕانی سەروسیمای ئەوان دابوو، ئەو ڕەنگەی کە لە خوێنەوە دێت و بە ئارەزوویەکی قێزەون گەرم دادێت، بە حەزلێککردنێك کە کاتێك بەری بۆ خۆش دەبێت، دڵت پێی تێکەڵ دێت. من بە قێزوبێزەوە هەستم بەو تێکەڵەیە لە بێگوناهی و ئارەزووی یەکتر کردنە کردبوو، کە شتێکە بە تایبەت قێزەون و وا لە خۆشەویستیی نێوان دوو کەس لەو تەمەنەدا دەکات کە لە هەر شتێکی تر ڕقهەڵسێنتر و ناحەزتر بێت. بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پەرداخەکەی جیۆڤانیم پڕ کردەوە، کە هەر نیوەی لێ خواردبووەوە، بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی نییە کاتێك من لە شەرابەکەی خۆمی تێ دەکەم. پاشان چووم بۆ لای دۆن ڕیکاردۆ و پەرداخەکەی ئەویشم لێوڕێژ کرد. ئەم ئەرکەیان، ئەرکی من نەبوو، بەڵام من بۆ خۆیشم ئەرکی تایبەتی خۆمم هەن. هەروەها ئەرکپێسپێری خۆیشمم. کە هەستیشم کرد میرم سەیرم دەکات، بە ئارامییەوە سەیرێکیم کرد و هیچ خۆم تێك نەدا. ئەمە سەیر بوو. جارنا نیگای مرۆڤان وان. هیی گرگنان هەرگیز وا نین. وەك ئەوە بوو هەموو ڕۆحی هاتبێتە نێو لووتیەوە و بە ترس و دوودڵی و ئارەزووەوە سەرنجی لە خۆم و لەوە دەدا کە خەریکی بووم. نیگاکانی، وەك گیانلەبەری ئاوی بن و لە ڕووناکی بسڵەمێنەوە و بە خۆیان و پشتە لینجەکانیانەوە خۆ بە یەکتردا بکێشن، سەر ئاو دەکەوتن. بوونەوەرێکی پیری وەك من هەرگیز لەو جۆرە نیگایەی نییە. چاوم بڕییە چاوی و ئێستایش کە ئێستایە بە هیوای ئەوەم

هەستی بەوە کردبێت کە دەستەکانم تۆکمەوتۆڵ بوون و نەدەلەرزین. من نازانم ئەو چی دەوێت. بەڵام دەیشزانم ئەو نەجیبزادەیەکە لە نەجیبزادان. من کە نەجیب نیم. من تەنیا گرگنی ئەو نەجیبزادەیەم. من، بەر لەوەیش ئەو خواستەکانی خۆی دەرببڕێت، پەییان پێ دەبەم، لەوەیە تەنانەت پێش ئەوەیش کە بە بیر و خەیاڵی خۆیدا هاتبن و بەو جۆرەیش، وەك بەشێك لە خۆی، خواستەکانی بە جێ دەگەیەنم، تەنانەت نەرمونیاترین فەرمانەکانیشی. کێیش خوا دەیداتێ کەسێکی چالاك و گورجوگۆڵی بچکۆلەی خۆمئاسایی لەبەر دەستدا بێت، بۆ ئەوەی بەشێك لە کاروبارەکانی بۆ راپەڕێنێت!

که پەرداخەکەی دۆن ڕیکاردۆم پڕ کردەوە، کە بێگومان وەك هەمیشە چۆڕبڕی کرد، بەدەم قاقای پێکەنینەوە خۆی بەرەودوا کێشایەوە، بە جۆرێك کە ڕیشی ڕەپوڕاست بووەوە و دەمیشی وەك کونێکی زل کرایەوە و گشت ددانە سپییەکانی دەرکەوتن. دەمتوانی تا بینەقاقای ببینم. پێشتریش ڕای خۆم لەو بارەوە دەربڕیوە و باسی ئەوەم کردووە کە چەند ناحەزە سەیری خەڵك بکەیت، کاتێك پێدەکەنن. بەڵام بینینی ئەم قەشمەرە کە "ژیانی خۆش دەوێت" و وا دەزانێت ژیان شتێکی تا حەز بکەیت خۆشە، قێزەونە و لەویش قێزەونتر پێکەنینە نابەجێ و ناشیرینەکەیەتی. پووك و ددانەکانی تەواو تەڕ بوون و فرمێسکەکانیشی بە وردەدەمارەکانی لاچاویدا دەچۆڕان و لەوێشەوە وردەدەمار بەرەو چاوە نائاسایی و قاوەییەکانی کشابوون. گەرووی، لەژێر ڕیشە بزنییەکەیدا، کە بە ملیدا شۆڕ بووبووەوە، هەڵبەز و دابەزی بوو. ئەو ئەموستیلەیەم ناسیەوە، کە لە دەستی چەپیدا

بوو، هەمان ئەموستیله بوو جارێك له جاران میرژن، که ئەم نەخۆش کەوتبوو، پێشکەشی کردبوو و هەر خۆیشم ئەو نامەی دلدارییەم بۆ برد و وەك ئەوەی پڕبایەخترین شتیش بێت له تەنکەی باخەڵم، ڕێك لەسەر دڵمم، نابوو. پڕ به دڵ ڕقم له هەموو شتێکی دۆن ڕیکاردۆ دەبێتەوە.

بۆم ڕوون نەبووەوە ئەو بەچی پێدەکەنی، خۆ لەوانەیە هیچ گرنگییەکیشی بۆ کەس نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە، سەبارەت به خۆم، هێندەی دەنکه نیسکێکیش خۆشیم لێ نەبینی. هەر چۆنێك بێت، ئەوە دوایین جاری بوو پێ بکەنێت.

دەورەی خۆمم تەواو کرد. ئیتر له پاڵ ئەم قەحبەباز و قەشمەرەوە کەزۆر دڵی بەژیان خۆش بوو، ڕاوەستام و چاوەڕوان بووم تا بزانم ڕووداوەکان سەر له کوێوە دەردەکێشن و هاوکاتیش هەستم به بۆنی ئەو و بۆگەنی قەیفەی جلوبەرگه سووره تۆخەکەی دەکرد، ئەو جلوبەرگەی گوایه شوروشۆڕی ئەو دەردەبڕن. دوای ئەمە، میرم؛ سەروەری من، پەرداخه مەیلەوسەوزەکەی خۆی هەڵبڕی و دەم بەپێکەنین ڕووی له میوانه خۆشەویستەکانی، له لۆدۆڤیکۆ مۆنتانزا و دەستوپێوەنده هەڵبژاردەکەی، که له دەوری مێزەکەی میرم دانیشتبوون، کرد و به تایبەتیش ڕووی له ئیل تۆرۆ بوو، کەڕێك بەرانبەری خۆی دانیشتبوو. سەروسیما ڕەسەنەکاڵەکەی میرم، وەك هەمیشه، جوان و کراوه دەیاننواند، زۆر جوانتر له هیی ئەوانی تر، که هەموویان گەرم داهاتوو و هەڵاوساو بوون. به دەنگه خۆش و نەرمونیانەکەی، که سەرباری ئەوەیش دەنگێکی پیاوانەبوو، داوای لێ کردن پێکەکانیان هەڵبڕن و بەخۆشیی ئەو ئاشتییه ئەبەدییەوە که لەوەودوا

لـەنێوان هـەردوو دەوڵـەت، هـەردوو بنەماڵـەی مـیران و هـەردوو گەلـدا دێتـەئاراوە، بخۆنـەوە. هـەروەها ڕایگەیانـد کـە ئـیتر شـەڕە بێمانـا و درێـژ خایەنەکانی نێوانیان تەواو بوون و لەبریی ئـەوان سـەردەمێکی تـر هاتووەتـە کایەوە کە بە دڵنیاییەوە دەبێت بـە مایـەی خۆشبەختی و خۆشنوودی بـۆ هـەموو لایـەك و ئـەو قسـە کەونارایـەیش، کەلەدەمێکەوەسـەبارەت بەئاسوودەیی و ئاساییش لەسەر زەوی کـراوە، دەبێت جێـی ڕەوای خـۆی بگرێت. ڕێك دوای ئەوە، پەرداخەکەی خۆی بـە سـەریەوەنا و چـۆڕبڕی کـرد، بـە دوای ئەویشـدا میوانـە خۆشەویستەکانیشـی بـەدەم بێدەنگییـەکی تەواوەوە، کە شایانی ئەو ئاهەنگـەبوو، پەرداخـە زێڕینـەکانی خۆیـان چـۆڕبڕ کرد.

www.fb.com/PDFkurd

پاشان میری میرانم بە نیگایەکی سەرسووڕهێنەوەو بە پەرداخەکـەی نێـو دەستیەوە دانیشت و لەوە دەچوو بیەوێت لەوێوە لە دنیا بڕوانێت.

ئەمجا دەنگە دەنگـی ئاهـەنگ دەسـتی پـێ کـردەوەو نایشـزانم تـا کـەی بـەردەوام بـوو – بڕیـاردان لەسـەر شـتێکی لـەو جـۆرە، ئاسـان نییـە، وەك ئەوەیە بـە تـەواوی هـیچ هەسـتێکت بەرانبـەر کـات نـەمابێت. مـن تـەواو لـە چاوەڕوانیی ئەو ڕووداوە گەورەیەدا بووم کە خۆ لەبەر داگرتنی ئاسان نـەبوو بـۆم– سەرشـێتیش بـووم بـەوەی کـە جیۆڤـانی بـۆ لـە پێکەکـەی خـۆی نەدەخواردەوە. تەواویش تووڕە لەوەی کە پێشتر بینیبووم ئـەنجێلیکا چـۆن بەدەم زەردەخەنەوە پەرداخەکەی ئەوی بەرەو بـەردەمی خـۆی ڕاکێشـابوو، وەك ئـەوەی خـۆی لـە بریـی ئـەو بیـەوێت بیخواتـەوە. مـن بـەو هیوایـەبووم هەردووکیان لێی بخۆنەوە، بە هیوای ئـەوە بـووم هـەردووکیان بـە هـۆی ئـەو

دڵدارییەوەی تووشی بووبوون بیانەوێت لە هەمان سەرچاوە بخۆنەوە. بەڵام هیچیان دەستیان بۆ نەدەبرد. ڕەنگە ئەو چەتیوە نەفرەتلێکراوە گومانی لە شتێك کرد بێت، یا ڕەنگە لەبەر جۆش و خرۆشی خۆیان هیچ پێویستییەکیان بە خواردنەوە نەمابێت. خەریك بوو لە داخاندا شەقم دەبرد. ئەوان بۆ چی باشن؟ بۆ دەبێت بژین؟ گوو بە ڕیشی بابی هەردووکیان!

بەڵام دۆن ڕیکاردۆ، بێگومان، هەر هەمووی بەقوومێك هەڵقوڕاند. ئەو، ئەم دوا پەرداخەی خۆی، وەك هەمیشە بە ئاگا لە"گراوییەکەی خۆی"، بەیادی میرژنەوە، هەڵقوڕاند.

بۆ ئەوەی بۆ دوایین جار گوڕێك بە خۆی بداتەوە، ئیشارەتێکی پێکەنینهێنی بۆ دەستە لە کار کەوتووەکەی کرد و بە دەستە چەپ، بەدەم زەردەخەنەیەکی ناحەزەوە، ئەو خواردنەوە نایابەی هەڵبڕی کە من پێشکەشیم کردبوو. میرژنیش، سەرەتا بە گاڵتەوە و پاشان بەو نیگا تەڕوبڕ و پڕ لە حەز و ئارەزووەوە کە لەبەر چاوی من زۆر ناشیرین بوو، بە دەمیەوە، پێکەنی. من تێناگەم خەڵك چۆن دەتوانن بەو جۆرە بڕوانن.

لە پڕێکدا، ئیل تۆرۆ، یەك بە خۆی و بە شێوەیەکی سەیر نەڕاندی و ڕاستەوڕاست چاوە ڕەقبووە سەیرەکانی خۆی بڕییە بەردەمی خۆی. یەك دوو لە پیاوەکانی، کە لە هەمان بەری مێزەکەی میرم دانیشتبوون، بە پەلە گەیشتنە سەری، بەڵام ئەوانیش هاوکات لنگەیان پێ کەوت، دەستیان بە قەراخی مێزەکەوە گرت و لە جێی خۆیاندا لێی کەوتن و لەوێدا بەدەم ئازارەوە تلانەوە و بەدەم ناڵەناڵەوە باسی ئەوەیان کرد، کە ژەهرخوارد کراون. زۆر نەبوون ئەوانەی لەمە تێگەیشتن. بەڵام یەکێك لەوانەی تر، کە

هێشتا هێند پەرێشان نەبوو، بە دەنگێکی هێند بەرز هاواری کرد کە هەموو هۆڵەکە دەنگی دایەوە: "ژەهرخوارد کراوین!" ئیتر سەرلەبەری ئامادەبووان لە جێی خۆیانەوە دەرپەڕین و بوو بە هەرایەك کلکی کەری تێدا دەپچڕا. پیاوەکانی ئیل تۆرۆ، لە جێیەکانی خۆیانەوە، هەندێك دەست بە سیخ و هەندێکیش بە خەنجەری هەڵکێشراوەوە، بەرەو مێزەکەی ناوەڕاست، دەرپەڕین و دەستیان کرد بە کوشتن و بریندارکردنی پیاوانی ئێمە و دەیانویست ڕێ بەرەو میرمان بکەنەوە. بەڵام پیاوەکانی ئێمەیش لە جێی خۆیانەوە ڕا بوون و بە هەموو توانایان هەم خۆیان و هەم میرمیان دەپاراست و بوو بە گەڕەلاوژەیەك ئەو سەری دیار نەبوو. لە هەردوو لا زۆرێك کوژران و بریندار بوون و خوێن بە هەموو لایەکدا دەپرژا. وەك مەیدانی جەنگ بوو بەڵام، لە ژوورەوە و لەنێو مێزی ڕازاوە و لەنێوان شەڕکەرانی سەرخۆش و سوورهەڵگەڕاودا، کە پاش ئەوەی بێوەی لە پاڵ یەکترەوە دانیشتبوون، لە پڕێکدا خۆیان لە شەڕی مان و نەماندا بینییەوە. قیژەقیژ لە هەموو لایەکەوە دەهات و باڵی بەسەر ناڵە و نووزەنووزی ئەوانەدا کێشا بوو کە لە گیانەلادا بوون. نەفرەتە دوابڕاوەکان گشت گیانە بەدەکانی دۆزەخی بۆ ئەم جێیە بانگ کردبوو، کە لەوێدا بەدترین تاوان ئەنجام درابوو. من چوومە سەر کورسییەك، تا بە چاکی ئەوەی لە دەورم ڕووی دەدا ببینم. جۆشوخرۆش بە تەواوی دڕی کردبووم و لەوێدا ڕاوەستا بووم و سەرنجم لە ئەنجامە بێکۆتاییەکانی کارەکەی خۆم دەدا، کە چۆن ملم بەم بەرەبابە قێزەونە، کە لە قڕتێکەوتن زیاتر شایانی هیچ شتێکی تر نین، شۆڕ کردووە. کە چۆن شمشێرە باڵادەستەکەم، لەنێوبەر و بێبەزەیی،

بەسەر سەریاندا دەگەڕێت، داوای سزا و تۆڵەی هەموو شتێکیان لێ دەکات. کە چۆن ڕەوانەی ئاگری دۆزەخم کردوون، تا بۆ هەتاهەتایە تێیدا بسووتێن. سەریان بە گۆڕی بابیان با هەر هەموویان لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێن! سەرلەبەری ئەم بوونەوەرانەی خۆیان بە مرۆڤ ناو دەبەن و هەر یەکێك لە ئێوە پڕ لە قێزوبێز دەکەن، با بسووتێن! بۆ دەبێت هەبن؟ بۆ دەبێت ئەمانە لە بەری گشت شتێك بخۆن، پێ بکەنن و گیرۆدەی ئەوینی یەکتر ببن و بە لووتبەرزییەوە بە سەرانسەری دنیادا بڵاو ببنەوە!

ئەم کەڵەکبازە درۆزنانە بۆچ دەبێت هەبن، ئەم بوونەوەرە بارگرانکەر و بێئاوڕووانەی کە شاکارەکانیان لە گوناهەکانیان تاوانبارترن! دەبا هەر هەموویان لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێن. هەستم دەکرد شەیتان خۆمم، دەورەدراو بەو هەموو گیانە دۆزەخییانەی کە هەڵیانکوتاوەتە سەر یەکتر و بۆ بەیەکدادانی شەوانەی خۆیان بانگیان کردوون و بە سەروسیما گرژومۆنەکانیانەوە مۆڵیان بەستووە و لاشە ڕۆحبۆگەنکردووەکانیان بەرەو دۆزەخ ڕادەکێشن. بە حەزێکەوە کە هەرگیز پێشتر تووشی نەهاتبووم و تا دڵیش پێی خۆش بێت حەزێکی دڕ، هۆش و گۆشی لە بەر بڕیبووم، هەستم بە دەسەڵات و باڵادەستیی خۆم دەکرد بەسەر زەویدا. هەستم دەکرد چۆن دنیا لە ڕێی منەوە پڕ دەبوو لە ترس و لەنێوچوون و لە ئاهەنگێکی جوان و ڕازاوەوە دەگۆڕدرا بە ژوورێك لە قڕکردن و تۆقین. هەستم دەکرد من چۆن کاروباری خۆم، ڕێکوپێك، بە جێ دەگەیەنم و چۆن میران و دەسەڵاتدارانیش بەدەم گیانەڵاوە دەناڵێنن، یا لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزێن. من خواردنەوەکەم دەگێڕم و میوانەکانی دەوروبەری مێزە تێکوپێك

شکێنراوەکان ڕەنگیان زەرد دەبێت و چیی تر کەس بەدەم کەسەوە پێناکەنێت و کەس پەرداخەکەی هەڵنابڕێت و ئەوین و خۆشەویستیی ژیان نالاوێننەوە. ئەوەی کە خواردنەوەکەی من ژیان لە بیر دەباتەوە، شتێکە تا بڵێیت خۆش و جوان و تەمێك بەسەر هەموو شتێکدا دەدات و خەڵك چاوشکێن دەکات و هەموو شتێك تاریك دادەهێنێت. من، بۆ ئەوەی دنیا تاریك دابێت، سەر بە مەشخەڵەکانی ئەوان شۆڕ دەکەم و دەیانکوژێنمەوە. من بە چاوشکاوییەوە لە دەوری ئێوارەئاهەنگی تاڵ و تاریکی خۆم کۆیان دەکەمەوە، کە لەوێدا لە خوێنە ژەهراوییەکەمیان خواردووەتەوە، ئەو خوێنەی دڵم هەموو ڕۆژێك دەیخواتەوە، بەڵام بۆ من بە مانای ژیان و بۆ ئەوان بە مانای مەرگ دێت.

ئیل تۆرۆ بێ جووڵە لە جێی خۆی دانیشتبوو، سەروسیما شینومۆر هەڵگەڕاو و ڕیشە تەنکەکەی ژێر چەناگەی بە شێوەیەکی ناحەز داکەوتبوو، وەك ئەوەی بیەوێت بە دانە کرمێونەکانی گاز لە کەسێك بگرێت. چاوانی دەرپۆقیبوون، زەرد و پڕ لە خوێن و لە سەیرکردنیان دەتۆقیت. ئەمجا، لە پڕێکدا ملە پانەکەی وەرگەڕاند، هێند بە تووڕەییەوە وەك ئەوەی بیەوێت لە جێی ببات و ئیتر سەرە زلەکەی بە لادا شۆڕ بووەوە. هاوکات گالەشەکەیشی لە شێوەی کەوانەیەکدا بەرەودوا چەمیەوە، وەك ئەوەی چەقۆیەکی تێ ژەنرابێت داچڵەکی و پاشان سلی سارد بووەوە. هەر ئەوسایش هەموو پیاوەکانی کە لە دەوری مێزەکەی میرم دانیشتبوون، بەدەم گیانەڵاوە دەیانناڵاند، بەڵام هێندەی نەبرد و ئەوانیش فزەیان لێ بڕا و تۆپین. سەبارەت بە دۆن ڕیکاردۆیش بە جۆرێك مرد کە بە چاوی

نوقاوەوە و بەدەم ئەو دەردەوە خواردنەوەکەم پێی تۆشی بوو بەرەودوا خۆی کێشایەوە، ڕێك وەك هەر جارێك کە تامی شەرابێکی نایابی دەکرد، ئەمجا لەهێکڕا وەك ئەوەی بیەوێت هەموو دنیا لە باوەش بگرێت، باوەشی کردەوە و بە پشتدا کەوت و مردار بووەوە.

کەس لەو شەڕی دەستەویەخە و گێژەنەدا بواری ئەوەی نەبوو خۆی بە ئەوانەوە خەریك بکات و ئەوەی شایانیان بوو ئەوە بوو لە جێی خۆیاندا سلیان سارد ببێتەوە و بە لادا بێن. تەنیا جیۆڤانی، کە لە هەمان بەری ئیل تۆرۆ دانیشتبوو و بە هۆی ئەو چەتیوە نەفرەتلێکراوەوە تامی شاکارەکەی منی نەکردبوو، بە پەلە خۆی گەیاندبووە باوکی و خۆی بەسەر لاشە قەڵبەکەیدا چەماندبووەوە، وەك ئەوەی بە خەیاڵی خۆی بیەوێت یارمەتییەکی بدات. بەڵام پیاوێکی کەتە، بە خۆی و دەستە تۆکمەوتۆڵەکانیەوە، کە لە دەستی ئاسنگەرێك دەچوون، ڕێك لەو کاتەدا کە ئەو چەتوڵە پیرە خەریك بوو گیانی دەردەچوو، دڕی بە خەڵکەکە دا و خۆی گەیاندە جیۆڤانی و پەلاماری دا و وەك دەستەوانەیەك بێت بە هۆڵەکەدا بە دوای خۆیدا ڕایکێشا. ئەوی ترسنۆکیش بێگومان، هیچ بەرگرییەکی نەکرد و خۆی بۆ شل کرد و ئیتر لە دەستی هەموومان دەرباز بوو. جا بە جەهەنەم و سەری بە گۆڕی باوکی!

ئەمجا مێزەکان قلێپ کرانەوە و هەرچییەکیان لەسەر بوو بوو، لە لایەن شەڕکەرانەوە، کە توورە و بە تەواوی سەرشێت بووبوون و تەنیا لە هەوڵی خوێنڕشتنی یەکتریدا بوون، بە پێلەقە پان کرانەوە. ژنانیش، هەموویان، بەدەم قیژەقیژ و هاوارهاوارەوە و بۆ خۆپاراستن بە هەموو لایەکدا ڕایان

دەکرد، کەچی لەنێو ئەو هەموو وێرانکارییەدا میرژنم بینی لە جێی خۆیدا ڕەنگزەرد، چاوداچەقاو و هێزلێبڕاو، زمانی چووبووە کلیلە و ڕەقوتەق وەستابوو. پێستە ڕەنگزەردەکەی تێکەڵ بووبوو بە ئارایشتەکەی، کە هێشتا بە سەروسیما نیوەپیرەکەیەوە مابوو و سەیریش دەینواند. ئەمجا، یەك دوو لە خزمەتکارەکان، لەم ژوورە ترسناکەوە ڕێنوێنیان کرد و ئەویش بێ خواست و خوست دوایان کەوت، وەك ئەوەی نائاگا بێت لەوەی لە کوێیە یا بۆ کوێی دەبەن.

پیاوانی ئیل تۆرۆ، وردە وردە، خۆیان لەبەر هێز و دەسەڵاتی ئێمەدا، بەرەو دەروازەکان، کشاندەوە، بەڵام هێشتایش دڕتر لە پێشووتر بە چەکە شەقوشڕەکانیانەوە دەجەنگین. شەڕ لەسەر پلیکانەکانیش هەر بەردەوام بوو، بەڵام لەوێش وازیان لێ نەهێنرا تا گەیشتنە مەیدانی سەرەکی و لەوێش، ئەوانەی لە هەموو لایەکەوە هەڵمەتیان بۆ بردبوون، پاسەوانانی مۆنتانزا، کە لە کۆشکی گێرالدییەوە بانگ کرابوون، بە هانایانەوە هاتن و ئەنجام بە یارمەتیی ئەوان لە شار دەرکەوتن و خۆیان ڕزگار کرد، دەنا بە دڵنیاییەوە یەك بە یەکیان دەکوژران.

لەوان تەنیا من لە هۆڵە چۆڵکراوەکەدا، کە نیوەتاریك بوو بوو، مابوومەوە لەبەر ئەوەی هەموو چلچراکان فڕێدرابوونە خوارەوە، بێجگە لە ڕەشوڕووتان و برسیانی ئەو دەوروبەرە نەبێت کە بە مەشخەڵەکانی دەستیانەوە هاتبوون و بەنێو لاشەی مردووەکاندا لە بەرماوەی خۆراك و شتی تر دەگەڕان، کە بە خێراییەکی سەرسووڕهێن و چڵێسانە، بەدەم چنینەوەی قاپوقاچاخی زیوینی سەر مێزەکانەوە، هێندەی کە دەیانتوانی

بیخەنە ژێر جلوبەرگە شڕوپڕەکانیانەوە، دەیانخواردن. دواتر کە ئەوانیش چیی تر نەیانوێرا لەوێ بمێننەوە، مەشخەڵەکانیان فڕێ دا و بە دزییەوە و بە پێی پەتی خۆیان دزییەوە و ون بوون، ئیتر هەر بە تەنیا خۆم لەوێ مامەوە. بێ ئەوەی کەس لێم تێك بدات، بە دەوری خۆمدا دەمڕوانی و بیر و خەیاڵم ڕۆیشتبوون.

لەنێو پرتەپرتی مەشخەڵەکاندا و بەدەم کوژانەوەیانەوە لەسەر ئەرزە بەردەڵانەکە، دۆست و دوژمن تێکەڵ، لەنێو خوێن و بەرماوەی خۆراکی فلیقاوە و سفرەی خوێناویدا، کەوتبوون و میواندارییە گەورەکەیان پڕ بووبوو لە لاشەی تێکوپێکشکێنراو. جلوبەرگی ئاهەنگیان شڕوهوڕ و پیسوپۆخڵ و ڕەنگی زەردی دەموچاویان، لەبەر ئەوەی بەدەم شەڕکردنەوە و لەوپەڕی تووڕەییدا مردبوون، هێشتا ترسناك و گرژومۆن دیار بوون. من بە خۆم و نیگا پیرەکەمەوە لەوێ ڕاوەستابووم و سەیرم دەکردن.

یەکترخۆشویستن! ئاشتیی بێبڕانەوە! قسەی هیچ!

ئەم بوونەوەرانە چەند حەز دەکەن بە قسەی زل و ڕازاوە باسی خۆیان بکەن!

www.fb.com/PDFkurd

بۆ سبەینێ، وەك هەر بەیانییەکی ئاسایی تر، کە چووم بۆ لای مێرژن لە ژووری نووستنەکەی خۆی، بینیم هێشتا، بێ ئەوەی هیچ شتێکی بە لاوە گرنگ بێت، خەیاڵڕۆیشتوو و بە دەمولێوی وشکەوە، لە جێیەکەی خۆیدا، ڕاکشابوو. دەمی وا داخرابوو، وەك ئەوەی نەیەوێت جارێکی تر بکرێتەوە، قژی ئاڵۆسکاو و بێڕەنگ و تێکەڵوپێکەڵ بەسەر سەرینەکەیدا بڵاو بووبووەوە. دەستی شل و سڕ لەسەر لێفەکە دانابوون. دیار بوو، ئەگەرچی

لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابووم و سەرنجم دەدا و چاوەڕوانی داوا و فەرمانی ئەو بووم، هەستی بە من نەدەکرد. دەمتوانی چەند بمەوێت لێی ورد ببمەوە. هێشتا ئارایشتەکەی پێوە بوو، بەڵام ئەویش تەنیا شتێک بوو کە شاهیدی دڵخۆشییەک بوو، پێستی دەموچاوی سیس و وشک بوو، ملیشی سەرباری خرپنی بە تەواوی چرچ بووبوو. ئەو نیگایەی جاران پڕ بوو لە دەربڕین، ڕەقوتەق بووبوو. هیچ ڕەونەقی تێدا نەمابوو. کەس نەیدەتوانی باوەڕ بکات جارێک لە جاران شتێکی جوان لەودا هەبووبێت، جارێک لە جاران کەسێک ئەوی خۆش ویستبێت و لە باوەشی گرتبێت. تەنانەت بیرکردنەوەیش لێی هیچ مانایەکی نەبوو. ئەو لە ژنێکی پیر و ناشیرین زیاتر، کە لە جێیەکەی خۆیدا ڕاکشابوو، زیاتر نەبوو.

هەر شایانی ئەوەیش بوو.

لە دەربار پرسەیە. دەربار قەشمەرەکەی خۆی لە دەست داوە. ئەمڕۆ لە گۆڕ نرا. هەموو دەربار، سوارچاکان و نەجیبزادانی شاریش لەگەڵ پرسە کەوتبوون و بێگومان دەستوپێوەندەکانی خۆیشی لەگەڵدا بوون و بە دڵنیاییەوە تەواو بۆی پەرێشان بوون، دەبێت ناخۆشیش نەبێت لە بەردەستی سەروەرێکی وا خەمسارد و دەستبڵاودا بیت! خەڵکێکی زۆر لە ڕەشوڕووتانیش لەسەر ڕێگاکان وەستابوون و لە ڕێپوانەکەیان دەڕوانی، دەڵێن ئەو کلۆڵانە حەزیان لە بێدەربەستیی ئەو بووە. ئەمەیش سەیر نییە. لە کاتێکدا خۆیان لە برساندا سکی خۆیان هەڵدەگوشن، حەزیان لەوەیە گوێ لە باسی ژیانی کەسانی خەمسارد و دەستبڵاو بگرن. دەڵێن سەرلەبەری ئەو چیرۆکانە دەزانن کە لە بارەی ئەوەوە گێڕدراونەتەوە.

دەڵێن بەردەوام لە کۆخت و کەلاوەکانی خۆیاندا کە دەوروبەری کۆشکەکەی ئەویان گرتووە، شاکار و "گاڵتەوگەپ"ە سەرکەوتووەکانی ئەو دووبارە دەکەنەوە. ئێستایش ئەوەتا ئەو خۆشییەی پێ ڕەوا بینیوون کە لە گۆڕنانە کەشخەکەیدا بەشدار بن.

میرم، بە سەری نەوییەوە، لە پێشەوەی ڕێپێوانەکە، دەڕۆیشت. دیاریش بوو خەمینی باری شانی قورس کردبوو. هەر ئەوەندە پەیوەندی بە خۆدەرخستن و خۆپێشاندانەوە هەبێت، ئەم پێش هەر کەسێکی تر داوا دەکرێت و لەبەر چاوی خەڵك شیرینە. ئەگەرچی لەوەیە هێندەیش شایانی ئەو حەزلێکردنەی خەڵك نەبێت. ڕاستییەکەیش ئەوەیە، خولقی خۆیەتی کە نایەوێت هێندە لەبەر چاوان بێت و دەر بکەوێت.

کەس نەیدەوێرا دەنگ بکات. ئەمجا، لە کوخت و کۆشکەکانی خۆیاندا، چی دەڵێن و ناڵێن، هێندەی دەنکە نیسکێك نرخی نییە. ئەمە وەك هەڵەیەکی کوشندە پێشان دەدرا. دۆن ڕیکاردۆ بە ڕێکەوت لە شەرابە ژەهراوییەکەی، کە تەنیا و تەنیا بۆ میوانە خاوەنشکۆکان ئامادە کرابوو، خواردبووەوە. هەمووان دەیانزانی کە ئەو تینوێتیی بە هیچ نەدەشکا، بەداخەوە ئەو بە دەستی خۆی بوو بە هۆکاری مەرگی لەناکاوی خۆی. وەکو تریش هەر کەسە و بیروڕای تایبەتی خۆی، هەرچی دەڵێن ئازادن. ئەوەیش کە مۆنتانزا و پیاوەکانی ژەهرخوارد کراون، مایەی دڵخۆشیی هەموو لایەك بوو.

کاتی لەگۆڕنانەکەی میرژنمان لەگەڵدا نەبوو. ئەو، ئێستایش، هەر وەك جاران، لە جێیەکەی خۆیدا ڕاکشاوە، بێجووڵە و خۆی لە هەموو شتێك

دابڕیوە و نکوڵی لە خواردنی هەر شتێکیش دەکات. مەبەستم لەوەیە نکوڵی ناکات، چونکە قسە ناکات، بەڵام هەرچەند دەکەن و دەکۆشن نایەوێت هیچ بخوات. کارەکەرە گەلۆرەکەیشی، چاوسوور و سەرلێشێواو، بە دەوروبەریدا دێت و دەچێت و بەدەم ئاخۆئۆفەوە ڕوومەتە خرپن و چاوە ڕەنگپەڕیووەکانی خۆی دەسڕێت.

کەس گومانی لە من نییە. چون کەس نازانێت من کێم.

ڕاستییەکەی لەوەیە میرم زۆریش خەمبار و دڵتەنگ بێت بۆی. ئەمە ڕێی تێ دەچێت، چونکە ئەو زۆر تایبەتە. پێم وایە حەزیش لە خەمباری و دڵتەنگییەکەی خۆی بکات، ڕەنگە ئەوەی پێ جوان و باشکۆ بێت. هەستکردن بە دڵتەنگی، هەستێکی خۆنەویست و جوانە، هەمیشە خۆش و بای باڵی مرۆڤ دەدات.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشە ئەوی زۆر خۆش دەویست و هاوکاتیش بە ئاواتی مەرگیەوە بوو. ئێستایش دوای مردنی، هێندەی تر لەبەر چاوی شیرین بووە. جاران، هەمیشە، شتێك هەبوو کە هەستەکانی ئەمی چ بە باش و چ بە خراپ بەرانبەر ئەو دەجووڵاند. ئێستا ئەمە لە ئارادا نییە. دوای ئەوەی بە ئاواتی گەیشتبوو، زیاتر و زیاتر لە جاران هەستی بە نزیکیی خۆی لەوەوە دەکرد. قسەی سەر و بنی زمانی هەموویان باس باسی دۆن ڕیکاردۆیە. باسی ئەوەیە کە چۆن بوو، چۆن ژیا و چۆن مرد، ئەو جارەیان چی و ئەو بارەیان چی وت، لەو هەل یا ئەوی تردا چەند باشکۆ ڕەفتاری کرد، چ سوارچاکێکی کارامە بوو، چ پیاوێکی شاد و ئازایش بوو. بە جۆرێك لە جۆران لەوە دەچێت ئەو ئێستا لە هەموو کاتێکی زیاتر لەبەر چاوی

هەموان زیندووتر بێت. بەڵام خۆ هەمیشەیش سەبارەت بە تازەمردووان، بۆ ماوەیەك، بەو جۆرەیە. بەڵام ئەمە زوویش بە سەر دەچێت. هیچ شتێك لە لەبیرچوونەوەی مردووان بێگومانتر نییە. هاوکاتیش دەوترێت کە ئەو هەرگیزاوهەرگیز لە بیر ناچێتەوە. لەڕێی ئەوەیشەوە بە درۆ بیکەن بە شتێکی زۆر نایاب و دڵگیر و تایبەت، بە هیوای ئەوەن کە بۆ هەمیشە بە زیندوویی بیهێڵنەوە. مرۆڤ نەویستییەکی سەیریان بۆ مردن هەیە، مردنیان ناوێت، بەتایبەت لە پێوەند لەگەڵ هەندێك لە مردووەکانیاندا. ئەفسانەکانیان دواییان نایەت و ئەوەیش ڕاستییەکەی دەزانێت و دەزانێت ئەو قەشمەرە خۆشپەزە سادە و ساکارە، کە هەرگیز خاوەنی هیچ بیروبۆچوونێکی خۆی نەبووە، دەبێت لە خشتە ببرێت. ئەوان ئەوەیان بە لاوە گرنگ نییە کە ئەم شتانە دوورن لە ڕاستییەوە، ئەوان پێیان وایە کە ئەو سەرلەبەر خۆشی خۆی، شیعر خۆی و مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێت چی تریش هەر خۆی بوون و دنیایان چیی تر هەمان دنیا نییە و پێیان وایە کە ئیتر گوێیان لە دەنگی قاقای پێکەنینی ئەو نابێت و خۆشی و ئاهەنگەکانی بە سەر چوون و بێ ئەوی و جێی خاڵیی ئەو بە تەواوی گیرۆدەی کردوون و باڵی بەسەردا کێشاون. هەموویان تا ئەوپەڕی دڵتەنگ و تاسەباری ئەون.

میریشم بە شکۆوە بەشداری ئەم ئاهەنگ و ڕابواردنەی ئەوان دەکات. بە خەمگینییەوە گوێ بۆ ستایش و پێداهەڵدانی ئەوان دەگرێت و جارجارێکیش شتێك بۆ قسەکانیان زیاد دەکات و ئەوەیش، چون لەوەوە دەردەچێت، لەبەر دڵ و چاوی ئەوانی تر زۆر جوان و شیرینە.

من، وەکو تر، هەر چۆنێك بێت، پێم وایە میرم لە کردەوەی ئەو کەسەی لە ناخافڵ کوشتی و لە کاری بەردەستە بچکۆلەکەی خۆی ڕازییە. بەڵام، بێگومان، هیچ شتێك پێشان نادات. شتێکی بە گوێی مندا، چرپاندووە؛ شتێك نە وەك ستایش و نە وەك لۆمەکردن. میرێك ئەگەر خۆی نەیەوێت، ناچار نییە گرنگی بە دەستوپێوەندی خۆی بدات.

ئەو خۆی لە من تێناگەیەنێت. ئەو هەمیشە، لە پێوەند بەو شتانەوە، وایە.

خەمگینی و دڵتەنگیی میرژن بە هیچ جۆرێك خۆیان دەرنابڕن. نازانم چۆن لێیان تێ بگەم و پەردەیان لەسەر هەڵبماڵم– لەوەیە لەبەر ئەوەیش بێت کە زۆر تاسەبار و دڵتەنگی دۆن ڕیکاردۆ بێت. بەڵام، ڕاستییەکەی، ئەو لە جێیەکەی خۆیدا ڕاکشاوە و چاوی بڕیوەتە هیچ.

هۆکاری ئەم دڵتەنگی و تاسەبارییەی ئەو منم. ئەگەر سەرلەبەر بەدبەخت و دڵشکاوە، لەبەر من ئەوەی بەسەردا هاتووە. ئەگەر ئەو گۆڕدراوە و هەرگیز جارێکی تر وەك خۆی لێ نایەتەوە، لەبەر منە. ئەگەر وەك پیرەژنێك لە جێی نووستنەکەی خۆیدا کەوتووە و چیی تر گرنگی بەوە نادات سەروسیمای چۆن و چۆن نین، ئەوەیش هەر لەبەر منە.

من هەرگیز پێم وا نەبووە هەتا ئەو ڕادەیە ژێرچنگەی من بووبێت و هێندە دەسەڵاتم بەسەریدا شکا بێت.

ئەو کوشتوبڕینە نێو و نێوبانگی میرمی بە هەموو لایەك گەیاندووە. خەڵك، بە گشتی، دەڵێن بە ڕاستی میرێکی گەورەیە. دەڵێن هەرگیز بەو

شێوەیە بەسەر دوژمنەکانیدا سەر نەکەوتووە و هەرگیز بەو شێوەیە نەبووە بە جێی سەرنجی خەڵك و سەرسوورمانیان. شانازیی پێوە دەکەن و پێیان وایە فێڵێکی نائاسایی و دەستوبردییەکی ناوازەی پێشان داوە.

هەموو دەپرسن ئاخۆ چ دەرئەنجامێکی چاك لەم کارەی دەکەوێتەوە. پێشیان وایە کە ڕەنگە دەرئەنجامی خراپیشی لێ بکەوێتەوە. هەمیشەیش کەسانێك هەن کە لە دەرئەنجامی خراپ زیاتر چاوەڕێی هیچ شتێکی تر ناکەن. بەڵام زۆربەیان، هەر ئەوەندەی خۆی پێشان بدات، بە هاتوهاوار و ستایشەوە لێی دەردەکەون و پێشوازی لێ دەکەن. زۆربەی خەڵك بە میرێك کە لەبەر هیچ شتێك ناپرینگێتەوە سەرمەستن.

ئێستا خەڵك لە چاوەڕوانیی سەردەمیکی هێمن و بەختیاردان. پێیان وایە کارێکی چاکی کردووە سەری دراوسێیەکانی خۆی پەڕاندووە، تا نەتوانن جارێکی تر لێیان پەیدا ببنەوە و ئارامی و ئاسایشیان لێ تێك بدەن و بەختەوەرییان بشێوێنن.

منیش لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ئێستا خەریکی داڕشتنی چ پلانێکی گەورە و گران بێت. دەپرسم ئاخۆ بیری لای ئەوەیە دیسان پەلاماریان بدات، بە هێزێکی گەورەترەوە بچێتە نێو شارەکەیانەوە و ئەوێ و سەرلەبەری وڵاتەکەیان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە یا نا. ئێستایش، دوای ئەوەی هەموو ڕێبەر و پیاوە گرنگەکانی خۆیان لە دەست داوە و ڕێ بە تەواوی پاك بووەتەوە، لێی ئاسانتر نییە. ئەو منالە چلمنەیش، جیۆڤانی، هیی ئەوە نییە هیچ گرنگییەکی پێ بدەیت و خۆتی پێوە خەریك بکەیت، ئەو ناتوانێت —ئەو سەلکەسەگەی کە بە بچووکترین مەترسی، دەمودەست کلکی

دەخاتەوە کەفەڵی و تێی دەتەقێنیت، ناتوانێت هیچ سەختییەك بهێنێتە سەر ڕێی ئێمە. ئەو دەبێت بگیرێت و فێر بکرێت چۆن وەك پیاوێك هەڵسوکەوت بکات.

ئاشکرایشە کە دەیەوێت بەروبوومی ئەو کوشتوبڕە بچێنێتەوە. لەوەیش زیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێت. نایشکرێت، چاوشۆڕ و ملنەوی، بەوەی ڕوویداوە ڕازی بێت. گومانیش لەوە نییە چی بچێنێت هەر ئەوە دەدروویتەوە.

قسەوباسی بێسەروبەریش، لێرە و لەوێ، دەبیسترێن گوایە خەڵکی مۆنتانزا بەدەم توورەییەوە دەستیان داوەتە چەك و سوێندیان خواردووە تۆڵەی ئەوە بکەنەوە کە بەسەر میرەکەیان و پیاوەکانی هێنراوە. بێگومان لە قسەی بێسەروبەریش زیاتر نین. ئەوەی کە توورەن زیاتر ڕێی تێ دەچێت و جێی بڕوایە. هەر ئەوەیش مەبەست بوو. بەڵام ئەوەی کە دەستیان داوەتە چەك بۆ ئەوەی تۆڵەی میرێکی ملحیزی وەك ئیل تۆرۆ بستێننەوە، جێی هیچ بڕوایەك نییە. ئەگەر چەکیشیان هەڵگرتبێت، هیچ مانا و ئەرزشێکی نییە. گەلێکی بێ ڕێبەر، لە مێگەلێك زیاتر نییە.

لەوە دەچێت یەکێك لە مامەکانی جیۆڤانیی گەنج جڵەوی ڕێبەری گرتبێتە دەست. دەڵێن ئەوەیانە کە سوێندی خواردووە تۆڵە بستێنێتەوە. ئەمیان زیاتر ڕێی تێ دەچێت. خەڵك تۆڵەی میرانی خۆیان ناکەنەوە، بۆچیش تۆڵە بکەنەوە. ژیانی ئەوان لە سای هەر کامێکیاندا هەمان ژیانە و

دڵی خۆیشیان بەوە دەدەنەوە و دڵخۆش دەبن کە هەر نەبێت یەکێك لە گیانکێشەکانی خۆیان، بۆ ماوەیەك، لە کۆڵ بووەتەوە.

دەڵێن ئەو پیاوێکە هاوتای ئیل تۆرۆ خۆی، بەڵام پێشتر ڕێی خۆدەرخستنی پێ نەدراوە و هیچ ڕۆڵێکی گرنگیشی پێ نەسپێردراوە. ئەو ناوی ئێرکۆڵە مۆنتانزایە و گوایە، ئەگەرچی جەنگاوەرێکی ڕاستەقینەیش نییە، بەڵام پیاوێکی ترسناکە. دەڵێن جڵەوی گرتووەتە دەست تا وڵات لەو مەترسیی لەناوچوونە ڕزگار بکات کە گوایە بە قسەی خۆی ڕووبەڕووی وڵات بووەتەوە و هاوکاتیش ئەو میراتگرە گەنجە لە دەسەڵات دوور بخاتەوە کە بە پێی تێڕوانینی ئەو لێی ناوەشێتەوە جێی ئیل تۆرۆ بگرێتەوە، لە کاتێکدا ئەم خۆی مۆنتانزایەکی ڕەسەنە و زۆر لەبارترە بۆ فەرمانڕەوایی. ئەمەیش زیاتر ڕێی تێ دەچێت و چاکتریش لەگەڵ ئەوەدا دێتەوە کە لە دنیادا ڕوو دەدات. دنیا وایە ئیتر. هەر ئێستایش وا پێ دەچێت ئەوەی من پێشبینیم کردبوو بە ڕاست بگەڕێت و ئەو کوڕە گەنجە بە خۆی و چاوە ئاهوییەکانی و مەدالیاکەی سەر سنگیەوە تەپی پێدا نەدات و قەت پێرانەگات لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دابنیشێت.

چەند هێزێك بۆ ئەو تۆڵەسەندنەوەیە یەکیان گرتووە و هەر ئێستا لەنێو ئەو دۆڵەوە کە شانبەشان بە درێژایی ڕووبارەکە کشاوە، دەستیان بە سنووربەزاندن و هاتنە نێو وڵاتەوە کردووە. پێشڕەویشیان بۆکارۆسایە، کە خۆی و پیاوەکانی ئەرکی مردن لە پێناوی ئەم مۆنتانزا تازەیەیان، لە بەرانبەر دوو هێندە پوول و پارەدا کە میری ئێمە پێشتر پێی دابوون،

گرتووەتە ئەستۆ. تاڵانوبڕۆ دەکەن، دەسووتێنن و لەوە دەچێت پێش هەر شتێکی تریش لە کوشتاری هەر کەسێك لە خۆیان نەبێت بگەڕێن.

سەرلەشکرانی ئێمە، بۆ ئەوەی بەریان پێ بگرن، بە پەلەپرووسکێ خەریکی کۆکردنەوەی هێزەکانمانن. جەنگاوەران بە هەموو لایەکی شاردا بڵاو بوونەتەوە و بەرەو بەرەکانی جەنگ بەڕێوەن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بە کاروبارەکانی خۆیان بکەنەوە.

میریشم خۆی لە هیچ شتێك ناگەیەنێت.

پێدەچێت خەڵکی ئێمە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە جەنگی پێشوودا کوژران، کەم بووبێتنەوە. ئاسانیش نییە، هێندەی پێویست بێت، دەستت بە پیاوانێکدا ڕابگات کە بۆ کارێکی وا لەبارن و بتوانن لە کاتی پێکدادانندا شتێك بە شتێك بکەن. هەر چۆنێك بێت ئەوانەی ماونەتەوە کۆ دەکرێنەوە و دەیشبێت هێندەی ئەوانە بن کە بە مۆنتانزا کۆ کراونەتەوە، چونکە ئەوانیش زیانێکی زۆریان لێ کەوتووە و خوێنێکی زۆریان داوە. گوڕوتین هەمان گوڕوتینی جاری پێشوو نییە، بەڵام بە خواستی خۆیشیان لە دەوری یەکتر کۆ بوونەتەوە و دەیشزانن لەوە زیاتر هیچ چارەیەکی تریان لە بەردەمدا نییە. لەوەیش تێگەیشتوون کە دەبێت ڕووبەڕوو خۆیان لەو چارەنووسەدا ببیننەوە کە دووچاری بووبوون و لەوەیش کە ناکرێت هەر بە بەختەوەری ژیان بە سەر ببەن.

هێرشەکەیان تا دێت زیاتر لە شار نزیك دەبێتەوە و نابێت نەتوانرێت کەم تا زۆرێك بەریان پێ بگیرێت. هێزەکانمان ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ

بەرەنگاریان ببنەوە، بەڵکو هەمیشە ناچارن، لە ئاکامدا، بکشێنەوە. لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگیشەوە لە ڕاپۆرتی دڵپڕووێن زیاتر سەبارەت بە کشانەوە و زەرەر و زیانەکانمان شتێکی تر نابیسترێت.

هەر جێیەکیش دوژمن پێیدا تێپەڕ بێت، وێران دەکرێت. گوندەکان تاڵان دەکرێن و دەسووتێنرێن، هەر کەسێکیشیان دەست بکەوێت، دەمودەست، دەیکوژن. مەڕومالآت بە تالآن دەبرێن، سەر دەبڕدرێن و ئەوەیش کە لێیان دەمێنێتەوە، بە دوای خۆیاندا ڕایاندەکێشن تاکو دواتر بە کاریان بهێنن. گڕ لە کێڵگەکان بەر دەدەن. بەکرێگیراوانی بۆکارۆسا پێشڕەون و چۆنیان بووێت وا دەکەن. هیچ کەس و شتێك بە زیندوویی لە دوای خۆیان بە جێ ناهێڵن.

ڕاکردووان، خۆیان و گالیسکەکانیان، کە پڕ کراون لە شتومەکی سەیر و سەمەرە، هەر لە قابلەمەی قوپاوەوە تا بە پەتۆ و لێفە و جلوبەرگی شڕوپڕ و هەرچی شڕەوپڕەیەکی تر دەگات، کە نرخی هیچ شتێکیان نییە و لە پێپێکەنین زیاتر هەڵناگرن، ڕوویان لە شار کردووە و لە دەروازەکانەوە ئاودیو بوون. هەندێکیشیان بزنێکیان دوای خۆیان خستووە یا قۆچی مانگایەکی لەڕیان گرتووە و بە دوای خۆیاندا ڕایاندەکێشن و لە ترساندا خەریکن لە بەر یەك هەڵدەوەشێن. کەسیش ئەوانی لێرە ناوێت و تێناگەن لێرە چی دەکەن و چ کارەن. لە مەیدانەکەدا، لە تەنیشت مەڕومالآتەکانیانەوە، لێی کەوتوون و هەر لەوێش دەنوون و شار لە گوندێکی پیسوپۆخڵ و بۆگەن نەبێت، لە هیچی تر ناچێت و بۆگەنێك لەو جێیانەوە دێت کە ئەوانی لێن و هیچ کەس ناتوانێت خۆی لە بەردا بگرێت.

هێزەکانمان لە کشانەوە زیاتر هیچی تریان لە دەست نایەت. وا پێدەچێت دوژمن هێندە لە شارەوە دوور نەبێت، بە وردی ئاگام لەمە و لە دەنگوباسەکان نییە و هەواڵەکانیش ئەوەندە زوو زوو دەگۆڕدرێن پێیاندا ڕاناگەیت. نازانیت چەندیان ڕاست و چەندیان درۆن. هیچی تریش بەر گوێ ناکەوێت لەو ڕاپۆرتە دڵتەقێنانە زیاتر کە گوایە هێزەکانمان هێندەی لە توانادا بووە بەرگرییان کردووە، بەڵام ئێستا خەریکی کشانەوە و بەرەودوا هاتنن، کە ئێستا بیر لە بەرگری دەکەنەوە و هەر نەختێك دوای ئەوە دەبیستیتەوە کە دیسان ناچارن بە پاشەکشە و هەڵهاتن. تەوژمی پەنابەرەکانیش بە هەمان شێوە بەردەوامە و بە مەڕوماڵات و شرەوپرە و بەدەم سکاڵا و گلەییەوە پەنایان بۆ شار هێناوە.

چ جەنگێکی سەیرە ئەمە.

ڕاستییەکەی، تا ڕادەیەکی باش، لەوە تێدەگەم بۆچ میرم خۆی لە هیچ ناگەیەنێت و بۆ هەر هەمووی بە سەرلەشکران سپاردووە. ئەو گرنگی بە بەرگری و خۆپاراستن نادات و دڵی پێیان ناکرێتەوە. ڕێك وەك خۆم —حەزی لە هێرش و پەلاماردانە. گیانی ئێمە، گیانی هێرش و پەلامارە، نەك بەرگری و خۆپاراستن. بێجگە لە دڵپرووێنییەکی یەکئاوازەی بێ شەوق و ڕەونەق و دوور لە ڕووداو، هیچ خۆشییەك لە خۆپاراستندا نییە. ئەوەیش بە کەڵکی چی دێت؟ هیچ و لە بێمانابیەکی تەواویش زیاتر نییە. هیچ کەسیش ناتوانێت حەزی لەوە بێت خۆی بە شتێکی واوە خەریك بکات. ئەمە جەنگێکی ناخۆشە و بە ئاسانی لێی بێزار دەبێت.

لە دیوارەکانی شارەوە لەشکری مۆنتانزا و بۆکارۆسا دەبینرێن. ئێوارەیە و لــە پەنجەرەکــەی نهــۆمی گرگنانــەوە، دەتــوانم ڕووناکــایی ئــاگری ئۆردووگاکانیان ببینم، کە لە دەشتەکەدا هەڵیانداوە، ببینم. دیمەنێکی تـەواو دڵگیرە لەو تاریکاییەدا.

دەیشـتوانم سەروسـەکوتی جـەنگاوەرە بـەکرێگیراوەکان ببیـنم کـە لـە دەوری ئاگرەکـان کـۆ بوونەتـەوە و باسـی پاڵـەوانی و شـەڕەکانی ئـەمڕۆی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. دەیشتوانم ببینم کە چەند چڵەزەیتوونێك فڕێ دەدەنە سەر ئاگرەکان و دەموچاویشیان ببینم کە چۆن گـرژ و تـووش و پڕ لـە باوەڕبـەخۆبوونن و لـەنێو پرتـەپرت و کڵپوهـووڕی ئاگرەکانـەوە دیـارن. ئەوان ئـەو پیاوانـەن چارەنووسـی خۆیـان تونـد لـەنێو دەستەکانی خۆیاندا گرتووە و لە ترسێکی بەردەوامدا ناژین، بیریش لەوە ناکەنـەوە کـە ئـاخۆ هـا ئێستا ها نەختێکی تر چییان بە سەر دێت. ئەوان ئاگرەکانی خۆیـان لـە هـەر خاکێکــدا بیانــەوێت دەکەنــەوە و ئەوەیشــیان لا گــرنگ نییــە ئــاخۆ دەسـتکەوتەکانیان لـە کـێ دەسـتێنن و بـەری چـی دەچـننەوە. لـەوەیش ناپرسن لە خزمەتی کام میردان —چونکە لـە خۆیـان زیاتر لـە خزمـەتی هـیچ کەسـێکی تـردا نـین. شـەکەت و مانـدوو لـەو تاریکاییـەدا ڕادەکشـێن و لـە چاوەڕوانیی کوشتوبڕی ڕۆژی دواتردا پشوو دەدەن. خـەڵکانێکن بـێ خـاك و وڵات، بەڵام سەرلەبەری دنیایشماڵی ئەوانە.

ئێوارەیـەکی خۆشـە. هـەوای پـاییز پـاك و فێنـك لـە چیاکانەوە دێت و ئاسمانیش ساماڵ. دەمێکە لـە بـەر پەنجەرەکەمـدا دانیشـتووم و سـەرنج لە ئاگرەکان دەدەم. ئێستا ئیتر منیش دەبێت بچم و پشوویەك بدەم.

ڕاستییەکەی سەیریشە کە من دەتوانم ئاگرەکان، کە ئەوەندەیش دوورن لێرەوە، ببینم، کەچی ناتوانم ئەستێرەکان ببینم و قەت نەیشمتوانیوە بیانبینم. چاوی من وەك چاوی مرۆڤ نین، بەڵام تەرزەیشیان نییە و هەموو شتێکی سەر زەوی بە جوانی دەبینم.

زۆربەی کات بیر لە بۆکارۆسا دەکەمەوە. لە بەردەممدا دەیبینم، زل و کەتە وەك دێوێك، دەموچاوی پڕ لە جێبرینی ئاوڵە، دەموقەپۆزی وەك قەپۆزی حەیوان و چاو بە قووڵدا چوو بە وێنەی شێرێکەوە لەسەر زرێیەکەی سەر سنگی کە بەوپەڕی تووڕەییەوە دەمی کردووەتەوە و زمانی لە هەموو شتێك دەرهێناوە.

هێزەکانمان، دوای شەڕێکی دەستەویەخە و خوێناوی لە پاڵ شوورەکانەوە، کە بە سەدان لە جەنگاوەرانی تێدا کوژراون، هەڵهاتوون و خۆیان بە شاردا کردووە، سەرباری ئەو هەموو بریندارانەی لە دەروازەکانی شوورەوە ڕاکێشراونەتە ئەمدیوەوە، ئەمە بێجگە لەو هەموو بریندار و کوژراوانەی لە لایەن ئەو ژنانەوە ئاودیو کراون کە گوایە چوون بە دەنگ مێرد و کوڕەکانیانەوە. جەنگاوەرانمان، کە لە ئاکامدا کۆڵیان دا و بەرەو ئەمدیوی شوورەکان کشانەوە، بە تەواوی شل و شەکەت بوویوون و پەرێشان کرابوون. دوای گەیشتنی ئەوانیش، شار وەك ئەوەی بیەوێت، ها ئێستا ها نەختێکی تر بتەقێتەوە، سەرلەبەری بەسەر یەکدا کەوتووە و پڕ بووە لە جەنگاوەران، برینداران و گوندنشینانی بێشومار کە پەنایان هێناوەتە بەر شارنشینان. بێسەروبەرییەکە ئەوسەری نادیار و لە بارودۆخیش هەر مەپرسە. خەڵك، ئەگەرچی شەوانە دنیا خەریکە ساردی

دەكات، لە كووچە و كۆلانان دەنوون. ڕۆژانەیش لەبەر خەوتووانی كوچە و كۆلانان كە هەر ئەوەندەی نەماوە پێیان پێدا بنێیت و لەبەر خەڵكی شل و شەكەت و ئەو بریندارانەی، كە هەر چۆنێك بێت برینەكانیان پێچراون، بەڵام كەسیان نییە بە دەنگیانەوە بێت، ڕێ بەر ناكەوێت. هیچ شتێك دڵ ناداتەوە و بیركردنەوەیش لەو ئابلۆقەیەی بەر دەركی پێ گرتووین، پاش ئەوەی دوژمن لە هەموو لایەكەوە گەمارۆی شاری داوە، هیچ كۆمەك بەو نائومێدییە ناكات كە سەر و بەرۆكی هەموومانی گرتووە.

بەڵام دەڵێن شار دەبێت تا دوا دڵۆپەخوێن بپارێزرێت. دەیشڵێن شوورەی شار تۆكمەوتۆڵ و پتەوە و دەتوانێت بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ خۆ لەبەر پەلاماردان و هێرشدا ڕابگرێت. بەڵام خۆ هەموو شارێكیش، پێش داگیركردن، هەروەهایە. من سەبارەت بە خۆڕاگری و داگیرنەكردنی، لەسەر بیر و خەیاڵێكی ترم.

میرم بووژاوەتەوە و خەریكە ڕێبەرێتیی پارێزگاریكردن دەگرێتە دەست. كەم بەر چاو دەكەوێت و كە دەریشدەكەوێت بە هەراوهۆریا و شاباش پێشوازیی لێ ناكرێت. خەڵك پێیان وایە كوشتنی مۆنتانزا و پیاوەكانی ڕەفتارێكی شێتانە بووە و نەیتوانیوە لە جەنگ و كڵۆڵی زیاتر هیچی دیكە بە دوای خۆیدا بهێنێت.

میرژن كەوتووەتەوە سەر پێیان و نەختەنەختەیەكیش دەخوات، بەڵام بە هیچ كلۆجێك لە هەردەجاران ناچێت. زۆر لاواز بووە و پێستی دەموچاوە خرپنەكەی جارانی وشك و زەرد هەڵگەڕاوە و قژیشیشی ماشوبرنج. هەر بەڕاستی گۆڕدراوە. جلەكانی، وەك ئەوەی بۆ كەسێكی تر دروابن، بە

لەشیدا شۆڕ بوونەتەوە. ڕەشپۆشە. ئەگەر قسەیەکیشی لە دەم بێتە دەرەوە، زۆر بە نزمی، یا بە سرتە دێتە بەر گوێ. دەمولێوی وەک ئەوەیە وشک بووبێتنەوە و لەڕی و لاوازییەکەیشی سەروسەکوتێکی زۆر جیاوازتریان پێ بەخشیوە، چاوانی بە قووڵدا چوون و دەوروبەریان ڕەش داگەڕاون، نیگا ناسروشتییە ئاگرینەکەی جارانیشی نەماوە.

بە سەعاتان لە بەردەمی پەیکەرەکەی مەسیحی لەخاچدراودا دادەنیشێت و دەپاڕێتەوە، تا ئەو جێیەی ئەژنۆکانی بەتەواوی ژان دەکەن و هێندە ڕەق دەبن کە ئیتر بە ئاسانی ناتوانێت هەڵبستێت. نوێژ بۆ چی دەکات و بۆ چی دەپاڕێتەوە، بێگومان نازانم. بەڵام، هەبێت و نەبێت، دەبێت نزا و پاڕانەوەی ئەو قەبووڵ بکرێن، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەردەوامە.

ژوورەکەیشی قەت بە جێ ناهێڵێت.

لەوە دەچێت مایسترۆ بێرناردۆ کۆمەک بە میرم بکات بۆ پتەوکردنی شوورەکانی شار، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ئەو کەرەستە و دامودەستگایانەی بۆ پارێزگاریکردن لە شارێك بێهاوتان. لەوەیش دەچێت بەوپەڕی تواناوە بۆ ئەو مەبەستە لە کاردا بن و وەك دەوترێت شەو و ڕۆژ خەریك بن.

من تا ئەوپەڕی متمانەم بە کارامەیی هونەری و بلیمەتیی مایسترۆ بێرناردۆ هەیە. بەڵام باوەڕ ناکەم لە بەرانبەر بۆکارۆسادا هیچی پێ بکرێت و هیچ بە هیچ بکات. ئەو مامۆستا پیرە، گیانێکی باڵایە و بیر و زانینی ئەو بە زۆر شت، بگرە بە هەموو شتێك، ڕادەگەن. بێگومان ئەو هێز و وزەیەکی زۆری لە خزمەتدایە، کە لە سروشتەوە بە دەستی هێناون و بەتایبەتیش،

ئەگەرچی لەوەیش دەچێت بێ خواستی خۆیشیان بێت، لە ئاست ئەمدا ملکەچن. بەڵام بۆ من و لەبەر چاوی من، بۆکارۆسا، لەوە دەچێت بۆ خۆی ئەو هێز و وزانە بێت کە بێ هیچ چەندوچۆنێك و بە خواستی خۆیشیان، ملیان لە ئاستی ئەمدا دابێت. پێشم وایە ئەم مرۆڤێکە و لە مایسترۆ زیاتر لە سروشتەوە نزیکترە.

بێرناردۆ مرۆڤێکی گۆڕدراوە و بە سەروسیما ڕەسەن و خۆنوێنەکەیەوە هەمیشە بێ باوەڕیم پێ دەبەخشێت.

پێم وایە ئەم شەڕەیان شەڕێکی نابەرانبەر دەبێت.

ئەگەر بێرناردۆ بە خۆی و ناوچەوانە پڕ لە بیروبۆچوونەکانیەوە و بۆکارۆسایش بە خۆی و دەموقەپۆزە دڕەکەیەوە لە پاڵ یەکتردا ڕابگریت، هیچ گومانێکت لەوە نامێنێت کامیان بەهێزترن.

خۆراک، خەریکە، لە شاردا کەم دەبێتەوە. بێگومان ئێمە لێرە، لە کۆشک و دەربار، هەستی پێ ناکەین، بەڵام لەوە دەچێت خەڵك لە برساندا سکی خۆیان هەڵبگوشن. ئەمەیش، بە هۆی ئەو هەموو خەڵکە نامۆیەوە کە ڕژاونەتە ناو شارەوە، سەیر نییە. خەڵکیش تا دێت زیاتر و زیاتر ڕقیان لە پەناهێنەران دەبێتەوە، چونکە ئەوان بە هۆکاری ئەم کەمخۆراکییە دەزانرێن و خەڵکەکەیش ناهەقیان نییە. ئەوان بوون بە بارگرانی بەسەر دانیشتوانی شارەوە. بەتایبەتیش ڕقیان لە منداڵە پیسوپۆخڵ و دەمبەهاوارەکانیان دەبێتەوە، کە بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەتەوە و دەست پان دەکەنەوە و سواڵ دەکەن. دەیشڵێن، ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێت، دزیش دەکەن. نان یەك دوو ڕۆژ لە هەفتەدا دابەش دەکرێت، بەڵام ئەویش زۆر کەم، چون کەس

چاوەڕێی ئابڵووقەدان نەبووە و ئەوەیش لە گەنجینەکان پاشەکەوت کراوە بەش ناکات. هەر هێندەت زانی و ئەوانیش هیچیان تێدا نامێنێت. ئەو پەناهێنەرانەیش کە بزنێك یا مانگایەکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو و سەرەتا خۆیان بە شیرەکەیان دەژیان، بزن و مانگا لەڕ و کەسیرەکانی خۆیان، کە لە برساندا نیوە مردوو بوون، سەر بڕیوە و بە گۆشتەکانیان بۆ ماوەیەك یا خۆیان ژیاندووە یا نەختێك ئارد و شتی تریان پێ بە دەست هێناوە. ئێستایش هیچیان بە دەستەوە نەماوە و هیچ باوەڕم بەوەیش نییە کە شارنشینان دەڵێن گوایە گۆشتەکەیان شاردووەتەوە و ژیانیشیان لە ژیانی ئەمان باشترە، چونکە وا دیار نین. لەڕ و لاواز بوون و نکوڵیش لەوە ناکرێت کە لە برساندا لار دەبنەوە. ئەمە، خودا نەکردە، بۆ ئەوە نالێم کە بەزەییم پێیاندا دێتەوە. منیش لەسەر هەمان ڕای شارنشینانم. ئەوان، وەك سەرلەبەری وەرزێران، خاووخلیچکن و زۆربەی کات دانیشتوون و لە چاوداچەقاندن و دەمپانکردنەوە زیاتر هیچی تریان لە دەست نایەت. لەگەڵ کەسیش تێکەڵ نابن، بەڵکو بەپێی گوندەکانی خۆیان دابەش بوون و هەمیشەیش لە ئۆردووە بۆگەنەکانی خۆیان، لە بەشێکی مەیدانەکەدا، لەو جێیەدا کە شڕوپڕەی خۆیان لێ فڕێ داوە و بە ماڵی خۆیانی دەزانن، لێی کەوتوون. ئێواران، ئەگەر نەختێك سووتەمەنییان بە دەست هێنابێت، ئاگر دەکەنەوە و لە پاڵ ئاگرەکاندا کۆ دەبنەوە و یەکنەوا قسە دەکەن و کەسیش لە زمانیان تێ ناگات و ئەوەی دەیڵێن نایڵێنەوە. جێی هیچیش ناگرێت بزانیت چی دەڵێن یا نا.

کەس خۆی لەبەر پیسوپلتۆخی و بۆگەنی ئەو هەموو خەڵکەی لە مەیدان و ڕێوبانان کەوتوون، ناگرێت. بۆ من کە زۆر پاکوخاوێنم و ئاگام لە لەشی خۆمە و هەستونەستیشم تایبەت لە بەرانبەر هەڵسوکەوتی ئەوانەی لە دەوروبەرمن دەجووڵێن، ئەم گشت پیسوپۆخڵییە قێزەوەرە و ئاسان نییە خۆتی لەبەردا بگریت. بەتایبەتیش، بەپێی تێگەیشتنی زۆرێك لە خەڵك، تا بڵێیت قێزم لە گووی خەڵك و ئەو بۆگەنەی دەبێتەوە کە لێوەی دێت. ئەم کەسە سادە و ساکارانەیش ڕێك وەك ئەو گیانەوەرانەی خوویان پێیانەوە گرتووە و لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکەن، لە هەر کوێ بیانەوێت قنگی لێ هەڵدەماڵن و میز و گووی خۆیان دەکەن. ئەمەیش ئەوپەڕی پیسوپۆخڵییە. هەوا بۆگەنی گرتووە و منیش کە ئەو بارودۆخەی مەیدان و ڕێوبانان وا پیس دەبینم، تا بۆم بکرێت خۆم لە ماڵ توند دەکەم و دەرناچم. لەو کاتەوەیش کە میرزن تووشی ئەو گۆڕانە سەیروسەمەرەیە بوو کە تووشی بووە و خۆشبەختانەیش دۆن ڕیکاردۆ تۆپیوە، ئەوەندە بە گەیاندن و هێنانی ئەم یا ئەو پەیام و ڕاسپاردە بێزار ناکرێم.

ئەو هەموو بێماڵە شەوانە لە دەرەوە دەنوون و ئێستایش کە زستان هاتووە و دنیا تەواو ساردی کردووە، ناکرێت بەو جلوبەرگە شڕوپڕەی بەریانەوە سەرمایان نەبێت. دەڵێن هەندێکیان دەمەوبەیان لە سەرماندا ڕەق بوونەتەوە و شڕۆڵێکیشیان، وەك ئەوانی تر، لە جێیەکەی خۆی ڕاست نەبووەتەوە و هەر لە جێدا بە لادا هاتووە. بەڵام زیاتر لەبەر نەبوونی و کلۆڵییە، نەك لەبەر سەرما، کە بەو دەردە چوون و هەمیشەیش هەر پیر و پەککەوتووان بوون کە لەبەر پیری و کەمیی گەرمای لەشیان هێزیان لەبەر

براوه و مردوون. کەسیش دژی ئەمە نییە بمرن، چونکە هیچ خێروبێرێکیان بۆ کەس نییە و لێرەیش یەك دنیا خەڵك بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەتەوە و دنیایان ناخۆش کردووە.

پیاوانی بۆکارۆسا لە هیچ شتێکیان کەم نییە. ئەگەر بیانەوێت بۆ تاڵانکردن بە سەرلەبەری وڵاتدا ڕادەگەن و تا دێت زیاتریش دەست دەبەن و پەلامار دەدەن بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خۆیان دابین بکەن. پاشان، دوای تاڵانوبڕۆی خۆیان، گوندەکان دەسووتێنن و زۆر جاریش شەوانە لە دووری دوورەوە ڕووناکایی ئاگرەکانیان دەبینرێن. دەمێکیشە دەوروبەری ئێرەیان بە یەکجارەکی وێران کردووە.

بەڵام سەیرە هێشتا هێرشی تەواویان بۆ شار دەست پێ نەکردووە. سەرم لەمە سووڕ ماوە، چونکە، بێ هیچ دوودڵییەك، ئەمە بۆ ئەوان لێی ئاسانتر نییە و وەك ئاوخواردنەوە وایە. ڕەنگە پێیان وا بێت چاکترە خەڵکەکەی لە برساندا بکوژن و کاتێکیش کە هەموو وڵاتیان هەڵگێڕوداگێڕ کرد، چ خەمێکیان لە ئابڵووقەدان نەبێت.

ئەنجێلیکا بەم ناوەدا دێت و دەچێت و خۆی لە هیچ شتێك ناگەیەنێت. جاران، هەر نەبێت، خۆی بە درووماننەوە خەریك دەکرد. ئێستا، زۆربەی کات، لە کەناری ڕووبارەکە لێی دادەنیشێت و خواردن بە قووەکان دەدات، یا سەیری قەڵبەزە و کەفچڕێنیی ئاوەکەی دەکات. هەندێك جاریش، هەموو ئێوارەکە، لەبەر پەنجەرەکەی خۆیدا دادەنیشێت و لە هۆبە و ئاگری پاسەوانانی دوژمن لەنێو دەشتە هەڵگێڕوداگێڕکراوەکەدا دەڕوانێت. بە دووری نازانم ئەمانەیش شازادەکەی خۆی بە بیردا بهێننەوە. زۆر سەیرە

خەڵك چەند سەیروسەمەرە دیارن کە دڵداری دەکەن، بەتایبەتی کە بێهوودە یەکتریان خۆش دەوێت.

سەروسیمایان بە شێوەیەکی هەر زۆر سەیر و ناحەز یەکنەوا دەبێت و ناتوانم لەوە تێبگەم چۆن خەڵك دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە شتێکی مینا دڵداری جوانتریان دەکات. چاوەکانی ئەنجێلیکا لە جاران چەورتر و ناڕوونتر دەنوێنن و ڕوومەتەکانیشی هەڵبزرکاوترن و بە هیچ جۆرێك لە چاو و ڕوومەتی کاتی ئاهەنگێڕانەکە ناچن. بەڵام، وەك بڵێیت، دەمی گەورەتر و لێوەکانیشی بە جۆرێك لە جۆران خڕوپڕتر بوون و لە هیی منالێك ناچن.

گومانیش لەوە نییە من تەنیا کەسێکم کە ئاگای لە ڕازە پڕ لە تاوانەکەی ئەو هەیە.

ئەمڕۆ، بە جۆرێك کە سەرم لێی سووڕ ما، میرژن لێی پرسیم ئاخۆ مەسیح ڕقی لێی دەبێتەوە یا نا. من، ڕاست و دروست و وەك خۆی، وەڵام دایەوە کە لەو بارەوە شتێك نازانم. کەچی ئەو بە نیگا ئاگرینەکەی خۆی سەیری کردم و لەوە دەچوو، بە جۆرێك لە جۆران، بێزار بێت. هەر دەبێت وەهایش بێت و مەسیح ڕقی لێی ببێتەوە، چون هەرگیز ناهێڵێت ئارام و ئاسوودە بێت. دەیشبێت، لەبەر ئەو هەموو گوناهانەی پێشتر تووشیان بووە، ڕقی لێی ببێتەوە. ئەمەیش بۆ من جێی هیچ گومانێکی تێدا نەبووە و نییە و هەر ئەوەیشم پێ وت. هەر لەبەر ئەوەیش هەردووکمان لەسەر هەمان ڕاوبۆچوون بووین نەختێك ئارامی دایگرت، ئەمجا بەدەم ئاخوئۆف هەڵکێشانێکی قووڵەوە لەسەر کورسییەك دانیشت و کپ و بێدەنگ بوو. ڕاستییەکەیشی منیش نەمزانی لەوێ چی دەکەم و چ کارەم، چونکە ئەو

وەك هەمیشە هیچ كار و ڕاسپاردەیەكی بۆ من و بە من نەبوو. كە دوای كەمێك لێم پرسی ئاخۆ دەتوانم بڕۆم یا نا، لە وەڵامدا وتی ئەو هیچ دەسەڵاتێكی بەسەر مانەوە و نەمانەوەی مندا ناشكێت، بەڵام هاوكاتیش هێند بە تكا و پاڕانەوەوە سەیری كردم وەك ئەوەی بیەوێت یارمەتییەكم لە دەست ببێتەوە. ئیتر لەبەر ئەوەی لەوێ مانەوە هیچ مانایەكی نەبوو و ناخۆشیش بوو، ڕێی خۆم گرتە بەر و هەر كە گەیشتمە بەر ئاسانەی دەرگاكەیش، ئەو لەبەر دەمی پەیكەرەكەی مەسیحی لەخاچدراودا كەوتە سەر چۆكان و بە سەروسیمایەكی شێواوەوە دەستی بە نزا و پاڕانەوە كرد و بە پەنجە لاوازەكانیشی تەسبیحەكەی توند توند گرتبوو.

هەموو ئەوانەیش پێكەوە كاریگەرییەكی سەیر و ناخۆشیان لە من كرد. تۆ بڵێیت چی بەسەر ئەو ژنە شێتەپەتەڕییە هاتبێت؟

دیارە میرژن، هەر بەوپەڕی جددییەوە، باوەڕی بەوە هەیە مەسیح ڕقی لێی دەبێتەوە. ئەمڕۆیش، دیسان هەمان بەزم، دەستی پێ كردەوە. وتی كە هیچ نوێژ و پاڕانەوەیەكی ئەو جێ ناگرن، چونكە هەر چۆنێك دەهێنێت و دەبات لەخاچدراوەكە لە گوناهەكانی ئەم خۆش نابێت. نزا و پاڕانەوەكانی نابیستێت و هیچ گرنگییەكیش بەوە نادات ئەم لە پێناوی ئەودا هەیە و بۆ ئەو دەژی، لەوە زیاتر كە بۆ یەك چاوتروكاندنیش لێ ناگەڕێت ئارام و ئاسوودە بێت. وتیشی ئەوەیش زۆر ناخۆشە كە ئەم ناتوانێت بەرگەی ئەو بارودۆخە كە خۆی تێدا دەبینێتەوە، بگرێت. من پێم وت وا چاكترە هانای سكاڵا و تۆبەكردن بۆ قەشەكەی ببات، كە هەمیشە بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە گرنگی بە سەختی و ناخۆشییە ڕۆحییەكانی ئەم دەدات.

ئـەو سـەری بـۆ قسـەکەم ڕاوەشـاند و وتـی ئـەوەی کـردووە، بـەڵام ئـەویش نەیتوانیوە هیچ کۆمەکێکی پێ بکات و بە هانایەوە بێت. بگرە هـەر تێشی نەگەیشتووە. من گاڵتەم بەو دەربڕین و قسەیەی ئەو قەشە ڕووخۆشـە هـات. ئەوسا لێی پرسیم ئاخۆ بیروڕای مـن سـەبارەت بـەو چـین. پـێم وت مـن ئـەو وەك ژنێکـی بـارگران دەبیـنم و دڵنیایشـیم یـەکێك لەوانەیـە کـە بـۆ هەمیشـە لەنێو ئاگری دۆزەخدا دەسووتێن. ئیتر لە بەردەممدا کەوتـە سـەر چۆکان و دەسـتە لێکئاڵاوەکـانی هێنـد تونـد گووشـی سـەر جومگـەکانی تـەواو سپی داگەڕان، دەستی بە سکاڵا و لاڵانەوە کـرد و لـێم پاڕایـەوە لـەو بـارە گـران و کلۆڵییەی تێی کەوتووە ڕزگاری بکەم. منیش لێی گەڕام، چۆن لە بەردەممدا کەوتبوو و خۆی لە پێیەکانم ئاڵاندبوو، هەروەها بمێنێتەوە، چونکە لـە لایـەك هیچ شتێکم بە دەست نەبوو و لە لایەکی دیکەیشەوە بینیم کە هەر بەڕاستی بەدەم ئێشوئازارەوە دەناڵێنێت. ئیتر پڕی بە دەستمدا کرد و فرمێسکەکانی بەسەردا ڕژاند، تەنانەت هەوڵی دا ماچی بکـات، بـەڵام مـن دەسـتم کشـاندە دواوە و نەمهێشت. ئەمەیش وایکرد هێنـدەی تـر بناڵێنێـت و بلاڵێتـەوە و بـە دوایدا کەوتە بارێکی پـڕ لـە تـووڕەیی و سەرلێشـێوانەوە. پـێم وت: ددان بـە گوناهەکانتدا بنێ! و هەستیشم کرد سەروچاوم بە تەواوی گـەرم داهـاتووە و تووڕەم. ئەویش دەستی کرد بـە داننـان بـە هـەموو تاوانەکانیـدا، بـە جـۆری ژیانە بێ شەرم و شوورەییەکەیدا، بەو پەیوەندییە ڕێپێنەدراوانەدا کـە لەگـەڵ پیاوان هەیبوون، ئەو پەیوەندییانەی شەیتان ڕێـی بـۆ خـۆش کردبـوون و بـە تەواوی لە ژێر چنگی شـەیتاندا بـوون. مـن ناچـارم کـرد زیـاتر قسـە لەسـەر گونـاهی خـۆی بکـات، باسـی ئـەو تاموچـێژە ناپەسـەندەیش بکـات کـە لێـی

وەرگرتووە و ناوی ئەوانەیش بهێنێت کە بەو شێوە تاوانکارانەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون. ئەویش ملی بۆ هەموو قسەکانم دا و وەك دیمەنێکی ترسناك لە ژیانە لەکەدار و نابەکارەکەی خۆی خستە بەر چاوم. بەڵام هیچی سەبارەت بە دۆن ڕێکاردۆ نەدرکاند و منیش ئەوەم دایەوە بە چاویدا و پەنجەم بۆ ڕاکێشا.

ئەمجا وەك ئەوەی بیەوێت بپرسێت، سەیرێکی کردم و لەوەیش دەچوو بە زەحمەت لە مەبەستەکەم بگات. بۆ ئەوەیش بە گوناه دەژمێردرێت؟ ئاگادارم کردەوە کە ئەمە گەورەترین گوناهە و لێی گەورەتر نییە. بەڵام لەوە نەدەچوو بە هیچ جۆرێك سەر لە قسەکانم دەربکات و بە پرس و گومانەوە سەرنجی دەدام، بەڵام پاشان دەتتوانی ببینیت خەریکە بیر لە قسەکانم دەکاتەوە، ئەو قسانەی لەوە دەچوون بۆ ئەو بیروبۆچوونی نامۆ بن و لەگەڵ پرس و گومانەکانیشدا پێوەی دیار بوو کە ترسی لێ نیشتووە. لێم پرسی ئاخۆ ئەو دۆن ڕیکاردۆی لە هەموویان خۆشتر ویستووە یا نا؟ بە چرپە، بە جۆرێك کە بە ئاستەم دەهاتە بەر گوێ، وەڵامی دایەوە: ئا! یەکسەریش دەستی بە لووشکەلووشك کردەوە، بەڵام وەك پێشتر نا، بەڵکو ئاسایی وەك هەر کەسێکی تر کە دەگرییێت. ماوەیەکیش لەسەر گریان بەردەوام بوو، تا ئەوەی ئیتر من تاقەتی ئەوەم نەما لەوێ بمێنمەوە و گوێ لە لووشکەلووشك و گریانی بگرم و پێم وت من دەبێت بڕۆم. بێ هیوا و چاو پڕ لە تکا و پاڕانەوە تەماشایەکی کردم و لێی پرسیم ئاخۆ ناتوانم نەختێك دڵی بدەمەوە و دڵنەوایی بکەم. ئەمجا پرسیی ئاخۆ دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی مەسیح بەزەیی پێیدا بێتەوە؟ لە وەڵامدا پێم وت بێشەرمییە و بۆ

ئـەو، دوای ئـەو هـەموو گوناهانـە، داوای میهـر و بـەزەیی مەسـیح بکـات و شتێکی هەر زۆر سروشتیشـە کـە دوای ئـەو هـەموو گوناهانـە، مەسیح نـزا و نوێژەکانی ئەمی نەبیستبێت. وتم ئەو لەبەر ئەوە لە خاچ نەدراوە بۆ ئـەوەی کەسانی وەك ئەم ڕزگـار بکـات و ببێـت بـە فریادڕەسیان. ملکز و گوێڕایـەڵ گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو، ئەمجا وتی خۆیشی کتومت هەر ئەو هەستەی هەیە و لەسەر هـەمان بیروبۆچوونە. وتـی کـە نـە خـۆی و نـە نوێژەکانیشـی شایانی ئەوەن گوێیان لێ بگیرێت. هەروەها هەمیشەیش لـە دڵ و دەروونیـدا هـەر هـەمان هەسـتی هـەبووە، کاتێـك لەبـەر پەیکـەری لەخاچـدراوەکەدا کەوتووەتە سەر چۆکان و پاڕاوەتەوە. ئیتر بەدەم ئاخوئۆف هەڵکێشـانەوە، بـەڵام هـێمن و ئـارام، لـە جێـی خـۆی دانیشـت و ئـەمجا دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن لـەبارەی خۆیـەوە وەك گوناهبـارترین کـەس، وەك ڕووخـاوترین و داتـەپیوترین کـەس، وەك کەسـێك کـە هەرگیزاوهـەرگیز چـاوی بـە بـەزەیی ئاسمـان ناکـەوێت. وتـی مـن زۆر کەسـم خـۆش ویسـتووە، بـەڵام خـوا و کوڕەکـەیم خـۆش نەویسـتووە، هەربۆیـە لـە سـزادان زیـاترم شـایان نییـە. پاشـان، لەبـەر ئـەوەی کـە هێنـدە لەگەڵیـدا بـە بـەزەیی و میهرەبـان بـووم، سوپاسـی کـردم. وتـی دوای تۆبـەکردنیش دڵـی ئـاوی خواردووەتـەوە و سووکنایی داهاتووە، ئەگەرچی وەك ئەوەی خۆیشـی تێـی گەیشـتووە، تـازە کار لە کار تـرازاوە و هـیچ میهر و بەزەییـەك بـە دەست ناهێنێت و وتیشـی ئەوە بۆ یەکەمین جاریش بووە کە توانیویەتی بگرییێت.

من، لەوێ کە دانیشتبوو، بە چاوە پڕ لە خوێن و قژە بژ و ئاڵۆسکاوەکەیەوە کە لە هێلانەی قشقرەیەک دەچوو، بە جێم هێشت و ڕۆیشتم.

میرم و فییامێتا، زۆربەی کات، پێکەوەن. زۆربەی کات، دوای خواردنی ئێوارە، بە تەنیا دەمێننەوە و منیش دەبێت لەگەڵیاندا بمێنمەوە و بەردەستییان بکەم و ئاگام لێیان بێت. میر ژنیش هەروەها جارناجارێک لەگەڵ میرمدا دەمایەوە، بەڵام ئەمیان کەمتر ڕووی دەدا. فییامێتا بەڵام، لە جۆرێکی تر بوو، ساردوسڕ، دانبەخۆداگرتوو و نزیکبوونەوە لێی سەخت و تا دڵیش حەز بکات جوان. سەوزەیەک بوو لە هەموو ئەو ژنانەی تا ئەوسا بینیبوومن سەختگیرتر، سەروسیمای توندوتۆڵ و ئەگەر لەبەر جوانییە ناوازەکەی نەبووایە، بە دڵنیاییەوە هیچ میهر و نەرمونیانییەکت لە دەموچاویدا نەدەبینی. چاوە ڕەشە تەڕوبڕ و قەترانییەکانی ئەوپەڕی دەسەڵاتیان لێ دەباری و ئەژنۆیان دەشکاند.

لەو باوەڕەدام تەنانەت کاتێکیش لەگەڵ کەسێکدا دەنوێت ساردوسڕ بێت و هەروەها ئاسان خۆی بە دەستەوە نەدات و داوایەکی زۆریشی لەو کەسە هەبێت کە خۆی تا ئاستی ئەو نزم دەکاتەوە و خۆی دەخاتە بەر دەستی، نەک هەر ئەمەندەیش بەڵکو ڕەنگە تا ئەوپەڕی داوای خۆبەدەستەوەدانیشی لێ بکات. لەوانەیە میریشم حەزی لەم بەزمە بێت و پڕ بە دڵ خۆی تێدا ببینێتەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم هیچ لارییەکم لە فییامێتا نییە. بەڵام ئەوانی تر، تێکڕا، حەزیان لە چارەی نییە. ئەو وەک ئەوەی بەردەست و خزمەتکاران

هـەر نـەبن، لێیـان دەڕوانێـت و هەڵسـوکەوتیان لەگەڵدا دەکات و ئـەوانیش دەڵێن کەس پێشتر وا ڕەفتاری لەگەڵدا نەکردوون و دەیشڵێن ئـەو نـەك هـەر کەیبانووی ماڵ نییە، بەڵکو لە دۆستێکی میر زیاتر نییـە. هـەروەها لـەوەیش دەچێت هەر هەموو ژنانی دەربار بە ناهاوتای خۆی بزانێت و خۆی لە سـەروو هەموویانەوە ببینێت- ئاخۆ پێشتریش هـەروەها بـووە یا نـا، یا ئـاخۆ هـیچ کاتێك هیچ کەسێکی بـە هاوتـای خـۆی زانیـوە یا نـا. بـەڵام هاوکاتیش ئـەم ڕەفتارەی ئەو لەوە ناچێت لەوەوە هاتبێـت خـۆی بەدەسـتەڵاتر و بـاڵاتر لـە خەڵك بزانێت، بەڵکو زیاتر لە بەخۆدانازینێکی زگماك دەچێت.

بێگومـان هـەموویان لـە داخانـدا سەرشـێت بـوون. بـەڵام نایشـوێرن دەم بکەنــەوە و خۆیــان وا پێشــان بــدەن، چــون پێیــان وایــە ئەگــەر مــیرژن نەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، ئەو دێت و جێی دەگرێتەوە.

سـەرلەبەری دەربـار دەڵـێن کـە ئـەو لەبـەر خۆسـەپاندن و دەسـەڵات بەدەسـتهێنان "پـانی کردووەتـەوە" و دایکوتـاوە و خوێنیشـی وەك خـوێنی ماسی ساردوسڕە و ئەمەیش لەگەڵ خوونەریتی باودا نایەتـەوە. مـن یـەك بـە خۆم تێناگەم مەبەستیان چییە، چونکە لە بەرانبەر ئەوانـەدا کـە خۆیـان بـەو جـۆرە بێشـەرمییە دەسـپێرن و شـووڵی لـێ هەڵدەکێشـن، ئـەم هێنـدە لـە خوونەریتی باوی تێنەپەڕاندووە و وا دەرناکەوێت.

هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە میرم دڵی زۆر پێیدا چووە و هەمیشەیش لـە ئامادەبوونی ئـەودا ڕێکوپێـك و بـە ڕێـزەوە ڕەفتـار دەکات و هەسـتونەسـتی جووڵاویشـی ناشـاردرێنەوە. کەچـی لـە بـارێکی تـردا نائـارام هەڵسـوکەوت دەکات، پەشێو و پەرێشان دیارە و بەوپەڕی تووڕەییەوە هەڵدەکوتێتە سـەر

دەستوپێوەندان و پێیاندا هەڵدەشاخێت و هەرگیز ئەمەی پێشتر لێ نەبینراوە —تەنانەت بەرانبەر بە کەسە هەرە باڵادەستەکانی دەربارییش هەروەهایە. دەڵێن گوایە لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا دڵتەنگ و نیگەرانە و لەوەیش زیاتر لە بەرانبەر ناڕەزایی خەڵکدا، چونکە چیی تر ئەوە نییە وەك ڕێبەرێکی خۆشەویست و نزیك بە خەڵك ناو بهێنرێت و سەیر بکرێت. ئەو برسییانەیش کە جارجار دێن و لەبەر پەنجەرەکانی کۆشکدا کۆ دەبنەوە و داوای نان دەکەن، بەتایبەت بوون بە مایەی دڵگرانی و تێکدانی مگێزی میرم. من پێم وایە ناشایستەیە و لەگەڵ میرێك نایەتەوە خۆی بەو شتانەوە خەریك بکات، یا سەری خۆی بەوە بئێشێنێت ئاخۆ ڕەشوڕووتان چییان دەوێت یا ناوێت، یا لەسەر چ بیروڕایەکن و چ داوایەکیان هەیە. ئاخر ئەوان، مانگیشیان بۆ دابگریت، هاوار لە شتێك هەر دەکەن و داوای شتێك هەر دەکەن. ئەگەر ئەوەندە گوێ بەو هەموو هاتوهاوارەی خەڵك بدەیت، دەبێت و ناچاریشیت خۆت بە پێی هاتوهاوار و داوای ئەوان ڕاست بکەیتەوە.

خەڵك دەڵێن میرم بە دزییەوە چینێکی باش دارکاری نیکۆدەموسی ئەستێرەناسی دەربار و ڕیشدرێژانی تری دەرباری کردووە لەبەر پێشبینییەکانیان کە گوایە بە پێی قسەی ئەوان لە خێر و خۆشی زیاتر هیچی تر ڕوو لە دەربار ناکەن. لەوە ناچێت ئەمە ڕاست بێت، چونکە باوکیشی جارێکیان ئەوەی کرد، بەڵام ئەوسا لەبەر ئەوە بوو ئەوان پێشبینی شتێکیان کردبوو کە خواستی ئەوی لەسەر نەبووبوو.

خوێندنـەوەی ئەسـتێران ئاسـان نییـە. نەخاسمـە خوێندنـەوەی ئـەوەی لەسەریان نووسراوە بە جۆرێك كە بە دڵی خەڵك و بـە شـێوەیەك بێت ئـەوان پێی دڵشاد بن.

بارودۆخی شار تا دێت خراپتر دەبێت. دەتوانیت بـێ هـیچ دوودڵییـەك بڵێیت گرانی و برسێتی باڵی بەسەر هەموو لایەكدا كێشاوە. هـەر شـەووڕۆژێك و كۆمەڵێك لە برساندا دەمرن، یا پێكەوە لە سەرما و لـە برسـاندا، خۆشـیش نییە بزانیت بە هۆی كامیانەوە، برسێتی یا سەرما. ڕێوبانان و مەیدانەكان پڕ بوون لەوانەی لە جێی خۆیاندا لێی كەوتوون و ناتوانن ڕاسـت ببنـەوە، وایش پێ ناچێت چ لێكەوتن و چ ڕاستبوونەوەیان بە لاوە گـرنگ بێـت. بـەڵام هـەن لەڕولاواز بەو ناوەدا دەگەڕێن و لە شتێك دەگەڕێن بـە كـەڵكی خـواردن بێـت، یا هەر نەبێت بتوانێت دەنكە نیسكێك لە هەستی برسێتی كـەم بكاتـەوە. بە پەرۆشـەوە و بەلـەز ڕاوی جـرج و سـەگ و پشـیلە دەكـەن و وەك خـواردنی بەتام و خۆش سەیر دەكرێن. جرجەكان كە لـە دەسـتپێكی ئابلووقەدانەكـەدا وەك ئێش و دەردەسەریی ڕاستەقینە بۆ ئۆردووی پەنابەران سـەیر دەكـران، كە لەوێ لە دەوروبەری پـەڕۆپاتاڵ و شـتومەكی تێكوپێكشـكاوی ئـەو نـاوە كـۆ بووبوونـەوە، ئێسـتا بـوون بـە خـۆراكی سـەرەكییان و سـەرلەبەر بـە دوایانەوەن و ڕاویان دەكەن. بەڵام دەڵێن ئەوانیش ئێستا خەریكە قڕیـان تـێ دەكەوێت و هەروەها بە ئاسانی بە دەست ناهێنرێن. وا پـێ دەچێت، چونكە دەتۆپن و بە گشـت لایەكـدا بـڵاو بوونەتـەوە، نەخۆشییەك لێی دابن و بـەو جۆرەیش لـە كاتێكـدا كـە زۆر پێویسـت بـوون بـۆ خـەڵك، خـەڵكیان تووشـی

جۆرە بێهیواییەك كردبێت. ئەوەیشم بە لاوە سەیر نییە تەنانەت جرجیش بەرگەی ئەوە نەگرن شانبەشان لەگەڵ مرۆڤدا ژیان بە سەر ببەن.

شتێكی گەورە ڕووی داوە. ئێستا هەوڵ دەدەم بە هێمنی و لەسەرخۆ، یەك لە دوای یەك، چۆنێتیی ڕوودانەكەی بگێڕمەوە. هێندەیش ئاسان نییە، لە كاتێكدا خۆم شێلگیرانە و بەوپەڕی ماناوە لە بەڕێوەچوونیاندا بەشدار بووم و تا ئێستایش سەراپام پڕە لە خۆشی و گەشكە پێیان. پاشان، دەمەوێت بڵێم، ئێستا هەموو شتێك بڕاوەتەوە و بە چاكی بە كۆتا گەیشتووە، ئیتر بە هەر هۆیەكەوە دەبێت با ببێت، دڵم هەم بە ئەنجام و هەم بە هەوڵ و پلوپای خۆیشم خۆشە و بە دڵخۆشییەوە دەمەوێت پاژێكی ئەمشەو بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەكان تەرخان بكەم و یاداشتیان بكەم.

دوێنێ شەو كە لەبەر پەنجەرەكەمدا، لە نهۆمی گرگنان، دانیشتبووم و تەماشای ئاگرەكانی ئۆردووی بۆكارۆسام دەكرد، ڕێك وەك ئەوەی هەموو شەوێك بەر لەوەی بڕۆم و ڕابزێم، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ڕوودانی شتێك بووبێتم، چاوم بە كەسێك كەوت كە بە دزییەوە لەناو درەختەكانی كەناری ڕووبارەكەوە بە ئاڕاستەی دیواری بەر بە خۆرهەڵاتی كۆشك دەچوو. ئەمەم بە لاوە سەیر بوو كەسێك بەو درەنگانە بە كارێك ڕێی كەوتبێتە ئەو دەوروبەرە و لە خۆمم پرسی تۆ بڵێیت یەكێك لە پیاوانی دەربار بێت. مانگەشەو بوو، بەڵام تەمیش دنیای داگرتبوو، هەربۆیە بە ئاستەم و جارناجارێك بەر چاوم دەكەوت. لەوەیش دەچوو پاڵتۆیەكی پانوپۆڕی بەسەر شانیدا دابێت و بە پەلەیش، هێندەی پێی دەكرا، بەرەو دیواری بەری خۆرهەڵاتی كۆشك دەڕۆیشت و پاشان خۆی بە دەروازە بچكۆلەكەی ئەوێدا

کرد و ون بوو. نکۆڵیش لەوە نەبوو کە هەبێت و نەبێت دەبێت کەسێکی خۆمانە بێت، چونکە بەو دەروازەیەی کۆشکی دەزانی. بەڵام شتێك لە سەرلەبەری هەڵسوکەوتەکەدا هەبوو، بە خۆم نەبوو لێی کەوتمە گومانەوە، لەبەر ئەوە بڕیارم دا نزیکتر لێی بکۆڵمەوە و بە پەلە بەو شەوە دەرکەوتم و لە هەمان دەروازەوە خۆم کرد بە کۆشکدا. لەسەر پلیکانەکان چاو چاوی نەدەبینی، بەڵام ئەگەر پلیکانە لە کۆشکدا هەبێت و تا ئەوپەڕی شارەزای بم و دەستیش بە چاومەوە بگرم سەر لەوسەریەوە دەریبهێنم ئەوێیە، چونکە جاری جاران هەزاران بار ناچار کرابووم بەوێدا بەرەو ناوەوەی کۆشك ببمەوە. ئەو پلیکانانە، بێجگە لەوەی بەرەو زۆر جێی تری کۆشك دەبنەوە، دەیشچنەوە سەر ژوورەکەی ئەنجێلیکا. ئێستایش، چونکە هیچ یەکێك لە ژوورەکانی تر بە کار ناهێنرێت، تەنیا بەرەو ژوورەکەی ئەو دەبنەوە.

بەرەو دەرگاکەی ڕۆیشتم و لە پاڵ دەرگاوە گوێم هەڵخست. چی بێت لە ئێوە نهێنی، تا ئەوپەڕی سەرم سووڕ ما —ئەگەرچی لە سۆنگەی گومان و دوودڵییەکانیشمەوە ئامادەی هەر شتێك بووم— کەچی گوێم لە دەنگی دوو کەس بوو. یەکێکیان دەنگی جیۆڤانی بوو!

ئەوان بە چرپە لەگەڵ یەکتر دەدوان، بەڵام چونکە گوێکانم تەرزەیان نییە و هەموو شت بە باشی دەبیستن، لە سەرلەبەری قسەکانیان دەگەیشتم و بووم بە شاهیدێکی نەبینراوی "بەختەوەری"یەکی بێبڕانەوە و کاریگەر. گوێم لێبوو ئەمیان بەدەم هەناسەبڕکێوە، جار لە دوای جار، بەوی تری دەوت: "دڵەکەم!" و ئەوی تریش لە پەستا بۆی دەستانەوە و لەوەیش زیاتریان لە دەم نەدەهاتە دەر و بۆ کەسێکی وەکو منیش کە دوور و نزیك

پەیوەندییەکی بەو چرپەچرپەیانەوە نەبوو و چونکە لەوەیش زیاتریان نەدەوت، قسەوباسیان هیچ گرنگییەکی نەبوو. ئەگەر سەرلەبەری ڕووداوەکانیش هێندە ترسناك نەبوونایە، ئەوا ئەو دووبارەکردنەوە و چەندبارەکردنەوەی هەمان وشە هیچ نرخ و مانایەکی نەدەبوو لەوە زیاتر پێی پێ بکەنیت و گاڵتەت پێی بێت. بەڵام بە داخەوە هاوکاتیش ئەو وشەیە هیی ئەوە نەبوو تەنیا هەر پێی پێ بکەنیت و گاڵتەت پێی بێت. هەربۆیە، کە گوێم لێیان دەبوو بەوپەڕی ناسکی و دڵپاکییەوە ئەو وشەیەیان بە کار دەهێنا، یا وەك ئەوەی بیرێکیان لە ماناکەی کردبێتەوە و لەوەیش تێگەیشتبن چ جۆرێك لە دەمیاندا دەنگ دەداتەوە و چ ترسێکی بە دواوەیە، وەك ئەوەی لە سەهۆڵاوێکم هەڵبکێشن، سەرتاپام ساردوسڕ داهات و دڵەکوتەم پێ کەوت.

پاشان گوێم لێیان بوو چەند جارێك شڵپ یەکتریان ماچ کرد و جارجارێکیش منالکارانە و بەدەم زمان تێکەڵوپێکەڵ هاتنەوە بۆ یەکتریان دووبارە دەکردەوە کە چەند یەکتریان خۆش دەوێت و زۆریش ترسناك بوو.

من ئیتر بە پەلە ئەوێم بە جێ هێشت. میرم لە کوێ بدۆزمەوە؟ بڵێیت هەر لە هۆڵی نانخواردن، کە پێش کەمتر لە سەعاتێك لەوێ لەگەڵ فییامێتا بە جێم هێشتبوون، مابێتەوە یا نا؟ وەك هەر کاتێکی تریش لەوێ لە خزمەتیاندا بووبووم، تا ئەوەی کە میرم پێی وتم چیی تر پێویستیان پێم نەماوە.

چیی تر ئیشیان بە من نەماوە! قسەی قوڕ! هەر کەسێك گرگنێکی هەبێت، درەنگ یا زوو، ئیشی پێی دەبێت.

بەنێو باخ و گوڵستانی کۆشکدا، بەرەو تاقی دەروازەکەی نێوان بەشی کۆن و نوێی کۆشك، ڕامکرد. لە کۆتاییدا بەدەم هەناسەبڕکێوە لە بەردەمی دوودەرییە گەورەکەدا خۆم بینییەوە. گوێم ڕاداشت. لەوێوە هیچ بەر گوێ نەدەکەوت. بەڵام بە دووریشم نەدەزانی لەوێ، لە ژوورەوە، بن. بێگومان دەیشمویست تەواو دڵنیا بم. بەڵام ئەوەی دڵی تەقاندبووم و تەواو تووڕەی کردبووم ئەوە بوو نەمدەتوانی، چونکە من سەر بەوانەم دەستیان بە دەسکی دەرگایان ڕاناگات، دەرگاکە بخەمە سەر پشت. نەختێکی تریش گوێم هەڵخست. دوایی بۆ ئەوەی دڵنیایی تەواوم بە دەست هێنابێت، ناچار بووم و ئەوێم بە جێ هێشت.

ڕۆیشتم بۆ ئەوەی لە ژووری نووستن بە دوای میرمدا بگەڕێم. زۆر لەوێوە دوور نییە، بەڵام لە نهۆمێکی سەرووترە. بەرەو دەرگاکەی سەرکەوتم و دیسان گوێم ڕادێرا. بەڵام لەوێش نە هیچم بەر گوێ کەوت و نە هیچ شتێکیش ئەوەی دەگەیاند کە لە ژوورەکەی خۆیدا بێت. تۆ بڵێیت نەنووستبێت؟ ڕێیشی تێ دەچوو نووستبێت. ئاخۆ بوێرم خەبەری بکەمەوە؟ نەخێر، ئەمەیان بە عەقلی کەسدا ناچێت و من هەرگیز خەویشم بە شتێکی واوە نەبینیوە. بەڵام کارەکەیش هیی دواخستن نەبوو. من هەرگیز کارێکی هێندە گرنگم پێ نەسپێردراوە.

خۆم گورج کردەوە و گورم دایە بەر خۆم و لە دەرگام دا. وەڵام نەبوو. دیسان، بە هەموو هێزی خۆم و بە مست لە دەرگام دایەوە. بەڵام دیسان وەڵام نەبوو.

ئیتر دڵنیا بووم لەوێ نییە. چونکە دەزانم میرم خەوی چەند سووکە. ئەی لە کوێیە؟ تا دەهات نیگەرانتر و شڵەژاوتر دەبووم. کێچ کەوتبووە کەوڵمەوە! ئاخۆ لە کوێ بێت!

تۆ بڵێیت لای فییامێتا نەبێت؟ دوور نییە، هەر بۆ ئەوەی کەمتر هەست بە شەرموشکۆی خۆیان بکەن، بۆ ئەوێ نەڕۆیشتبن. —دوا هیوام ئەوێ بوو.

بە پەلە بە پلیکانەکاندا دابەزیم و خۆم بە باخەکەی کۆشکدا کردەوە. فییامێتا لە بەشێکی تری کۆشکدا دەژی، لەوانەیە ئەمەیش بۆ ئەوە بێت لە خەڵکی بشارنەوە کە شتێك لەنێوانیاندا هەیە. بۆ ئەوەی بۆ ئەوێش بچیت، هەر ئەوەندەت بەس بوو لابەلا باخەکە ببڕیت.

لەنێو ئەو تاقەوە کە بەرەو ئەوێ دەچوو، خۆم پێدا کرد. بەڵام چونکە هێندە شارەزای ئەم بەشەی کۆشك نیم، زۆر زەحمەت بوو ڕێی خۆم بە ئاسانی بکەمەوە و ئەوێ بدۆزمەوە، هەربۆیە بە پلیکانەیەکی هەڵەدا هەڵگەڕام و ناچار بووم داگەڕێم و سەر لە نوێ دەست پێ بکەمەوە، پاشان زۆر بە زەحمەت لەنێو دەر و دەروازە و ڕێڕەوەکانی ئەوێدا، کە چاو چاوی تێیاندا نەدەبینی، ڕێی خۆمم دۆزییەوە و هاوکاتیش تەواو بە لەدەستدانی کاتەوە سەرشێت بووبووم و بێ ئەوەی بە هیچ بگەم و ئەوێ بدۆزمەوە بە هەڵەداوان و پەلەپەل و بە هەموو لایەکدا ڕامدەکرد. خۆمم وەك مشکەکوێرەیەك دەهاتە پێش چاو کە لە ڕێڕەوەکانی خۆیدا بە دوای شتێکدا دەگەڕێت. لە بەختی خۆیشم، ڕێك وەك مشکەکوێرەیەك، لە تاریکیدا چاك دەبینم و دەڵێیت چاوم بۆ ئەوە کراون لە تاریکیدا باشتر ببینن. دەیشمزانی

که پەنجەرەکانی ژوورەکەی فییامێتا بەسەر دەرەوەی کۆشکدا دەڕوانن و بەرەبەرە ئەوانم کرد بە نیشانە و ئەنجام گەیشتمە بەر دەرگاکەی.

گوێم هەڵخست. کەس لە ژوورەوە بوو؟ بەڵێ.

یەکەم شت بەر گوێم کەوت، دەنگی قاقای فییامێتا بوو. پێشتر قەت گوێم لە دەنگی پێکەنینی ئەو نەبووە، بەڵام یەکسەر زانیم کە دەبێت دەنگی پێکەنینی ئەو بێت. پێکەنینێکی نەختێك ڕەق و کەمێك نائاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە جۆرێك لە جۆران کاریگەریش. پاشان گوێم لە میریشم بوو نەختێك پێکەنی، بەڵام پێکەنینێکی نزم و کورتخایەن. ئاهێکم بە بەردا هاتەوە. دواتر، تا ڕادەیەکی باش، گوێم لە دەنگیان بوو، ئەگەرچی بە چاکی لە قسەکانیان نەدەگەیشتم، چونکە لەوە دەچوو لەوسەری ژوورەکەوە بن. قسەوباسیان وشەیەك لێرە و وشەیەك لەوێ نەبوو، بەڵکو لەوە دەچوو خەریکی قسەوباسێکی گرنگ بن. نازانم ئاخۆ باسی خۆشەویستییان دەکرد یا نا، بەڵام پێم وا بوو باس لەوە نا، بەڵکو لە شتێکی لەو گرنگتر دەکەن. پاشان لەپڕێکدا تەواو بێدەنگ بوون. منیش هەرچەندەم کرد و کۆشی هیچ شتێکی زیاترم بەر گوێ نەکەوت. بەڵام دوای کەمێك، گوێم لە هانکەهانك و هەناسەبڕکێییەکی ناخۆش بوو، ئیتر تێگەیشتم کە خەریکی کارێکی شەرمهێن و نابەجێن. کەمێك هەستم بە دڵتێکهەڵهاتن کرد. ئەگەرچی پێشم وا نەبوو لەو گەشکەگرتن و بارودۆخە خۆشەدا کە تێیدا بووم، بە تەواوی دڵم بە یەکدا بێت، بەڵام کەمێك لە دەرگاکە دوور کەوتمەوە و نەختێك لەولاترەوە، هێندە کە ترسی ئەوەم نەبێت میرم لە کیس بچێت، ڕاوەستام و لەوێدا لە چاوەڕوانیی ئەوەدا مامەوە، ها ئێستا ها نەختێکی تر، میرمم لێ

پەیدا دەبێت. ئەوەندەی پێویست بوو، لەوێ چاوەڕێ بووم، بۆ ئەوەی چیی تر گوێم لەو دەنگە ناخۆشە نەبێت و هاوکاتیش پێم وا بوو تەمەنێکە لەوێدا وەستاوم.

دواتر کە بەرەو دەرگاکە گەڕامەوە، هەستم کرد بەدەم قسەکردنی ئاساییەوە لە پاڵ یەکتردا لێی کەوتوون. ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە هەم نەختێك دڵخۆشی کردم و هەم کەمێك تاساندمی و بە هیوای ئەوە بووم نەختێکی تر کارەکەی سەر شانم بە جێ بگەیەنم و باری شانم سووکتر بکەم.

بەڵام ئەوان، وەك ئەوەی مێش میوانیان نەبێت، بێ خەم لە جێی خۆیاندا لێی ڕاکشابوون و لەسەر قسەوباسی خۆیان بەردەوام بوون، هیچ گومانێکیش لەوە نەبوو لە قسەی سارد و بێمانا زیاتر شتێکی تریان نەبوو بە یەکتری بڵێن. تەواو ڕقم لە گوێگرتن لێیان هەڵسابوو و بیرم لەو هەلە دەکردەوە کە خەریکە لە خوتوخۆڕایی لە دەستمان دەچێت. بەڵام نەیشمدەتوانی هیچ بکەم. نەمدەوێرا خۆمیان لێ ئاشکرا بکەم و لەناکاو لەو بارودۆخەدا کە تێیدا بوون، لێیان دەر بکەوم.

ئاخرێکەی گوێم لێ بوو میرم هەڵساوە و خەریکی جللەبەرکردنە و بەدەم خۆگۆڕینیشەوە هێشتا هەر خەریکی گفتوگۆکردنە لەگەڵ فییامێتا لەسەر شتێك کە دیار بوو لەسەری ڕێك نەبوون. من نەختێك لە دەرگاکە دوور کەوتمەوە و چاولەڕێ، لە تاریکییەکەدا، وەستام.

کە میرم هاتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی پێی بزانیت، ڕاستەوڕاست بەرەو ڕووم هات و لووتی بوو بە لووتمەوە. بە چرپە پێم وت: "گەورەم!" بە

وریایشەوە نەختێك دوور لێیەوە ڕاوەستام. هەر کە چاوی پێم کەوت، ئاگری گرت و بەوپەڕی ناشیرینییەوە دەستی کرد بە هەڕەشە و جنێودان. لێرە چی دەکەیت! لە کوێیت! بوەستە بۆم سەگباب تا شرۆشیتاڵت لەبەر یەك هەڵدەوەشێنم! ئەمجا دەستی درێژ کرد و بە هەموو لایەکی ڕێڕەوەکەدا کەوتە گەڕان بە دوامدا. بەڵام بێگومان لەو تاریکییەدا نەیدەتوانی بمگرێت. ڕاستەوڕاست و لەسەرخۆ پێم وت: گەورەم ڕێم بدە با قسە بکەم! با پێت بڵێم مەسەلە چییە! ڕاستییەکەیشی لە ترساندا لە پێستی خۆم چووبوومە دەرەوە. سەرئەنجام لێم گەڕا و منیش سەرلەبەریم بۆ گێڕایەوە.

ئیتر ڕووبەڕوو هەرچییەك ڕوویدابوو دام بە دەموچاویدا و پێم وت کوڕەکەی لۆدۆڤیکۆ مۆنتانزا، بە دزییەوە هاتووەتە ناو قەڵاوە و دەیەوێت هەقی باوکی بکاتەوە و دەیەوێت هەم کچەکەی و هەم سەرلەبەری ماڵوسامانی ئەمیش سووك و بێئاوڕوو بکات و خەریکە دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکەی. پڕ بە دەم هاواری کرد: درۆیە! خەریکی چیت، دەتەوێت چ کلۆڵییەك تووشی ئەم ماڵە بکەیت! درۆیە! منیش هاوارم لێ کرد: نەخێر ڕاستە! ئەمجا بەبێ ترس لێی چوومە پێشترەوە و پێم وتەوە: ڕاستە! هەر ئێستا لە ژوورەکەی ئەنجێلیکایە و بە چاوی خۆم شاهیدی هەموو خۆئامادەکردنێکی بووم پێش ئەنجامدانی کارەکەی.

ئێستایش نەختێك درەنگە ئیتر، بە دڵنیاییەوە تاوانەکە ڕووی داوە و کار لە کار ترازاوە —بەڵام لەوانەیە هێشتا پێڕابگەیت و لای ئەنجێلیکا بیدۆزیتەوە. هەر ئەوسایش تێگەیشتم کە باوەڕی بە قسەکانم کردووە، چونکە وەك ئەوەی برووسکە لێی دابێت لە جێی خۆیدا وشك بووبوو. "ئەمە

نابێت!" ئەمەی وت و هاوکات پێی لێ هەڵکرد و بە پەلە بەرەو دەروازەی ڕێڕەوەکە بە ڕێ کەوت. دووپاتی کردەوە: "نەبووە و نابێت!" وەڵامم دایەوە، ئاخر چۆن توانیویەتی بێتە ناو شارەوە! بێتە ناو کۆشکەوە -خۆ پاسەوان بە هەموو لایەکی کۆشکدا بڵاو بوونەتەوە! هاوکاتیش تا لە توانامدا بوو، بۆ ئەوەی هاوشانی ئەو ڕێ بکەم و دوا نەکەوم، ڕامدەکرد، بەدەم ئەوەیشەوە دەموت منیش لەوە تێ ناگەم، بەڵام سەرەتا لە کەناری ڕووبارەکە چاوم پێی کەوت، دووریش نییە بە هۆی کەڵەکێك یا شتێکی لەو جۆرەوە پەڕیبێتەوە ئەمبەر، کێش دەزانێت تووڵەسەگێکی کەڵەپووتی وەك ئەو چی لە دەست دەبێتەوە یا نا -ئیتر دوای ئەوە توانیویەتی خۆی بە مەیدانی قەڵادا بکات. بەڵام میرم هەر دەیوت و دەیوتەوە: "ئەمە نەبووە و نابێت!" هیچ کەس ناتوانێت لە ڕووبارەکەوە بپەڕێتەوە و بێتە نێو شارەوە، لەنێوان بورجەکانی قەڵاوە کە هەردوو بەری کەناری ڕووباریان گرتووە و پڕن لە بۆمباهاوێژ و تیروکەوانهاوێژان و شەووڕۆژ پاسەوانی دەکەن، کەس ناتوانێت لە ڕووبارەکەوە بێت. "ئەمە بە ئەقڵی کەسدا ناچێت!" منیش لە پەستا بۆم دەسەندەوە: "وایە، بە ئەقڵی کەسدا ناچێت! و تێگەیشتنی ئاسان نییە، بەڵام هیچ سەگبابێکیش ناتوانێت لەوە تێ بگات و سەری بە بەریەوە دیار نییە چۆن توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئێرە -بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو سەلکەسەگە ئێستا لێرە نییە. من تەواو دڵنیام کە دەنگی ئەو بوو بیستم."

بەدەم قسەوە گەیشتبووینە مەیدانی قەڵا و میرم ئیتر خۆی لە من جیا کردەوە و بە پەلە بە ئاڕاستەی دەروازەی سەرەکی ڕۆیشت بۆ ئەوەی

فەرمان بە پاسەوانان بدات توندتر و بە هێزێکی زیاترەوە پاسەوانی سەرلەبەری کۆشک بکەن، تا هیچ کەسێك نەتوانێت لێوەی دەرباز ببێت. وریایی ئەو لە خۆوە نەبوو، زیرەکانەیش ڕەفتاری کرد —بەڵام کێ دەڵێت ئەو تاوانکارە ئێستا لەوێ ماوە! کێ دەڵێت ملی نەشکاندووە و نەگەڕاوەتەوە! یا کێ دەڵێت هەردووکیان ڕایاننەکردووە! ئەم گومانە ناخۆشە پاڵی پێوە نام بە هەڵەداوان و هێندەی لە توانامدا بێت بە پەلە مەیدانی کۆشك ببڕم و لە پلیکانەکانەوە خۆم بگەیەنمەوە دەرگاکەی ئەنجێلیکا.

گوێم بە دەرگاوە نا. لەوێوە هیچ نەدەبیسترا. بڵێیت ڕایانکردبێت! دڵیشم دوای ئەو ڕاکەڕاکە بە توندی لێی دەدا و بیرکردنەوەیش لەوەی کە هیچ دوور نییە ڕایانکردبێت و لە دەستمان هەڵهاتبن، سەراپامی داگیرساندبوو و دووریش نەبوو هەر لەبەر ئەوە نەمتوانیبێت تەپەتەپی دڵی خۆم لە دەنگی تر جیا بکەمەوە. هەوڵم دا خۆم هێور بکەمەوە، بە هێمنی و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەناسە وەربگرم و بدەمەوە —ئەمجا گوێم گرتەوە. نەخێر — هیچ دەنگێك لە ژوورەوە نەدەهات. سەرشێت بووبووم! پێم وا بوو ها ئێستا ها نەختێکی تر شێت دەبم! ئاخرێکەی ئیتر نەمتوانی لەوە زیاتر دان بە خۆمدا بگرم و نادڵنیا بمێنمەوە، بۆیە دەستم برد و بە وریاییەوە درزێکم کردە دەرگاکەوە. دەرگا، بەبێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت، کەوتە سەر پشت. بینیم ژوور کەمێك ڕووناکە و مۆم دەسووتێن —بەڵام هیچ دەنگ نەدەهات، هیچ شتێك ئەوەی نەدەگەیاند کەسێك لەوێیە یا نا. بە دزییەوە خۆم بە ژووردا کرد. بەوەیش ئاهێکم بە بەردا هاتەوە و هێمن بوومەوە. لە

ڕووناکایی ئەو چرایەوە کە لە بیریان کردبوو بیکوژێننەوە، لە خۆشبەختیی خۆم، بینیم لە جێی نووستنەکەی ئەنجێلیکادا لە پاڵ یەکترەوە ڕاکشاون. لەوە دەچوو دوای یەکەمین ئاشنابوونیان بەو حەزوئارەزووە دڕندەیەی خۆشەویستی وەك دوو منداڵی ماندوو بە لادا هاتبن و خەویان لێ کەوتبێت.

چراکەم هەڵگرت، چوومە پێشەوە و لەسەریان ڕامگرت. ڕوو لە یەکتر پاڵ کەوتبوون و دەمیان کرابوونەوە، سوورهەڵگەڕاو و هێشتا گەرموگوڕ بەو تاوانە ترسناکەی پێی هەڵسابوون و هێشتا، لەبەر ئەوەی نووستبوون، لەوە نەدەچوو هەر لێیشی بە ئاگا بن، یا بیری لێ بکەنەوە. برژانگیان تەڕ و دڵۆپەی ئارەقەیش بەسەر لێوی هەردووکیانەوە. من ئەمەم وەك خەوێکی بێگوناه کە لە دوودڵییە یەکنەواکەی خۆی و لە لەبیرکردنی مەترسی و پشتگوێخستنی سەرلەبەری خەمی دنیادا خۆی دەنواند، دەبینی. ئەمەیە خەڵك بە بەختیاری ناوی دەبەن؟

جیۆڤانی لەمسەری جێگەکەوە پاڵ کەوتبوو، نەختێکی قژە ڕەشەکەی بە نێوچەوانیدا شۆڕ بووبووەوە و زەردەخەنەیەك لەسەر لێوانی، وەك ئەوەی پێی وا بێت کارێکی نەکردەنی ئەنجام داوە. ملوانکەیەکی ناسکی زێڕینیش لە ملدا کە مەدالیایەکی پێوە بوو و لەنێو مەدالیاشدا وێنەی دایکی دانابوو، کە گوایە ئێستا لە بەهەشتی بەرین دەسووڕێتەوە.

ڕێك لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی میرم و پیاوانی بوو لەسەر پلیکانەکان، یەکسەر دوای ئەوەیش پەیدا بوو و پاسەوانیشی لەگەڵدا و یەکێك لە پاسەوانەکانیش مەشخەڵێکی بە دەستەوە بوو. ژوورەکە ڕووناك بووەوە، بەڵام هیچ شتێك نەیدەتوانی خەوی قووڵی ئەوان تێك بدات. میرم لنگاولنگ

بەرەو تەختی نووستنەکەی هات و چاوی بەسەر ئاوڕووتکانی خۆیدا گیرسایەوە. لە تووڕەییدا دەموچاوی بە تەواوی زەرد هەڵگەڕا و لەپڕ پڕی کرد بە شمشێری یەکێك لە پاسەوانەکاندا و شێتانە شمشێری داهێنایەوە و دەمودەست سەری جیۆڤانی لە لەشی جیا کردەوە. ئەنجێلیکا لە جێی خۆی ڕاپەڕی و چاودەرپۆقیو چاوی بڕییە ئەوەی چۆن لە جێگەکەدا خوێناویی خۆشەویستەکەی لەسەری جیا کرایەوە و فڕێ درایە سەر سەرەنوێلکەکەی ئەودیوی پەنجەرەی ژوورەکەی. ئەمجا لە هۆش خۆی چوو، کەوتەوە نێو جێگەکەوە و تا ئێمە لەوێ مابووین، هۆشی بە بەردا نەهاتەوە.

میرم، دوای کارە بە جوانی جێبەجێکراوەکەی خۆی، هەموو لەشی لە تووڕەییدا هاتبووە لەرزین و چاوم لێ بوو، بەر لەوەی ژوورەکە بە جێ بهێڵێت، بۆ ئەوەی نەکەوێت، چۆن دەستی بە لاشیپانی دەرگاکەوە گرتبوو. هەروەها منیش یەکسەر ئەوێم بە جێ هێشت و بەرەو ماڵ بوومەوە. هێواشیش دەڕۆیشتم، چون ئیتر پەلەم لە هیچ شتێك نەبوو. لەوسەری مەیدانی کۆشکەوە ئەو مەشخەڵەم بینی کە ڕێنوێنی میرمی دەکرد و بینیم چۆن لەنێو تاقەکەدا، وەك ئەوەی بە تاریکییەکە بکوژێتەوە، لە بەرچاوان ون بوو.

ئەنجێلیکا لەرزوتایەکی سەختی گرتووە و تەنانەت حەکیمیش سەری لێ دەرناکات و هێشتا هۆشی بە بەردا نەهاتووەتەوە. کەسیش دڵی بۆی ناسووتێت، چونکە هەموو پێیان وایە کاتی دەستدرێژییەکە هیچ بەرگرییەکی نەکردووە شایانی باس بێت و ئەو سووکایەتییەی بەسەریشیدا هێنراوە وەك

ئاوڕووچوونێکی بێهاوتا سەیر دەکرێت کە بەسەر ماڵباتی میرم و سەرلەبەری وڵاتدا هێنراوە. ئێستا پیرەژنێک چاودێریی دەکات و هیچ کەسی دەربار سەردانی ناکات.

لاشەی دۆستە تاوانبارەکەیشی، دوای ئەوەی کە چیی تر نەیاندەویست لەوێ، لە دەرەوەی کۆشک، بمێنێتەوە؛ فڕێ دراوەتە ڕووبارەکەوە. لەوەیش ناچێت گێژاوی ڕووبارەکە هەڵیلووشیبێت، بەڵکو لەوەیە کەوتبێتە دەم شەپۆلەکانی و بەرەو زەریا بووبێتەوە.

نەخۆشییەکی سەیر لە شاردا بڵاو بووەتەوە. دەڵێن بە لەرزوتا و سەرئێشەیەکی قورس دەست پێ دەکات و پاشان نەخۆشان چاو و زمانیان دەئاوسێن و چیی تر ناتوانن بە ڕێکوپێکی قسان بکەن و لەشیشیان بە تەواوی سوور هەڵدەگەڕێن و لە پێستیشیان خوێنی پیس دەچۆڕێن. نەخۆشەکان بەردەوام هاواری ئاو دەکەن، چونکە ناوەوەی لەشیان وەک ئاگر دەگرێت. پزیشکان هیچیان پێ ناکرێت — بەڵام ئەوان کەی لە هیچ زیاتریان لە دەست بووەتەوە. لەوە دەچێت زۆربەی ئەوانەی تا ئێستا تووشی ئەو نەخۆشییە بوون، مردبن. بەڵام بە ژمارە چەندن، نازانم.

بێگومان، لێرە لە کۆشک و سەرای ئێمە، هیچ کەسێکمان نەخۆش نەکەوتووە. نەخۆشییەکە زیاتر بەرۆکی هەژار و برسییەکان و لە پێش ئەوانیشەوە هی پەناهێنەکانی گرتووە و قسەیش لەوەدا نییە ئەوە پەیوەندی بەو هەموو پیسوپۆخڵییەوە هەیە کە لە ئۆردووەکانیان و سەر

لەبەری شاردا بڵاو بووەتەوە. پێیشم سەیر نییە بە هۆی ئەو هەموو پیسییەوە کە دەوری داون، بمرن.

ئەنجێلیکا تووشی سیل نەبووە. تایەکەی ئەو هەر هەمان جۆرە لەرزوتایە کە بە منالّی، جارێك لە جاران، تووشی بووبوو. بە تەواوی بیرم ناکەوێتەوە کەی و لە چ هەلومەرجێکدا بوو. ئەو هەمیشە، بە جۆری خۆی، نەخۆش بووە و بەو هۆیانەیشەوە نەخۆش بووە کە هیچ کەسی تر نەخۆش ناخەن ئەو نەبێت. ئەها، بیرم کەوتەوە، ئەو جارە بوو کە سەری بەچکەپشیلەکەیم بڕی.

دەردوبەڵا تا دێت بڵاوتر دەبنەوە. هەر بە تەنیایش تووشی ڕەشوڕووت و هەژاران نابن، بەڵکو تووشی هەر کەس دەبن. ماڵان پڕ بوون لە ناڵە و گریان و ڕێوبان و گۆڕەپانانیش هەروەها، چون لەوانیش هێندەی ماڵان خەڵك دەژین. کە بە لایشیاندا دەڕۆیت، دەتوانیت ئەو نەخۆشانە ببینیت کە بە خۆیان و شرەوپڕەی بەریانەوە لەسەر ڕێوبان و مەیدانە بەردڕێژکراوەکان کەوتوون و لەتاو ئێش و ئازار دەتلێنەوە و، پڕ بە دەمیان دەقیژێنن و بێچارە و دەستەوەستان هاوار دەکەن. چونکە بەرگەگرتنی ئێش و ئازاریان زۆر سەختە و هەندێکیانی تا سنووری شێتبوون بردووە. لەوە دەچێت گەڕان بەنێو شاردا زۆر ناخۆش و ئەوەی کە لە دەمی خەڵکیشەوە دەبیسترێتەوە لەو ناخۆشتر و هەرچی وردەکارییەکیشت بەر گوێ دەکەوێت لە هەموو شت ناخۆشتر بێت. دەڵێن بۆگەنی هەناسە و دەمی نەخۆشان بۆگەنێکە کەس خۆی لەبەر ناگرێت و دوومەڵی ئێرە و ئەوێی لەشیشیان جارنا دەتەقێن و کێم و خوێناویان لێ دەردەپەڕێن و دڵ و جەرگ دەردێنن.

من یەك بە خۆم ناتوانم گوێ بۆ وردەكارییەكانی ئەو قسەوقسەلۆكانە بگرم كە لەبارەی ئەوانەوە دەكرێن و هەست بە دڵتێكهەڵهاتنێكی ناخۆش نەكەم.

كەم نین ئەوانەی هیچ دوودڵییەكیان نییە لەوەی كە هۆكار و تاوانباری سەرەكیی ئەم لاڕەشەیە، پەناهێنەكانن و هەر لەبەر ئەوەیش تا دێت لە هەموو كات زیاتر خەڵك ڕقیان لێیان دەبێتەوە. بەڵام هەندێكیش دەڵێن وا نییە و ئەوان نە هۆكارن و نە تاوانێكیان هەیە، بەڵكو ئەوە سزای خوایە و لەبەر ئەو هەموو گوناهانەی خەڵك كردوویانن، بەسەریاندا داباریوە. دەڵێن خەڵك بۆیە تووشی ئەو هەموو دەرد و بەڵایە هاتوون، چونكە خوا دەیەوێت لە ڕێی ئەوانەوە لە گوناهەكانیان پاكیان بكاتەوە و هیچ كەسیش لە ملدان، سەرنەویكردن و خۆبەدەستەوەدان زیاتری لە دەست نایەت.

منیش ئەوە نیم نەتوانم ئەو دەردوبەڵایە وەك سزایەكی خودایی ببینم. بەڵام دڵنیایش نیم ئاخۆ ئەوە خوای ئەوانە كە قامچییەكەی بەسەر سەریانەوە دەگێڕێت یا نا. هیچ بە دووریشی نازانم هێزێكی تاریكتر بێت و ئەو بەزمەی بەسەر هێنابێتن.

جارجار لەبەر پەنجەرە بچكۆلەكەمدا دادەنیشم و لە شار دەڕوانم.

مێرژن ژیانێكی سەیر دەژێت. ئەو ژوورەی كە قەت بە جێی ناهێڵێت هەمیشە، لەبەر ئەوەی پەنجەرەكانی بە پەردەی ئەستوور ئەستوور داپۆشراون، نیوەتاریكە. ئەو دەڵێت چیی تر نە مافی ئەوەی هەیە و نە شایانی ئەوەیشە سوود لە خۆرەتاو وەربگرێت. دیوارەكانی ژووریش ساردوسڕ و هیچ كورسی و مێزێكیشی لێ نییە، بێجگە لە پێتەتەیەك بۆ پاڕانەوە و پەیكەری مەسیحی لەخاچدراو. ژوور لە كونجی تاریكی دێرێك

دەچێت. تەختی نووستنەکەی هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام لەوێ ناخەوێت، بەڵکو لەسەر پووشوپەڵاشێك کە لە ژوورەکەدا ڕاخراوە، دەنووێت و نایشهێڵێت بگۆڕدرێت و پووشوپەڵاشیش تا دێت زیاتر بۆن دەکات و بۆگەنێکی ناخۆشی لێوە دێت. هەوای خنکێنەر تێیدا ناگۆڕدرێت و بۆ منیش کە بەوە ڕانەهاتووم، هەناسە وەرگرتن و دانەوە تێیدا زۆر سەختە. سەرەتا کە دێیتە ژوورەوە هیچ نابینیت و دەبێت لە بەرەوە چاوەکانت بەو نیوەڕووناکییە ڕابێن و بکرێنەوە. ئەمجا مێرژن دەبینیت، نیوەڕووت و قژئاڵۆسکاو، بێ ئەوەی بە لایەوە گرنگ بێت چی لە بەردایە و چۆن دەنووێنێت. چونکە نایشیەوێت هیچ بخوات، چاوانی گەرمداهاتوون و ڕوومەتەکانی لەڕولاواز و داکەوتوون. ئەو کچەجووتیارە گەلۆرەیش کە بەردەستیی دەکات بەردەوام بەو نێوەدا دێت و دەچێت و گلەوگازندە لە بەختی خۆی دەکات، چونکە ناتوانێت خانم بهێنێتە سەر بار تا شتێك بخوات. جارجارێك، هەر بۆ ئەوەی ئەو گەلۆرە دەست لە گریگری و لووشکەلووشك هەڵبگرێت، شتێك بۆ دەمی دەبات. دەیخوات یا نا، کەس نازانێت. کارەکەریش بۆ خۆی خڕ و خەپان و ڕوومەتئاڵ، دەستی بە هەرچی ڕابگات، یەکاندوو، هەڵیدەلووشێت و بەوپەڕی تاموچێژەوە هەرچی ژەمی خۆش و بەتام هەیە و خانمەکەی نایانخوات، ئاودیوی دەکات.

مێرژنی تۆبەکار، زۆربەی کات لە بەردەمی پەیکەری مەسیحی لەخاچدراودا دەباتە سەر و لەوێدا لێی دەکەوێت، نوێژ دەکات و دەپاڕێتەوە و نوێژەکانیشی نە جێی هیچ بۆ خۆی و نە بۆ هیچ کەسی تر دەگرن. خۆیشی ئەوە دەزانێت و پێش ئەوەیش دەست پێ بکات پاڕانەوەیەکی

خەست لە لەخاچدراوەکە دەپاڕێتەوە و داوای لێبووردنی لیّ دەکات کە دیسان ناچارە پەنا بۆ ئەو ببات. جارجاریش، بێئومێد و دەست و پیّ شل و شێواو، تەسبیحەکەی لە لاوە دادەنێت و نیگای ئاگرینی خۆی لەسەر فریادڕەسەکەی ڕادەگرێت و پاڕانەوەیەك دەپاڕێتەوە هەر خۆی دەزانێت لە کوێی هێناوە و چۆنی هۆنیوەتەوە. بەڵام ئەو نایبیستێت و میرژنیش، ناچار دەستێك لەملا و دەستێك لەولا، لە جێی خۆی هەڵدەستێت و واز لە نوێژ و پاڕانەوەکانی دەهێنێت. زۆربەی جاریش ناتوانێت هەڵبستێت و دەبێت کارەکەرەکەی یارمەتیی بدات، هەروەها لەوە دەچێت ئەوەیش ڕووی دابێت کە لەبەر بێهێزی هەر لە جێیەکەی خۆیدا لێی کەوتبێت تا ئەو هاتووە و لەوێدا دۆزیویەتیەوە و بەرەو پووشوپەڵاشەکە پەلکێشی کردووە.

میرژن پێی وایە ئەو هۆکاری گشت بەدبەختییەکە کە بەسەر ئێمەدا هاتووە. پێی وایە گوناهباریی ئەو هۆکاری ئەو هەموو ئێشوئازار و کڵۆڵی و شتە ناخۆشانەیە کە ڕوو دەدەن. ڕاستییەکەیشی، هەرچەند سەر دەهێنم و دەبەم لەوە تێناگەم، ئاخۆ ئەو چەند لەوە ئاگادارە کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن و لەوەیش ناچێت هیچ ئاگا و خەبەرێکی لە هیچ شتێك هەبێت. بەڵام، هەر چۆنێك بێت، دەبێت نەختۆکەیەك هەستی بەوە کردبێت چۆن دەوروبەری بە مەترسی تەنراوە. بەڵام بە هەمان شێوەیش، پێم وایە ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو ئیدی چ گرنگییەك بە دنیا نادا و پێی وایە هەرچییەك لێرە ڕوو دەدات نرخی پووشێکی نییە و جێی هیچ بۆ هیچ کەس ناگرێت. ئەو لە دنیا تایبەتەکەی خۆیدا دەژی و گرفت و سەرئێشەی خۆی هەن.

تازەبەتازەیش تێگەیشتووە کە خۆشەویستیی ئەو بۆ دۆن ڕیکاردۆ گەورەترین گوناهی ئەو بووە. هەر لە ڕێی ئەوەیشەوە بووە خۆی بە ژیانەوە هەڵواسیوە و پێی وا بوو ژیان شتێکی بەنرخە. دەڵێت دۆن ڕیکاردۆی لە هەموو شتێك خۆشتر ویستووە و هەموو بوونی پڕ لە هەست و ئارەزوو بووە بۆ ئەو و زۆریش بەختیاری کردووە. خۆ ئاشکرایشە کە نابێت، بێجگە لە خوای تاك و تەنیا، کەست هێندە خۆش بووێت.

من نازانم ئاخۆ سووکایەتیی ئەو تا چەند پەیوەندی بەوەوە هەیە کە من چاویم بە ڕووی ژیانە تاوانبارەکەی و ئەو سزا دۆزەخییەدا کردووەتەوە کە چاوەڕێی دەکات. من ڕێکوڕەوان لەبارەی هەموو کوڵ و پەژارەیەکیەوە لەگەڵیدا دواوم و ئەویش ملنەوی و گوێڕایەڵ گوێی بۆ هەموو قسەکانم شل کردووە و بەم دواییەیش دەستی بە لە خۆدان کردووە. ئەو هەمیشە سەرڕێژی سوپاس و پێزانینە کە من دێم و سەردانی دەکەم و منیش تا بۆم بکرێت خۆمی لێ نەبان دەکەم.

ئەنجێلیکا لە نەخۆشییەکەی ڕاست بووەتەوە و جارجار دەردەکەوێت، بەڵام نە کاتی نانخواردن خۆی پێشان دەدات و نە لەنێو دەرباردا دەبینرێت. جارناجارێك نەبێت، لە باخچەی گوڵان بینوومە و یەك دوو جاریش لە کەناری ڕووبارەکە و لەوێش لەوە زیاتر کە دادەنیشێت و چاو لە ئاوەکە دەبڕێت، هیچی تر ناکات. چاوەکانی گەورەتر بوون، ڕوون و شووشەیین وەك ئەوەی چیی تر نەتوانێت هیچیان پێ ببینێت.

چەند جار بینیومە مەدالیاکەی جیۆڤانی، کە لێرە و لەوێ هێشتا خوێنی پێوە ماوە، لە ملدا بووە. لەوەیە هەر لەسەر جێیەکەیش ئەو مەدالیایەی

دۆزیبێتەوە و وەك یادگارییەکی ئەو، لای خۆی هەڵیگرتبێت. بەڵام هەر نەبێت دەبوو خوێنەکەی لێ بکردایەتەوە و ئەوجا بە خۆیدا بسەپاندایە.

من بیرم لەوە کردەوە کە دایکی جیۆڤانی، وەك دەڵێن، لە بەهەشتی بەرینە و کوڕەکەیشی، چونکە لە قووڵایی خەوی گوناهاندا بەبێ هیچ نوێژ و پیرۆزییەك گیانی بە ئازیزانمان سپارد، خەریکە لە ئاگری دۆزەخدا دەتوێتەوە. هەر بەو جۆرەیش هەرگیز بە یەکتر ناگەنەوە. لەوانەیە ئەنجێلیکا بۆ گیانی ئەو بپاڕێتەوە و نوێژ بکات، بەڵام گومان لەوەدا نییە پاڕانەوەی ئەویش بە هیچ دەچێت و هیچی لێ سەوز نابێت.

هەروەها کەسیش نازانێت خەیاڵ و بیری بە چییەوە خەریکن. لەو شەوەوە کە بە ئاگا هاتووەتەوە، یا باشتر لەوساوە کە دوا وشەی بە خۆشەویستەکەی وتووە، تەنانەت یەك وشەیش چییە لە دەمی نەهاتووەتە دەرەوە. وشەیش چی بوو، لە پووشێك بێنرختر و دەتوانم، هێندەی سەرم لە قسەوباسیان دەردەچێت، بە ئاسانی هەڵیبێنم.

چی دەکات با بیکات و با بۆ خۆی هەر بەو نێوەدا بێت و بچێت. نە کەس خۆی تێ دەگەیەنێت و نە کەس بە ڕەی دەپێوێت.

ئەوانەی پێیان وایە لاڕەشە و هەرچییەکی تر کە بەسەریاندا هاتووە سزای خوایە و نابێت هەوڵ بدەیت لێی لا بدەیت، بەڵکو لەبریی ئەوە دەبێت بە سوپاس و پێزانینەوە ستایشی خوای گەورە و میهرەبان بکەیت و پێیدا هەڵبڵێیت، بە کووچە و کۆڵاناندا وەر بوون و جاڕی باوەڕی خۆیان دەدەن و لە خۆیان دەدەن تا یارمەتیی خوا بدەن گیانیان بپارێزێت و بە دەنگیانەوە بێت. ئەوان ئاپۆرەی چاودەرپۆقیوون و لە برساندا هێندە لەڕ و لاواز بوون،

ئەگەر لەبەر ئەو گەشکەیە نەبێت کە بە هۆی بیروباوەڕیانەوە تووشی بوون، تەنانەت نەیاندەتوانی بۆ چاوترووکانێکیش لەسەر پێی خۆیان بوەستن. خەڵك لە هەموو لایەکەوە دوایان کەوتوون و دەڵێن ئەوەی ئەوان دەیکەن و خۆپێشاندانیان بەو شێوەیە خەریکە هەڵسانەوەیەکی ڕاستەقینەی لێ دەکەوێتەوە. هەر کەس و لای خۆیشیەوە ئەوەی لە دەستیدا بێت، لە ماڵ و کەسوکار، تەنانەت لە کەسوکارە مردووە نزیکەکانیشیان، دەیبەخشێت و دوای ئەوان دەکەوێت. هەر ئەوەندەیش دەزانیت یەکێك پەیدا دەبێت، بە دەنگێکی زیقن و کپ دەقیژێنێت و خۆی بە نێویاندا دەکات و ئیتر هەموو پێکەوە دەست بە ستایش و پێداهەڵدانی خوا دەکەن و ئەوانەیش کە لە دەوروبەریان کۆ بوونەتەوە، دەکەونە سەر چۆکان. ژیانی ئەم دنیایە، کە هەموومان هێندە لە ناحەزی و ناخۆشییەکانی ئاگادارین بەشی بەر و دوامان بکات، تەواو بێنرخ دەبێت. ئیتر هەر یەکە و بیر لە ڕوحی خۆی دەکاتەوە و هیچی تر.

www.fb.com/PDFkurd

لەوە دەچێت چاوی قەشەکان بەو دەمارگیرانە هەڵنەیەن، چونکە خەڵك لە کڵێساکان و کۆڕ و کۆمەڵە ڕازاوەکانی ئەوان کە پڕ لە وێنە و پەیکەری پیرۆز و ئەو گەنجانەن کە بۆن و بخووریان هەڵگرتووە و ڕێوبانان پڕ لە بۆن و بەرامەی خۆش دەکەن، دوور دەخەنەوە. ئەوان دەڵێن ئەمانە کە ئازاری خۆیان دەدەن و لە خۆیان دەدەن، کەسانێکن بیروباوەڕێکی شلوشەوێقیان هەیە و بەو زێدەڕۆییە دەیانەوێت خۆیان لە دڵدانەوەی دین و دنیا دوور بخەنەوە. دەڵێن خوا ناتوانێت بە دڵخۆشییەوە لێیان بڕوانێت و حەزیش لەو کارەیان ناکات. بەڵام، من یەك بە خۆم، پێم وایە ئەگەر کەسانێك هەبن بە

هەق باوەڕدار بن، ئەمانن و کەسی تر نا و ئەمانن کە گرنگییەکی تەواو بە باوەڕەکەیان دەدەن و بە هێندیان گرتووە. بەڵام قەشەکان حەزیان لە کەسێك نییە ئەمان بە هێند بگرێت و گرنگییان پێ بدات.

هەروەها خەڵکانێکی زۆریش هەن، ترس و مەترسیی دەورووبەر کاریگەرییەکەی تری لەسەریان هەیە و ئێستا لە هەر کاتێکی تر زیاتر دەستیان لە جڵەوی ژیان توند کردووە و ژیانیان خۆش دەوێت. ترسی مەرگ وای لێ کردوون بە هەر نرخێك خۆیان بە ژیانەوە هەڵواسیوە و گەنەئاسا پێوەی نووساون. لەوەیش دەچێت بەزم و ئاهەنگ و ڕابواردن لە هەندێك لە کۆشك و تەلارەکانی شاردا شەو و ڕۆژ بەردەوام بێت و دەیشڵێن کە لەنێو چواردیوارەکانیاندا بەزم و ڕەزم و هەرایەکە ئەوسەری نادیار. هەروەها لەنێو هەژاران و لەوانیش خراپتردا زۆر کەس دەبینرێن کە وەك دەوڵەمەندانی نێو کۆشك و تەلاران، هێندەی بۆیان بلوێت، هەڵسوکەوت دەکەن و بە هەر نرخ خۆیان بەو بارە گرانەدا هەڵواسیوە کە هێشتا لێیان نەسێنراوەتەوە. بە ژیانە پڕ لە کلۆڵی و دەردەسەرییەکەی خۆیانەوە نووساون و لێی نابنەوە و بە هیچ مەرجێك دەستی لێ بەر نادەن و هەر ئەوەندەیش نەختێك نان لە دەرەوەی دەروازەی کۆشکدا بەسەریاندا دابەش بکرێت، ئەو کلۆڵ و بەستەزمانانە دەبینن، چۆن لەسەر پارچە پارچەکانیدا بە یەکدا دێن و خەریکن یەکتری لەتوپەت دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە هەروەها، دەبینیت کەسانێك هێشتا هەر ماون کە لە پێناوی هاوتوخمەکانی خۆیاندا ئامادەی خۆبەختکردنن، چاودێریی نەخۆشان دەکەن و بە دەنگیانەوە دەچن، ئەگەرچی ئەم خۆبەختکردنەی

ئەوان هیچ مانایەکی نییە و جێی هیچ بۆ هیچ کەس و هیچ شتێك ناگرێتەوە، لەوە زیاتر کە لەو ڕێیەوە خۆیان دووچاری مەترسیی تووشبوون بەو لاڕەشەیە دەکەن کە تووشی نەخۆشەکان بووە. ئەوان بەبێ هیچ گرنگییەك بە مردن یا هەر شتێکی تر بەو نێوەدا دێن و دەڕۆن و وایش پێ دەچێت لە گوێی گادا نووستبن و هیچ ئاگایەکیان لەوە نەبێت خۆیان دووچاری چ مەترسییەك کردووە. ئەمانیش ڕێك وەك ئەوانەن کە بیروباوەڕی ئایینی گەشکەی پێ گرتوون و حاڵی لێ هێناون، بەڵام ئەوان بەو شێوەیە و ئەمان بەم شێوەیە دەریدەبڕن. لەوە دەچێت، ئەگەر بێت و باوەڕ بەو چیرۆکانە بکەم کە لێرە و لەوێ بەر گوێم دەکەون، ژیان بە هەمان شێوە بەردەوام بێت و خەڵکی نێو شاریش وەك جاری جاران ژیانیان چۆن بەسەر بردووە هەروا لەسەری بەردەوام بن، هەر یەکە و لەگەڵ توێژی خۆی و بە پێی هەستونەستی خۆی و چۆن بۆی دەگوزەرێت. ئەنجامی هەر هەموویشی لە ڕوانگەی خوای بانی سەر و سەر هەمووانەوە پووشێکی دەم با ناهێنێت. هەربۆیە لە خۆم دەپرسم، تۆ بڵێیت هەر بە ڕاستی خوا بێت کە ئەو دەردەی بۆ ناردوون و دووچاری ئەو هەموو تاقیکردنەوەیەی کردوون!

ئەمڕۆ فییامێتا بە لامدا تێپەڕی. تەنانەت نیگایەکیشی پێ ڕەوا نەبینیم. بەڵام ئەو کە خۆی لە هیچ شت و کەسێکی دەوربەری ناگەیەنێت و زۆر تەڕوبڕ و پێگەیوو و جوان دەنوێنێت، لەنێو گەرموگوڕیی ئەم هەموو ڕووداوە ناخۆشانەدا وەك فێنکییەکی خۆشە و دڵ دەکاتەوە. بەژنوباڵای، هەموو بوونی پڕ لە شانازیی ئەو، هەمیشە فێنکییەك دەدەن کە دڵنیایی و ئارامی دەبەخشێت. ئەو خۆی لەبەر ناخۆشییەکانی ژیاندا شل نەکردووە، بەڵکو

دەسەڵاتی تەواوی بەسەریاندا دەشکێت. تەنانەت بە سوودی خۆیشی بە کاریان دەهێنێت. بەبێ ئەوەی سەرنجی هیچ کەسی بە لای خۆیدا ڕاکێشابێت، بە جۆرێك کە هیچ گومانێك هەڵناگرێت و بە شێوەیەکی تا بڵێیت دڵگیریش، خەریکە جێی میرژن دەگرێتەوە و وەك فەرمانڕەوا لە دەرباردا جێی خۆی دەکاتەوە. خەڵکی دەرباریش تا دێت زیاتر لەوە تێدەگەن و هیچیشیان لە دەست نایەت، لەوە زیاتر خۆیان لەگەڵ ئەودا بگونجێنن و مل بدەن و کەسیش ناتوانێت چاو لە ئاستی جوانی و جوانیی ڕەفتاری ئەودا بنوقێنێت.

ئەگەر، بێجگە لەو، کەسێکی تر بە لامدا تێپەڕیبا، بێ ئەوەی نیگایەکم پێ ڕەوا ببینێت، تەواو تووڕەی دەکردم. بەڵام کە ئەو وای کرد، هەر زۆر بە ئاسایی وەرمگرت.

زۆر چاك تێدەگەم کە میرم خۆشی دەوێت. من خۆم ناتوانم خۆشم بووێت، بەڵام ئەمیان شتێکی ترە و هەر زۆر جیاوازە. –بەڵام هەر بە ڕاست بڵێیت من بتوانم کەسێکم خۆش بووێت؟ نازانم. خۆ ئەگەر کەسێك هەبووایە، بمتوانیایە کەسێکم خۆش بوویستایە، هەر دەبوو میرژن بووایە و کەسی تر نا. کەچی لەبریی ئەوە ڕقیشم لێی دەبێتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەست دەکەم ئەو تەنیا کەسێکە لەوەیە بتوانم خۆشم بووێت. ئەوەیش بۆ وایە، بە هیچ جۆرێك سەری لێ دەرناکەم، ڕاستییەکەی خۆشەویستی شتێکە کەس هیچی لێ نازانێت.

ئەنجێلیکا خۆی لە ڕووبارەکەدا خنکاندووە.

لەوە دەچێت یا دوێنێ ئێوارە یا دوێنێ شەو خۆی خنکاندبێت، چونکە هیچ کەس نەیبینیوە. بەڵام نامەیەکی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە و جێی هیچ دوودڵییەکی تێدا نابێتەوە کە بەو شێوەیە خۆی کوشتووە. تەواوی ڕۆژیش بە دوای لاشەکەیدا، تا ئەو جێیەی ڕووبارەکە بەنێو شارە ئابڵووقەدراوەکەماندا دەڕوات، گەڕاون، بەڵام بێ سوود. لەوەیە ئەویش وەك جیۆڤانی شەپۆل بردبێتی. بارێکی ترسناك سەرلەبەری دەرباری داگرتووە. هەموو سەریان سووڕ ماوە و ناتوانن لەوە تێبگەن کە مردووە. خەڵکی گازندە دەکەن و دەناڵێنن و بەم هۆ یا ئەو، سەرزەنشتی خۆیان دەکەن. بەر لە هەر شتێکی تریش باس باسی نامەکەیە و نێوەڕۆکەکەی بۆ یەکتر دەخوێننەوە، بێ بڕانەوە بۆ یەکتری دەخوێننەوە. لەوە دەچێت میرم بە خوێندنەوەی زۆر تووڕە بووبێت و بە گشتیش لە ڕووداوەکە زۆر تووڕەیە. بەربووکەکان لووشکەلووشك دەگرین و ئاخوئۆف هەڵدەکێشن، فرمێسك بۆ نێوەڕۆکی کاریگەری نامەکە دەڕێژن. بە هیچ جۆرێك لەم هەڵسوکەوتەی ئەوان سەر دەرناکەم. تێناگەم چ شتێکی سەیر لەو نامەیەدا هەیە. خۆ هیچیش ناگۆڕێت، هەر نەبێت لەو تاوانە ناگۆڕێت پێشتر کردبوویان و هەموویشیان نەفرەتیان لێ دەکرد.

هەر بە ڕاستی هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە!

هێندەیش گوێم لێی بووە، سەرلەبەریم لە بەر کردووە.

بەم جۆرەیە:

چیی تر نامەوێت لای ئێوە بمێنمەوە. ئێوە زۆر باش بوون لەگەڵ من، بەڵام لێتان تێناگەم. تێناگەم چۆن توانیتان خۆشەویستەکەم لێ بستێنن،

ئەو خۆشەویستەی لە وڵاتێکی دوورەوە هات بۆ ئەوەی پێم بڵێت شتێك هەیە پێی دەوترێت خۆشەویستی.

من کە هەر نەمدەزانی شتێکی وا هەیە. بەڵام لەوساوە چاوم بە جیۆڤانی کەوت، تێگەیشتم خۆشەویستی تەنیا شتێکە لە ڕاستیدا لە جیهاندا هەیە و هیچ شتێکی تر هیچ نییە. لەگەڵ یەکەم چاوپێکەوتنیدا تێگەیشتم ژیان پێش ئەوە بۆ هێندە سەخت بووە.

ئێستا ئیتر نامەوێت لێرە، کە ئەوی لێ نییە، بمێنمەوە، بەڵکو دەمەوێت بە دوای ئەودا بڕۆم. لە خوا پاڕاومەتەوە و ئەویش سۆزی پێ داوم چاوم بە جیۆڤانی بکەوێتەوە و بۆ هەمیشەیش لە نزیك یەکترەوە بین. بەڵام نەیتوانی پێم بڵێت بۆ کوێم دەبات. وتی هەر ئەوەندە ئارخەیان لەنێو ڕووبارەکەدا بحەوێمەوە، ئیتر بۆ ئەو جێیەم دەبات کە دەبێت بۆی بچم. لەبەر ئەوە پێتان وا نەبێت خۆمم کوشتووە، چون من هەر ئەوەندەم کردووە کە پێم وتراوە بیکەم. نەیشمردووم، بەڵکو ڕۆیشتووم بۆ ئەوەی تا هەتاهەتایە لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا یەك بگرینەوە.

مەدالیاکەیش، ئەگەرچی هیی من نییە، لەگەڵ خۆمدا دەبەم، چونکە ئەمەیشم هەر پێ وتراوە. کردویشمەتەوە و وێنەکەی نێوی پڕی کردووم لە تاسە و ئارەزوویەکی بێسنوور بۆ بەجێهێشتنی ئەم جیهانە.

ئەو ژنەی نێویشی داوای لێ کردم پێتان بڵێم کە لێتان بووراوە. منیش خۆم پڕ بە دڵ لێتان بووراوم.

## ئەنجێلیکا

میرژن وا دەزانێت هۆکاری مەرگی ئەنجێلیکا ئەوە. ئەمە یەکەم جاریشە هەستم بەوە کردبێت گرنگییەکی بۆ منالەکەی خۆی هەبێت. بۆ ئەوەی ئەم گوناهەیش لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، لە هەموو کات خراپتر لە خۆی دەدات و خۆی دەڕنێتەوە و هیچ ناخوات و بەردەوام لەسەر چۆکان لە بەردەمی لەخاچدراوەکەدا کەوتووە و لێی دەپاڕێتەوە.

دەنگیش لە بەردەوە بێت لە لەخاچدراوەکەوە نایەت.

ئەمڕۆ، پێش نیوەڕۆ، میرم کاغەزێکی پێدا ناردم بۆ مایسترۆ بێرناردۆ، لە سانتا کرۆس. ئەو دەمێکە لە دەربار نابینرێت و منیش لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دوادواییەدا، کەم تا زۆرێک، لە بیرم چووەتەوە.

زۆر نابەدڵ دەربارم بەجێهێشت و چوومە نێو شارەوە، کە لەوساوە لاڕەشە باڵی بەسەردا گرتووە، سەرم پێدا نەکردووە. لەبەر ئەوە نا لەو دەردە دەترسێم، بەڵام زۆر ناخۆش کاری تێکردووم، من لە هەندێک شت هەر زۆر خراپ دەترسێم. هەر زوویش لێم دەرکەوت ترسەکەم لە خۆڕا نەبووە، چونکە ناچار ئەوەی بینیم زۆر ترسناک بوو. بەڵام هاوکاتیش تاقیکردنەوەیەکی سەیر بوو کە هەموو ناخی پڕ کردم لە دڕیی تاڵی خۆی و هەستێک بە بێهوودەیی هەموو شتێک و لەناوچوون. بۆ هەر کوێ دەڕۆیشتم پێم بەسەر نەخۆش و لارەملاندا هەڵدەهێنایەوە و ئەوانەیش کە مردبوون لە لایەن گۆڕهەڵکەن و ئەوانەی بە کاری کفنکردن و ناشتنیانەوە خەریک بوون و جلوبەرگی ئاودامانی ڕەشیان لە بەردا بوو و تەنیا هەر چاوە

ترسناکەکانیان بە دەرەوە بوون، کۆ دەکرانەوە، وەك خێویش لە هەموو لایەکەوە پەیدا دەبوون. وامدەزانی لە دنیای مردووانـدا دەخولێمەوە. تەنانەت ساغەکانیش مردن چـزەی لـێ هەڵساندبوون. چاودەرپۆقیو و لەڕولاواز بە کووچە و کۆڵاناندا دەهاتن و وەك ئەوە بوو خێو بن و لەو ڕۆژگارەوە هاتبن کە ژیان هێشتا تێیدا باڵی بەسەر زەمینـدا کێشا بوو. بە دڵنیاییەکیشەوە کە لە دڵنیایی کەسانێك دەچوو بەدەم خەونەوە ڕێ دەکەن و سەرنجلێدانی بە جۆرێك لە جۆران ناخۆش بوو، خۆیان لەو شتە گرمۆڵەبووانە لا دەدا، کە لەسەر ڕێیان کەوتبوون و کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ هێشتا زیندوون یا مردوو. لەو قوربانییانەی ئەو دەردە بەدبەختتریش بە بیری هیچ کەسدا نەدەهات و منیش بۆ ئەوەی دڵم لەوە زیاتر تێکەڵ نەیەت، زۆر جار ناچار بووم، ڕوویان لێ وەربگێرم. هەندێك جار تەنیا شڕەوپڕە بە لەشیانەوە مابوو، کە لەنێویانەوە دەتتوانی دوومەڵە کێمکردوو و پیسەکانیان و ئەو جێ شین و مۆرانە ببینیت کە بە لەشیانەوە بوون و بەڵگە بوون بۆ ئەوەی ها ئێستا ها نەختێکی تر گیانیان دەردەچێت و دەمرن. هەندێکیش بەدەم قیژەقیژ و هاوارەوە ئەوەیان ڕادەگەیاند کە هێشتا لەشیان لە ژیان دانەبڕاوە و ماون، لە کاتێکدا هەندێکی تریان بێهۆش کەوتبوون، بەڵام ئەندامەکانی لەشیان، کە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەریاندا نەمابوو، جار جار ڕادەچەنین و دەلەرینەوە. من هەرگیز پێشتر سووکایەتیی وام لە کەس و لە ژیاندا نەبینیبوو. بە هەندێکیانەوە ئەو نیگا بێپایانەم دەبینی کە لە شێتبوونەوە پەیدا دەبێت و سەرباری بێهێزیشیان، بە پەلە هەڵیان دەکوتایە سەر ئەوانەی لە بیرەکانەوە ئاویان بۆ نەخۆشەکان دەهێنا

و به شێوەیەك هێند له ناکاو و بەهێز پەلاماری جامەکانی دەستیان دەدان که هەموو ئاوەکەیان لێ دەڕژاندن. هەندێکی تریان وەك گیانەوەران بەسەر ئەرزەکەدا بەرەو ئەو بیرانەی چاویان تێ بڕیبوون و وەك دوا ئامانجی ئەو کلۆڵانە دەهاتنه بەر چاو دەخزین. ئەوانه ئەو بوونەوەرانه بوون کە هەر بە تەنیا بۆ ئەوەی ئەگەر تەنانەت بۆ نەختێکی تریش بووه خۆ بە ژیانەوه هەڵبواسن، کە کەڵکی هیچیش ناگرێت و هیچ مانایەکی تێدا نەماوە، دەستیان لەوە بەردابوو وەك مرۆڤ هەڵسوکەوت بکەن و هەرچی هەستونەستیان هەبوو بەرانبەر ژیانێك شایانی مرۆڤ بێت ونیان کردبوون. ئەمجا با باسی ئەو بۆگەنه هەر نەکەین کە لەم کلۆڵانەوه هەڵدەستا، چون هەر بە تەنیا بە بیرکردنەوە لێی، دڵم بە یەکدا دێت. لە مەیدانەکەدا ئاگر کرابوونەوە و لەوێدا وەك کەڵەکەترێ لاشەی مردوویان دەخرانە سەر و دەسووتێنران کە بە هەموو ئاسمانی شاردا بڵاو بووبووەوە و دەنگی زەنگی کڵێساکان پێکەوە دەبیستران.

مایسترۆ بێرناردۆم لە دەمەدەمی نوێژی شێواندا، وەك زۆر جاری پێشتر، دۆزییەوە. دانیشتبوو، قژ و سەرە ماشوبرنجییەکەی کەمێك بە لارەوە نابوو و وەها دەهاتە پێش چاو نەختێکیش پیرتر بووبێت. مەسیحەکەیشی، لەپاڵ ئەو مێزەوە کە نانی شێوانیان لەسەر دەخوارد، دانیشتبوو و نانەکەی خۆی لەگەڵ شاگردانیدا لەت دەکرد. هەمان خەرمانەی ئاسمانیش، وەك هەمیشە، لە دەوری سەری ئارامی گرتبوو. نان و شەرابەکەیش لە دەوری مێزەکە کە سفرەیەکی سپیی پێدا درابوو پێشکەش دەکران. هیچ کەس لێرە نە برسی و نە تینوو بوو. بەڵام ئەم پیرەمێردە لە لای فلچەکانیەوە، پڕ لە سەرنجدان و

هەستونەست ئالۆسکاو، دانیشتبوو. کە پێم وت نامەیەکم لە لایەن میرمەوە بۆ هێناوە، وەڵامی نەدامەوە؛ بەڵکو کەمێك جووڵایەوە و ئاماژەیەکی کرد، بەو مانایەی دەتوانم لە لایەکەوە دایبنێم. نەیهێشت لە دنیاکەی خۆی دابرێت. چ دنیایەك بەڵام؟

ئیتر سەر پڕ لە بیر و ئەندێشە سانتا کرۆسم بە جێ هێشت.

لە گەڕانەوەدا بە لای بورجەکەدا تێپەڕیم، ئەو بورجەی بڕیارە بە خۆی و زەنگەکانییەوە لە هەمووان بەرزتر بێت. بێگومان، بەدەم شەڕوشۆڕەکانەوە، وەك ئەوەی بە تەواوی لە بیر کرابێت، ئیشوکار تێیدا وەستابوو. ئەو ئێستا نیوەچڵ بەجێهێڵراوە، دوا چینە بەردیش هەر وەك خۆی نارێك و بێسەروبەر، چون لە نیوەی کاردا دەستی لێهەڵگیرابوو، وەك خۆی لە جێی خۆی بەجێهێڵراوە. لە وێرانە نەبێت لە هیچی تر ناچێت. بەڵام وێنە و پەیکەرە پیرۆزەکانی چینی خوارتر، کە دیمەنی ژیانی لەخاچدراوەکە دەنوێنن، تەواو بوون و زۆر جوانیش دەرچوون.

کتومت وەك ئەوەی خۆم پێشتر پێشبینیم کردبوو و پێمڕاگەیاندبوون.

سەرلەبەر کۆشك ڕەشی پۆشیووە. دیوار ڕەش و موبیلەکانیش بەرگی ڕەشیان پێدا دراوە و خەڵك بە چرپەچرپ لەگەڵ یەکتر دەدوێن و بە ئاستەم دەنگی پێیان دەبیسترێت. بەربووکان کراسی ئاودامانڕەشی ئەتڵەسییان پۆشیوە و پیاوانی دەرباریش جلوبەرگی قەدیفەی ڕەشیان لە بەردایە و دەستکێشی ڕەش لە دەستیاندا. هۆکاری ئەمانەیش مەرگی ئەنجێلیکایە. ژیانی ئەو نەبوو بە هۆکاری هیچ شتێك، نە بە باش نە بە خراپ. بەڵام خەڵکی ئەم دەوروبەرە بە گشتی حەزیان لە پرسەگرتنە و ئێستا پرسەی

دۆن ڕیکاردۆ، ئەم پرسەیەی بە دوادا هاتووە و بەمەیش هەواڵی مەرگی ڕاستەقانی ئەو ڕاگەیەنراوە. وەك پێشتریش باسی ئەنجێلیکا ناکرێت کە چۆن بوو و چۆن نەبوو، چونکە هیچ شتێکی تایبەتی تێدا نییە، هیچ شتێکی گرنگیش لە خۆیدا نییە، شایانی باسکردن بێت —بێجگە لەمەیش کەس نازانێت ئەو چۆن بوو. تەنیا پرسەی دەگیرێت و هیچی تر. لە هەموو لایەکەوە ئاخوئۆف سەبارەت بە چارەنووسی ئەم میرزادە گەنجە دەبیسترێت، تەنانەت سەبارەت بە جیۆڤانیش، ئەگەرچی ئەو سەر بە دوژمن بوو، یەکێك لەو دوژمنانەی لەنێو میرە دوژمنەکاندا لە هەموویان زیاتر خەڵك ڕقیان لێی دەبووەوە. ئاخوئۆف بۆ خۆشەویستیی نێوانیان، کە چیی تر هیچ کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، هەڵدەکێشرێت. هەروەها بۆ ئەوەیش گوایە لە پێناوی خۆشەویستیدا مردوون. خۆشەویستی و مەرگ، خۆشەویسترین بابەتانی مرۆڤن و پڕ بە دڵ پێیان خۆشە بۆیان بگرین، بەتایبەت ئەگەر خۆشەویستی و مەرگ تێکەڵ ببن و ببن بە یەك.

لەوە دەچێت میرم تا ڕادەیەك خەم دایگرتبێت. هەر نەبێت من پێم وایە کە دەبێت وا لێك بدرێتەوە —تەواو بێدەنگە و خۆی لە کەس ناگەیەنێت و دڵی خۆی بۆ هیچ کەس ناکاتەوە. تەنانەت بۆ منیش، کە هەر نەبێت جارناجارێك توانیومە دڵم بەوە خۆش بکەم کە جێی باوەڕ و متمانەی ئەو بووم. جارناجارێکیش هەر بە تەواوی جێی بڕوای بووم و دڵی خۆی بێ هیچ بەرگرێك بۆ کردوومەتەوە. ئێستا ڕێك بە پێچەوانەوە، وا پێدەچێت نەیەوێت بە هیچ جۆرێك خۆیم تێ بگەیەنێت. پێشم وایە کە هێندەی جاران بە کارم

ناهێنێت. نامەکەی بێرناردۆیش ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە، خۆی نەیدایە دەستم و لەڕێی پیاوێك لە پیاوانی دەربارەوە ناردبووی.

هەندێك جار پێم وایە خەریکە لێم دەترسێت.

کچەجووتیارە سەروسەکوت هەڵئاوساوەکەی بەردەستی میرژنیش نەخۆش کەوتووە. دەمولووتی زەرد هەڵگەڕاون. تۆ بڵێیت تووشی چ دەردێك بووبێت؟

ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، چون ئەوەی لێی ناترسم لاڕەشەیە. وا هەست دەکەم تووشی هەر کەس ببێت، تووشی من نابێت، بە مندا ڕاناگات. بۆ؟ نازانم، بەڵام هەر ئەوەیە وا هەست دەکەم و هیچی تر. ئەمە شتێکی تایبەتە بە مرۆڤان، بەو بوونەوەرانەی دەوروبەریان داوم. نەك بە من.

میرژن تا دێت خراپتر بە قوڕدا دەچێت. دڵت پێی دەسووتێت کە لەو داڕووخانەدا، لەو هەڵوەشانەی لە ناخیدا دەگەڕێت و لەو هەموو گرنگیپێنەدان و پشتگوێخستن و پیسوپۆخڵییەی دەوریان داوە، دەیبینیت. تەنیا شتێك کە هێشتا ڕەسەنی و کەسایەتیی کۆنی ئەو پێشان دەدات، ئەو کەللەڕەقی و هێزە ڕوحییەیە چارەنووسی خۆی پێیانەوە بەستووە و ڕێ لە دەوروبەری دەگرن کە بتوانێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەبێت.

دوای نەخۆشکەوتنی کارەکەرەکەی، هیچ کەسی تر بۆی نییە بێت بۆ لای و پیسوپۆخڵیی ژووریش تا دێت، لە هەر کاتێکی تر، خراپتر دەبێت.

ئێستا ئیتر بە هیچ شێوەیەك ناخوات و هێندە لەڕولاواز بووە كە بە ئاستەم تێدەگەم چۆن دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت.

من تەنیا كەسێكم بۆم هەیە سەردانی بكەم. دەپاڕێتەوە و داوام لێی دەكات لەو كڵۆڵییەی تووشی هاتووە یارمەتیی بدەم، هەروەها داوا دەكات گوێی لێ بگرم تا بتوانێت دان بە گوناهەكانی خۆیدا بنێت.

تا ڕادەیەك تووڕەم. هەر ئێستا لای مێرژنەوە دێمەوە و هێشتا پڕم لەو هەستە تا ڕادەیەك ترسناكە و ئەو دەسەڵاتەی جاروبار بەسەر مرۆڤدا هەمە.

با بۆتان بگێڕمەوە ئەو سەردانەی لای ئەو چۆن بوو.

سەرەتا كە چوومە ژوورەوە، وەك هەر كاتێكی تری ئاسایی، هیچم نەبینی. پاشان پەنجەرەكان، سەرباری ئەو پەردە ئەستوورانەیش كە پێیاندا درابوون، وەك چەند بەشی ڕووناك لە دیوارەكە لێم دەركەوتن، ئەمجا چاوم پێی كەوت چۆن لە بەردەمی لەخاچدراوەكەدا كەوتبوو و خەریكی تكا و نزا و پاڕانەوە بەردەوامەكانی خۆی بوو. هێندە بەناو نوێژ و پاڕانەوەكانی خۆیدا ڕۆچووبوو، كە دەرگاكەم كردەوە، گوێی لێ نەبوو.

هەوای ژوورەكەی هێندە خەفە و خنكێنەر بوو، بە ئاستەمێك هەناسەم بۆ دەدرا. قێزم لێی دەبووەوە. قێزم لە هەموو شت دەبووەوە. لە هەواكەی، نیوەتاریكییەكەی، لەشە گرمۆڵەبووەكەی ئەو، لە شانوملە لەڕ و داتەپیو و نیوەڕووتەكەی، كرکراگە دەرپەڕیوەكانی پشتملی، قژە ئاڵۆسكاوەكەی كە لە هێلانەی قشقرە دەچوو، لە هەموو شتێك كە جارێك لە جاران هیی ئەوە بووە خۆشت بووێت. سەرشێتییەك باڵی بەسەردا كێشام. ئەگەرچی ڕقم لە مرۆڤ دەبێتەوە، بەڵام دیسان حەزم لەوە نییە لە

سووکایەتیی خۆیاندا بیانبینم. لەپڕ، بەر لەوەی ئەو هەستی بە من کردبێت، پێش ئەوەی بزانێت لەوێم، گوێم لە قیژە و هاواری خۆم بوو لەو تاریکییەدا! بۆ نوێژ دەکەیت؟ لەبەرچی دەپاڕێیتەوە؟ پێم نەوتیت نابێت بپاڕێیتەوە! نەموت نوێژەکانی تۆم ناوێت!

ئەو ئاوڕی دایەوە، نەک وەک ترساوێک بەڵکو هێواش و بەدەم قرووسکەقرووسکەوە وەک دەڵەسەگێکی تێلاتڕێنکراو و بە چاوێکی پڕ لە پاڕانەوەوە لێی ڕوانیم. شتی وایش لە تووڕەبوونی پیاوێک کەم ناکەنەوە. منیش بێ هیچ میهر و نەرمونیانییەک لەسەر قسەکانی خۆم بەردەوام بووم! پێت وایە ئەو هیچ گرنگییەک بە نوێژەکانت دەدات؟ یا لێت ببوورێت لەبەر ئەوەی کە لەوێدا لێی کەوتوویت و دەستت پان کردوونەتەوە و دەپاڕێیتەوە و خەریکی ددانناتیت بە گوناهە بەردەوامەکانتدا! چ هونەرێک لەوەدا هەیە ددان بە گوناهاندا بنێیت! پێت وایە بەوە فریو دەخوات! نابینیت چاوی تێ بڕیویت و سەیرت دەکات!

تۆ دۆن ڕیکاردۆت خۆش دەوێت، نەک ئەم! پێت وایە من ئەمە نازانم! وا دەزانیت دەتوانیت لە خشتەم ببەیت، بە هونەرە دۆزەخییەکانت، بە خۆئازاردان و لێدانی لەشە بارگرانەکەت سەرم لێ بشێوێنیت! تۆ تاسەوئارەزووی خۆشەویستەکەت دەکەیت و هاوکاتیش پێت وایە تاسەی ئەوە دەکەیت کە لەوێدا بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە! تۆ دۆن ڕیکاردۆت خۆش دەوێت، ئەوە خۆشت دەوێت، نەک ئەم!

تەواو تۆقیو، سەیری دەکردم. لێوە ڕەنگپەڕیوەکانی دەلەرزین. ئەمجا خۆی فڕێ دایە بەر پێم و دەستی کرد بە ناڵین: ڕاست دەکەیت! ڕاست دەکەیت! فریام بکەوە! فریام بکەوە!

هەستم کرد کە بەم ددانپێدانانەی تەواو تووڕە بووم.

هاوارم لێ کرد: هەی دەڵەقۆڕ! تۆ وا پێشان دەدەیت فریادڕەسەکەی خۆتت خۆش دەوێت و هاوکات بە نهێنی لەگەڵ پیاوێکی پاشەڵپیسی دۆزەخیدا دەنوویت! لەگەڵ کەسێکدا کە خوا فڕێی داوەتە نێو ئاگری دۆزەخەوە، خوای خۆت فریو دەدەیت! تۆ ئەی ژنە دۆزەخی کە لە بەردەمی لەخاچدراوەکەدا چاوت شۆڕ کردووە و خۆشەویستییە ئاگرینەکەی خۆتی بۆ دەردەبڕیت و هاوکاتیش خۆت و گشت بیروبۆچوونەکانت لە باوەشی کەسێکی تردا تاموچێژ دەبینن! لەوە تێناگەیت ئەو ڕقی لێت دەبێتەوە! تێناگەیت!

بەدەم نووکەنووکەوە وتی: با! تێدەگەم! ئەمجا وەك کرمێکی فلیقێنراوە لەبەر پێیەکانمدا خۆی لوول کرد. ڕقم لێی دەبووەوە و دڵم تێکەڵ دەهات کە بەو جۆرە لەبەر پێمدا گرمۆڵە بووبوو، سەیریش ئەوە بوو هیچ خۆشییەکەم لەو ڕەفتارەی نەدەبینی. دەستەکانی بۆ درێژ کردم. بەدەم سکاڵاوە وتی: سزام بدە، بەڵای خوا، سزام بدە. ئەمجا دەستی برد و ئەو قامچییەی هێنا کە لەولایەوە کەوتبوو، بۆی درێژ کردم و وەك سەگێك لە بەردەممدا بەدەم قرووسکەقرووسکەوە کروشکەی کرد. بە تێکەڵییەك لە قێزوبێز و تووڕەییەوە پرم بە قامچیدا کرد و دەستم بە لێدانی لەشە قێزەونەکەی کرد و هاوکاتیش گوێم لە قیژەوهاواری خۆم بوو: ئەوە من نیم

و لەخاچدراوەکەیە! ئەوەی بەوێدا، بە دیوارەکەوە، هەڵواسراوە بە قامچی لێت دەدات، ئەوەی چەند جاران بە لێوە ئاگرینە ساختەکانت ماچت کردووە، ئەوەی کە پێت وابووە خۆشت ویستووە! ئاخر تۆ چووزانیت خۆشەویستی چییە! چووزانیت ئەو داوای چیت لێ دەکات! ئەو پێت دەڵێت: من لە پێناوی تۆدا ئازارم چێشتووە، بەڵام تۆ هیچ گرنگییەکت بەوە نەداوە! دە ئێستا خۆت هەستی پێ بکە ئازارچێشتن چییە!

تەواو لە پێستی خۆم هاتبوومە دەر و هەر نەمدەزانی خەریکی چیم. نەمدەزانی؟ با، دەمزانی و باشیش دەمزانی! داوای تۆڵەسەندنەوەم دەکرد، تۆڵەسەندنەوەی هەموو شتێك! لە دوای چەسپاندنی یەکسانی بووم! دەسەڵاتی ترسناکی خۆمم بەسەر مرۆڤدا تاقی دەکردەوە! بەڵام سەرباری ئەوەیش خۆشییەکی تەواوم لێ نەدەبینی و دڵی خۆش نەدەکردم.

ئەو لەو کاتەدا، بە هیچ جۆرێك سکاڵا و گازندەی نەکرد. بە پێچەوانەوە کتومت هێمن و ئارام بوو. کە لێشبوومەوە، ئەو هێشتا هەر لە جێی خۆی نەجووڵابوو، وەك ئەوەی لەڕێی منەوە لە دەست نائارامی و ئێشوئازاری خۆی ڕزگاری بووبێت.

گۆڕبەگۆڕ بیت و بۆ هەمیشە لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێیت! ناوگەڵە قێزەونەکەیشت، کە لە گوناهی دوابڕاوی خۆشەویستی چێشتووە، بە کڵپەی ئاگر بسووتێت.

بەدەم ئەم دوابڕیارەوە، کە هێشتا ئەو لەسەر زەوییەکە، وەك لەهۆشچوویەك، کەوتبوو، بە جێمهێشت.

چوومەوە ماڵ. بەدەم تەپەتەپی دڵەوە بە پلیکانەکادا بەرەو نهۆمی گرگنان بوومەوە و دەرگاکەم لەسەر خۆم داخست.

ئێستایش بەدەم نووسینەوەی ئەمەوە تووڕەیی و هەڵچوونم دامرکاونەتەوە و لە بۆشاییەکی بێبڕانەوە و قێزوبێز زیاتر هەست بە هیچی تر ناکەم. دڵم چیی تر تەپەتەپ ناکات، تەنانەت هەستیشی پێ ناکەم. چاوم لە بەردەمی خۆم بڕیوە و دەموچاوە تاکوتەنیاکەم تەواو تاریك و هەرچی خۆشییەك هەیە تێیدا نەماوە.

لەوانەیشە قسەکەی ڕاست بێت کە پێی وتم تۆ بەڵای خوایت!

ئێوارەی هەمان ڕۆژە و ئێستا دانیشتووم بەسەر ئەو شارەدا، کە لەبەر پێیەکانمدا کەوتووە، دەڕوانم. خۆر لە ئاوابووندایە و زەنگی کڵێساکانیش بێدەنگ و گومبەز و ماڵەکانیش تا دێت زیاتر لە بەرچاو ون دەبن. لەو بوولێڵەدا، دووکەڵی ئەو ئاگرانە دەبینم کە بۆ سووتاندنی لاشەی مردووان کراونەتەوە و بە نێو لاشەکانیاندا دەگەڕێت، بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و کە بەرەو لای من بەرز دەبێتەوە هەست بە بۆگەنەکەی دەکەم. وەك توێژێکی چڕوپڕ باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە و هێندەیشی نەماوە دنیا بە تەواوی تاریك دابێت.

ژیان! بۆ دەبێت ژیان هەبێت و کەڵکی چی دەگرێت؟ چ مانایەکی هەیە؟ بۆ دەبێت بەردەوام بێت، کە نە هیچ ئومێدێکی تێدایە و نە هیچ دڵدانەوەیەك؟ سەری مەشخەڵەکەی بەرەو زەویی تاریکونووتەك شۆڕ دەکەمەوە و ئاگرەکەی خامۆش دەکەم، ئیتر شەو دادێت.

کچەجووتیارەکەیش مرد. کوڵمە سوورگوڵە خڕوپڕەکانیشی بە هانایەوە نەهاتن و ڕێیان لە مردنی نەگرت. لاڕەشە ئەویشی چنیەوە، ئەگەرچی ماوەیەکیش کەس لەو باوەڕەدا نەبوو، چونکە هەمان ئێشوئازاری ئەوانی تری نەبوو.

فییامێتایش مردووە. ئەو ئەم بەیانییە نەخۆش کەوت و یەك دوو سەعات دواتر سوڕگوم بوو. من ئەو کاتە بینیم کە خێوەکانی دەستەی برایان؛ ئەوانەی لاشەی مردووان کۆ دەکەنەوە، هاتن و لەگەڵ خۆیان بردیان. سەیرکردنی ناخۆش بوو. دەموچاو هەڵئاوساو و تێکشکاو، بێگومان هەموو لەشیشی هەروەها. هیچ جوانییەکی تێدا نەمابوو سەرنج بە لای خۆیدا ڕابکیشێت و لە لاشەیەکی قێزەون زیاتر نەبوو. سەرپۆشێکیان بە سەر دەموچاوە ترسناکەکەیدا دا و لەگەڵ خۆیاندا بردیان.

لێرە، لە دەربار، بە تەواوی لەو نەخۆشییە تۆقیون و گومان لە هەر کەس بکەن تووش بووە، هێندەی بۆیان بکرێت، بە پەلە هەڵیدەگرن و دووری دەخەنەوە.

بەڵام سەبارەت بە فییامێتا، بڕیار دراوە، ئەم ئێوارەیە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت و شایان بە خۆیدا بە خاکی بسپێرن. ئەمەیش، کە ئەو تازە مردووە و تەواو، مانایەکی ئەوتۆی نییە.

کەسیش سەری بۆ لە قوڕ نەگرتووە.

لەوانەیە میرم لە پرسەی ئەودا بێت. بێگومان هەروەهایشە. یا ڕەنگە هەست بە جۆرە سووکناییەکیش بکات. یا لەوەیە هەردووکیان.

هیچ کەس هیچ شتێك لەو بارەوە نازانێت، چون ئەو قسە لەگەڵ کەس ناکات. ڕەنگزەرد و ڕەنگپەڕیو دێت و دەچێت و چیی تر لە خۆی ناچێت. نێوچەوانی ژێر پەرچەمە ڕەشەکەی چرچولۆچی تێکەوتووە و نەختێکیش چەماوەتەوە. شەوقوڕەوقێکی سەیر نیگا تاریکەکەی داگرتووە و لەوە دەچێت پڕ لە پشێوی و نائارامی بێت.

ئەمڕۆ بۆ نەختێك چاوم پێی کەوت و هەر ئەوسایش سەرنجم لەمە دا. ماوەیەکە، بە دەگمەن نەبێت، چاوم پێی ناکەوێت.

چیی تر لە خزمەتیشیدا نیم و لە دەوری مێزەکەی ناگەڕێم.

لەو جارەوە سەردانی میرژنم نەکردووە. کشومات لێی کەوتووە. دەنگ لە بەردەوە بێت، لەوەوە نایەت. وا پێ دەچێت میرم زوو زوو سەردانی بکات، لە پاڵ تەختی نووستنەکەیەوە دابنیشێت و ئێستا دوای مەرگی فییامێتا، بێداریی بکێشێت.

مرۆڤ زۆر سەیرن. نایشتوانم قەت لە خۆشەویستییەکەیان بۆ یەکتر تێ بگەم.

لەشکری دوژمنیش ئابڵووقەیان شکاندووە و دوای ئەوەی لاڕەشە لەنێو ئەوانیشدا بڵاو بووەتەوە بڵاوەیان لێ کردووە و لەم دەوروبەرە دوور کەوتوونەتەوە. جەنگاوەرانی بۆکارۆسا ئارەزووی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی لەو جۆرەیان نەبووە.

کەواتە لاڕەشە کۆتایی بە جەنگ هێناوە. بێگومان هیچ شتێکی تر نەیتوانیوە وەك ئەو دەردە ئەوەی لە دەست بێت. هەردوو وڵات، ئێستا،

وێران بوون؛ بە تایبەت وڵاتی ئێمە. لەوانەیشە هەردوو گەل، دوای هەردوو جەنگەکە، هێندە شەکەت و هێزلێبڕاو بووبن چیی تر نەتوانن لەسەر شەڕکردن بەردەوام بن. ڕاستییەکەی مۆنتانزایش هیچی بە هیچ نەکردووە. ڕەنگە ئێستا هێزەکانیشی دەردەکەیان لەگەڵ خۆیان، بۆ وڵاتی خۆیان، بردبێتەوە.

لێرە، لە دەرباریش، تا دێت زیاتر خەڵك دەمرن. ئەو قوماشەی، دوای مەرگی ئەنجێلیکا و لە پرسەی ئەودا هەڵواسرابوو، هێشتا لە جێیی خۆیەتی و یەکاویەك لەگەڵ ئەو تاسەبارییەدا دێتەوە کە باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشاوە.

بە تەواوی هەموو خزمەتکارییەکی دەرباریان لێ سەندوومەتەوە. کەس بۆ هیچ کارێك داوام ناکات. کەس هیچ شتێکم لێ داوا ناکات. لە سەروو هەموویشیانەوە، میرم. بە هیچ جۆرێك چاوم پێی ناکەوێت.
لە سەروچاوی هەموویاندا دەبینم کە شتێکی تایبەت لە ئارادا هەیە. بەڵام تێناگەم چییە!
بڵێیت کەس بە خراپە باسی نەکردبم؟

گەڕاومەتەوە بۆ نهۆمی گرگنان و سەروبەر خۆم دابڕیوە، تاك و تەنیا لێرە دەیگوزەرێنم. سەری خۆمم کز کردووە و تەنانەت بۆ خواردنیش ناچمە خوارەوە، لێرە نەختێك نانەڕەقەم هەیە و خۆمی پێ دەژێنم. سەروزیادیشمە و قەت لەوە زیاتریشم پێویست نەبووە.

بە تەنیا لە ژێر ئەم بنبانە نزمەدا دانیشتووم و بە قووڵی بەنێو بیروڕایەکانی خۆمدا ڕۆچووم.

تا دێت زیاتریش حەز لەم تەنیاییەم، لەم گۆشەگیرییەم دەکەم.

زۆر دەمێکە هیچم لە دەفتەرەکانمدا نەنووسیوە. ئەمەیش پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەیە کە بەم دواییدواییە بە قووڵی کاریان لەسەر ژیانم هەبووە و بوون بە هۆی ئەوەی بە هیچ جۆرێك نەتوانم لەسەر نووسینی یاداشتەکانم بەردەوام بم. تەنانەت، تا بەر لە ماوەیەکیش، دەفتەرەکانم لا نەبوون و بەم دواییانە بە دەستم گەیشتوونەتەوە.

بە زنجیر بە دیواری یەکێك لە کونجی زیندانەکانی قەڵاوە بەستراومەتەوە. تا نەختێك لەمەوپێش دەستەکانیشم، ئەگەرچی هیچ پێویست نەبوو، چونکە ڕزگاربوون و هەڵهاتنم کاری نەکردە بوو، بە زنجیر بەسترابوونەوە. بەڵام گوایە ئەوە لەبەر ئەوە بووە لە سزاکەم زیاد بکەن. ئێستا، هەر چۆنێك بێت، لە دەستم کراونەتەوە —نازانم بۆ، من خۆم داوای ئەوەم نەکردووە و بێ لەوەیش داوای هیچ شتێك ناکەم. بەو جۆرە، ئەگەرچی هەلومەرجێك کە خۆمیان تێدا دەبینمەوە، نەختێك بۆم ئاسانتر کراون. هەر ئێستایش ئانسێلمۆی زیندانەوانم ڕازی کرد کەرەستەی نووسین و دەفتەرەکانم لە نهۆمی گرگنانەوە بۆ بهێنێت، تا بتوانم جارجار بەوان دڵی خۆم بدەمەوە و خۆمیان پێوە خەریك بکەم. ڕەنگە، لەڕێی ئەوەیشەوە، خۆیشی تووشی نەختێك مەترسی کردبێت، چونکە ئەگەرچی دەستیشیان کردبوومەوە بەڵام ئەوەی نەدەگەیاند کە ئەو تۆزە ڕابواردنەم پێ ڕەوا دەبینن. ئانسێلمۆیش، وەك خۆی وتی، بە هیچ جۆرێك مافی ئەوەی

نییە، چەندێکیش بە دڵ حەز بکات، هیچ شتێکم پێ ڕەوا ببینێت. بەڵام ئەو پیاوێکی دڵساف و سادە و ساویلکەیە و منیش ئاکام لە ڕازیکردنی ئەودا سەرکەوتوو بووم.

لەسەرڕا بە یاداشتەکانمدا چوومەتەوە، هەر ڕۆژە و نەختێك، بەوەیش کە توانیومە ژیانی خۆم و هیی زۆر کەسی دیکەیش بژێنمەوە و جارێکی تریش بەدەم چەند ساتێکی بێدەنگەوە بیر لە هەموو کەس و هەموو شت بکەمەوە، باری گرانی سەر دڵی خۆمم سووکتر کردووە. ئێستا، ڕێك لەوێدا کە بەجێمهێشتووە، هەوڵ دەدەم لەسەری بەردەوام بم و بەو جۆرەیش تۆزقاڵێك گۆڕان بە ژیانە یەکنەواکەی خۆم، کە نکوڵی لە یەکنەوایی دڵپڕووێنی ناکرێت، ڕەوا ببینم.

ڕاستییەکەی نازانم لە کەیەوە لێرە دانیشتووم. هەرچیی پێی بڵێیت ڕووداو لەم ماوەیەی زیندانیبوونمدا نەبووە، هەر ڕۆژە و هێند لەوانی تر دەچێت کە ئیتر دەستم لەوە هەڵگرتووە کات بژمێرم، یا تەنانەت هیچ گرنگییەکم بۆ بەسەرچوون یا بەسەرنەچوونی هەبێت. بەڵام بە تایبەت ئەو هەلومەرجانەم لە بیرە، کە تێیاندا بەرەو ئەم کونجی ژێرزەمینە ڕاپێچکرام و بوون بە هۆکار بۆ ئەوەی توندوتۆڵ بەم دیوارەوە ببەسترێمەوە.

دەمەوئێوارەیەك هێمن و ئاسوودە لە ژوورە بچکۆلەکەی خۆمدا دانیشتبووم و هێندەم زانی، بێ هیچ چاوەڕوانییەك، یەکێك لە بەردەستەکانی جەللادم لە دەرگاوە لێ پەیدا بوو و، بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك، داوای لێ کردم دوای بکەوم و منیش، کە تێگەیشتم لەوە بێنرخترە بێزم بێت قسەی لەگەڵدا بکەم، هیچ پرسیارێکم نە بە باش و نە بە

خراپ لی نەکرد. ڕاپێچی کردم بۆ ژووری ئەشکەنجەدان و جەللادیش، کە کەتەیەکی سوورفلی تا کەمەر ڕووتوقووت بوو، لەوێ بوو. کاتبێکیش لەوێ بوو و پاش ئەوەی کەرەستەکانی ئازار و ئەشکەنجەدانم پێشان دران، ئەو کاتبە داوای لێ کردم دان بەوەدا بنێم لە سەروبەندی سەردانەکانمدا بۆ لای میرژن چیم لە ژێر سەردا بووە و خەریکی چی بووم، وا ئێستا ئەو خۆی لە بارێکی وا ترسناك و پڕ لە مەترسیدا دەبینێتەوە. بێگومان من نکوڵیم کرد و ئەویش دوو جاران داوای لێ کردم دانی پێدا بنێم، بەڵام بێهوودە. ئیتر جەللاد پری پێدا کردم و لەسەر نیمکەتەکەی بەردەمی پاڵی خستم بۆ ئەوەی ئەشکەنجەم بدات. بەڵام هەر یەکسەر بۆی دەرکەوت ئەو نیمکەتە بۆ لەشێکی وەك لەشی من دروست نەکراوە، هەربۆیە دایگرتمەوە و لە تەنیشتیەوە لە چاوەڕوانیدا ڕایگرتم تا خۆیان خەریك بن قەوارەکەی بگۆڕن بۆ ئەوەی بتوانرێت بۆ گرگنێك بە کار بهێنرێت. منیش ناچار لە جێی خۆمدا دەبوو ڕاوەستم و بێجگە لە گاڵتەوگەپ، گوێ لە هەموو قسەوقسەلۆکێکی ساردوسڕیشیان بگرم، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە پەستا لەنێوان خۆیاندا دەیانوت و دەیانوتەوە، کە دەتوانن بێ هیچ گومانێك پیاوێکی درێژ و قنج و قیتم لێ دروست بکەن. پاشان هەڵیانگرتم و خستمیانەوە سەر نیمکەتەکە و ئیتر بە دڕترین و ناخۆشترین شێوە کەوتنە ئازار و ئەشکەنجەدانم. بەڵام سەرباری هەموو ئێش و ئازارێك، یەك دەنگ چییە لێیان نەبیستم، لەوە زیاتر کە بەدەم گاڵتەپێکردنیانەوە، لە کاتێکدا ئەوان خەریکی کارە پڕ لە ڕق و کینەکەی خۆیان بوون، سەیرم دەکردن. کاتبەکەیش خۆی بەسەرمدا چەماندبووە و دەیویست ئەوەی دەمزانی لێم دەربهێنیت. بەڵام یەك وشەیش

چییە بە دەممدا نەهات. ناپاکیم لە مێرژنم نەکرد. نەمویست هیچ کەس بە سووکبوون و بەقوڕداچوونی ئەو بزانێت.

بۆ وا ڕەفتارم کرد؟ نازانم. بەڵام بە هیچ جۆرێك بیرم لای ئەوە نەبوو هیچ شتێکی ئەوتۆ بدرکێنم ببێت بە مایەی سووکایەتیی مێرژنم، بەڵکو ئامادە بووم بەرگەی هەر شتێك بگرم. بە دەموپلی داخراوەوە ڕێم پێدان لە پێناوی ئەو ژنەدا، کە ڕقم لێی دەبووەوە، ئازارم بدەن. بۆچ؟ ڕەنگە حەزم لەوە بووبێت لەبریی ئەو ئازار بچێژم.

لە کۆتاییدا ناچار بوون دەستم لێ هەڵبگرن و بەدەم پیسترین جوێن و نەفرەتەوە لە گوریسەکانم بکەنەوە. ئەمجا بەرەو کونجی زیندانەکەمیان بردم و ئەو دەستبەندانەیان لە دەست کردم کە ئەو جارە بۆم دروستکران کە نانی شێوانم بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یادی گەلە چەوساوەکەم تێدا خوارد و نوێژم بۆ کردن و بۆیان پاڕامەوە و ئێستایش بۆ ئەو دەستبەندانە بۆ ئەم کارەیان یەکاویەك گونجاو بوون. ئێستا زانیم، زیندانەکەی ئەوسا بۆ زیندانێکی بچووکتر و نالەبارتر بوو لەمەی ئێستا. یەك دوو ڕۆژ دواتریش هاتنەوە بە دوامدا و دیسان دووچاری هەمان ئێش و ئازار و ئەشکەنجەیان کردمەوە. بەڵام ئەمجارەیش لە بێهوودەیی زیاتر هیچیان پێ نەبڕا. هیچ شتێك نەیتوانی دەمم پێ بکاتەوە. ئێستایش کە ئێستایە نهێنییەکەی ئەوم لەنێو دڵمدا هەڵگرتووە.

دوای ماوەیەك بەرەو ڕووی جۆرە دادگایەکیان کردمەوە و لەوێ پێیان ڕاگەیاندم کە بە هەرچی تاوانێك بە بیر و خەیاڵدا بێت تاوانبارم و یەك لەوانەیش ئەوەی گوایە بوومەتە هۆی مردنی مێرژن. ئەوسا هێشتا

نەمـدەزانی مـردووە، بـەڵام تـەواو دڵنیـام بچـووکترین جووڵـە چییە بـە دەموچاومەوە دەرنەکەوت کە پەردە لەسـەر سەروسیمام هەڵبداتـەوە ئاخۆ لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵەدا چ هەستێکم هـەبووە یا نـا. ئەو لـەو خـەوەدا و نیوەبێهـۆش لار بووبـووەوە و ئـیتر جـارێکی تـر لـە جێـی خـۆی ڕاسـت نـەبووبووەوە. لێیـان پرسیم ئـاخۆ هـیچ شتێکم هەیـە بـۆ بەرگریلـەخۆکردن بیڵێم یا نا. یەك وشەیش چییە، پێم ڕەوا نەبینین. پاشان حوکمی خۆیـان دا. لەبـەر هـەر خراپەکارییـەك کـە کردوومـە و وەك هۆکـارێکی کارەسـات و بەدبەختییەکی بێشـومار حـوکمم بەسـەردا درا تـا هەتاهەتایە لـە تـاریکترین کـونجی زینـدان بئـاخنرێم و بـە دیوارەکەیـەوە بـە زنجیر ببەسترێمەوە. مـن مارێکی ژەهراوی بووم و گیانی بەدکار و خاوەنشکۆی میریشم بووم و بـەپێی خواستی هەرەبەرزی ئەو دەبوو بۆ هەتاهەتایە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکم پـێ بگەیەنرێت، بە زیندانی بمێنمەوە.

بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێك کارم تـێ بکـات گـوێم بـۆ حوکمەکـەیان شـل کـرد. سەروسـیما کـەونارا گرگنەکەیشـم لـە ڕق و گاڵتـەپێکردن زیـاتر هیچـی تریان پێشان نەدەدا و ئاگایشم لێ بوو بە ترسەوە لە دەموچاویان دەڕوانیم. لـە دادگاکـەوە پـەلکێش کـرام و لەوسـاوە سـەروپۆتەڵاکی هـیچ کـام لـەو بوونەوەرە قێزەونانەم نەبینیوە، لە ئانسێلمۆ زیاتر کە هێند بێوەیە تەنانـەت ناتوانم ڕقیشم لێی ببێتەوە.

ماری ژەهراوی!

ئەوە ڕاستە من ژەهرەکەم تێکەڵ کرد، بەڵام کێ بـوو فـەرمانی بەسـەردا کردم؟ ڕاستە من ژەهـراوی مـەرگم بـە دۆن ڕێکـاردۆ نۆشـی، بـەڵام کـێ بـوو

ئەوەی بە ئاواتی مەرگیەوە بوو؟ ئەوەیش ڕاستە من بە قامچی سەروگوێلاکی میرژنم سووروشین کردەوە، بەڵام کێ بوو لێم پاڕایەوە و داوای لێ کردم ئەو کارە بکەم؟

مرۆڤەکان خۆیان زۆر لەوە زیاتر بە شت دەزانن و لەوە بێهێزترن بتوانن خۆیان نەخشەی چارەنووسی خۆیان بکێشن.

دەکرێت ئەوە جێی هیچ گومانێك نەبێت کە من دەبوو لەبەر ئەو هەموو تاوانە ناپەسەندانە سزای مەرگم بدرێت. بەڵام بە تەنیا هەر ئەو کەسەی بیر ناکاتەوە و تەنیا خاوەنشکۆی باڵای من کە لە هەر شت و هەر کەسێك باڵاترە دەتوانێت سەری لێ سووڕ بمێنێت بۆ بەو جۆرە حوکم درام و جۆرێکی تر نا. من ئەویشم هێندە باش دەناسی کە بە هیچ جۆرێك لەوە بێت سڵ لە شتێکی وا بکەمەوە یا لێی بترسێم. ڕاستییەکەی ئەو بۆ خۆیشی جۆرە دەسەڵاتێکی وای بەسەر مندا ناشکێت.

دەسەڵات بەسەر مندا شکان! قسەی هیچ. چ مانایەکی هەیە ئەوەی کە من، لێرە، لە خوارەوە، لە کونجی زیندانەکەی خۆمدا دانیشتووم! دەستوپێ زنجیرکراوەکانی من جێی چییان بۆ دەگرێت! با وایش بم، بەڵام من سەرباری ئەوەیش بەشێکم لە بەشە پێکهێنەرەکانی قەڵا! نە کەم نە زیاتر لە جاران! هەر بۆ ئەوەی ئەوەیش باشتر پێشان بدەن، تەنانەت بە زنجیر پێیانەوە بەستووم! من بەوەوە بەستراوم و ئەویش بە منەوە! لە یەکتر جیا نابینەوە —من و خاوەنشکۆکەم! ئەگەر من زیندانی بم، ئەویش زیندانییە! ئەگەر من بە ئەڵقە بەوەوە بەسترابم، ئەویش هاوئەڵقەی منە و بە منەوە بەستراوە!

من، لێرە، لە کونجەکەمدا، دەژیم و ژیانی مشکەکوێرانەی خۆم لێرە بەسەر دەبەم و کەسیش لەو ژیانەم بەئاگا نییە، لە کاتێکدا ئەو بەنێو هۆڵە ڕازاوە و جوانەکانی خۆیدا دێت و دەچێت. ژیانی من، ژیانی ئەویشە. ژیانی خۆش و شایانی پڕ لە هەموو ڕێز و ستایشێکی ئەویش لەو سەرەوە، ڕاستییەکەی ژیانی منیشە و هیچیان لە هیچیان نە کەمتر نە زیاترن.

چەند ڕۆژێکی خایاندووە تا لەم نووسینەوەیە بوومەتەوە. من تەنیا ئەو ماوە کەمەی کە تیشکی خۆر لە دەلاقە تەنگەبەرەکەوە دەکەوێتە سەر کاغەزەکەی بەردەمم دەتوانم بنووسم، هەر ئەوسایش دەبێت هەل بە دەست بهێنم. تیشکەکە بۆ ماوەی سەعاتێك دەکەوێتە سەر ئەرزی کونجەکەم و بەردەوامیش جێ دەگۆڕێت، بەڵام من لەبەر ئەوەی بە زنجیر بە دیوارەکەوە بەستراومەتەوە ناتوانم لەگەڵ ئەودا جێگۆڕکێ بکەم. نەختۆکێك نەبێت، ناتوانم خۆم بجووڵێنم. هەر لەبەر ئەوەیش ماوەیەکی زۆری خایاند تا بەوەدا چوومەوە کە ئەوسا لە نووسینەوەی بووبوومەوە، بەڵام چ گلەییەکم لەمە نەبوو، چون بەو شێوەیە سەرم زیاتر و زۆرتر پێی گەرم دەبوو و خۆیشم پێوەی خەریك دەبووم.

ئەوەی لە ڕۆژەکەم دەمێنێتەوە، وەك جاران، دانیشتووم و هیچم نییە خۆمی پێوە خەریك بکەم. دەوروبەری سەعات سێیش تاریك دادێت و ئیتر دەبێت ئەوەی لە شەوڕۆژ دەمێنێتەوە لە تاریکییەکی تەواودا بە سەر ببەم. جرجەکانیش لە تاریکییدا پەیدا دەبن و بە چاوە زیتەکانیانەوە بەم دەوروبەرەدا دێن و دەچن. یەکسەریش هەستیان پێ دەکەم و دەیانبینم، چون منیش وەك ئەوان لە تاریکیدا دەبینم و لە بەرەوە، ڕێك وەك ئەوان،

بووم بە یەکێك لە بوونەوەرانی ژێرزەوی. ڕقم لەم بوونەوەرە ناحەز و پیسانە دەبێتەوە و بەو شێوەیەیش ڕاویان دەکەم کە لە جێیەکەی خۆمدا، کشومات، دادەنیشم و هەر کە لێم نزیك دەبنەوە پێیان پێدا دەنێم و دەیانتۆپێنم. ئەمەیش بووە بە یەکێك لەو تاڵەدەزووانەی هێشتا بە ژیانەوەی بەستووم و دەستم لێی بەر نەداوە. سبەینانیش فەرمان بەسەر ئانسێلمۆدا دەدەم هەڵیان بگرێت و فڕێیان بداتە دەرەوە. تێناگەم لە کوێوە دێن. هەبێت و نەبێت لە دەرگاکەوە دێن کە بە باشی پێوە نادرێت.

تەڕوتووشی بە دیوارەکانەوە دەچۆڕێن و کونجەکەم بۆساردێکی لێ دێت کە لە هەر شتێکی تر زیاتر ئازارم دەدا، چونکە خۆم لەبەر هەر شتێکی تردا بگرم ناتوانم لە بەرانبەر بۆساردا خۆ بگرم و سەراپام تێك دەشکێنێت. ئەرزی کونجەکەم خۆڵە و لە لایەن ئەوانەوە کە پێشتر لێرە بوون و هەر لێرەیش گیانیان سپاردووە کوتراوەتەوە و بە تەواوی ڕەق بووە. نابێت ئەوان وەك من بە زنجیر بە دیوارەکەوە بەسترابێتنەوە، هەر نەبێت هەموویان نا، چون سەرلەبەری هێندەی بەرد، ڕەق بووە. شەوانە لەسەر کۆمایەك کاوپووشوو لێی دەکەوم و پشوو دەدەم —ڕێك وەك مێرژنم. بەڵام وەك هینەکەی ئەو پیس و بۆگەن نییە، چون فەرمان بە ئانسێلمۆ دەدەم هەفتەی جارێك بیگۆڕێت. من تۆبەکار نیم و مرۆڤێکی ئازادم. خۆیشم سووك ناکەم.

ئەمە ژیانی منە لێرە، لە کونجی ئەم زیندانەدا. بە سەروچاوی گرژومۆنەوە لێرە دادەنیشم و وەك هەمیشە بیر لە ژیان و مرۆڤ دەکەمەوە و بە هیچ جۆرێکیش ناگۆڕێم و چۆن بووم و هەم، هەروا دەمێنمەوە.

ئەگەر ئەوان پێیان وایە دەتوانن سەرم پێ شۆڕ بکەن، بە هەڵە و توون بە توون چوون!

لەڕێی ئەو پیاوچاکەی پاسەوانمەوە، کەم تا زۆرێك، هێشتا پەیوەندیم لەگەڵ ژیانی دەرەوە ماوە. کە خواردنم بۆ دەهێنێت، مینا خۆی سادە و ساویلکە و بە دڵپاکییەوە، باسی ئەوەم بۆ دەکات چی ڕوویداوە و چ لە ئارادایە و ڕووداوەکانیش بە دووروودرێژی و بە شێوەی خۆی لێك دەداتەوە. گرنگییەکی زۆریان پێ دەدات و حەزی لەوەیشە لەبارەی ڕاوبۆچوونەکانی خۆیەوە بدوێت، کە تا پێیان گەیشتووە ڕەنج و کۆششێکی زۆری لەگەڵیاندا داوە. هەموو شتێکیش، هەمیشە، لە دەمی ئەودا سەرلەبەر یەکئاوازە دەبێت و بە زۆریش لەوە دەپرسێت و بیر لەوە دەکاتەوە ئاخۆ دەبێت خوا چ مەبەستێکی هەبووبێت لەو شتانەدا کە ڕوویان داوە، بەڵام بەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی من لە ژیانمدا هەمبوون و لە هیی ئەویش زۆر گەورەتر و بەرفراوانتر بوون، ئاسانترە بۆ من کە ڕاوبۆچوونی خۆم، تا ئەو جێیەی کە ڕێیان تێ دەچێت، لا دروست ببێت سەبارەت بەوەی ڕووداوەکان چۆن بوون و چۆن بەڕێوە چوون. هەر بەو شێوەیەش بەرەبەرە لەوە تێگەیشتم کە لە سەروبەندی لەڕولاوازتربوون و دواتر مردنی میرژنمدا چۆن بووە و چۆن نەبووە، هەروەها لە زۆر شتی تریش کە دوای زیندانیکردنم ڕوویانداوە، تێگەیشتم. تێگەیشتم لەوەی میرم ڕۆژانە و بەوپەڕی وەفادارییەوە لە پاڵییەوە دانیشتووە و بینیویەتی چۆن سەروچاوی میرژن ڕەنگی لێبڕاوە و پێستی بەرەبەرە وەك پەردەیەکی تەنکی لێهاتووە و، لە دەرباریش قسەوباسیان گوایە لەوە بووە، کە سەراپای میرژنم بووە بە ڕۆح.

ئانسێلمۆیش، وەك ئەوەی بە چاوی خۆی ئەوی بینیبێت، دەیوت، هێندەی مادۆنایەك جوان بووە. بەڵام من کە خۆم بینوومە و لەگەڵیدا بووم، لە هەموو شتێك ئاگادارم و دەیشزانم چۆن و چۆن نەبووە. بەڵام بێگومانیشم لەوەی میرم لەوێ، پشوودرێژ و هێمن، بە دیارییەوە دانیشتووە و چووەتە نێو ژنەکەی خۆیەوە کە لە گیانەڵا و لە دەمەدەمی بە تەواوی بەجێهێشتنی ئەودا بووە. ڕەنگە هەر لەوێشەوە، سەرلەنوێ، بە خۆشەویستیی تاقی لاوێتیی خۆیاندا چووبێتەوە، ئەگەرچی ئەمجارەیان ئەم هەر خۆی بە تەنیا بووە چونکە میرژن ئەوسا بە تەواوی لە ژیانی ئەمدیو دابڕابوو.

بە دڵنیاییەوە وا بیری کردووەتەوە —چونکە دەزانم چۆن بیر دەکاتەوە— کە شتێکی کاریگەر لەو بانژیانەی میرژندا و لەو دابڕانەی ئەودا لە ژیان هەبووە. هاوکاتیش لەوانەیە سەری لەو گۆڕانە سووڕ مابێت کە بەسەریدا هاتووە، کە ئەم بۆ خۆی نە کەم و نە زۆر هیچ بەشدارییەکی تێیدا نەبووە، هیچ دووریش نییە ویستبێتی لە مردن ڕزگاری بکات و ژیانی تێ بگەڕێنێتەوە. بەڵام میرژن، بەبێ ئەوەی خۆی بە هیچ جۆرێك هەستی پێ کردبێت و هیچ لێکدانەوەیەکیشی بۆی هەبووبێت، لە دەستی ئەو دەرچووە و، بێگومان ئەوەیش لە خۆشەویستیی میرمی زیاد کردووە، چونکە بێگومان مرۆڤ ئەو کاتانە وایان لێ دێت.

هەر لەو سەروبەندەیشدا بوو کە ڕێی پێ دان لە زیندانم توند بکەن و ئەشکەنجەم بدەن. ئەو میرژنی خۆش دەویست لەبەر ئەوەی خۆی لە کەس نەدەگەیاند و دوورەپارێز خۆی ڕاگرتبوو و هاوکاتیش هەر لەبەر ئەوە ڕێی

بەوانی تر دا ئەوەی خوا پێی ناخۆشە بە منی بکەن. سەریشم لەمە سوور نەماوە، چون ئیتر لە هیچ شتێک سەرم سوور نامینێت.

دەڵێن بێرناردۆ و زۆری تریش لەوێ بوون و میرژنیان بینیبوو. دەیشڵێن گوایە مامۆستای پیر وتویەتی سەرنجدان لە سەروچاوی میرژن خۆشیهێن و دڵگیر بووە و گوایە هەر ئەوسایش لەوە تێگەیشتووە بۆ لە پۆرترێتەکەی میرژندا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. کەسیش ناتوانێت بە دڵنیاییەوە بڵێت تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەرچی ڕێیشی تێدەچێت میرژن لەو کاتەدا لە پۆرترێتەکە نەچووبێت. ئەمەیش شتێکە، کە من پێموایە بێرناردۆ دەبوو بیری لێ بکردایەتەوە.

دەڵێن قەشەکانیش هەر ئەوسا لەوێ پەیدا بوون و یەک لە دوای یەک سەردانیان کردووە و وا لێکیان داوەتەوە کە میرژن بە شێوەیەکی جوان و دڵکێش بەرەو ژیانی ئەبەدی ڕۆیشتووە. بێگومان ئەو قەشەیەشیان لەگەڵدا بووە کە میرژن تۆبەی لا دەکرد و بۆ هەر کەسێکیش ویستبێتی گوێ لە قسەکانی بگرێت، باسی ئەوەی کردووە کە میرژن گومانی لە هیچ شتێک و لە هیچ دوودڵ نەبووە. دەڵێن لە کاتی گیانەڵاێشدا سەرۆکی گشتیی قەشەکان خۆی بۆی پاڕاوەتەوە و دوا شێوی لەگەڵدا بەش کردووە و بە دەستی خۆیشی لەشی چەور کردووە، ژووریش پڕ لە پیاوانی کڵێسا و هەمەجۆر خواپێداوان بووە. بەڵام ئەو تەنیای تەنیا و بەبێ ئەوەی پێی زانیبێت کەسێک لەو دەوروبەرەیە، گیانی سپاردووە و مردووە.

دوای مردنی ئەو شتێک کە لەسەر پارچەکاغەزێکی چرچ و پیس نووسیبووی دۆزیانەوە و تێیدا نووسیبووی کە دەیەوێت لەشە قێزەونەکەی

وەك لەشی کەسێك کە لاڕەشە لێی دابێت بسووتێنرێت و خۆڵەمێشەکەیشی بە کوچەوکۆڵاناندا بڵاو بکرێتەوە تا هەموو کەس پێی پێدا بنێن. ئەمەیش وەك وڕێنە چاوی لێ کراوە و کەسیش ئەو دواویستەی ئەوی لە ژیاندا بە هێند نەگرتووە، ئەگەرچی هیچ گومانێك لەوەدا نییە ئەوە دوا مەبەست و مانای ئەو بووە. هەر بۆیەیش لەبریی ئەوە ناوەندەڕێیەکیان دۆزیوەتەوە و لەشیان بە بۆن و ڕۆن چەور کردووە و پاشان لەنێو سندووقێکی ئاسنینیان ناوە و ئەمجا بەبێ هیچ ڕازاندنەوە و تەخشان و پەخشانێك بەنێو جادە و کۆڵانەکاندا بەرەو کڵێسای سەرەکییان بردووە و لە گۆڕستانی تایبەت بە میران ناشتوویانە. لە ڕێپێوانی بەرەو گۆڕستانیشدا، کە هێندەی بکرێت دەست لە ڕازاندنەوەی گیرابووەوە و بەڵام هێشتایش شایان بە میرژنێك بووە، خەڵکی سادە و ئاسایی بەوپەڕی ڕێزەوە و ئەو کلۆڵانەیش کە لەتاو برسێتی و نەخۆشی چنگێکیان مابووەوە و بەڵام هێشتا بە کاری شتێکی وا هاتبوون، دوای کەوتبوون و ئانسێلمۆیش ئەم ڕێپێوانەی بەنێو شارەکەدا کە بەتەواوی لاڕەشە باڵی بەسەر گشت دەوروبەرێکیدا کێشابوو وەك شتێکی، بەپێی بۆچوونی خۆی، کاریگەر باس دەکرد. هیچ دووریش نییە، کاریگەر بووبێت.

خەڵك ئەوسا پێیان وا بوو هەموو شتێکیان لەبارەی ئەو و دواساتەکانی ئەوەوە زانیوە و وەك ئەوەی بەشێك لە ماڵ و سامانی خۆیان بێت گرنگیان پێ داوە و بە دەنگییەوە هاتوون و بەپێی هەست و خواستی خۆیان و، وەك هەر کاتێکی تر کە ڕووبەڕووی شتێکی هاوشێوە دەبنەوە، چۆنیان ویستووە وا گۆڕیویانە. ئەم ئەندێشەیەیشیان، بە دڵنیاییەوە، بە هۆی ئەو تابووتە

ئاسنینەوە گوڕ و تینی تێ کەوتووە کە تاقانە بووە لەنێو هەموو ئەو تابووتە ڕازاوانەدا، کە پێشتر بۆ میران لە زیو دارێژراون و لەنێو ئەو گۆڕانەیشدا کە بە شێوەیەکی هونەری لە مەڕمەڕ هەڵبەستراون. ئەوان لەو باوەڕدا بوون ئەو، کە لەنێو ئەو تابووتە ئاسنینەدا ڕاکشابوو، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خۆیاندا نەبووە و بە جۆرێك لە جۆران یەکێك بووە لە خۆیان.

لە خۆدان و هەوڵی ئەو بۆ خۆپاککردنەوەیش، کە کارەکەرەکەی، پێش ئەوەی مل بشکێنێت و بمرێت، پێیدا ڕاگەیشتبوو بۆ بەشێکی زۆریان بگێڕێتەوە، بووبوون بە هۆی ئەوەی وەك کەسێکی هەڵبژاردە، کە زۆر زیاتر لە خەڵکی تر تووشی ئێشوئازار بووبوو، چونکە سەرباری هەر سووکایەتییەکیش وەك کەسێکی بەڕێز و باڵادەست سەیر دەکرا و سەیر بکرێت؛ ڕێك وەك عیسای مەسیح کە لە هەموو کەسێك زیاتر ئێشوئازاری چەشتبوو چونکە کوڕی خوا بوو، ئەگەرچی خەڵکانێکی زۆری تریش، پێش ئەو و دوای ئەویش، لە خاچ درابوون و تەنانەت هەندێکیشیان سەربەرەوخوار لە خاچ درابوون و بە شێوەیەکی زۆر خراپتریش لە مەسیح شەهید کرابوون و گیانیان دەرچووبوو. میرژن پاش مەرگیش وەك کەسێکی پیرۆز چاوی لێ کرابوو، کەسێك کە نکوڵی لەم ژیانە کردبوو و ڕقی لێی بووبووەوە تا ئەو ڕادەیەی بە دەستی خۆی تا ڕادەی مردن لەشی خۆی ئازار و ئەشکەنجە دابوو. بەو شێوەیە، بێ هیچ گوێدانێك بەوەی کە لە ڕاستیدا ڕوویدابوو، لە واقیع دوور کەوتبوونەوە و هێند لەسەر ئەم بەرهەمەی خۆیشیان جەختیان کردبوو تا سەروبەر لەگەڵ خواستەکانیاندا

گونجاندبوویان. هەر خوا بۆ خۆیشی دەزانێت ڕەنگە تەنانەت موجیزەیەك لە لای ئەو تابووتە ئاسنینە ناشیرینەشەوە ڕووی دابێت کە تێیدا ڕاکشابوو. هەر نەبێت ئانسێلمۆ باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو و هەر ئەویش بۆی گێڕامەوە کە شەوانە ڕووناکییەك دەوروبەری تابووتەکەی گرتووە. بە دووریشی نازانم. کڵێسای سەرەکیش، چون ئەو کاتانە دادەخرێت، هیچ کەس بە تەواوی نە دەتوانێت نکوڵی لەوە بکات و نە دەتوانێت جەختیشی لەسەر بکات ئاخۆ وایە یا نا. ئیماندارانیش، کاتێك لەنێوان ئەوەی ڕاست نییە و ئەوەدا کە ڕاستە هەڵدەبژێرن، هەمیشە ئەوە هەڵدەبژێرن کە ڕاست نییە. ئەندێشە و ئەفسانەیش زیاتر لەگەڵ درۆدا دێنەوە، هەر لەبەر ئەوەیش ئەمیان لەبەر دڵیان شیرینترە و بەر لە ڕاستی دادەنێن.

دەبێت بڵێم من، دوای ئەوەی گوێم لەو هەموو باسوخواسانە بووبوو، بەبێ ئەوەیش بۆ خۆم هەستم پێی کردبێت خوڵقێنەری ئەو تیشکە پیرۆزە بووم، یا هەر نەبێت یەکێك بووم لەوانەی کۆمەکێکی زۆری بە زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەو تیشکە پیرۆزە کردبوو. هەر لەبەر ئەوەیش بە زنجیر، لەم ژێرخانەدا، بە دیوارەوە بەسترابوومەوە. ئەوان سەبارەت بەمە هیچیان نەدەزانی و بیشیانزانیایە، بە دڵنیاییەوە، خۆبەختکردنی منیان بە هێند نەدەگرت و بە لایانەوە لە جێی هیچ بوو. بێگومان منیش ئەوەم لێ داوا نەدەکردن. بەڵام گومان لەوەیش نییە ئەوەی کە پیاوێکی پیرۆزی بچکۆلەی وەك من بۆ کارێکی لەو جۆرە بە کار هێنراوە بە تەواوی سەری سوڕ هێنا بووم.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو -ئێستا بیرم نایەتەوە کەی- ئانسێلمۆ بۆی گێڕامەوە کە بێرناردۆ خەریکی کێشانی نیگارێکی مادۆنایە و بە تەواویش خەتوخاڵی میرژنی پێوە ئاشکرا و دیارە. میرم و تەواوی خەڵکی دەرباریش بەو کارەیەوە خەریك و بەختەوەر بوون. ئوستادی پیریش بۆی باس کردبوون گوایە هەوڵی داوە ناخ و دەروونی ئەو و هەموو بوونی میرژن و هەموو ئەو شتانەی کە ئەو، پێش ئەوەی لەنێو دارەمەیتەکەیدا بیبینێت، هەر بە تەنیا هەستی پێ کردبوون و هیچی تر. من بۆ خۆم نازانم ئاخۆ لەو کارەیدا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە یا نا، چون ئەنجامی کارەکەیم نەبینیوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بیستوومە وەك شاکارێك باسی دەکەن، بەڵام خۆ هەموو کارێکی ئەو بە شاکار ناو دەبرێن. ماوەیەکی دووردرێژ بەو نیگارەوە خەریك بوو، بەڵام تەواوی کرد. کەچی نانی شێوانی پیرۆزی ئەو، کە عیسای مەسیح نانەکەی تێدا لەت دەکات و لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە لە دەوری مێزەکەی دانیشتوون بەشی دەکات، بە تەواوی بە ئەنجامی نەگەیاندووە و بێگومان هەروایش بۆ هەمیشە نیوەچڵ دەمێنێتەوە. ڕەنگە ئەنجامدانی کارێکی وا لەوی تر ئاسانتر بێت و ئەم کارەی بەسەر بەرزەکێکی دەستەچەپی دیواری سەر باری درێژی کلێسای سەرەکیدا هەڵواسرا و ئانسێلمۆ کاتێك بینیبووی، سەرتاپای پڕ بووە لە سەرسووڕمانێکی منداڵانە. بەوپەڕی سادە و ساکاری و دڵپاکییەوە باسی لێوە دەکرد و دەیوت هەموو خەڵك پێیان وابووە هەرگیز لەوەوپێش نیگارێکی مادۆنای وا نەکێشراوە، هەرگیز دایکی خوا هێند میهرەبان و خۆشەویست و ئاسمانیی نیگاری نەکێشراوە. گوایە لە هەر شتێکی تریش زیاتر دڵی خەڵك بەو خەندە پڕ لە

ڕازە کراوەتەوە و پێی شاگەشکە بوون کە کەوتووەتە سەر لێوەکانی. گوایە ئەمە کاری لە هەموو کەس کردووە و پێیان وا بووە شتێکە سەرومڕ لە ئاسمانەوە هاتوو و وەك هەر شتێکی ناوازەی تر پڕ لە هێز و دەسەڵاتی ئاسمانییە و بۆ خەڵك ئاسان نییە سەر لە نهێنییەکەی دەربکەن. من تێگەیشتم ئەوە هەر هەمان خەندە بوو کە هونەرمەند لە پۆرترێتەکەی پێشتری میرژنەوە، ئەو پۆرترێتەی میرژنی وەك قەحبەیەك پێشان دابوو، هێشتبوویەوە بۆ ئێستا و لەمیاندا بە کاری هێنابوو.

هێنانە پێش چاو و تێگەیشتن لەو کارە هونەرییە بەپێی گێڕانەوە و پێوانەی کەسێکی هێند سادە و ساکاری وەك ئانسێلمۆ ئاسان نەبوو، بەڵام هێندەی من سەرم لێی دەردەکرد، ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئوستاد شتێکی خولقاندبوو کە بتوانێت هەستونەستی ئیمانداران ڕازی بکات. ئەگەرچی بۆ خۆی بە ئاستەمێك نەبێت بڕوای بە دایکی خودا نەبوو، بەڵام توانیبووی نیگارەکە پڕ بکات لە هەست و نێوەڕۆکی ئایینی و بینەرەکەیشی پڕ بکات لە نزا و پاڕانەوە و کاریگەری. خەڵك دەچوون بۆ سەردانی ئەو مادۆنا ئاسمانی و تازەیە و زۆریشی نەخایاندبوو و ئانسێلمۆ دەیگێڕایەوە گوایە بە خۆیان و مۆمەکانی دەستیانەوە دەچوون لە بەردەمیدا سەرکز و کزۆڵە دادەنیشتن. گوایە هاتنە سەر چۆکان لەوێ لە هەر بەرزەکێکی تر زیاتر بووە و مۆمی بەردەمی نیگاری میرژنی کۆچکردوویش هێندە زۆر بوون کە ئەو ئاگرانەی بۆ ئەو و لە بەردەمی ئەودا دەگڕان، یەکەم شت بوون سەرنجیان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشا، کاتێك کەسێك دەهاتە نێو کڵێسای سەرەکییەوە. بەتایبەتیش گوایە زیاتر هەژاران، بۆ نوێژکردن و بۆ دڵدانەوەی بارگرانیی

ژیانی خۆیان، لەوێ کۆ دەبوونەوە، لە هەموو ئەوانەی کە بە دەست ئەو سەردەمە ناخۆش و ئاڵۆزەوەی تێیدا دەژیان بەدبەخت و پەرێشان بووبوون. ئەو بووبوو بە خۆشەویسترین مادۆنای ئەوان گوایە بەوپەڕی دانبەخۆداگرتنەوە گوێی بۆ خەمینی و گرفت و کێشەکانی ئەوان شل دەکرد و پاشان کۆمەکپێکراو و دڵنەوا ئەویان بە جێی دەهێشت، ئەگەرچی هێندەی من ئاگادار بم میرژن هەرگیز گرنگییەکی بە هەژار و کلۆڵان نەداوە. کەواتە بێرناردۆ، وەك من، لە ڕێی هونەرە بەرزەکەیەوە هەستونەستی قووڵی ئایینی لەنێو خەڵکدا ژیانبووەوە.

ئێستایش، کە خەریکم و دەمەوێت ئەمە لێك بدەمەوە، ناتوانم بیر لەو شتە سەیر و تایبەتە نەکەمەوە کە لەوەدا هەبوو. کێ لەو بڕوایەدا بوو ئەم ژنە وەك مادۆنایەکی میهرەبان و خۆشەویست بە یەکێك لە دیوارەکانی کلێسای گەورەوە هەڵبواسرێت و ببێت بە مایەی پەرستن و خۆشەویستیی خەڵك. کێ لەو بڕوایەدا بوو، ئەو پاکیزە و ئاسمانی بەسەر ڕووناکایی ئەو مۆمانەدا کە بۆ پاکیزەیی و چاکیی ئەو دەکران بە قوربانی، بڕوانێت و لە کۆشکیشدا نیگارەکەی تری هەڵبواسرێت، ئەو نیگارەی میرم فەرمانی دابوو لە چوارچێوە بگیرێت و هەڵبواسرێت، ئەگەرچی مایسترۆ بێرناردۆ هێند دڵی پێی خۆش نەبوو، ئەو نیگارەی وەك قەحبەیەك تێیدا دەردەکەوت. هەردوو نیگارەکانیش، لەوانەیە، سەرباری هەر لەیەکترنەچوونێکیان، هەر یەکەیان و بە جۆری خۆی، نیگاری ڕاستەقانی ئەو بن و هەردووکیشیان هەمان خەندەی سەرسووڕهێنیان لەسەر لێوە و ئەوانەی لەسەر چۆکان لە کلێسای گەورەدا لە بەردەمیدا دادەنیشن، پێیانوایە خەندەییەکی ئاسمانییە.

خەڵك ئەوەن ئیتر، حەز دەكەن لە ئاوێنەی تەڵخ و لێڵدا خۆیان ببیننەوە.

ئێستا دوای ئەوەی هەموو ئەمانەم گێڕاتەوە، مەبەستم لە هەموو شتێكە كە دوای زیندانیكردنم ڕوویان دا، بۆم دەركەوتووە كە ئیتر هیچ شتێكی ترم نییە لە بارەیەوە بنووسم. ئانسێلمۆ هەمیشە و بەردەوام هاتووە و باسی ئەوەی بۆ كردووم چی لە دەربار و شاردا ڕوویان داوە، بەڵام شتێكی تایبەت و شایانی باسكردنیان تیدا نەبووە. بەپێی قسەی ئەو، لاڕەشەكە، دوای ئەوەی بەشێكی زۆری خەڵكی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵكێشا بوو، لە كۆڵ خەڵك بووبووە و هەر بۆ خۆیشی وەك چۆن هاتبوو ئاوهایش ون بووبوو و ئەوانەیش كە تووش دەبوون كەمتر و كەمتر بووبوونەوە تا لە كۆتاییدا بۆ یەكجارەكی لە كۆڵ خەڵك بووبووەوە. بەرەبەرەیش ژیان لە شێوە و شێوازە كۆنەكانی خۆیدا گەڕابووەوە و شاریش هەروەها. كشتیاران بۆ كولێت و خانوو و كێڵگە سووتێنراوەكانی خۆیان گەڕابوونەوە و خەریكی دروستكردنەوەیان بوون و وڵاتیش، ئەگەرچی هێشتا تا ئەوپەڕی بە دەست نەدارییەوە دەیناڵاند، لە بەرەوە گوڕ و تینی تێ كەوتبووەوە. قەرزی دوای جەنگ سەری بە بەرییەوە نەبوو، خەزینەی دەوڵەتیش هیچی تێدا نەمابوو، بە جۆرێك خەڵك، بەپێی قسەكانی ئانسێلمۆ كە سەرلەبەری بۆ دەگێڕامەوە، بە باج و سەرانەیەكی زۆر تا ئەوپەڕی بارگران كرابوون. بەڵام، وەك ئەو دەیوت، هەر چۆنێك بێت، جەنگ بڕابووە و لە هەموو لایەك ئاشتی بوو و لە ئاشتیشدا هەمیشە هەموو شت باشتر بە ڕێوە دەچێت و خەڵك ئاسانتر جڵەوی ژیانی خۆیان پێ دەگیرێت. ئەو دەیوت، خەڵك گوڕوتینیان

تێکەوتووەتەوە و یەکسەر دەموچاوە سادە و ساویلکەکەیشی پڕ دەبوو لە قایلبوون.

ئەو بە قسە بەردەوامەکانی خۆیەوە سەبارەت بە هەموو شتێك خەریکم دەکات و منیش، بێگومان، گوێی لێ دەگرم، چون لەو زیاتر کەسێکی ترم نییە قسەی لەگەڵدا بکەم، ئەگەرچی جاروبار بەتەواوی لە قسەوباسەکانیشی بێزار دەبم. ڕۆژێك، دەمێك نییە، هات و ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە قەرزە گەورەکەی ڤێنیسیا دراوەتەوە و وڵات خۆی لەو بارگرانییە سەختە ڕزگار کردووە. وتی ژیان، دوای بەدبەختی و کلۆڵییە گەورەکە، خەریکە گوڕێکی تێ دەگەڕێتەوە و سەردەمیش ڕووناکتر و دەیشتوانرێت لێرە و لەوێ و بەم و بەو کەسەوە هەستی پێ بکرێت. تەنانەت لە بورجەکەیش، کە چەند ساڵێکە هیچ کارێکی تیدا نەکراوە، دەست بە کارکردن کراوەتەوە و هێندەی نەماوە تەواو ببێت. من هەر بۆ خوێی چێشت و لەنێو ناواندا باسی ئەمە دەکەم و ڕاستییەکەیشی باسکردنی هێندەیش گرنگ نییە.

چیی تر شتێك ڕوو نادات شایانی گرنگیپێدانێکی تایبەت بێت.

من ئێستا لە کونجی زیندانەکەمدا دانیشتووم و بەردەوام چاوەڕێی ئەو تیشکە دوابڕاوەی خۆرم و ئەنجامیش کە دێت، هیچ شتێکم نییە بەو کاغەزەی تیشکەکەی دەکەوێتە سەر ڕابگەیەنم. قەڵەمەکەم، بێ ئەوەی هیچی لێ ببێتەوە، لەنێو دەستمدا وشك بووە و ناتوانم بیجووڵێنم.

تا دێت بە نووسینی هەر شتێکیش لە دەفتەرەکەمدا دڵتەنگتر دەبم، چونکە هەرچی پێی بڵێیت ڕووداو لە ژیانمدا نییە.

سبەینێ جەژنی کردنەوەی بورجەکە دەگێڕن و زەنگەکانی بۆ یەکەمین جار لەو بەرزاییەوە لێ دەدرێن. بەشێکی زەنگەکانیش لە زیون و ئەمەیش لە خەڵکی کۆ کراوەتەوە و لە دارِشتنیاندا بە کار هێنراوە. بەپێی قسەی خۆیشیان هەر لەبەر ئەوەیە گوایە خۆشتر دەزرنگێنەوە.

بێگومان میرم و سەرلەبەری خەڵکی دەربایش تێیدا بەشدار دەبن.

بۆنەی کردنەوەی بۆرجەکە تەواو بووە و ئانسێلمۆیش بارێک شتی سەبارەت بەوە و، ئەوەی لە دەمی ئامادەبووانەوە بەر گوێی کەوتووە، بۆ گێڕاومەتەوە. دەڵێت ڕووداوێکی سەیر بووە، ڕووداوێك کە لە بیر ناچێتەوە، کە نزیکەی هەموو خەڵکی وڵات تێیدا بەشدار بوون. میرم پێشڕەوی هەموو خەڵکی دەربار بووە و بەنێو شاردا ڕۆیشتووە و ئەمبەر و ئەوبەری جادەکانیش بە خەڵك، کە لە چاوەڕوانیی بینیی ئەودا بوون و ویستویانە لەو بۆنەیەدا بەشدار بن، تەنرابوون. دەڵێت میرم زۆر جددی، بەڵام ڕێك و تۆکمەوتۆڵ، ڕێك وەك جاران، دەرکەوتووە و پێوەیشی دیار بووە کە بەو ڕۆژە ناوازەیە دڵخۆش و دڵشاد بووە. خۆی و دەستوپێوەندەکەیشی جوانترین جلوبەرگیان لە بەردا بووە. کاتێك گەیشتووەتە مەیدانی بەردەمی کڵێسای گەورە، چووەتە نێو کڵێساوە و لە بەردەمی تابوتەکەی میرژندا بە چۆکدا هاتووە، پاشان بەرەو ئەو بەرزەکە ڕۆیشتووە کە نیگارەکەی ئەوی بەسەرەوە هەڵواسراوە و هەموو ئەوانەیش کە لەگەڵیدا بوون پێکەوە لە بەردەمیدا لەسەر چۆکان دانیشتوون. دوای ئەوەی لە نزا و پاڕانەوە بوونەتەوە، هەڵساون و لە کڵێسا هاتوونەتە دەرەوە و ڕێك لەو کاتەیشدا زەنگەکانی بورج پێکەوە لێدراون. زرنگانەوەیشیان هێندە خۆش بووە

هەموو پێی شاگەشکە بوون و بێدەنگ گوێیان لە زایەڵەی بێهاوتای ئەوان، وەك ئەوەی پێیان وا بوویێت لە ئاسمانەوە دێت، گرتووە. گوایە زایەڵەیشیان بەسەر شاردا بڵاو بووەتەوە و سەرلەبەری خەڵك هەستیان بە بەختەوەری کردووە. هەموویشیان، وەك ئەوەی هەرگیز کاتێکی لەوە خۆشتریان نەبینیبێت، لە مەیدانەکەدا لە دەوری میری خۆیان کۆ بوونەتەوە. ئانسێلمۆ ئاوها باسی ئەو ڕووداوەی دەکرد.

ئەو بۆ خۆی نەیتوانیبوو لە بۆنەی کردنەوەی بورجەکەدا بەشدار ببێت، چونکە ڕێك لەو کاتەدا بووە کە دەبوو خواردن بە زیندانییەکان بدرێت و ئەویش ناچار لێرە مابووەوە و لێرەوە گوێی لە زەنگەکان بووبوو، هەر ئەوەندەی پێبڕابوو و ئەمەیشی لە دڵ دەرنەدەچوو. لەگەڵ زرنگانەوەیشیاندا بە پەلە هات بۆ لای من و ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندم. ئەوەندەیش کاری تێکردبوو، ناچار بوو دەرگاکەم بکاتەوە تا منیش بتوانم گوێی لێ بگرم. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم چاوی ئەو پیاوچاکە پڕیش بووبوون لە فرمێسك و وتیشی کە کەس هەرگیز پێشتر گوێی لە زرینگەی زەنگی لەو جۆرە نەبووە. ڕاستییەکەیش ئەوە بوو زرینگەی ئەوانیش وەك زرینگەی هەر زەنگێکی تر بوو و هیچ تایبەتمەندییەکیان نەبوو لە زەنگی تر جیایان بکاتەوە. کە دەرگاکەیشی لەسەر داخستمەوە، دڵخۆش بووم بەوەی چیی تر هیچ شتێك ئاسوودەیم لێ تێك نادات و لە خەون و خەیاڵی خۆشی خۆمم دانابڕێت.

ئێستا دەست و پێ بەستراو لێرە دانیشتووم و ڕۆژانیش بۆ خۆیان دێن و دەچن و هیچ شتێکیش ڕوو نادات. ژیانێکی پووچ و هیچ شادییەکیشی تێدا

نییە، بەڵام لەگەڵیدا ڕاهاتووم و چ گلەییەکیشم لێی نییە. لە چاوەڕوانیی ڕۆژانێکی تردام و ئەو ڕۆژانەیش، درەنگ یا زوو، هەر دێن و هەرگیز نیاز و مەبەستیش ئەوە نەبوو من بۆ هەمیشە لێرەدا بمێنمەوە. لەوانەیە هەلم بۆ هەڵبکەوێتەوە و لە سەرەوە لەبەر ڕووناکیی ڕۆژدا، وەك جاری جاران، لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەردەوام بم و دیسان ڕێیان تێم بکەوێتەوە و بە کارم بهێنن. ئەگەر ڕاست و دروست فەرمانڕەوای خۆم بناسم، ناتوانێت تا سەر، چاو لە گرگنەکەی خۆی بپۆشێت. ئاوها لێرە لە کونجی زیندانەکەی خۆمدا بیر دەکەمەوە و سەر و ڕوویشم لە هیچ و لە هیچ کەس گرژ و مۆن نەکردووە. بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە کە دێن و دەستبەند و پێبەندەکانم لێ دەکەنەوە، چون میرم ڕایسپاردووە و پەیامنێری بە دوادا ناردووم.

نوێترین کتێبی هەموو دەزگاکان
لەم پەیجەوە داونلۆد بکەن
www.fb.com/PDFkurd

# فەرهەنگۆک

**ئالادۆب:** گۆشت یا ماسیی کوڵاو لەنێو (ژێلێ)دا و بە ساردی دەخورێت.

**پۆنتیوس پیلاتۆس:** نێوان ساڵانی ٢٦ و ٣٦ی پێش زایین و لە سەردەمی دەستەڵاتداریی قەیسەر تیبێریوس، فەرماندەری هەرێمی یودێێن بووە. بەوە بەناوبانگە کە ئینجیلی نوێ وەک بڕیاردەری لەخاچدانی عیسای مەسیح ناوی دەهێنێت.

**فرانسیسکان:** ئەوەی یا ئەوانەی سەر بە دێری فرانسیسکان بوون و هەن. ئەم دێرە ساڵی ١٢١٠ لە لایەن فرانسیسکوسی ئەسیسییەوە، ١١٨١-١٢٢٦، دامەزرێنراوە و بە دێری "برا بچکۆلەکان"یش بەناوبانگە و پێڕەوانی گوایە لەوپەڕی هەژاریدا دەژین.

**مور:** ڕۆمەکان، لە سەرەتاوە، بەو بەربەرانەیان وتووە، کە گوایە ئەوسا دانیشتوانی وڵاتێک بوون بە ناوی ماورتانیاوە و خێڵێک بە ناوی ماورییەوە تێیدا فەرمانڕەوا بووە.

**هۆرسکۆپ:** ئەو هێڵکاری و نیگارانەن کە جێیی ئەستێران و ئەستێرۆکەکانی ئاسمان پێشان دەدەن. هەروەها ئەو گۆشە و جێیانەیش دیاری دەکەن کە لە کاتێکی دیاریکراودا ئەو تەنە ئاسمانییانە، بە تایبەت لە کاتی لەدایکبوونی منالدا، تێیاندا دەردەکەون و پێوەرێکیشە بۆ پێشبینی ڕووداو لە داهاتوودا.

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

| ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە | د. حەمید عەزیز | |
| ٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە | د. فەرهاد پیربال | |
| ٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان | د. فەرهاد پیربال | |
| ٤. نەتەوەی زێرابەکان | جەبار جەمال غەریب | |
| ٥. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی | د. جەعفەر عەلی | |
| ٦. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی... | د. جەعفەر عەلی | |
| ٧. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و ... | د. ئەحمەدی مەلا | |
| ٨. نهێنییەکانی ژیان | ئۆشۆ | ئازاد بەرزنجی |
| ٩. کورتیلەیەك لە مێژووی کات | ستیڤن هۆوکینگ<br>لیۆنارد ملۆدیتۆ | حوسەین حوسەینی<br>د. هیوا عومەر |
| ١٠. کۆشك | فرانتس کافکا | عەتا نەهایی |
| ١١. فەصلول مەقال | ئیبن ڕوشد | مەریوان عەبدول |
| ١٢. شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا | وریا ڕەحمانی | |
| ١٣. دەسەڵات و جیاوازی | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٤. لە چ ئێستایەکدا دەژین | مەریوان وریا قانیع | |

١٥. شوناس و ئاڵۆزی	مەریوان وریا قانیع
١٦. دین و دونیا	مەریوان وریا قانیع
١٧. سیاسەت و دونیا	مەریوان وریا قانیع
١٨. کتێب و دونیا	مەریوان وریا قانیع
١٩. دواهەمین هەناری دونیا	بەختیار عەلی
٢٠. ئێوارەی پەروانە	بەختیار عەلی
٢١. جەمشید خانی مامم	بەختیار عەلی
٢٢. مەرگی تاقانەی دووەم	بەختیار عەلی
٢٣. کەشتی فریشتەکان (١)	بەختیار عەلی
٢٤. کەشتی فریشتەکان (٢)	بەختیار عەلی
٢٥.شاری موسیقارە سپییەکان	بەختیار عەلی
٢٦. سێوی سێیەم	بەختیار عەلی
٢٧. لە دیارەوە بۆ نادیار	بەختیار عەلی
٢٨. وەك باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان	بەختیار عەلی
٢٩. چێژی مەرگدۆستی	بەختیار عەلی
٣٠. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن	بەختیار عەلی
٣١. مەعریفە و ئیمان	بەختیار عەلی
هێمن قەرەداخی
٣٢. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێڕاقدا	گۆران ئیبراهیم صاڵح
٣٣. سەمەرقەند	ئەمین مەعلوف	د. ئەحمەدی مەلا
٣٤. وێستگەیەك لە گەشتێکی فەلسەفی	فاروق ڕەفیق

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥. ئەخلاقناسی | تەحسین حەمە غریب | |
| ٣٦. گەشەسەندنی ڕامیاری و.. | د. ک. پێسچانی | د. ئارام عەلی |
| ٣٧. مێژووی کۆنی کورد | د. جەمال ڕەشید<br>د. فەوزیە ڕەشید | ملکۆ کەلاری |
| ٣٨. منداڵانی گەڕەك | هیوا قادر | |
| ٣٩. مرۆڤی یاخی | ئەلبێر کامۆ | ئازاد بەرزنجی |
| ٤٠. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی دراوسێ | هێرش جەوهەر مەجید | |
| ٤١. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا | فریشتە نورائی | هەورامان فەریق کەریم |
| ٤٢. کتێبی پەراوێزنووسان | عەتا محەمەد | |
| ٤٣. فیکر و دونیا (بەرگی ١) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٤. فیکر و دونیا (بەرگی ٢) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٥. دین و دونیا (چ. دووەم) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٦. کتێب و دونیا (چ. دووەم) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٧. کۆمەڵگەی ڕەش | د. عادل باخەوان | |
| ٤٨. زستانێکی درێژ | کولم توبیێن | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤٩. فرانسیسکۆس قەدیسی من | نیکۆس کازانتزاکیس | دلاوەر قەرەداغی |
| ٥٠. ئاهەنگی تەگەکە | ماریۆ بارگاس یۆسا | جەلیل کاکەوەیس |
| ٥١. شەوی لیشبۆنە | ئێریش ماریا ڕیمارك | کەریم پەڕەنگ |
| ٥٢. من و ئەو | ئەلبێرتۆ مۆرافیا | کارزان |
| ٥٣. میرنامە | جان دۆست | سەباح ئیسماعیل |
| ٥٤. ڕوخسارە بەندکراوەکەم | لەتیفە | ڕوناك شوانی |
| ٥٥. قەپێلك | مستەفا خەلیفە | هەورامان وریا قانع |
| ٥٦. دەهەمین پیاو | گریم گرین | ڕەشید سیوەیلی |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٧. خەونی پیاوە ئێرانییەکان<br>کەوتنی بۆرە قەڵا | ماردین ئیبراهیم | |
| ٥٨. دارستانی نەرویجی | هارۆکی مۆراکامی | تارا شێخ عوسمان |
| ٥٩. گرگن | پێر لاگەر کڤیست | خەبات عارف |
| ٦٠. ١٩٨٤ | جۆرج ئۆروێل | حەکیم کاکەوەیس |

# The Dwarf

Pär Lagerkvist

Translated By: Khabat Arif

www.fb.com/PDFkurd



ENDESE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

www:endeshe.org
andesha.library@yahoo.com
http//:wwwfacebook.com/Andeshalib
07501026400

سلێمانی ـ شەقامی مەولەوی
تەلاری بازرگانی سیروانی نوێ
نهۆمی چوارەم
ناوەندی رۆشنبیریی وهونەریی ئەندێشە